سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
Kurdistan Journalists' Union

# ڕۆژنامەڤانی

گۆڤارێکی وەرزییە

1

## ٢٢ی نیسان ١٨٩٨ یەکەم ڕاپەڕینی وشەی کوردییە

(کوردستان) یەکەم مەشخەڵی شارستانیی کوردە

(کوردستان) یەکەم بانگی ئازادیی کوردستان بوو

(کوردستان) یەکەم هاواری نەتەوەیی کورد بوو

# کاروان بەردەوامە..!

نێوانی رۆژگاری لە دایک بوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەیەکی کوردی (کوردستان - ٢٢/٤/١٨٩٨) تاکو ئەمڕۆ پاش سەدەیەک و دوو ساڵ کاروانی رۆژنامەگەری کوردی پێی ناوەتە قۆناغێک کە خۆی لە خۆیدا سەرەتای چەسپاندن و گەشەپێکردنی ئەو ئەزموونەیە کە میقداد بەدرخانی پێشەوا بەردی یەکەمی بۆ دانا دوور لە وڵاتی پانوبەرینی کوردان لە ئاکامی ئەو غەدرە گەورەییەی کە مێژوو لە نەتەوەی ئێمەی کردووە وڵاتەکەمانی بۆ چوارپارچە دابەشکردو تەنانەت ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت لە هەندێ کەلێنوبەرەی ئەم وڵاتە بێ سنوور و لەت لەتکراوەدا تاکو ئێستاش دەرچوونی رۆژنامەیەکی کوردی بەتاوان لە قەڵەم دەدرێت و ماوە نادرێت وشەی کوردی بخرێتە سەر رووپەڕی کاغەز نەوەکا ببێتە بۆمبای ئەتۆم و تەختوتارجان سەرنگوم بکات، بەڵام دیسان رۆشنبیرانی ئەم نەتەوە ستەمدیدەیە لەگەڵ ئەو هەموو غەدرو زۆردارییەی لێیان دەکرا سەریان بۆ رەشەبای خەزانی دژ بە ئیرادەی نەتەوە دانەنواندو لەروانگەی دڵسۆزی و هەست کردن بە ئینتیمای نیشتمانی، چالاکانە کەوتنە کارو هەر یەک بە پێی هەلومەرجی خۆی و سروشتی باروودۆخەکە خزمەتیان بەو کاروانە کردووە تاکو گەیشتوتە ئەو قۆناغەی ئەمڕۆ کە ئەویش سەردەمێکی تازەی خولقاندوە و رۆژنامەگەری کوردی و کوردستانی پێی ناوەتە قۆناغێک کە دەتوانین بڵێین بۆتە دیاردەیەکی گەورەی شارستانی لە ناوچەیەکدا کە هیچ لایەنێکی سیاسیێ و گرووپی جیاجیا نەماوە خاوەن دەزگایەکی راگەیاندن نەبێت چ رۆژنامە، چ گۆڤار، چ رادیۆ، چ تەلەفزیۆن، ئازادانەش تەعبیر لە راو بۆچوونەکانیان دەکەن بێ ئەوەی هیچ جۆرە سانسۆرێک لە ئارادا بێت تاکو کار گەیشتە ئەو رادەیەی رۆژنامەنووسانی کوردستان پاش ئەوەی ژمارەیان رۆژانە لە زیاد بووندایە هەست بە جۆرە بۆشاییەک بکەن کە ئەویش نەبوونی چوارچێوەیەک تاکو کۆیان بکاتەوەو رێکیان بخات هەر بۆیەش لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٤ەوە رۆژنامەنووسان بیرۆکەی دامەزراندنی سەندیکایەکی تایبەت بە خۆیان خستەڕوو، بەڵام شەڕی شووم و ئەگریسی ناوخۆ ناستەنگی پێکهێنانی دروست کرد و نەیهێشت هەوڵەکان سەربگرن، تاکو سەرەتای ساڵی ١٩٩٧ لە ئاکامی بانگەوازەکەی دەنگی میللەت، رۆژنامەنووسان سەرەڕای جیاوازی بیروڕاوو ئینتیمای سیاسیان کەوتنە گەڕو پرۆژەی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیان گەڵاڵە کردو پەرلەمانیش لە بۆنەیەکی زۆر پیرۆزدا کە ئەویش یادی سەد ساڵەی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی بوو، ئەم پرۆژەیەی کردە دیاری و پێشکەش بەسەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستانی کرد کە ئێستاکە خەریکی پیادەکردنی ئەو دروشمەیە (لە پێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووس و دابین کردنی مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان) کە لە ژێر سایەیدا کۆنگرەی یەکەمی ئەنجام داو بۆتە رێڕەوی راستەقینەو پەیامی ئەو سەندیکایەی کە بۆ سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان هاتۆتە کایەوەو تۆیەرە رۆشنبیریەکەش ئەو گۆڤارەی بەردەستی ئێوەی خۆشەویستە کە بە ئاسانی نەکەوتۆتە بەردەستی ئێوە، چونکە ئامادەکردن و دەرچوونی گۆڤارێک تایبەت بە کاری رۆژنامەگەریی و مێژوو بابەتی هەمەجۆری رۆژنامەڤانی کارێکە بە زەحمەت دێتە بەردەست، بەو هیوایەی کەلێنێک پڕبکاتەوەو بەردەوامبوونیش بە نووسین و بابەتە بە پێزەکانی خەمخۆرانی ئەو بوارە پابەندە.

**فەرهاد عەونی**

# رۆژنامەڤانی


گۆڤارێکی وەرزییە

خاوەنەکەی سەندیکای

رۆژنامەنووسانی کوردستانە

تایبەتە بە کلتووری رۆژنامەنووسییەوە

نەخشەسازیی هونەری

م. حەیدەری

پیت چنین و جێبەجێکردنی هونەری

فەرهاد موحسین


## پەیامان

لە پێناو چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسیی و دابین کردنی مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان.

(رۆژنامەڤانی)

## نووسەرانی ژمارە یەك:

- عەبدوڵلا زەنگەنە
- فەرهاد عەونی
- تاریق جامباز
- غازی حەسەن
- حەمە سالح فەرهادی
- حامد محەمەد عەلی
- عومەر عەلی غەفور
- حەسۆ هورمی
- عەبدولکەریم شێخانی،
- وەسفی حەسەن
- سۆزان خۆشابا
- غەریب شێخ رەئووف
- ئەحمەد سەلام
- نەتەوە پەروەر
- کامەران محەممەد عومەر
- قارەمان مەهدی
- کامەران جەلال
- م. ح


فەرهاد عەونی

خاوەن ئیمتیاز

ژمارە یەک ٢٢ی نیسان ٢٠٠٠

مومتاز حەیدەری

سەرنووسەر

چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

# بابەتەكانی ژمارە یەك :


١ـ دەبێ رۆژی ٢٩/٤/١٩٦٧ نەك ١٩٦٧/٥/٦ساڵیادی رۆژنامەی برایەتی بێ........ (٣ـ٢٧)

٢ـ كورتە باسێك دەربارەی مێژووی رۆژنامەگەری لە كوردستانی عێراقدا........ (٢٨ـ٣٨)

٣ـ رۆژنامەگەریی پاشكۆ پێویستییێكی هەمیشەیی رۆژنامەگەریی كوردییە........ (٣٩ـ٥٣)

٤ـ هەواڵ و ئاگاداری و پرۆپاگەندە لە گۆڤاری رووناكیدا........ (٥٤ـ٦٢)

٥ـ بەبۆنەی یادی ( ٧٨ ) ساڵەی دەرچوونیەوە كورتەیەك لە........ (٦٣ـ ٦٧)

٦ـ لێكۆڵینەوە: رۆژنامەو گۆڤارەكانی كوردستان........ (٦٨ـ ٨٢)

٧ـ نێرینەك درۆژنامەڤانیا زارۆكاندا........ (٨٣ ـ ٩٦)

٨ـ لە مێژووی رۆژنامەگەریی جیهانییەوە........ (٩٧ ـ ١٠٧)

٩ـ رۆژنامەگەری لدەڤەرا بەهدینان........ (١٠٨ـ ١٢٠)

١٠ـ رۆژنامەگەریی ئاشووری شارەزایی ( ١٥٠ ) ساڵ........ (١٢١ ـ ١٣٦)

١١ـ سەرەتای رۆژنامەنووسی جیهانی و رۆشنایی بۆ سەر رۆژنامەنووسی........ (١٣٧ ـ ١٤٣)

١٢ـ هونەری نووسین و گرفتی رێنووسی ئەمرۆمان..!........ (١٤٤ ـ ١٥٢)

١٣ـ هەگبەی زانیاری........ (١٥٣ ـ ١٥٦)

١٤ـ بەرپرسیارێتیی رۆژنامەنووسی و رای گشتی........ (١٥٧ ـ ١٦٨)

١٥ـ پێناسەیەكی كورتی گۆڤاری پێشكەوتن........ (١٦٩ ـ ١٧٥)

١٦ـ بەرەو رۆژنامەگەرییەكی لیبراڵ........ (١٧٦ ـ ١٧٩)

١٧ـ خەرمانەی ژمارە........ (١٨٠ ـ ١٨٨)

١٨ـ هەندێ دیكۆمێنت........ (١٨٩ ـ ١٩٠)

١٩ـ دۆسیەی ژمارە ( سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان چۆن درووست بوو..؟ )........ (١٩١ ـ ٢١٧)


نووسەر خۆی لە ناوەڕۆكی نووسینەكەی بەرپرسە ..!

هەواڵنامەی کتێب

# دەبێ رۆژی ١٩٦٧/٤/٢٩ نەك ١٩٦٧/٥/٦

# ساڵیادی رۆژنامەی برایەتی بێ.. !!

عەبدوڵا زەنگەنە*

نووسین دەربارەی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی، تا ئەمڕۆی لەگەڵدا بێت پڕە لە زۆر گێچەڵ و تەشقەڵە، ئەوەی من تێبینیم کردووە تا ئێستاش کەس بۆی نەلواوە هەموو لایەنەکانی ئەم مێژووە پڕ ژان و دەردەسەرییە بخاتە بەردەست و هەقی خۆی بداتێ، هەر بۆ نموونە رۆژنامەی (کوردستان)ی یەکەم تاجە گوڵینەی رۆژنامەنووسیی کوردییە تا ١٩٦٨/٤/١٩ هەروا دەزانرا یەکەم جار لە ساڵی ١٨٩٧ لە ئەستەمبوڵ دەرچووە، دوای ئەوەندە ساڵە ئینجا د. مارف خەزنەدار توانی بیسەلمێنێ کە یەکەم ژمارەی لە ١٨٩٨/٤/٢٢ دا لە (قاهیرە) دەرچووە، دواتر د. کەمال فوئاد زۆربەی ژمارەکانی چاپکردۆتەوە. بەداخەوە تا ئێستاش چەند ژمارەیەکی ئەو رۆژنامەیە نەدۆزراونەتەوەو هەر بزرن، ئاخۆ ئەو یەکدوو ژمارەیە بدۆزرێنەوە دەبێ چ لایەنێک لە مێژووی هاوچەرخ و دێرینمان هەڵبدەنەوە؟ گەر ئەوە حاڵی یەکەم رۆژنامەی کوردی بووبێت دەبێ حاڵی ئەوانیتر چۆن بێ کە بە قەد ئەو ناوبانگیان دەرنەکربوو؟. یان لەبەر بارو زروفی تایبەتی سیاسی کورد، دوور نییە ژمارەکانیان بە ئاسانی دەست نەکەون.

سەباردت بە رۆژنامەی (برایەتی = التاخی) کە لە ساڵی ١٩٦٧ یەکەم ژمارەی دەرچووەو وا لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێ لایەنی شاراوەو بزری




(١)

هەقایەتی دەرچوونی هەڵبدەینەوە، ئێمە کاتی خۆی لە کتێبی (رۆژنامەنووسیی کوردی لە کوردستانی دوای راپەڕین) نووسیبوومان:

(هەرچەندە قسە زۆر هەیە لەسەر یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردی، بەڵام ئەوەی تا ئێستا تۆمارکرابێ، ئەو رۆژنامەیە یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردییە لە مێژوو رۆژنامەگەری کوردی، بەڵام لە بڵاوکردنەوەو دەرچوونیدا مێژوویەکی پڕ لە هەڵچوون و داچوونی بۆخۆی تۆمار کردووە، رۆژنامەکە بە چەند خولێک دەرچووە، بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، لای مامۆستا ـفەرهاد عەونیـ کە خۆی بەدرێژایی تەمەنی رۆژنامەکە لە گەڵیدابووە. بەچوار خول




ژمارە (١٨)ی کوردییەکە کە دەکاتە ژمارە (١٣٨)ی ڕۆژنامەکە لە ١٦/٩/١٩٦٧ دەرچووە

تۆمارکراوە، لای ئێمەش کە ژمارە قسە دەکا، ڕایەکی ترمان هەیەو بۆ کاتی خۆی لێی دەگەڕێین..) (٢) پاشتر بۆمان دەرکەوت کە کاتی خۆی کاک (فەرهاد عەونی) لە خولی یەکەمیدا (١٩٦٧-١٩٦٨) کاری نەکردووە، بەلام بۆ بەشەکەی تری بۆچوونەکەمان ئێستاشی لەگەڵدابێت. ئێمە پابەندی قسەکانی خۆمانین. بۆ سەلماندنی ڕاکانیشمان بۆ ئەوەی بابەتەکەمان درێژ نەکەینەوە، وەکو خۆمان پێوە گرتووە، هەوڵدەدەین زیاتر خۆمان بە ژمارە ببەستینەوە، بەلام بۆ چەسپاندنی ڕاکانیشمان دەبێ بزانین ئەوانەی پێش ئێمە دەربارەی ئەم ڕۆژنامەیە نووسیویانە، چییان تۆمارکردووە؟ پاشان ئێمەش سەرنج و تێبینیەکانمان تۆمار دەکەین، شارەزاکانی ئەم بوارەش با سەرپشک بن، پڕ بە دڵیش هیواداربین ئەگەر هەر ڕاو سەرنجێکی پێچەوانە هاتە ئارا، با بخرێتە سەر کاغەز.

## کێ خاوەن ئیمتیازی ئەم ڕۆژنامەیە بوو، کەی دەرچوو؟

- مامۆستا عەلائەدین سجادی نووسیویە: (برایی - ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی پلانی و خاوەن و سەرنووسەری سالح یوسفی بووە، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی ٦/٥/١٩٦٧دا لە بەغدا دەرچووە) (٣).

- مامۆستا حەمەی مەلا کەریم دەڵێت: کاتی خۆی کە لە خولی یەکەمی ئەو ڕۆژنامەیە کە ژمارە کوردییەکانی بەناوی - برایی - دەردەچوو، کاری کردووە، لە وتارێکی بەناونیشانی: (**صحف ومجلات كوردية صدرت علنا**) دەربارەی ئەو ڕۆژنامەیە نووسیویە: (**برایی** - پاشکۆی ڕۆژنامەی - التاخي -یە خاوەنی حەبیب محەمەد کەریم، ماوەیەک هەفتانە دەرچووە، پاشان وەک پاشکۆی چاپە عەرەبیەکە ڕۆژانە دەرچووە، پاشان جارێکی تر هەفتانە دەرچووە. لە مایسی ١٩٦٧ هەتا کاتی وەستانی لە تشرینی دووەمی ١٩٦٨ بەردەوام بووە) (٤).



- کاک جەمال خەزنەدار نووسیویە: (خاوەن ئیمتیازو سەرەک نووسین **سالح یوسفی** بووە، ژمارەیەکی لە ڕۆژی شەممەی مایسی ١٩٦٧ دەرچووە) (٥).

کاک عوسمان شارباژێڕی لە ژمارە (٢٥٧٨)ی ڕۆژی چوارشەممە ٦/٥/١٩٩٨ برایەتی نووسیویە: [ڕۆژنامەی برایەتی لەلا قەبرغەی ڕۆژنامەی (التاخي)یەوە هاتە دەر، ئەو کۆرپە نوێزاوە، ناوی (برایی) بوو. ڕۆژنامەی (برایی) لە ٦/٥/١٩٦٧ تا مانگی تشرینی دووەم ١٩٦٨ پتر لە حەفتا

هەواڵنامەی کتێب

ژمارەی لێ دەرچووە].

- کـاک جــەبار جــەباری نووسیویە:

(رۆژنامەیــەکی رامیــاری رۆژانەیــە بــەزمانی کــوردی و عــەرەبی لــە بـەغدا دەرچــووە، خــاوەن و ســەرەک نووســەری لێپرسیاو (ساڵح یوسفی)، یەکەم ژمــاردی عــەرەبی لــە ٢٩ی نیســانی ١٩٦٧ دەرچــوودو بەزمانی کوردی یەکـەم ژمـارەی لە رۆژی ٦/٥/١٩٦٧ دەرچووە) (٦).

- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد نووسیویە:

(ژمارە (یەک)ی ٦ی مایسی ١٩٦٧ بەغدا، سەرنووسەری ساڵح یوسفی).

- کاک وریا جاف نووسیویە:

[گزنگی بەرەبەیانی رۆژی شەممە رێککەوتی ٢٩/٤/١٩٦٧ بەغدا یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (التــاخی) لــە ئـامێزگرت. خاوەنی ئیمتیــازو سەرنووسەری شەهید سەیدا ســاڵح یوســفی بووە] (٧). هەر ئەو دەربارەی (برایی) نووسیویە:

[هـەر دوابـەدوای بڵاوبونـەوەی رۆژنامــەی (التاخی) بە هەفتەیەک پاش ئەوە پاشکۆی کوردی ئەو رۆژنامەیە بەناوی (برایی) گەیشتە دەستی خوێندەواران لە رووی ناوەرۆک و بنچینەوەش هەر خـودی (التــاخی) بـوو، بەڵام بەزمانی شیرینی کوردی بڵاو ئەبووەوە. ژمارەی یەکەمی (برایی) لە رۆژی ٦/٥/١٩٦٧ لەشــــاری بــــەغدا بڵاوبووەوە] (٨).

- کاک حەمە ساڵح فەرهادی بەناوی (التــاخی) وا باسی کردووە کە (رۆژنامەیەکی عەرەبی رۆژانە بوو، زمانی ئاشکرای پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لە بـەغدا دەردەچوو، ژمارە (یـەک)ی لـە ٢٩ی نیسانی ١٩٦٧ دەرچووە) (٩).



- کـاک زاهـیر رۆژبـەیانی لـە وتـارێکیدا نـاوی خـاوەنی ئیمتیـازی نـەهێناوە، بـەڵام نووسیویە:

(یەکــەم ژمـــارەی لـــە ١٩٦٧/٥/٦ دەرچووە) (١٠).

- کـاک سـەلاح هـروری لـە دیمانەیـەکدا لـە رۆژنامـەی (برایەتی) گوتوویە:

(التــاخی) رۆژنامەیــەکی سیاســی بــور لــە بــەغدا دەردکـەت ب زمـانێ عـەرەبی و کـوردی، ژمـارا ئێکی ل ٢٩ نیسانا ١٩٦٧ دەرکەت).

سەبارەت بە بەشە کوردییەکەی بە(برایــەتی) ناوی بردووەو نووسیویە:

(رۆژنامەیەکی سیاسی رەوشەنبیری بـوو، ب زمـانی کـوردی دەردکـەت وەک پاشـکۆیەک بـۆ رۆژناما (التاخی) ژمارە ئێکی ل ٧ گولانا ساڵا ١٩٦٧ دەرکەت).

- باوکی رێکان لە وتارێکیدا باس لە ژیانی هەندێک لە ئەندامانی دەستەی نووسینی (برایی) دەکاو نووسیویە:

(لـە ناوەڕاسـتی مـانگی نیسـانی ١٩٦٧ لـەو کاتـەی مـن و عـەبدوڵلا سـەعید، فوئـاد عـارف، عەلی کەماڵ، رەئوف ئەحمەد، ئەحمەد کەماڵ، لە شوێنی کارکردنمان لە شەقامی (النضال) نیشتەجێ بووین. شەهید سەیدا سـاڵح یوسـفی نـاوە نـاوە سـەردانی دەکردیـن، رۆژێکیـان باسـی پـرۆژەی دەرچوونی رۆژنامەیـەکی کـرد بـەزمانی کـوردی و عـەرەبی سـەرکردایەتی بڕیـاری لەسـەر داوە، لـە درێژەی قسەکانیدا رای گـەیاند کە نابێت خـاوەن ئیمتیـازو دەسـتەی نووسـەران لـە (٥) کـەس کـەمتربێت و عــەبدوڵلا ســەعید یەکێکـە لـەو (٥)




نموونەی (ئارم)ی ژمارە (٢٦٧) کە لە ٢٢/٤/١٩٦٨ دەرچووەو
جەژنی چاپەمەنی کوردی بۆ یەکەم جار تیادا پێشنیاز کراوە.

کەســایەتیە. ئــەویش بــەو پــەڕی خۆشــحاڵییەوە رەزامــەندی خــۆی نیشــان دا، ئــەوەبوو لــەگــەڕەکی عیواضیــة نزیـک (بــاب المعظــم) بــۆ بارەگــای رۆژنامــەی (التــاخی و برایــەتی) خانوویــەکیان دەستنیشان کرد تا دوا کاتی دەرچوونی بەبێ پارە.

لــەو رۆژنامەیــەدا کاریــان کــرد، بۆیــە رۆژی ٦/٥/١٩٦٧ بەیــــەکێک لـــــە رۆژ هـــــەرە پرشــنگدارەکانی خــۆی دەزانــی چونکــە بوونــی رۆژنامەیـەکی کـوردی لـەو رۆژگـارەدا تـەعبیری لـە بیروبۆچوونی شـۆڕش و پارتی دا دەکـرد، کـارێکی یەکجار بەنرخ بوو) (١٢).

- مامۆستا (بەهۆش) نووسیویە:

(ســـاڵی ١٩٦٧ بـــەدەرچوونی رۆژنامـــــەی (برایەتی - التاخی) سەردەقی وەستانی چاپەمـەنی رۆژنامەگـەری کـوردی شـکا) بـەگوێرەی نـاوەرۆکی وتارەکـەی دیــارە نووســەر ئــەوکات لــە شــوێنێکی دووری دەرەوەی ولات بووە بۆیـە دەڵـی: (رۆژێـک لـە پڕ تـەوەی چاوەنۆر نەدەکرا، روویدا، ئەمـە لـە دوا رۆژی مــانگی مایســی ١٩٦٧ بــوو، پۆســتە کۆمەڵێک رۆژنامەی بۆ هێنام، بەزمانی کوردی و عەرەبی، کوردییەکەی ناوی (برایی) و عەرەبییەکەی نــاوی (التــاخی) بــوو. دوو هەفتــە لەمەوبــەر لــە بەغدا دەرچوو بوون) (١٢).

نووسەر درێژەی بەقسەکانی داوەو نووسیویە:

(من لە رێگەی رۆژنامەی (برایی) لـە پاشانا بـوو بـە (برایـەتی) زیـاتر ســـاڵح یوسـفیم ناسـی، لەوەپێش وەکو کورد ناشنایەتیم لەگەڵی دا هەبوو، بەڵام چاومان بە یەکتری نەکەوتبوو، دانانی ساڵح یوسـفی بـە سەرنووســەرو بەڕێوەبـەری رۆژنامــەی (برایــەتی) کــارێکی بــەجێ بــوو، چونکــە ئــەم رووناکبیرە کوردە شایانی ئەوە بوو ئەم کـاردەی پـێ بسـپێردرێ، ئەمــە بــوو بــەهۆی ئــەوەی رۆژنامــەی (برایــەتی) وەکــو رۆژنامەیــەکی بەدیمــەن لــە روو تەماشا بکرێ) (١٣).

- دکتـۆر عـــەبدوڵلا حـــەداد هـــەروەکو ئاشـکرایە کاتی خـۆی کۆمـەڵێک بابـەتی بـەزمانی عـەرەبی سەبارەت بە ئەدەبیاتی کوردییــەوە لــە (التــاخی) بڵاوکردۆتەوە. لە وتارێکیدا بەناونیشانی (هــەندێ بیرەوەری و چەپکی پەیڤی وەفاداری) نووسیویە:

(لەساڵی ١٩٦٩ بەهۆی تێکچوونـی پەیوەندی لە نێوان شۆڕشی کوردو حکومـەتی تـازەی بـەغدا، رۆژنامـەی (التــاخی) راگیراو کــاک ســاڵح یوسـفی بەغدای بەجێهێشت و رووی لەناوچە تازادکراوەکان کرد) (١٤).

دەربــارەی ســاڵی راگیرانەکــە مــن خــۆم لــە (د. عــەبدوڵلا)م پرسـی وای تێگــەیاندم کــە مەبەسـتی ســاڵی ١٩٦٨ بــووە، پێویســت بــوو لــە کــاتی چاپکردن راست بکرێتەوە.

- کـاک حەمـە ئەحمــەد جـاف لــە وتـارێکیدا بەناونیشانی (ئایاری - برایـی - و - برایەتی - و ٣١ ساڵ لە تەمەنی رۆژنامەگەری کوردی) نووسیویە:

هەواڵنامەی کتێب




ژمارە (٢٢)ی ڕۆژنامەکەو سێیەم ژمارەی کوردی لە ٢٠/٥/١٩٦٧ دەرچووە

(هاوکات لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەی (التاخی) بە ڕۆژنامەی (برایی)شەوە لە ڕۆژی ٢٩ی نیسانی ١٩٦٧ شەهیدی سەرکردە سەیدا ساڵح یوسفی کرا بە خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری هەردوو ڕۆژنامەکە) (١٥). پاشان لە شوێنێکی تری وتارەکەیدا نووسیویە: (بەڵێ پاش دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (التاخی) لە ڕۆژی ٢٩/٤/١٩٦٧ لە بەغدا بیرۆکەی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی کوردی وەک پاشکۆیەک تایبەت بە ڕۆژنامەی (التاخی) لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان چەکەرەی کردو لە ڕۆژی ٦/٥/١٩٦٧ هاوکات لەگەڵ هەشتەمین ژمارەیدا، یەکەم ژمارەی (برایی) بەتایتڵی - ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانە کەوتە بەردیدو بەردەستی خوێنەران و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەی کوردەوە - بێشک شەهیدی نەمر سەیدا ساڵح یوسفی وەک خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری ڕۆژنامەکە ڕۆڵێکی کاریگەرو بەرچاوی بینی لە پێشخستنی ئەو ڕۆژنامەیەدا کە سەرەتا هەفتانە وەك پاشکۆیەکی کوردی ڕۆژنامەی (التاخی) خۆی بە خوێنەران و ڕۆشنبیران ئاشنا کرد) (١٦).

- کاک رزگار نوری شاویس نووسیویە:

(لە ٦/٥/١٩٦٧ و لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٧ ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی (برایی) لە بەغدا وەک پاشکۆی ڕۆژنامەی (التاخی) هەوڵی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە کوردی دەرچوو).

- بەڵام مامۆستا فەرهاد عەونی کە لەسەرەتای ئەم بابەتە بەتایبەتی ئاماژەمان بۆی کردووە، ئێستاش بە حوکمی ئەوەی خۆی سەرنووسەری ڕۆژنامەی (برایەتی)یە ڕۆژانە دەبێ جێ پەنجەی هەتا لەسەر شێوەی دەرچوونی دیار بێ و، دوورنییە ئەو بەرواری ٦/٥/١٩٦٧ ئێمە ڕەخنەی لێ دەگرین لە ژێر کاریگەری ڕای ئەو نووسرا بێ لە وتارێکیدا بەناونیشانی (مێژووی خولەکانی برایەتی) کە دواتر کراوەتە پێشەکی کتێبێک بەناونیشانی (برایەتی یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی) نووسیویە: (ڕۆژنامەی = التاخی = کە یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی ٢٩/٤/١٩٦٧ دەرچوو، لە هەمان کاتیشدا بڕیار لەسەر ئەوە درا کە پێویستە ڕۆژنامەیەکی کوردیش بەناوی = برایی = دەربچێت بۆ ئەوەی بەشێک لەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە ئەو کاتە هەستی پێ دەکرا، بەهۆی کەمی یا نەبوونی ڕۆژنامەیەکی کوردی کە تەعبیر لەڕای شۆڕشی کورد بکات، ئەوەبوو (دوای حەوت ڕۆژ لە دەرچوونی - التاخی - (برایی)ش یەکەم ژمارەی کە لەگەڵ ژمارە هەشتی - التاخی - لە ڕۆژی ٦/٥/١٩٦٧ کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە)..!! (١٧)

پێی ناوێ زۆرتر خوێنەران بە ڕای جیاجیای نووسەرانەوە ماندوو بکەین، ئەگەر پەندی پێشینانی کوردی - مشتێ نموونەی خەرواریکە -

راست بێت ئه‌وا ئێمه چه‌ند مشتمان نیشانی خوێنه‌ران دا، دیاره جیاوازی له نێوان بۆچوونه‌کاندا به‌دی ده‌کرێ، ره‌نگه هه‌ندێکیان پشتیان به نووسینه‌کانی یه‌کتر به‌ستبێ، به‌لام به‌ش به‌حاڵی خۆمان، بیرو بۆچوونی جیاوازمان هه‌یه، چونکه دوای به‌دواداچوونێکی وردو گه‌ڕانه‌وه بۆ سه‌ر ژماره‌کانی رۆژنامه‌که. له‌م شارو ئه‌و شاری کوردستان و ده‌ره‌وه‌ی کوردستان پێمان وایه گه‌یشتووینه‌ته هه‌ندێ راستی، به‌لام جارێ بۆ له‌وه‌ی به‌شێوه‌یه‌کی وردتر له بابه‌ته‌که بکۆڵینه‌وه، به‌پێویستی ده‌زانین باسی ئه‌و سه‌رچاوانه بکه‌ین که ئاماژه‌یان بۆ ئه‌و خاڵه‌ش کردووه.

- جه‌بار جه‌باری ده‌ڵێ: (برایه‌تی = التاخی - زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، له سه‌ره‌تادا ده‌سته‌یێک که پێکهاتبوو له ساڵح یوسفی، پارێزەر نه‌جیب بابان، ئه‌ندازیار شه‌وکه‌ت عه‌قراوی، عه‌میدی ته‌قاوێت عه‌بدوڵلا سه‌عیدو محه‌مه‌د سه‌عید جاف سه‌رپه‌رشتییان کردووه،


التآخي

ئه‌وه‌ی بابه‌ته‌که پتر لای خوێنه‌ر بخووسێ، ده‌رگایه‌کی تر له‌سه‌ر لایه‌نێکی تری ئه‌م رۆژنامه‌یه ده‌که‌ینه‌وه‌و دواتر ئه‌نجامی لێکۆڵینه‌وه‌که‌مان وه‌ك هێلکه‌یه‌کی سپی کراو ده‌خه‌ینه به‌رده‌ست.

**ده‌سته‌ی نووسه‌رانی ئه‌م رۆژنامه‌یه له‌کێ پێك هاتبووو کێ له‌م رۆژنامه‌یه کاری ده‌کرد؟**

ئاشکرایه هه‌ر رۆژنامه‌یه‌ك ده‌رده‌چێت کۆمه‌ڵێك که‌س کاری تێدا ده‌که‌ن، که هه‌ندێکیان نووسه‌ری سه‌ره‌کی رۆژنامه‌که‌ن، به‌لام به‌داخه‌وه، له ولاتی ئێمه زۆر جاران هه‌قیان خوراوه‌و که‌س نایان ناسێ و نازانێ هه‌ر ئه‌وان رۆژنامه‌نووسی ته‌واون و به‌بێ بوونی ئه‌وان رۆژنامه‌که ئه‌وه‌نده کاریگه‌ری نابێ، خۆ ئه‌گه‌ر جاروباریش ناویان له‌سه‌ر هه‌ندێ له‌لاپه‌ڕه‌کانی رۆژنامه‌که بنووسرێ، ئه‌وا زۆرجار به‌نده‌کانی یاسا ده‌بنه ئاسته‌نگ له پێش نووسین یان نه‌نووسینی ئه‌و ناوانه له‌سه‌ر رووی رۆژنامه‌که. رۆژنامه‌ی -برایی- التاخی-ش دیاره کاتی خۆی به گوێره‌ی (١٨) یاسای چاپه‌مه‌نی ژماره ٥٣ی ساڵی ١٩٦٤ ده‌رچووه ئه‌ویش دیاره که چوارچێوه‌یه‌کی دیاریکراوی بۆ هه‌موو بلاوکراوه‌یه‌ك دارشتووه. بۆیه پێمان وایه به‌ر

پاشان حه‌بیب محه‌مه‌د که‌ریم بووه‌ته خاوه‌ن ئیمتیازی و دارا تۆفیق سه‌رنووسه‌ری و ماوه‌یه‌ك عه‌لی عه‌بدوڵلا له ده‌رچوونیدا (١٩) یارمه‌تی داون، پاشان بووه پارێزگاری سلێمانی).

له شوێنێکی تری کتێبه‌که‌یدا، جه‌بار جه‌باری ده‌رباره‌ی سه‌رپه‌رشتکار ده‌ڵێ: به‌شدارانی به‌شه کوردییه‌که‌ی رۆژنامه‌که ئه‌و زاتانه بوون: (ره‌فیق چالاك، محه‌مه‌د مه‌لا که‌ریم، محه‌مه‌د ته‌مین عوسمان، د. عه‌زیزه‌دین مسته‌فا ره‌سول، ره‌مزی قه‌زاز و هی تر بوون).

- کاك وریا جاف نووسیویه:

(ده‌سته‌ی نووسه‌ران: حه‌بیب محه‌مه‌د که‌ریم، خوالێخۆشبوو محه‌مه‌د سه‌عید جاف، نه‌جیب بابان، عه‌بدوڵلا سه‌عید، خوالێخۆشبوو شه‌وکه‌ت عه‌قراوی). دیاره نووسه‌ر ئه‌و رایه‌شی له نامیلکه‌ی - کاروانی رۆژنامه‌گه‌ری کوردی- دووباره کردۆته‌وه:

- مامۆستا -به‌هۆش- نووسیویه:

(به‌پێی یاسای رۆژنامه‌گه‌ری ئه‌و سه‌رده‌مه ده‌سته‌ی نووسه‌رانی له چوار که‌س پێکهاتبوو: حه‌بیب محه‌مه‌د که‌ریم، نه‌جیب بابان، عه‌بدوڵلا سه‌عید، ئه‌وه‌ی من ئاگادارێم له‌ناو ئه‌مانه‌دا

هه‌واڵنامه‌ی کتێب

حەبیب محەمەد کەریم لە بەشە عەرەبییەکەی و محەمەد سەعید جاف لە بەشە کوردییەکەیدا نووسینیان هەبووە. کاروباری گشتی -برایەتی- بە رەفیق چالاک سپێردرابوو، ئەمە هونەرەوەرو دەنگ خۆش و کوردیزانێکی باش بوو. لەبابەت ناوەکەیەوە هەندێک گیروگرفت دروست بوو بوو، ناوەکەی -برایی- بێ یان -برایەتی-، رەفیق چالاک سووربوو لەسەر ئەوەی -برایی- بێ، هەمیشە بۆ بەرگری کردن لەبیروڕای خۆی لەم بابەتەوە دەی وت: پەندی پێشینانی کوردی دەڵێ: (برامان برایی کیسەمان جودایی) (٢٠).

- کاک جەمال خەزنەدار لە -رابەر-ەکەی نووسیویە: (دەستەی نووسەران لە حەبیب محەمەد کەریم، نەجیب بابان و محەمەد سەعید جاف و عەبدوڵڵا سەعید پێک هاتووە). پاشان نووسیویە:

(ئەوەی پێویستە بوترێ ئەوەیە کە ئەم رۆژنامەیە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو، محەمەدی مەلا کەریم و محەمەد ئەمین عوسمان و عیزەدین مستەفا رەسول کاربان تێدا دەکرد، بەرپرسیاری نووسین رەفیق چالاک بووە) (٢١).

هیچیان دەربارەی دەستەی نووسەرانی نەنووسیوە.

**رۆژنامەی (التاخی=برایەتی) لە یەکەم قۆناغی دەرچوونی چەند ژمارەی لێ دەرچووە، کەی وەستاوە؟**


- جەبار جەباری لە کتێبی (تاریخ الصحافة الکردیة) نووسیویە: (لە ١٩٦٧/١١/١١ وەستاوە، لەدوای بەیانی ئاداری پیرۆز جارێکی تر لە ١٩٧٠/٥/٤ دەستی بەدەرچوون کردۆتەوە). پاشان نووسیویە:

(بەشە کوردییەکەی بەچوار ماوەی جیا تێپەڕیوە). دیارە نووسەر خولەکانی دەرچوونی لە (١٩٦٧ تا ١٩٧٤) بە ماوەی جیا داناون و دەربارەی ماوەی یەکەم نووسیویە:

(لەسەرەتای دەرچوونی رۆژنامەکە تا رۆژی راگیرانی لە ساڵی ١٩٦٨ کە بەناوی -برایی- دەرچوو چەند لاپەرەیەکی کەمی لە رۆژنامەکە دەگرت) (٢٣).

- کاک وریا جاف لە کتێبی (مێژووی رۆژنامەگەری پارتی) نووسیویە:

(دوا ژمارەی لەم قۆناغەدا ژمارە ٤٢٧ بوو) ئەو برادەرە لە هەمان کتێب دا دەربارەی رۆژنامەی





نموونەی (ئارم)ێک کە رۆژانە دەرچووە

- کاک فەرهاد عەونی نووسیویە: (دەستەی نووسەران ئەندازیار شەوکەت عەقراوی، پارێزەر نەجیب بابان، محەمەد سەعید جاف، عەبدوڵڵا سەعید)بوو.

- دیارە نووسەرەکانی پێشووتر وەک د. کەمال مەزهەر ئەحمەد (٢٢) مامۆستا عەلائەدین سجادی و ئەوانیتر کە لە پێشەوە ناویانم هێناون -برایی- نووسیویە: (٦٥) ژمارەی لێ دەرچووە، لەگەڵ رەچاوکردنی رۆژانی هەینی و پشوودانەکانی تر).

هەر لە هەمان نامیلکەدا دەربارەی -التاخی- لە دوای رێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ نووسیویە: (ئەوەبوو بەپێی زنجیرەی ژمارەی سەردەمی پێشوو لە رۆژی ١٩٧٠/٥/٩ رۆژنامەی -التاخی-




نموونەیەکی تری (ئارم)ی برایەتی کە لە ماوەی دووەم جار دەرچوونەوەی لەگەڵ (التاخی) بە رۆژانە دەرچووە. دیار نییە کام ماوەیە

ژمارە (٤٢٨)ی لە بەغدا بڵاوبووەوە). پاشان دەربارەی دوا ژمارە نووسیویە:

(رۆژنامەی ـ التاخی ـ لە ژمارە (١٥٨٣)ی رۆژی ١٢/٣/١٩٧٤ نووسیویە: بۆ خوێنەران لەبەر ئەو هۆ ناسکە سیاسییە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بریاری دا هەردوو رۆژنامەی ـ التاخی و برایەتی ـ بۆ کاتێکی نادیاری کراو رابگرێ)[٢٤].

ـ کاک حەمە ساڵح فەرهادی نووسیویە:

(لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨ داخراوە پاشان لە ٤ی مایسی ١٩٧٠ جارێکی کە ماوەی دەرچوونی دراوەتێ تا ئاداری ١٩٧٤ بەردەوام بووە، دواژمارە (١٥٨٥) بوو کە لە رۆژی سێ شەممەی ١٢/ی ئاداری ١٩٧٤ دەرچووە پاش ئەو مێژووەش بە ماوەیێکی کەم جارێکی دیکەش دەرچۆتەوەو نزیکەی دوو ساڵ بەردەوام بووە)[٢٥].

ـ کاک رزگاری نوری شاویس لە نامیلکەی (رزگاری ثم خەبات لسان حال الحزب الدیمقراطی الکردستانی) نووسیویە:

(لە قۆناغی دەرچوونی التاخی ١٩٧٠ـ١٩٧٤ بە ژمارە (٤٢٨) ٩ی ئایاری ١٩٧٠ دەستی پێکردەوەو بەردەوام بووە لە بەرگریکردن لە دیموکراتییەت و ئازادی). لەهەمان نامیلکەدا دەربارەی رۆژنامەی (برایەتی) قۆناغی یەکەم بەناوی (برایی ١٩٦٨ـ١٩٦٩) نووسیویە:

(برایی ١٥ ژمارەی بەهەمان بەرنامەی رۆژنامەی التاخی لێ دەرچووە، بەڵام زیاتر بەرەوی بە تایبەتمەندی ئەدەب و کولتووری کوردی دەدا).

ـ کاک حەمە ئەحمەد جاف نووسیویە:

(رۆژنامەی برایی شان بەشانی رۆژنامەی التاخی رەوڕەوەی مێژووی رۆژنامەگەری هەوڵوێرنی و لەگەڵ کاروانی خەباتی سیاسی پارتی دا کەوتە گەر، بۆماوەی (ساڵ و نیوێک) و لە (٧٠) ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە، بەڵام مخابن پاش رووخانی حوکمداربەتی (عەبدولرەحمان عارف) و بەرپابوونی کودەتای تەمووزی ١٩٦٨ دوا ژمارەی هەردوو رۆژنامەکە لە رۆژی ٩/١١/١٩٦٨دا دەرچوون و لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٩شدا بەهۆی تێکچوون و یارگرژی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و رژێمی ئەوسای عێراق هەردوو رۆژنامەکە کەوتنە پێ کوتەو وەستان و بەیەکجاری داخران..)[٢٦].

ـ مامۆستا فەرهاد عەونی نووسیویە: (لە خولی یەکەمدا کە ساڵێك و شەش مانگ و سێ رۆژی تەمەن بووە (٧٢) ژمارەی برایی دەرچووە)، هەروەها نووسیویە: (دواژمارەی برایی لەم خولەدا لە ٩/١١/١٩٦٨ دەرچووە)[٢٧].

ـ کاک شەماڵ حەویزی لە ژمارە ٢١٥٨ی رۆژی ٢٩/٢/١٩٩٦ی رۆژنامەی (برایەتی) نووسیویە:

(برایەتی ـ هەفتانە دەردەچوو، ئەو خولەشی تا ١٢/١١/١٩٦٨ بەردەوام بوو و لە ماوەی ساڵێک و شەش مانگ و (٥) رۆژدا (٦٨)

ژمارەی لێدەرچوو).

با زیاتر لەسەری نەرۆین، ئەگەر خوێنەران سووکە بەراوردێک لەنێوان دیدو بۆچوونە جیاکان بکەن، بەبێ قامک راکێشانە سەر هەڵەت و پەڵەتەکان هەر زوو بۆیان روون دەبێتەوە کە دیارە تاوەکو ئێستا هەوڵێکی جیددی بۆ بینین و لێکۆڵینەوەی سەرجەم ژمارەکانی ئەو خولە یان ئەو قۆناغەی رۆژنامەکە نەدراوە، بەڵام هەر دەبێ، بەبێ ئەوەی هەست بەهەناسە ساردی بکەین، جاری تیشک بخەینە سەر لایەنێکی تری رۆژنامەکە.

**رۆژنامەی (برایەتی) لە قۆناغی یەکەمیدا چەند جاران تووشی راگیران بووەو دواجار لەلایەن کێ راگیراوە؟**

- کاک وریا جاف نووسیوبە: (رۆژنامەی التاخی رۆژانە بەردەوام لە بلاوکردنەوەی کێشە سەرەکییەکانی وڵات دابوو و داواکارییەکانی گەلی ئەخستە روو و داوای گەشەپێدانی ئابووریی وڵاتی ئەکردو وردە وردە رەخنەشی لەکاربەدەستانی ئەگرت، رەخنەی ئاشکرایشی لە حکومەت ئەگرت سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەسەر بەیانی ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦. ئەم رێبازە دڵسۆزییەی التاخی سەرسنگی کاربەدەستانی سەغلەت کردبوو، چونکە بیرتەسک بوون و حەزیان نەئەکرد ئازادی و دیموکراسییەت پەرە بستێنێ، بۆیە حکومەت کەوتە بیانووگرتن لە التاخی جاروبار دەقی لاپەرەیەکی بەسپی بلاونەکرایەوە، لەبەر ئەوەی دەکەوتە بەر مەقەستی سانسۆر (رقابە)، (التاخی)ش بێ سڵ کردنەوە لە رێبازی خۆی بەردەوام بوو. ئەوەبوو لە ژمارە ٢٧٩ی رۆژی ٧ی مایسی ١٩٦٨ التاخی سەر وتارێکی بەناونیشانی (دەستکاری کردنی دەستووری کاتی(٢٨) سەرپێچییەکی ئاشکرایە گەلی بێ ئومێدکرد) تیایدا رەخنەی لەو بابەتە گرتوە کە پیوەندی بە کێشەی کوردو دەستکاری کردنی دەستووری کاتی هەیە، ئەو وتارە ژان خستە دڵی کاربەدەستان و ئۆقرەبیانی بری بۆیێ هەر لە هەمان رۆژدا واتە ٧/٥/١٩٦٨ وەزیری رۆشنبیری و ئیرشادی ئەو سەردەمە د. مالك دوهان ئەلحوسەین نووسراوێک ئاراستەی سەیدا سالح یوسفی ئەکا و بەتوندی نووسراوەکە دائەرێژێ، تیایا ئەڵێ (ئەمەو هەندێك هەڵە کردن نابێتە هۆی هێرش کردنە سەر شۆرش بۆیە بریارماندا رۆژنامەکەتان بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ دابخەین بەپێی ئەحکامی بەندی ١ی مادەی ٣٣ی قانوونی چاپەمەنی ژمارە ٥٣ی ساڵی ١٩٦٤).

نووسەر کارێکی چاکی کردووە دەقی نامەکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لەو نامیلکەیەی ئامادەمان بۆی کردووە بلاوی کردۆتەوە، پاشان نووسیوبە: (رۆژی پاشتر واتە ٨/٥/١٩٦٨ شەهید سەیدا سالح یوسفی شێرانە مەچەکی لێ هەڵئەماڵی و وەڵامێکی توندوتیژی وەزیری ناوبراو ئەداتەوە پراوپێستی خۆی تیایا نووسراوەکەی وەزیر بەدرۆ ئەخاتەوەو بەتوندی نارەزایی دەرئەبرێ بەرامبەر بەشێوەی دارشتنەکەی) نووسەر چەند برگەیەکی لە وەڵامەکەی سەیدا یوسفی بلاوکردۆتەوە. هەروەها وریا جاف نووسیوبە: (رۆژنامەی التاخی تا رۆژی ١٨/١١/١٩٦٨ بەردەوام بوو لەو کاتەدا بە بریارێکی مەکتەبی



ژمارە (٤٢٧)ی برایەتی کە لە ٩/١١/١٩٦٨ دەرچووە

سیاسـی پـارتی دیموکراتـی کوردسـتان راگـیراو جاریکی تر پاش ریککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ هاتەوە مەیدانی خەبات و تیکۆشان)(٢٩).

ـ کاک **فەرهاد عەونیش** نووسیویە: (گەرانەوەی بەعسیەکان بـۆ حوکمـی عیـراق بـەهۆی کوددەتـای ١٧ی تـەمووزی ١٩٦٨ بـوو بـەهۆی پشـیوبی بـارودۆخی گۆرەپانی سیاسـی عیـراق بـە تایبـەتی رەنگدانـەوەی سـەلبی ئـەم رووداوە زیـاتر لـە کوردستان ئاشکراتر بـوو، بۆیـە هـەر لەسـەرەتاوە خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون، بە نیازی سەپاندنی شـەریکی قورسـتر بەسـەر گـەلی کوردسـتاندا، ئـەوەبوو پـاش سـی مـانگ بریـاری راگرتـنی رۆژنامـەی **التـاخی** و برایـی دا ئـەوەبوو کـە دوا ژمـارەی برایـی لـەم خولـەدا لـە ٩/١١/١٩٦٨ دەرچووە)(٣٠).

## ئەو ئەنجام و تێبینیانەی لەم لێکۆڵینەوە پێی گەیشتووین

تائیرە رای برادەرانمان دەربـارەی چـوار لایـەنی زۆر گرنگی رۆژنامەکە نووسیوە، جارووبار سووکە رەخنەیەکیشـمان ئاراسـتەی هـەندی بۆچوونـەکان کردووە، بەلام بۆ ئەوەی بەکورتترین ریگە بگەینە ئەسلی مەبەست، هەوڵ دەدەین لـە دووتوێی چـەند خـالیکدا ئـەو ئـەنجام و تیبینیانـەمان بـەرچاو بخەین:

١ـ لەبـەر رۆشـنایی یاسـای ژمـارە ٥٣ی سـاڵی ١٩٦٤ دەردەکـەویت کـە هـەندی بـرادەر لـەوەدا بەهەڵەداچوون کە گوتوویانە ماموستا **ساڵح یوسفی** خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەکە بووە، چونکە بەگوێرەی بەندەکانی یاسا کە دەبوایە خاوەنی ئیمتیازی هەر رۆژنامەیـەک بەسەرنووسـەری لیپرسراویشـەوە ژماردیـان (٥) کـەس بیـت، بۆیـە لەسـەر رووی ژمـارە ١ی (**التـاخی**) و ژمارەکـانی تریشـی دەنووسرا (**اصحاب الامتیاز**) و پاشان ناوی سەیدا یوسفی وەک ـرئیس التحریر المسـؤول. دەهات و دوای نـاوی بەرێزیشـی چـوار کەسـەکەی تـر وەک


البوزاني يؤكد
سنفي بالتزاماتنا وندعم الاستقرار وتقدم الوطن وازدهاره

(هیئة التحریر) بەرێزە ناویان دەهات(٣١).

٢ـ هـەندی لـەو بـرا نووسـەرانەی لـە پیشـەوە ناومان هیناون جگە لە سەرنووسـەر سـەیدا سـالح یوسـفی، نـاوی (٥) کەسـیان هینـاوە، لـە تۆمارکردنی نـاوی مامۆسـتایان حـەبیب محەمـەد کـەریم و شـەوکەت عـەقراوی دا تیکـەڵ و پیکەڵییەکیان کردووە و ... لەم رووەوە دووچاری هەڵەبوونەو ئەوەی راستی بی لـە ژمـارەی (١)ەوە تـا ژمـارە ١٩٧ ناوەکـان بـەم شـیوەیەی خـوارەوە ریزکراون:

اصحاب امتیاز:

**ساڵح یوسفی**

رئیس التحریر المسؤول

**هیئة التحریر:**

شەوکەت عقراوی

نەجیب بابان

محەمەد سعید جاف


عەبدوڵلا سەعید

دواتـر لـە ژمـارە ١٩٨دا کـە لـە رۆژی چوارشەممەی ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٧

دەرچووە ناوی بەڕێز حەبیب محەمەد کەریم چۆتە شوێنی بەڕێز شەوکەت ئاکرەیی.

دیارە ئەو گۆڕانکارییەش لە ژمارە کوردییەکان کەوتۆتە رۆژی ١٩٦٧/١١/١٨ کە رۆژی دەرچوونی ژمارە ٢٠١ تێکڕای رۆژنامەکەیە، واتە ژمارە ٢٧ی کوردییەکەی تیا دەرچووە.

٣ـ هەندێ لەو برادەرانە وایان زانیوە لە دوای ژمارە ٢٧٩ی ٧ی مایسی ١٩٦٧ بەدواوە




ژمارە (٢٩٨) لە ١٩٦٨/٦/٢٧ دەرچووە، زۆر جاران (سەروتار) بەم شێوەیە (سانسۆر) کراوە یان نیوەی لابراوە.

رۆژنامەکە بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ داخراوە، بەڵام ئێمە بەپێچەوانەی هەموو ئەوانە، وای بۆ دەچین کە رۆژنامەکە جاری یەکەم دوای ژمارە ٢١٥ی کە لە ١٩٦٧/١٢/٣ دەرچووە بۆ ماوەی (٧٤) یان راستر (٧٥) رۆژ داخرابێت. ئەویش لەبەر ئەوەی یاسایەکی نوێ بەناوی (قانون المؤسسة العامة لتنظيم الصحافة والطباعة رقم ١٥٥ لسنة ١٩٦٧) دەرچووە،(٣٢) بەگوێرەی ئەو یاسایە هەموو رۆژنامەکان بوونەتە مولکی کەرتی گشتی.

هەڵبەت بەر لەوەی ئەو یاسایە دەربچێت چەند جارێک رۆژنامەی (التاخی) لە سەروتارەکانی و گۆشەی رۆژانەی (الشعب يريد) باسی لە سانسۆری سەر رۆژنامەکان و ئاستەنگەکانی بەردەم کاری رۆژنامەنووسی و ئازادی رۆژنامەنووسی کردووە.

٤ـ ئەگەر چاوێک بە نووسینەکانی هەموو ئەو برادەرانەی لەسەرەوە ناومان هێناون، بخشێنینەوە، دەبینین دەربارەی رۆژی یەکجارەکی وەستان و دوا ژمارەی رۆژنامەکە هەریەکەیان رۆژو ژمارەیەکی دیاری کردووە لەم بارەیەوە سێ رۆژو سێ ژمارەی جیا لە یەکتر بەرچاوخراوە.

یەکێک ١٩٦٨/١١/٩ی بەرۆژی راگرتنی داناوە، یەکێکی تر ١٩٦٨/١١/١١ی داناوە، ئەوەی تر رۆژی ١٩٦٨/١١/١٨ی داناوە.

دەربارەی ژمارەکانیش یەکێک ژمارە (٤٢٧)ی داناوە، یەکێکی تر ژمارە (٤٢٧)ی داناوە، ئەوەی تریش ژمارە (٤٢٩)ی داناوە (٣٣).

بەڵام دوای بەدواداچوون و تاوتوێ کردنی هەموو ژمارەکان بینیمان:

ژمارە (٤٢٧)ی رۆژی ١٩٦٨/١١/٩ دوا ژمارەیە کە بەزمانی کوردی دەرچووە. دیارە دەبێ ژمارە (٤٢٩)ی رۆژی ١٩٦٨/١١/١١ دوا ژمارەبێ بەزمانی عەرەبی دەرچووبێ، بەڵام رۆژی ١٩٦٨/١١/١٨ مێژووی نووسینی ئەو وەڵامەیە کە سەیدا ساڵح یوسفی سەبارەت بەداخستنی رۆژنامەکە ئاراستەی وەزیرانی راگەیاندن (طارق عزيز)ی کردووە، کاک (غازی حەسەن) کارێکی چاکی کردووە لە ئەرشیفی کاک (مومتاز حەیدەری)یەوە ئەو نامەیەی وەرگرتووەو لە پەراوێزی وتارێکی خۆی لە ژمارە ٣ی ٢٢ نیسانی ١٩٩٨ی گۆڤاری (یاسا پارێزی) (٣٤) هەروەکو خۆی بەزمانی عەرەبی دەقی وەڵامەکەی

بڵاوکردۆتەوە.

٥- رۆژنامەی (**برایەتی - التاخی**) لە مێژووی رۆژنامەنووسی کوردیدا شانازی ئەوەی بەرکەوتووە کە بانگەوازی جەژنی رۆژنامەنووسیی کوردی لە ژمارە (٢٦٥)ی رۆژی هەینی رێکەوتی ١٩٦٨/٤/١٩ لە بەشە عەرەبییەکەی بڵاوبکاتەوە دواتر لە رۆژی دووشەممە رێکەوتی ١٩٦٨/٤/٢٢ لە ژمارە (٢٦٧)ی هەمان رۆژنامەدا بەزمانی کوردی و لە بەشە کوردییەکەی جارێکی تر بڵاوی بکاتەوە.

٦- بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ: پارتی و شۆڕشی ئەیلوول بڕیاری داخستنی رۆژنامەکەیان داوە، ئێمە وای دەبینین کە حکومەتی عێراق رۆژنامەکەی داخستبێت، بەڵگەشمان ئەو نامەیەیە کە لە خاڵی (٤)دا باسمان کردووە، هەروەها (حەسەن عەلەوی) کە ئەو کاتی (بەڕێوەبەری رۆژنامەنووسیی) بووە لە کتێبی (العراق دولة المنظمة السرية)[٣٥] باس لە گۆڕینی یاسای ژمارە (٢٠٦)ی ساڵی ١٩٦٨ دەکات هەر بۆ ئەوەی وای بگونجێنن رۆژنامەی[٣٦] (**التاخی**) دابخرێت و رۆژنامەی (النور) دەربچێت، پێویستە ئەوە بزانین کە کاک **فەرهاد عەونیش** ئاماژەی بەم بابەتە کردووەو رایەکەی هەمان مەبەست دەگەیەنێ. ئەوەی شایانی باسیشە ژمارەی ١ی رۆژنامەی (النور) نزیکەی بەر لە مانگێک لە راگرتنی رۆژنامەی (**التاخی**) لە بەرواری ١٢/ ١٩٦٨/١٠ بڵاوکرابووە.

٧- هەڵەیەک لە دیاریکردنی رۆژی دەرچوونی ژمارەکانی (٥٢ و ٥٣)ی رۆژنامەکەدا دەبینرێ کە دوو رۆژ تەمەنی رۆژنامەکەی گەورە کردووەو وا پێ ناچێ چاک کرابێتەوە، فەرموون خۆتان بەراوردی بکەن:

- **العدد** (٥٢) ١١ ربيع الأول ١٣٨٧/ ٢٠ حزيران ١٩٦٧.

- **العدد** (٥٢) ١٤ ربيع الأول ١٣٨٧/ ٢٢ حزيران ١٩٦٧.

٨- بەپێچەوانەی هەموو ئەو برادەرانەی کە باسمان کردن دەبینین رۆژنامەکە لە قۆناغی یەکەمی دەرچوونیدا (١٩٦٧-١٩٦٨) بە (٣) ماوەی جیا لە یەکتر دەرچووە، بەتایبەتی بەشە کوردییەکەی زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

أ- **ماوەی یەکەم:**

ژمارە ١ی بەزمانی عەرەبی لە ١٩٦٧/٤/٢٩ دەرچووە، وێنەیەکی گەورەی مەلا مستەفای سەرکردەی شۆڕشی کوردو سەرۆک کۆماری ئەو کاتی عێراق (عەبدولرەحمان عارف)ی هەریەکە بەجیا لە راست و چەپی لاپەڕەی یەکەمیدا لەگەڵ دەقی وتەکانیان دەربارەی دەرچوونی رۆژنامەکە بڵاوکراوەتەوە، دوا ژمارەی بەشە عەرەبییەکەی لەم ماوەیەدا ژمارە (٢١٥)ی رۆژی ١٩٦٧/١٢/٣ بووە.


طريق التآخي
خطة التآخي ورسالتها
عام مضى .. وآخر أقبل
[illegible]

ژمارە (٢٧٣) لە ١٩٦٨/٤/٢٩ ژمارەی ساڵرۆژی یەکەمی رۆژنامەکە

بەڵام ژمارەی ١ی بەزمانی کوردی بەناوی (برایی) بووەو لە ١٩٦٧/٥/٦ بڵاوکراوەتەوە.

هەمان وێنەی بارزانی و عەبدولڕەحمان عارف و وتەکانیان بەهەمان شێوەی بەشی عەرەبییەکە بڵاوکراوەتەوە. ئەو ژمارەیە بەپێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوان دەکرا (٨) لاپەڕە بووە، بۆیە ئەو تێبینییە لە ژێر ناوی (بیوورن)لە هەمان ژمارە بڵاوکراوەتەوە کە دەڵێت: (لەبەر بێ توانایی چاپخانەکە و کەمی تیپی کوردی ناچار بووین کە ڕۆژنامەکەمان بەهەشت لاپەڕە دەرکەین، جا لە کاتێکا کە داوای لێ بووردن ئەکەین و چاوپۆشین لە کەم و کورتی ئەم ژمارەیەمان نومێد ئەکەین کە ژمارەی داهاتوومان لەسەر بەڵێنی ڕابردوومان بە (١٦) لاپەڕە دەرچێ و بەدڵی ئێوە بێت).

دیارە ئەو بەڵێنە بەزمانی عەرەبی لە ژمارە (٤)ی ڕۆژی سێشەممە ٢ی ئایاری ١٩٦٧ بەم شێوەیە درابوو، (التاخي باللغة الكردية: نسترعي انتباه القراء الكرام ان العدد الأول من جريدتنا التاخي =برايي سوف يصدر باللغة الكردية في يوم السبت المصادف ١٩٦٧/٥/٦ وذلك بست عشرة صفحة وسوف يستمر صدورها باللغة الكردية يوم السبت من كل اسبوع ويعتبر هذا اليوم عطلة للقسم الكردي).

بەڵام ژمارە (٢٩)ی بەشە کوردییەکە کە دەکاتە ژمارە (٢١٤)ی ڕۆژنامەکە و لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٦٧/١٢/٢دا دەرچووە، دیارە دوا ژمارەی ئەو ماوەیە بووە.

هەر لەم ماوەیەدا، کە وابپێدەچێ لەبەر جەنگی شەش ڕۆژەی عارەب و جوولەکەکان بووبێ، دوو ژمارەی کوردی ڕۆژنامەکە لە کاتی خۆی لە مانگی حوزەیران دەرنەچووە، هەروەها ژمارە عەرەبییەکانی ڕۆژنامەکە لەسەر بڕیاری حکومەت بە (٤) لاپەڕە دەرچووە. بەپێچەوانەی ئەوەی کە کاك **فەرهاد عەونی** نووسیوبە: کە ژمارە کوردییەکانی بە (٤) لاپەڕە دەرچوون، ئێمە وای دەبینین هەموو ژمارە کوردییەکانی کە لەم ماوەیەدا بڵاوکراونەتەوە لە (٨) لاپەڕە کەمتر نەبوون، دیارە ڕۆژنامەکەش خۆی تێبینییەکی بەم شێوەیە بڵاوکردۆتەوە (**برایی بە هەشت لاپەڕە دەردەچێ** - میری بڕیاریدا کە لەمەودوا ڕۆژنامەکانی عێراق بە چوار لاپەڕە دەردەچێ، لەبەر ئەوە ژمارەی -برایی- کوردی بەهەشت لاپەڕەی بچووك دەرئەچێ کاتی خۆی هەر ڕۆژنامەی - برایەتی-ش ئەم ئابلووقەیەی سەر ڕۆژنامەکانی شکاندووە، وەکو جاران بەهەشت لاپەڕە دەرچۆتەوە، دیارە ئەو کاتی زۆر کرێکاری چاپخانەکان و ڕۆژنامەنووسەکان، نانی ڕۆژانەیان بەهۆی دەرچوونی ڕۆژنامەکانەوە بووە، بۆیە کرێکارو ڕۆژنامەنووسەکان پاڵپشتی ئەو بوێریەی (**التاخی**)یان دەربارەی شکاندنی ئابلووقەکە کردووەو، (**التاخی**)ش بەرگری لە مافی کرێکاران کردووە، چونکە زۆر لە چاپخانەکان بە بیانووی ئەو ئابلۆوقەیە کرێکارەکانیان دەردەکردو بێ کار


شعب يريد

الاخوة العربية الكردية صخرة تتحطم عليها دسائس الطامعين

البقية على ص ١٢

ژمارە (٢٨٠)ی دوای ڕاگیرانی دووەم جاری لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٨ بە گورتر دەرچۆتەوە


طريق التآخي

تعديل الدستور المؤقت
مخالفة صريحة خيبت آمال الشعب

لم يختلف اثنان على ان الظروف التي تمر بها بلادنا من احلك ما شهدته في تاريخها الحديث وان صورة تلك الظروف انعكست على الاوضاع العامة فاصبحت الشغل الشاغل للمواطنين والمسؤولين على حد سواء . غير ان رأي المواطنين يكاد ينصب على وجوب سلوك سبيل ارساء قواعد الحكم على اسس دستورية دائمة وانهاء الفترة الانتقالية واجراء الانتخابات البرلمانية الحرة وتجاوز الاوضاع الاستثنائية القائمة والانتقال بالبلاد نحو الحكم الديموقراطي المستمر ، بخلاف رأي المسؤولين الذين تناوبوا الحكم منذ الرابع عشر من تموز حتى اليوم الذين يكاد اجماعهم ينصب على ايجاد المبررات لاطالة الفترة الانتقالية وادامة الاوضاع الاستثنائية وتركيز الفردية وحجب الحريات العامة عن المواطنين.

وقد ظلت الحياة الدستورية في البلاد معطلة منذ فجر الرابع عشر من تموز الاغر حتى اليوم وحكمت البلاد بموجب الالتزام السياسي والادبي الذي اعلنته قيادة الثورة والذي اعتبر دستوراً موقتاً ريثما يعهد الحكم الى حكومة تنبثق من الشعب ويوحي منه بعد ان اعلن سقوط القانون الاساسي القديم والذي قيل عنه في البيان الذي اعلن بموجبه قيام الدستور الموقت مايلي : « نعلم بان ماسمي بالقانون الاساسي العراقي وضع في عهد الانتداب وفي ظل الارهاب وجاء مخالفاً في اسسه للنظام الديموقراطي الصحيح ولمطالب الثورة العراقية الاولى عام ١٩٢٠ ، اذ منح العائلة المالكة السابقة سلطات وامتيازات اتخذت اداة لاستغلال الشعب وتقييده بقيود الاستعمار وان تلك العائلة المالكة والطغمة الحاكمة السائرة في ركابها في العهد البائد لم تكتف بما جاء في الدستور من احكام ضد رغبات الشعب بل انها ممعنة في العدوان على حقوقه وحقر حياته والعبث بكرامته .... الى ان يقول ثورة الثورة ان تتخذ لها دستوراً موقتاً يبين اسس الحكم الجديد الى ان يتم تشريع الدستور الدائم بواسطة يعرب فيه الشعب بحرية تامة عن رأيه باسلوب الحكم الديموقراطي الذي يختاره لنفسه .. »

ژمارە (٢٧٩) لە ١٩٦٨/٥/٧ لەسەر ئەم (سەروتار)ەی بوو بۆ ماوەی مانگێک ڕۆژنامەکە داخرا

دەیان هێشتنەوە، لەم ماوەی دەرچوونی ڕۆژنامەکە هەموو (تارم)ی ژمارەی کوردییەکان، جگە لە ژمارە (١)، بەعەرەبی و کوردی لەپاڵ یەک لەسەر ڕووی ڕۆژنامەکە نووسراون، لە ژێر (برایی)یە کوردییەکە نووسراوە (**ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی**) و لەبن (التاخي)یە عەرەبییەکەش نووسراوە: (**جريدة يومية سياسية**).

هەر لەم ماوەیەدا لە نووسینەکەی کاک **فەرهاد عەونی** ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت نووسیویە: (پەیامیش لە نەخشەمان گۆڕدراوە بۆ ڕێڕەوی **برایی**)، بەڵام ئەوەندەی ئێمە لە ژمارە کوردییەکان وردبووینەوە، (**پەیام**)ی ڕۆژنامەکە لە ژمارە (١)و بەدواوەش هەر وەک خۆی بەناوی (**ڕێڕەوی برایی**) بووە، ئەوەندە هەیە لە ژمارە (١) دیارە لەبەر هۆی هونەری بووە، جێگە نەبووە بنووسرێت (**ڕێڕەوی برایی**)، بەڵکو بەتەنیا هەر سەروتارەکە لەژێر ناونیشانی (نەخشەمان) بڵاوکراوەتەوە، کە دیارە ئەوەش وەرگێڕدراوی سەروتاری ژمارە (١)ی ڕۆژنامەکە واتە (**التاخي**) بووە کە پێشتر لەژێر ناونیشانی (**خططنا**) بڵاوکرابووەوە. واتە (**پەیام**)ەکەی ڕۆژنامەکە لە ژمارە (١)ی عەرەبییەکە کە بەناوی (**طريق التاخي**) بووەو لەژێر ئەو ناونیشانەی سەرەوە بووە هەمان (**پەیام**) بووە کە لە ژێر ناونیشانی (نەخشەمان) بڵاوکراوەتەوەو هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە.

ب ـ ماوەی دووەم:

لەم ماوەیەدا بەشە کوردییەکە لەگەڵ بەشە عەرەبییەکەی بە (٢) لاپەڕەی ڕۆژنامەکە بڵاوکراوەتەوە، دیارە ئەو گۆڕانەش لە دوای وەستانی یەکەم بووە، کە دوای ژمارە (٢١٥)ی ڕۆژی ٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٧ ڕۆژنامەکە بۆ ماوەی دوو مانگ و نیو ڕاوەستاوەو دواتر کە ئیمتیازی نوێی بۆ وەرگیراوەتەوە ئینجا وای لێکراوە. هەر لەم ژمارەیەی سەرەوە، سەروتارەکەی (**طريق التآخي**) زۆر سەرنج ڕاکێش بووە، بەڵام دیارە سانسۆر نەیهێشتووە ناوەڕۆکەکەی بڵاوبکرێتەوە، بۆیە کارگێڕانی ڕۆژنامەکە، هەر ناونیشانەکەیان نووسیوە: (**اغتيال الصحاف بمقصلة القطاع الخاص**)و شوێنەکەی وتارەکە بەسپیێتی ماوەتەوە، دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیەی کە لەسەرەوە دەستنیشانمان کرد ئینجا ژمارە (٢١٦) بەزمانێکی توندتر لە جاران لە ١٩٦٨/٢/١٧ هاتۆتەوە مەیدان ولە (**طريق التآخي**) بەناونیشانی (**عود وعهد**) (٣٧)، سەروتارەکەی بڵاوکراوەتەوە، ئەو ژمارەیەش دیارە بەرێکەوت کەوتۆتە ڕۆژی شەممە کە لە ماوەی پێشتر ڕۆژی دەرچوونی ژمارە کوردییەکانی ڕۆژنامەکە بووە. هەر لەم ژمارەیەوە ڕۆژنامەکە بە

(١٠) لاپەڕە دەرچووە، دیارە رۆژانە لاپەڕە (٩، ١٠)ی بۆ بەشە کوردییەکە تەرخان کراوە، هەر ئەو دوو لاپەڕەیە بەشێوەیەکی وا جێبەجێ کراوە، ئەگەر رۆژانە لەسەر رووی بەشە عەرەبییەکەی نەنووسرابایە (١٠ صفحات) ئەوا ئێستاش هەستی (٣٨) پێ نەدەکرا رۆژنامەکە بە (١٠) لاپەڕە بڵاوکرابێتەوەو بووبێ، چونکە دوو لاپەڕەکە تایتڵ و ئارمی خۆی لێ دەدراو لە ناوەندی (٨) لاپەڕە عەرەبییەکە دادەنرا، بە پێچەوانەی ئەو (٢٩) ژمارەیەی کە لە ماوەی یەکەم هەفتانە بەزمانی کوردی بڵاودەکرایەوە لەسەر رووی لاپەڕە کوردییەکانی ئەو ماوەیە ئاماژەیەکی ئەوتۆ بۆ ژمارەکانی نەکراوەو تاک و تەرا نەبێت لاپەڕەکانی هەتا بەرواریێکیشیان لەسەر نەنووسراوە، لەلاپەڕە (٩) بەشە کوردییەکەی یەکەم ژمارەدی کە لەم ماوەیە بەم شێوەیە دەرچووە ئاگادارییەک بڵاوکراوەتەوە وای نیشان داوە گوایە (برایی - رۆژانەیە..) (٣٩) پاشتر نووسراوە:

(لەپاش ماوەیەک وەستان وا -برایی- کەوتەوە دەرچوون، بەڵام وەکو ئەبینین ئەمجاردیان -برایی- بەشی کوردی لەبری دەرچوونی بەهەفتەی جارێک کراوە بە رۆژانەو ئەم گۆڕانەش لە پاش وەرگرتنی ئیمتیازی تازەی وای لێ کراو، واتە ئەمجاردیان -برایی- هەموو رۆژی بە (٢) لاپەڕەی گەورەو چوار لاپەڕەی بچووک دەرئەچێ، بەمانا لە هەفتەیەکدا بە (٢٤) لاپەڕەی بچووک و سێ قاتی جارانەوە، **ئەمە یەکەم جارە، کە لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا رۆژنامەی رۆژانە** بتوانرێ دەربکرێ و بەردەوام بخرێتە بەر چاوی خوێندەواران، هەر وەکو ئەشزانن ئەمە ئەرکێکی گەورەو هیلاک بوونێکی زۆرو رەنج دانێکی گەورەیە بۆ -برایی- لە شێوەی تازەیدا، بۆ ئەوەی بتوانی پەیامی سەرشانی خۆی بە چاکی بە نەتەوەی کورد بگەیەنێ و شوێنێکی بەرزو دیارو کەردسەیەکی نووسینی تەواوی هەبێ و لەگەڵ ئاستێکی بەهادا کە خوێندەوارانی کورد پێی قایل بن، پێویستی بە قەڵەمی هەمو نووسەرو شاعیرێکی کوردزمانەو رۆژنامەکەش رۆژنامەی هەموو میللەتی کوردەو جێی هەموو نووسینێکی راست و دروستی وا کە لە هێڵی گشتییدا لەگەڵ سیاسەتی رۆژنامەکەدا بگونجێ و ئامانجیشی تەنها خزمەتی گەل و رابەری کردنی و گەشەپێدانی نووسین و هۆنراوەو سامانی نەتەوایەتی و هەموو لایەنێکی کۆمەڵایەتیمانە.

ئەمە رۆژنامەی -برایی-و ئامادەی بڵاوکردنەوەی هەموو بەرهەمێکی جوان، دەست لەدەست و هێزبش لە یەزدانەوە.

هەر دەربارەی ئەو بەشە کوردییە لە ژمارە




(٢١٨)ی رێکەوتی ١٩ی شوباتی ١٩٦٨ ئەو تێبینیە بەزمانی عەرەبی و لەبەشە عەرەبییەکە دەخوێنینەوە: (ملحق التآخي اليومي — نلفت انتباه القراء الكرام إلى ان هذه الجريدة تصدر ملحقا باللغة الكردية ضمن صفحاتها العشرة، فنرجو منهم مطالبة الباعة بالملحق إذا لم يكن ضمن الصفحات المذكورة وشكرا). (هەر چەندە مانگانە یەک لاپەڕەی -برایی- ٩٠٠ دیناری ئەخستە سەرشانی هەشت لاپەڕە عەرەبییەکە) (٤٠)

بەڵام مەزەندەم وای بۆ دەچێت کە ئەو دەستوورە تا ژمارە (٢٨١)ی رێکەوتی ١٠/٦/١٩٦٨ پەیڕەو کرابێ، (التآخي) رۆژانە دوو لاپەڕە




ژمارە (٨)ی رۆژنامەکەو یەکەم ژمارەی کوردی کە لە ١٩٦٧/٥/٦ دەرچووە

کوردییەکەی لەگەڵ دابووە، (٦٦) ژمارەی بەم شێوەیە دەرکردووە جگە لەمەش جاروبارێکیش لەلایەن میری دەسەڵاتداری ئەوکات تەنگی پێ هەڵچنراوە، چەند نووسین و بابەتێکی رای تیا بڵاوکراوەتەوە، وادەگەیەنێ لە هەڵسوکەوتی رۆژنامەیان لەلایەن وەزارەتەوە ئاگادار کراینەوە.

هەر بۆ وێنە لە نیسانی ١٩٦٨ وەزیری ئیرشادی ئەوکات هەرەشەیەکی لە رۆژنامەکە کردووە گوایە ئەوان هەوڵ نادەن دوو لاپەرە کوردییەکە لەگەڵ هەشت لاپەرە عەرەبییەکە، بگەیەننە دوورترین زۆنگاو بن دارخورماکانی عێراق؟! هەر لەسەر ئەم هەرەشەیە لە ژمارە (٢٦٦)ی رۆژی ١٨/٤/١٩٦٨ لەژێر ناونیشانی (شایانی سوپاسە!!) رۆژنامەکە لە بەشە کوردییەکەی وەڵامێکی توانج ئامێزی بۆ وەزیر نووسیوەتەوە کە تیایدا دەڵێ: (خوا نەیبرێ ئەم دیموکراتییەتەو، لێی بەزیاد بێ ئەم بەروی تێڵا حەڵوای مافی سەقافەتی نەتەوایەتی دەرخواردانی نەتەوەی کوردەو، ئەم دڵسۆزییە بۆ ئەوە کە هەموو رۆڵەکانی نەتەوەی عەرەبی ئەم عێراقە، فێری کوردی ببن و بتوانن رۆژنامەکەمان بخوێننەوە! خوا نەیبرێ و بەدرۆدا کەوتنەوەش بۆ ئەوانەی کە ئەڵێن مافە رۆشنبیرییەکانی کورد پشت گوێ خراوە..) دیارە ئەو زیانەی لەسەر دوو لاپەرە کوردییەکە لە رۆژنامەکە کەوتووە بەگوێرەی نرخی پارەی ئەوکات ئێجگار زۆر بووە، رۆژنامەش ئەوکات خۆی خۆی دەژیاندو ئەگەر (ئیعلان و بۆ زانین)ی زۆر بوایە لەوانەبوو قازانجێکی زۆریشی بوربێ بۆ ئەو کەس و لایەنەی رۆژنامەیان دەردەکرد، بەڵام لاپەرە کوردییەکانی دەبا (١٠,١٥) هەزار دانەی رۆژانە لەگەڵ بەشە عەرەبییەکە لێ بڵاوکرابایەوەو دیارە ئەوەش قورسایەکی زۆری دەخستە سەر رۆژنامەکە، ئەوەبوو هەر زوو دەستەی نووسەران هەستیان بە فروفێڵ و فێکەی وەزیر کردووەو نووسیویانە: (بەڵام توخوا کاکی وەزیر ئەیەوێ رۆژنامەکەمان بگاتە دەستی هەموو کەس و، کەس پەکی نەکەوێ لەسەری، یان دڵنیایە کە دانی دوو لاپەرە کوردییەکە بە هەزاران کەسی رۆژنامەکڕی کوردی نەزان، لەوە زیاتر ناگەیەنێ کە پارەیەکی زیاد خەرج بکەین بۆ رۆژنامە لە چاپ دان و ئەنجامەکەشی ئەوەبێ بەقاڵ و وردە فرۆشی شۆربجە شتومەکی تێوە بپێچنەوە بۆ کڕیارەکانیان؟). دەستەی نووسەرانی رۆژنامەکە زۆر زیرەکانە ئەو هەرەشەیەی وەزیریان قۆستۆتەوە کە بە راشکاوی باسی هەندێ مافی رۆشنبیری لەگەڵدا بکەن کە تاوەکو ئەو کات میری لە کوردی قەدەغە کردبوو بۆیە نووسیویانە: (سیادەتی وەزیر، ئەگەر ئەوەندە بەتەنگ چاوکردنەوەی نەتەوەی کوردو، بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی کوردییەوەدیە، بۆچی ناکا مەردانە، رێگای دوو سێ رۆژنامەو

**گۆڤاری سیاسی و هیچ نەبێ ئەدەبی کوردی بداو،** بۆ ناکا ئەم ڕۆژنامەیەش وەک ڕۆژنامەکانی میری بەشداری بکات لەو لیشاوی (جاردان) و (بۆزانین)انەدا کە تەیبارێنێ بەسەریاناو سەدان دیناریان قازانج دەس ئەخا، لیێیەوە؟ بۆ نافەرموێت کە سبەینان لەگەڵ ڕۆژنامەکانی ترا، **دوو دێڕی ئەم ڕۆژنامەیەش بخوێننەوە لە ئیسگەوە**، بەتایبەتی لە ئیسگەی بەشی کوردییەوە؟ **بۆ ناکات وەک چەند** ساڵ لەمەو پێش چاپێکی کوردی بۆ گۆڤاری (بەغدا)ی وەزارەتەکەی دەرکا؟ بۆ فەرمان نادا وەک ئەو هەموو کتێبە بێ سوودو بێ کەڵکانەی کە سەدان دیناریان تیا خەرج ئەکرێ، لەپارەی وەزاردتی رابەری، دوو کتێبی نالێم نووسەری تازەی کورد، بەڵکو هی کەلەپووری ئەدەبی کوردی کۆنمان بڵاوبکاتەوە لەسەر حسابی وەزارەتەکەی؟ **یا هەر هیچ نەبێ بۆچ سانسۆرێك دانانێ بۆ تەماشاکردنی نووسراوە کوردییەکان، تا لەچاپ دانیان دوا نەکەوێ؟!)** دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە بەم شێوەیە پێدا هاتوون تا وریایی و چاو کراوەیی خەڵک لە وەزیر بگەینن، کە خەڵک ئاگای لە هەموو پێچ و پەناکانیەتی: (هەموو کەس ئەزانێ وەزیری بەڕێز بەتەنگی چییەوەیەو ڕدخنە لەچی ئەگرێ! بیانووی وایش کە گوایە بەدیەن دڵسۆز بێ بۆ کوردو چاودێرکردنی بەندەکانی قانوون بەسەر کەسا تێناپەڕێ و سەر لەکەس ناشێوێنێ).

پاشان ڕووی لە کاربەدەستانی تریش کردووەو نووسیویەتی: (ئەی کاربەدەستانی بەڕێزی میری! **خەڵکی وریان و چاویان کراوەتەوە.. خەتی ڕەش و سپی لەیەك جوێ ئەکەنەوە**، کەواتە، ئێوەش ئەگەر شتێکتان بەدەستەوە بوو بێ پێچ و پەنا بۆی بێنە مەیدانەوەو، بە ئاشکرا بیڵێن.. ئەگینا وەک ئەوەی لێ دەرئەچێ کە لە مەسەلەی کوردیدا ئەڵێ ئەوەی بیانوو لە کەبیانوو بگرێ پێی ئەڵێ نارد ئەبێژی و سەر ئەلەقێنی..) (٤٢)

ئەوەبوو مانگێکی تەواو نەکرد، ڕۆژنامەکە بیانووی پێگیراو بۆ ماوەی مانگێک داخرا. هەر لەم ماوەیەدا جگە لە پشووی ئاسایی ڕۆژنامەکە کە ڕۆژی شەممان بووە، لە ڕۆژی ١٩٦٨/٣/١٠ تا ١٩٦٨/٣/١٣ چوار ڕۆژ پشووی جەژن بەر ڕۆژنامەکە کەوتووە.

**ماوەی سێیەم:**

ئەوەبوو، وەکو لە پێشەوەش ئاماژەمان بۆ کردووە، **(التاخی)** سەروتاری ژمارە (٢٧٩)ی کە


طريق التآخي

اغتيال الحريات العامة والشخصية

تحت واجهة الثورة والمصلحة الوطنية

البقية على ص ٨

ژمارە (٢٦٥) لە ١٩ی نیسانی ١٩٦٨ دەرچووە (١٧) ڕۆژ دواتر لەبەر ئەم جۆرە سەروتارانە ڕۆژنامەکە ماوەی مانگێک داخرا

لە ڕۆژی ٧ی ئایاری ١٩٦٧ دەرچووە بەناونیشانی (تعديل الدستور المؤقت مخالفة صريحة خيبت امال الشعب)(٤٢) بووە، ئەو وتارە گلەیی لە حکومەتی (ناجی تالیب) سەرۆک وەزیرانی ئەوکات کردووە، کە بەبێ ڕەچاوکردنی هیواو خواستی گەل هاتووە ماددەی (١٠٢)ی دەستووری کاتی ٢٩ی نیسان ١٩٦٤ی گۆڕیوەو ماوەی

سالێکی تر (الفترة الانتقالية ــ ماوەی راگواستنی) درێژکردۆتەوەو دیارە تیایدا ئەوەشی بەحکومەت گوتووە، ئەو کاری حکومەت لە نرخی دەقەکانی دەستوور کەم دەکاتەوە بۆیە گەڵ شێوازی تر لە خەباتی سیاسی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەکاردێنێ. ئەوەبوو، وەک لەپێشەوە باسکراوە لە وەزارەتی ئەرشادەوە رۆژنامەکە ئاگادارکراوەتەوە کە بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ رادەگیرێ، دیارە ماوەی سێیەم جار دەرچوونەوەی بە ژمارە (٢٨٠)ی رۆژی ١٩٦٨/٦/٩ی سالی دووەم دەستی پێ کردۆتەوە. سەروتاری ئەم ژمارەیەی بەناونیشانی **(التآخي تعود وهي اكثر ثقة بصلابة الارض التي تقف فوقها)** بووە. لەسەر رووی نوسراوە (١٤) لاپەرەیە، دیار نییە (٢) لاپەرە کوردییەکەی لەگەڵدابووە، یان نا، بەلام هەر لەم ژمارەیەدا بە ئیمزای سەرۆکی نوسەران سەیدا **سالح یوسفی** ئاگادارییەک بەزمانی عەرەبی بلاوکراوەتەوە، کە دەڵێ: (في سبيل ان يكون للقسم الكردي من هذه الجريدة شخصيتها الخاصة التي تبيح لها ان يتمكن من خدمة شعبنا الكردي وحاجاته السياسية والاقتصادية والثقافية على احسن وجه، ومن اجل ان يتوفر له المجال الكافي لنشر المقالات والمواضيع المفيدة بعيدا عن العرض اليومي المبتر، فقد قررت ادارة هذه الجريدة ان يقتصر نشر القسم الكردي على يوم واحد في الأسبوع بصفحات كبيرة على غرار القسم العربي **وسيأخذ الرقم المتسلسل للجريدة** فنهيب بالمثقفين الأكراد وبجماهير شعبنا الكردي ان يبادروا إلى مد جريدتهم بالمواد الجيدة والمقالات المفيدة ليكون العدد الكردي **الذي يصدر كل اسبوع مرة**، حاويا بكل ماهو نافع وجيد وجدير والله الموفق. **صالح اليوسفي**، رئيس تحرير جريدة التآخي).

دوای ئەو ئاگادارییە ئەوەبوو ژمارە (٢٨٦)ی سالی دووەمی رۆژنامەکە کە لە رۆژی شەممەی رێکەوتی ١٩٦٨/٦/١٥ دەرچووە وەک یەکەم ژمارەی ماوەی سێیەم بە هەشت لاپەرەی قەبارە گەورە دەرچووە، بەلام ئەم جارەیان وەکو (٢٩) ژمارەکەی ماوەی یەکەم ژمارەی تایبەتی کوردییەکەی بۆ دانەنراوە، بەڵکو وەک سەیدا (سالح یوسفی) لە ئاگادارییەکەی نووسیویەتی: **هەموو شەممووان لەسەر زنجیرەی ژمارەی عەرەبییەکە تا ژمارە (٤٢٧)ی سالی دووەم لە رۆژی شەمموی رێکەوتی ١٩٦٨/١١/٩ کە دوا ژمارەی کوردی ئەو رۆژنامەیە بووە، بەردەوام بووە.**

٩- لە ژیانی هەموو بلاوکراوەیەک سالڕۆژی دەرچوونی بلاوکراوەکە زۆر گرنگە، تیایدا هەوڵدەدرێ ئەو گفت و پەیمانانە بەبیر جەماوەر بهێنرێنەوە کە لە پێناویدا بلاوکراوەکە دەردەچێت، دیارە رۆژنامەی (التاخی = برایەتی)ش سالیادی دەرچوونی یەکەمی بەر ژمارە (٢٧٣)ی رۆژی ٢٩ی نیسانی ١٩٦٨ کەوتووە، هەر لەم ژمارەیەدا سەروتاری (طريق التآخي) رۆژنامەکە لە ژێر ناونیشانی **(خطة التآخي ورسالتها ــ عام مضى وآخر اقبل)**(٤٣) بلاوکراوەتەوە، بەلام لەبەشە کوردییەکەی بەتاقە وشەیەکیش باس لەم سالیادە نەکراوە. هەر لەبەشە عەرەبییەکە بە بەردەوامی گۆشەیەک بەناوی **(دفتر التآخي)** هەبووە، هەر لەو ژمارەیەی سەرەوە ئەم جارەیان گۆشەکە لەژێر ناونیشانی **(الذكرى السنوية لصدور جريدة التآخي)** بووە، بەلام تیایدا کە باس هاتۆتە سەر بەیانی ٢٩ی حوزەیرانی سانسۆر چەند دێرێکی لە وتارەکە لابردووە.

خوێنەر وەک لە ژمارەی (٢٧٣)ی زنجیرەی سالڕۆژی رۆژنامەکە ورد دەبێتەوە، دەبینێ ئەو ژمارەیە بۆ سالێکی رۆژنامەکە زۆر کەم بووە، بەلام دیارە هۆیەکەی ئەو دوو مانگ و نیوەی وەستانی یەکەم جاری و چەند رۆژی پشووی جەژن

و ئەو پشوودانی ئاسایی ڕۆژنامەکە بووە کە لە ماوەی دەرچوونی دووەم جاری لە ڕۆژانی شەممەی هەموو هەفتەیەک بۆ ماوەی دوو مانگ بەسەری دا تێپەڕیوە، بووە.

١٠- ڕۆژنامەی (التاخی - برایەتی) وەک هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارێک کە بەر لەوەی دەست بە بڵاوکردنەوەی بکرێت چەند ئاگادارییەکی لە ڕۆژنامەکانی تر بۆ خوێنەران بڵاوکردۆتەوەو تیایدا خۆی بە خوێنەران ناساندووە. دیارە ئەو کاتە تاکە ڕۆژنامە کە بەشێکی بەکوردی بڵاوکردبێتەوە ڕۆژنامەی (ڕاپەڕین) بووە کە لە سلێمانی دەردەچوو، لە ژمارە ١٣١ی ساڵی چواردەمیدا کە ڕێکەوتی ڕۆژی پێنج شەممەی ٣٠ مارت ١٩٦٧ بووە دەربارەی (التاخی - برایەتی) نووسیویە: (لەبەغدا وەزارەتی سەقافەو ئیرشاد بڕیاری دا کە **ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی ڕامیاری لەژێر ناوی (التاخی - برایەتی) بە کوردی و عەرەبی دەرچێت**، ئیجازەکەی درا بە کاک ساڵح عەبدوڵڵا یوسفی و کاک نەجیب بابان و کاک شەوکەت ئەحمەد عەقراوی و کاک سەعید جاف و کاک عەبدوڵڵا سەعید) (٤٤).

١١- وەک لە دیاریکردنی ماوەی دەرچوونی ڕۆژنامەکە لە خاڵەکانی پێشووتر دەست نیشانمان کردووە، یەکەم ژمارەی کوردیی ڕۆژنامەکە لە ١٩٦٧/٥/٦ دەرچووە. هەندێک لە برادەران وایان زانیوە ئەو ژمارەیە لەگەڵ ژمارە ٨ی (التاخی) دەرچووە. دیارە هەر ئەو بەسەرچێغ چوونەشە وای کردووە کە ئەوە ماوەی پتر لە (٢) ساڵە تا کاتی بڵاوکردنەوەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی ئێمە لە ژێر (تارم)ی ڕۆژانەی ڕۆژنامەی (برایەتی) ئێستامان دەنووسرێت (یەکەمین ژمارەی لە ١٩٦٧/٥/٦ دەرچووە). ئالێرەدایە ئێمە وای دەبینین کە جۆرە نارێکییەک لە بۆچوون و زنجیرەی ژمارەکاندا هەیە، بۆیە ناچارین پتر لە هەموو خاڵەکانی تری ئەم لێکۆڵینەوەیەمان لەسەری سوور بین و داوای ڕاست کردنەوەی ئەو هەڵە زەقە بکەین، چونکە: کاتێک ڕای نووسەرەکانمان دەنووسیەوە لە شوێنێکدا بینیمان کە کاک فەرهاد عەونی بەساڵ و مانگ و ڕۆژ ماوەی دەرچوونی ڕۆژنامەکەی دیاری کردووەو نووسیویەتی: (لە خولی یەکەمدا کە ساڵێک و شەش مانگ و سێ ڕۆژی تەمەنی بووە ٧٢ ژمارەی برایەتی دەرچووە).

کە ئەو برگەیەی نووسینەکەی کاک (فەرهاد)یش دەکەینەوە دەبینین ئەو ساڵ و شەش مانگ و سێ ڕۆژ ماوەی نێوان (١٩٦٧/٤/٢٩ تا ١٩٦٨/١١/٩) دەگرێتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی ماوەکە دەکاتە: ٣٣٦+١٨٤+٣=٥٥٣ ڕۆژ. (دیارە ساڵی ١٩٦٨ کەبیسە بووە بۆیە مانگی شوباتی بە ٢٩ ڕۆژ دانراوە، ٦مانگەکەش=١٨٤ ڕۆژ بووە).

ئەگەر ١٢٦ ڕۆژی کۆی ٧٥ ڕۆژی یەکەم ڕاوەستانی ڕۆژنامەکەو ٣٠ ڕۆژی دووەم جاری ڕاگیرانەکەی و (٥) ڕۆژی دوای گۆڕانی حوکم لە ١٩٦٨/٧/١٧ کە ڕۆژنامەکەی تیا دەرنەچووە، ١٦ ڕۆژی هەموو ڕۆژەکانی پشووی شەمموان(٤٥) کە لە ماوەی دووەم ڕۆژنامەکەی تیا دەرنەچووە، چەند ڕۆژی جەژن و ڕاوەستانەکانی تری کە لە خاڵەکانی پێشوودا باسمان کردووە، ئەو هەڵەیەی نێوان ژمارە (٥٢،٥٣)یش حیسابی بۆکراوە) لە (٥٥٣)ی ئەو ڕۆژانەی کاک فەرهاد دەست نیشانی کردووە دەربکەین دەبینین هاوکێشەکە دەکاتە: ٥٥٣ ــــ ١٢٦ = ٤٢٧ ژمارە.

دیارە ئەو ژمارەیەش دوا ژمارەی ڕۆژنامەکەیەو بەرێکەوت بەزمانی کوردی دەرچووەو ڕێکەوتی ١٩٦٨/١١/٩ی کردووە. کاک (فەرهاد)یش هەر ئەو مێژووەی دیارە داناوە ژمارەی بەرایی ئەو ژمارەیەی سەرەوەش ڕێکەوتی ١٩٦٧/٤/٢٩ بووە.

لەلایەکی تریشەوە کە سەیری دوا ژمارەی

رۆژنامەی (برایەتی) ئەمڕۆمان دەکەین دەبینین لەسەر دوا زنجیرەی ژمارەکانی ساڵی ١٩٧٤دا رۆیشتووە دیارە ئەو ژمارەیەش ١٥٨٣ بووە، هەڵبەت دەبێ بزانین کە ئەو زنجیرەیەش سەرەتاکەی هەر لە ١٩٦٧/٤/٢٩ دەستی پێکردووە.

دیارە ئەو برایانەی فەرموویانە ژمارەی (١)ی کوردییەکە لەگەڵ ژمارە هەشتی عەرەبییەکە دەرچووە وەک گوتمان ئەوا تەواو سەرچیغ چوونە چونکە لە مێژووی ژیانی ئەو رۆژنامەی (برایەتی)یە زنجیرەی ژمارەکانی
(٨_١٥_٢٢_٢٩_٣٦_٤٩_٦١_٦٨_٧٥_٨٢_٨٩_٩٦_
١٠٣_١١٠_١١٧_١٢٤_١٣١_١٣٨_١٤٥_١٥٢_١٥
٩_١٦٦_١٧٣_١٨٠_١٨٧_١٩٤_٢٠١_٢٠٧_٢١٤)
(٤٦) بە زمانی عەرەبی بوونیان نییەو هەر هەموو ژمارەکان بەرامبەر ئەو (٢٩) ژمارەیەن کە بەزمانی کوردی دەرچوون.

نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە لەژێر (ئارم)ی رۆژنامەکە ئێستاش رۆژانە هەر دەنووسرێت (التاخی - رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات)، واتە -برایەتی- ئێستاش بەردەوامی -التاخی- بووە. لەلایەکی تردەوە ئەو نووسراوە رەسمییانەی کە کاتی خۆی رۆژنامەکە بەرەسمی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناردووە هەر هەموویان لەسەریان نووسراوە (**التآخي جريدة يومية سياسية تصدر باللغتن العربية والكردية**)، واتە رۆژنامەکە خۆی دیارە مۆڵەتی دەرچوونی بەزمانی کوردی و عەرەبی بووە، بەڵام وەکو رەنگدانەوەیەکی بارودۆخی ئەو کاتی وڵات و دواندنی کاربەدەستانی میری ئەو کات هەر دەبا زۆرترین ژمارەی بەزمانی دەسەڵاتداران لێ بڵاو بکرێتەوە.

لەلایەکی تریشەوە وەکو لە پێشەوەش ئاماژەمان بۆ کردووە، ئەو کات وەکو ئێستا نەبووە دەبوایە رۆژنامە خۆی خۆی بەخێو بکات، دیارە ئەو کاتیش هەموو بڵاوکراوەیەک لەسەر (جاڕدان و بۆزانین) دەژیا و دیارە تا ئەو کاتی و ئێستاش هیچ رۆژنامەیەک بەزمانی کوردی نەبوودو نییە رۆژانە ئەوەندە (اعلانات)ی هەبێ خۆی پێ بژیەنێ.

نابێ ئەو ئاگادارییەش لەبیر بکەین کە پێشتر ئاماژەمان پێ کردووەو لە رۆژنامەی (راپەڕین) بڵاوکراوەتەوە، کە دیارە ناوەڕۆکەکەی چی دەگەیەنێت. کەواتە ئێستا زۆر بە ئاسانی دەتوانین دوای وردبوونەوە لە ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیە بزانین چەند ژمارەی لێ بە کوردی و چەندی بە عەرەبی دەرچووە. وەکو لە خاڵەکانی پێشوودا دیارمان کردووە لە ماوەی دەرچوونی یەکەم (٢٩) ژمارەی بەزمانی کوردی لێ دەرچووە. لە ماوەی سێیەمیش تەنیا (٢١) ژمارەی لێ دەرچووە. ئەگەر ژمارەکانی ئەو دوو ماوەیە کۆبکەینەوە، کۆی گشتی دەکاتە (٢٩+٢١=٥٠) ژمارە، هەڵبەت ئەگەر لەگەڵ ژمارە (٤٢٩)ی دوا ژمارەی رۆژنامەکە لێکیان دەربکەین ئەوا (٣٧٩) ژمارە دەمێنێتەوە، دیارە ئەو ژمارەیەش کۆی هەموو ژمارە عەرەبییەکانەو هەر ئەوەندە ژمارەی بەم زمانە لێ دەرچووەو وەکو لە پێشەوەش دیارمان کردووە، لە ماوەی دووەم (٦٦) ژمارەی رۆژانە وەک پاشکۆ لەگەڵ ژمارە عەرەبییەکان بە جووت لاپەرە دەرچووە واتە کۆی ژمارە کوردییەکانی هەرسێ ماوەکە (١١٦) ژمارە بووە، کەواتە ئەوانەی گوتوویانە (١٥، ٦٥، ٦٨، ٧٠، ٧٢) ژمارەی بە کوردی لێ دەرچووە، هەر هەموویان بەهەڵەدا چوون و هیچ کامیان راستییان نەپێکاوە، ئەوانەش کە بڕوا بە حساب کردنەکەی ئێمە ناکەن با دەست بدەنە قەڵەم و (ئەوە عەرزو ئەوەش گەز) و رێزو خۆشەویستیم بۆ رۆژنامەی (برایەتی) و هەموو لایەک (٤٧) (٤٨).

## سەرچاوەو پەراوێز:

هەندێک لە سەرچاوەکان لە ناوەڕۆکی بابەتەکە ئاماژەیان بۆ کراوە.

١ـ لە كتێبی: دليل الصحافة العراقية ــ وزارة الإعلام ــ ١٩٧١، ل١٧، لەژێر ناوي (التاخي) نووسراوە: صاحب الامتياز: صالح اليوسفي، نجيب بابان، شوكت عقراوي، محمد سعيد الجاف، عبدالله سعيد، حبيب محمد كريم.

رئيس التحرير: صالح اليوسفي، علي عبدالله، دارا توفيق.

تاريخ منح الامتياز: ١٩٦٧/٣/٢٠، ١٩٦٧/١٢/٣١، ١٩٧٠/٥/٤. تاريخ الالغاء أو الاحتجاب: ١٩٦٧/١٢/٢، ١٩٦٨/١١/١١، يومية سياسية تصدر في بغداد.

بەڵام زاهدە ابراهيم لە كتێبی: كشاف الجرائد والمجلات العراقية، لە بڵاوكراوەكانی وزارة الإعلام، سلسلة المعاجم والفهارس ١٩٧٦ لە ل٤٦دا لەژێر ناوی جريدة التآخي نووسيويە: جريدة يومية سياسية (لسان حال الأكراد).

صاحبها: صالح اليوسفي، نجيب بابان، شوكت عقراوي، محمد سعيد الجاف و عبدالله سعيد و حبيب محمد كريم.

رئيس التحرير: صالح اليوسفي، علي عبدالله، دارا توفيق صدرت في بغداد في ٢٩ نيسان ١٩٦٧، تاريخ الامتياز: ١٩٦٧/٣/٢٠، ١٩٦٧/١٢/٣١، ١٩٧٠/٥/٤ وتوقيف صدروها في ١٩٦٧/١٢/٢، ١٩٦٨/١١/١١، (هەردوو كتێبەكەم لە مامۆستا حەمە ساڵح فەرهادی وەرگرت).

٢ـ بنۆڕە: عەبدوڵڵا زەنگەنە، (رۆژنامەنووسیی كوردی لە كوردستانی دوای راپەڕین)، لە بڵاوكراوەكانی وەزارەتی رۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستان، چاپخانەی رۆشنبیری ١٩٩٨، ل١١٧ـ١١٨ـ١١٩.

٣ـ عەلائەدین سجادی، مێژووی ئەدەبی كوردی، چاپخانەی معارف، چاپی دووەم، بەغدا ١٩٧١، ل٦٢٢.

٤ـ محەمەدی مەلا كریم، صحف ومجلات كوردية صدرت علنا، جريدة التآخي العدد ٤٦٣ في يوم ١٩٧٠/٦/١٥، جارێكی تر هەمان وتار (خوڵەپەرۆش) لە ژمارە (٩١٨)ی رێكەوتی ١٩٩٩/٤/٢ لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوی كردۆتەوە.

٥ـ بنۆڕە: جەمال خەزنەدار، رابەری رۆژنامەگەری كوردی، كارگێڕی گشتی رۆشنبیری كوردی، ١٩٧٣، ل٩٨.

٦ـ بنۆڕە: عەبدولجەبار محەمەد جەباری، مێژووی رۆژنامەگەری كوردی، سلێمانی، چاپخانەی ژین، ١٩٧٠، ل١٣٠.

٧ـ بنۆڕە: وریا جاف، مێژووی رۆژنامەگەری پارتی دیموكراتی كوردستان، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ١٩٩٦، ل٤١.

٨ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٩ـ بنۆڕە: حەمە ساڵح فەرهادی، چەند لایەنێكی رۆژنامەنووسی كوردی، مطبعة الحوادث، بەغدا، ١٩٨٨.

١٠ـ بنۆڕە: زاهیر رۆژ بەیانی: مێژووی رۆژنامەگەریی (پ.د.ك) نیو سەدە بەرخودان، رۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢٣٢٥ لە ١٩٩٧/٥/٦.

١١ـ بنۆڕە: باوكی رێكان: (برایی و برایەتی یەكەم سەرنووسەرو دەستەی نووسەران) رۆژنامەی برایەتی ژمارە ٢٣٢٥ رێكەوتی ١٩٩٧/٥/٦.

١٢ـ بنۆڕە: بەهۆش: (بیرەوەری ٣٠ ساڵەی لە دایك بوونی رۆژنامەی برایەتی) رۆژنامەی برایەتی ژمارە ٢٣٢٥ رێكەوتی ١٩٩٧/٥/٦.

١٣ـ بنۆڕە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٤ـ بنۆڕە: د. عەبدوڵڵا حەداد (هەندێ بیرەوەری و چەپكێك پەیڤی وەفاداری) رۆژنامەی برایەتی ژمارە ٢٥٧٠ لە ١٩٩٨/٤/٢٢.

١٥- بنۆڕە: **حەمە ئەحمەد جاف** (نایاری برایی و برایەتی و ٣١ ساڵ لە تەمەنی رۆژنامەگەریی کوردی) رۆژنامەی برایەتی ژمارە ٢٥٧٨ چوارشەممە ٦/٥/١٩٩٨.

١٦- هەمان سەرچاوە.

١٧- بنۆڕە: **فەرهاد عەونی** (مێژووی خوڵەکانی برایەتی) برایەتی ژمارە (تایبەت) ٢٣٢٥ رێکەوتی ٦/٥/١٩٩٧.

١٨- بۆ زیاتر شارەزابوون لە ناوەرۆکی یاساکە بنۆڕە: وزارة العدل، مجموعة القوانين والانظمة لسنة ١٩٦٤، بغداد ١٩٦٥.

١٩- بنۆڕە: **جەبار جەباری** (تاريخ الصحافة الكردية في العراق) مطبعة الامة بغداد ١٩٧٥، ص٦٤.

٢٠- هەمان سەرچاوەی (١٢).

٢١- هەمان سەرچاوەی (٥).

٢٢- دەربارەی رایەکانی د. کەمال مەزهەر ئەحمەد بنۆڕە: تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسیی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨.

٢٣- بنۆڕە: **جەبار جەباری** (تاريخ الصحافة الكردية في العراق).

٢٤- بنۆڕە: **وریا جاف** (مێژووی رۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان) ١٩٤٦-١٩٩٦، چاپخانەی خەبات، دهۆک، ل٦٤.

٢٥- بنۆڕە: **حەمە سالح فەرهادی** (هەمان سەرچاوە).

ئەو دوو ساڵەی باسی دەکا (التاخی) بەنا شەرعی دەرچووە بە ژمارە ١٥٨٤٥ لە ٢٧ی ئادار ١٩٧٤ لە رۆژی چوارشەممە دەستی بە بڵاوکردنەوە کردووە دواتر بە ژمارە (٢١٣٤) لە رۆژی سێ شەممە ١٧ی شوبات ١٩٧٦ راگیراوە. (**صاحب الامتياز: عزيز عقراوي**) بووە.

٢٦- بنۆڕە: هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٥).

٢٧- بنۆڕە: ئەژاد عەزیز سورمێ (برایەتی یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردی لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٩٧.

٢٨- هەمان سەرچاوە.

١- نووسەر ناونیشانی وتارەکەی بەکوردی نووسیوە، ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەماندا وەک خۆی بە زمانی عەرەبی نووسیومانەتەوە.

٢- دواتر وەک دەربدەخەین نووسەر بە هەڵەدا چووە کە نووسیویە مەکتەبی سیاسی رۆژنامەکەی راگرتووە.

٢٩- هەمان سەرچاوە.

٣٠- هەمان سەرچاوە.

**٣١- یاسای چاپەمەنی ژمارە ٥٣ی ساڵی ١٩٦٤ دوای ساڵێک لە یاسای چاپەمەنی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٣ دەرچووە. لە گۆڕانکارییەکانی** ئەو یاسایە:

أولا: جعل منح اجازة المطبوع الدوري السياسي إلى مجموعة اشخاص بدلا من شخص واحد اسماهم القانون بـ(الهيئة) التي يجب ان تضم مالا يقل عن خمسة اشخاص يشكلون (مجلس الادارة) وتوزع المسؤوليات فيما بينهم/ المادة ٢. واضافة للشروط السابقة الواجب توفرها في مالك المطبوع الدوري، اشترط القانون ان يكون أحد الأشخاص اعلاه مالكا لمطبعة أو ذا سعة مالية، كما ان يكون اثنان منهم من حملة الشهادات العليا/ المادة ٣. وهذا يعني انه للمرة الأولى في تاريخ الصحافة العراقية نرى ان منح الامتياز لاصدار جريدة سياسية يعطى لاكثر من شخص واحد. اما المطبوعات الدورية غير السياسية فقد بقيت وفق السياق السابق، أي جواز اصدارها من قبل شخص واحد يكون صاحبها/ المادة ٦.

ثانيا: وبصدد رئيس التحرير فقد اضاف اليه كلمة (المسؤول) ليصبح التعبير عنه (رئيس التحرير

هەواڵنامەی کتێب

المسؤول) الذي يجب ان يكون، فضلا عما سبق من شروط متخرجا في كلية أو معهد عال/ المادة ٥. وتجد الملاحظة ضمن هذا المسار ان القانون ولاول مرة في التشريعات الصحفية العراقية يتضمن الإشارة إلى شخصية (مدير التحرير) في المطبوع الدوري الا انه لم يبين تحديد الشروط الواجب توفرها فيه كما فعل رئيس التحرير المسؤول واعضاء هيئة الامتياز.

ثالثا: تحديد مدة لا تزيد عن ثلاثين يوما من تاريخ تقديم طلب الاجازة للنظر فيها من قبل وزير الثقافة والارشاد، واذا مضت المدة ولم يصدر قرار في الموضوع كان لاصحاب الطلب اصدار المطبوع الدوري الذي قدم به الطلب/ المادة ١٥.

٣٢. دەقی ئەو یاسایە لە رۆژنامەی (الوقائع العراقية)، ژمارە ١٥٠٥ لە ١٩٦٧/١٢/٣ بڵاوكراوەتەوە.

ئەوەی شایانی باسە رۆژنامەی (التاخی= برایی) بەر لە دەرچوونی ئەو یاسایە زۆر گلەیی لە دانانی كۆت و بەند لەسەر رۆژنامە دەكردو داوای ئازادی زیاتری بۆ رۆژنامەكان دەكرد.

٣٣. با خوێنەر خۆی بەراوردی رای ئەو برادەرانە لە دووتوێی ئەو لێكۆڵینەوەیەی ئێمە بكات، جیاوازییەكانی بۆ دەردەكەوێ.

٣٤. بنۆڕە: غازی حەسەن (توندوتیژی و سەركوتكردن لە مێژووی رۆژنامەگەریی كوردیدا)، گۆڤاری یاسا پارێزی ژمارە ٣ ساڵی ١٩٩٨، ل٦١-١٠٣، یان بنۆڕە: كتێبی (سەركوتی رۆژنامەی كوردی لە سێبەری یاسادا)ن نووسینی غازی حەسەن، وەزارەتی رۆشنبیری ١٩٩٨.

٣٥. بنۆڕە: حسن علوى (العراق دولة المنظمة السرية).

٣٦. النور: جريدة يومية سياسية، ژمارە (١)ی لە ١٢ی تشرینی یەكەم ١٩٦٨ دەرچووە،

خاوەنەكانی ئیمتیاز:

حلمی عەلی شەریف: سەرنووسەر.

دەستەی نووسەران(عومەر مستەفا، كەمال محیەدین، خالد عەبدولواحید، محەمەد حەسەن برزۆ).

لە چاپخانەی (المنار) لە بەغدا چاپ دەكرا.

ئەوەی شایانی باسە ئەو رۆژنامەیە ئەو كۆمەڵە دەریان دەكرد، كە ئەو كات خۆیان لە پارتی و شۆڕشی كورد جوێ كردبوودوە وەك لە ناوەڕۆكی بابەتە سەرەكیەكە باسم كردووە، میری ئەوكات ئەو رۆژنامەیەی دانابوو شوێنی رۆژنامەی (التاخی = برایەتی) بگرێتەوە، بەڵام پیاو بۆ خوا ئەوە بڵێ كە لاپەڕەكانی ئەو رۆژنامەیەو (التاخی) ئەوكات هەڵدەداتەوەو ناوەڕۆكەكانیان بەراورد ناكرێن.

ژمارە (٤٣٢) دوا ژمارەی بوود لە دوای رێككەوتننامەی ١١ی ئادار لە ٢٩ی ئاداری ١٩٧٠ بڵاوكراوەتەوە. زۆربەی ژمارەكانی ئەو رۆژنامەیەم لە راگەیاندنی لقی/١ (پ.د.ك) لە دهۆك و ئەرشیفی (برایەتی و خەبات) و كتێبخانەی گشتی سلێمانی دیەود، سوپاسی هاوكاری كردنی كارمەندانی ئەو شوێنانەو هەروەها سوپاسی (حسو هرمی و دلێر عەونی و یاسین قادر بەرزنجی) دەكەم، كە رێگەیان بۆ خۆش كردم، لاپەڕەكانی ئەو رۆژنامەیە هەڵدەمەوە.

٣٧. خوێنەر وەك لە پەراوێزی (١) دەیخوێنێتەوە، نووسراوە ئیمتیازی دووەم جاری لە ١٩٦٧/١٢/٣١ دەرچووە، ئێمەش وەك لە ناوەڕۆكی بابەتەكەمان باسمان كردووە، یەكەم جار لەبەر دەرچوونی یاسایەكی نوێ لە ١٩٦٧/١٢/٣ رۆژنامەكە راگیراوە، دیارە دەبێ هۆیەك یان چەند هۆیەك هەبووبێ، كە دوای وەرگرتنەوەی ئیمتیازی نوێ ئینجا توانراوە دووبارە رۆژنامەكە لە ١٩٦٨/٢/١٧ بڵاوبكرێتەوە.

٣٨. زۆربەی ئەو ژمارە كوردییانەی ئەو ماوەیە لە كتێبخانە تایبەتیەكەی خۆم هەیە، لەبەر ئەوەی زۆربەیان بەرواری ژمارەیان لەسەر روو نییە، تا

ئێستا بـۆم نـەکراوە بـە زنجـیرە رێکیـان بخـەم و هەڵیان بگرم.

٣٩ـ بە پشت بەستن بەم ئاگاداریە مامۆستا (فەلەکەدین کاکەیی) وتارێکی دەربارەی (برایی) نووسیبودو وای نیشان داوە کە رۆژنامەکـە لـەم کاتەوە یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردیە، بنۆرە: (برایـەتی) ژمـارە ١٩٣٤ رێکـەوتی رۆژی شـەممە ١٩٩٤/٤/٣٠.

٤٠ـ ئەو تێبینیەم لە یەک لـە ژمارەی جووت لاپەرەکان خوێندۆتەوە.

٤١ـ زۆربەی بابەتی وتارەکانی ئەم ماوەیە بە زمـانێکی زبـرو شۆرشـگێڕانەو بـێ بـاک لــە حکومەتی ئەوکات نووسراون.

٤٢ـ دەقی ئەو سەروتارە لای ئێمە هەیە.

٤٣ـ دەقی ئەو سەروتارەمان لا هەیە.

٤٤ـ نزیکـــەی (١٠٠) ژمارەیـــەکی ئـــەو رۆژنامەیە لە کتێبخانـەی گشـتی سلێمانی هەیـە، ئێمـە دوای هەڵدانـەوەی لاپـەرەکانی توانیومانـە هەندێ زانیـاری لـەبارەوە تۆمـار بکـەین و رۆژی دەرچوونی دیار بکەین.

٤٥ـ لـە هیـچ کـاتێکدا بـەدرێژایی دەرچوونـی رۆژنامەکـە لـە سـاڵی ١٩٦٧ـ ١٩٦٨ پشـووی رۆژنامەکە لە رۆژی هەینی نەبووە، ئەگەر پشـووی هەبووبێ ئەوا لـەرۆژی شەمموان بووە. دەشتوانین بڵێین رۆژنامەکە پشووی نەبووە.

٤٦ـ ئـەو (٢٩) ژمارەیـە لـە بـەرواری نێـوان (٦/٥/١٩٦٧ تاکو ٢/١٢/١٩٦٧) بووە، دیارە لەسەر رووی هەموو ژمارەیەکی کوردیەکە زنجیرەی دەرچوونی رۆژنامەکەو زنجیرەی ژمارە کوردییەکە دەنووسرا، هەر بۆ نموونە لەسەر رووی ژمارە (١)ی کوردییەکە نووسراوە:

رۆژی شـەممە ٦/٥/١٩٦٧ ژمـارە ٨ ـ یەکـەم ژمارەی کوردی ساڵی یەکەم ـ نرخی ٢٠ فلسە.

لەسـەر رووی ژمـــارە (١٣)ی کوردییەکـــە نووسراوە:

رۆژی شـەمموو ١٢/٨/١٩٦٧ ژمـارە ١٠٣ ـ ژمارە ١٣ی کوردی.

لەسەر رووی ژمارە (٢٩) کوردی دوا ژمـارەی مـــاوەی یەکـــەم نووســـراوە رۆژی شـــەمموو ٢/١٢/١٩٦٧ ژمارە ٢١٤ ـ ٢٩ی کوردی.

خاڵێکی تری زۆر گرنـگ لـە دوتوێی ژمـارە کوردیـەکان ئاماژە بـۆ ژمـارە عەرەبییـەکان هـەر بەناوی ـبرایی ـ کراوە هەر بۆ نموونە ژمـارە (٥٩)ی (التاخی) بەبۆنەی ٢٩ی حوزەیران دەرچووە لە ژێر سەروتاری ژمـارە (٦٨)ی رۆژنامەکە کـە دەکاتـە ژمـارە (٨)ی کوردییەکـە کـە لـەژێر ناونیشـانی (میللـەتان هـــەرگیز نـــامرن) بـــووە، نووســـراوە: (لـەژمارە ٥٩ی رۆژنامـەی ـبرایـــی ـ دا بەبۆنـەی بیرەوەری بەیانەکەی رۆژی ٢٩ی مانگی حوزەیران ١٩٦٦دەوە وتەیەکی سەردەکی و..هتد).

٤٧ـ ئەوە یەکەم جارە ئاماژە بۆ ئەو بۆچوونەو ئـەو ژمارەیـە دەکرێـت کـە لێـرەدا ئێمـە پێـی گەیشتووین.

٤٨ـ لەوانەیە ئەو لێکۆڵینەوەی ئێمە وەڵامی لایـەنێکی پرسـیارێک بداتـەوە کـە لـە ل١٠٠ی کتێبی (رزگاری ثم خەبات لســـان حـــال الحـــزب الديمقراطـــي الكردســـتاني) **رزگار نوری شاویس** ـ بڵاوکراوەکانی دەزگای **برایـەتی** و **خـەبات ١٩٩٨**) نووسراوە: (ملاحظة اخيرة: يقول الاستاذ فلك الدين كاكەيي حول صدور (**برايەتی** و **خەبات** في دورتهـــا الجديدة منذ ١/٣/١٩٩٣ لم افهم سبب صدورهما بهذا الشكل ولماذا كان يجب اصدار (**برايەتی**) بدلا مـــن (**التاخی**)؟ ولم تجر استشارتي في الامر في حينه، واعتقد انه لم يكن هناك مبرر صحفي أو سياسي لهذا التبديـل، وحين سمعت بالقرار اعربت عن ملاحظاتي، وكــــان الاجدر أو الاصح هو صدور (**التاخی**) باللغة العربيـــة أسبوعيا وصدور (**خەبات**) بالكوردية على اعتبار انهـــا لسان حال الحزب، على أي حال، الخير فيما وقع).

لە وەڵامـی ئـەو پرسـیارەدا دەڵێـم: بـۆ یەکـەم جـار کـاتێ هـەواڵی بڵاوکردنـەوەی رۆژنامەیـەکی رۆژانــەم

لەلایەن (پ.د.ک)ەوە بیست، بەبیرمە لەلایەن کاک (مەحمود زامدار) و لە ماڵی ئەوان بوو، دیارە ئەویش ئەو هەواڵەی وایێگەیاندم کە مامۆستا (فەلەکەدین) لەسەرەوە پێشنیازی کردووە. دەبا (برایەتی) بە عەرەبی دەربچێ و (خەبات)یش بە کوردی دەربچێ، بەڵام دواتر کە کارەکە پێچەوانە بووەوە، ئەو پرسیارەم لە کاک (مەحمود) کردەوە، دیاربوو ئەو کاتی ئەویش وەڵامی پێنەبوو، دوای ئەوەندە ساڵە وا دیارە راستی ئەو سیاسەتە وادەرکەوت کەوا ئێستا هەردوو رۆژنامەکەی پێوە دەردەچێت، چونکە (خەبات) ئۆرگانی (پارتی)یەو دیارە، لەم باروزروفەی ئێستای گەلی کورد کە لەم بەشەی وڵاتی خۆی دا دەژی، هەر دەبێ رۆژنامەی حزبی دەسەڵاتداریشی بەزمانی میللەتی سەر دەستەوە بێ، ئەوەنییە دەڵێن: (خەبات) دەنێردرێتە (شام) و (میسر)یش، بەڵام ئایا چ پاساوێکی رۆژنامەگەری یان سیاسی بۆ ئەوە هەیە کە رۆژانە لە ژێر ناوی (برایەتی) بنووسرێ (یەکەمین ژمارەی لە ٦/٥/١٩٦٧ دەرچووە) لە کاتێکدا کە ژمارەی یەکەمی لە ٢٩/٤/١٩٦٧ دەرچووەو هەموو ژمارەکانی تر بەم شێوەیە دەرچووە کە ئێمە لەم توێژینەوەیە باسمان کردووە.

- سوپاسی مامۆستا (رەفیق ساڵح) لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی دەکەم کۆمەڵێک لە ژمارەکانی بەرایی (التاخی) خستە بەردەستم و لێکۆڵینەوەکەی بۆ ئاسان کردم.

---

* ئەندازیار ـــ نووسەر

## موجز المقالة

## يجب ان يكون يوم ١٩٦٧/٤/٢٩ ، وليس ١٩٦٧/٥/٦ ذكرى صدور صحيفة برايەتی

ان الكتابة حول تاريخ الصحافة الكردية تتعرض للعديد من المشاكل ولم يتسن لأحد الإلمام بكل نواحي وظروف هذا التاريخ المليء بالمصاعب. فمثلا حتى صحيفة (كوردستان) التي تعتبر إكليل الصحافة الكردية، كانت الشكوك تعتور تاريخ صدورها إلى ان أحاط الدكتور مارف خزندار اللثام عن هذا الغموض واثبت ان أول عدد منها صدر في ١٨٩٨/٤/٢٢ في القاهرة وليس استانبول. وإذا استطعنا العثور على بعض الأعداد المفقودة في الجريدة، فربما تتضح لنا بعض جوانب تاريخنا القديم والمعاصر.. إذا كان هذا حال هذه الصحيفة المشهورة، فكيف يكون حال الصحف الأخرى التي لم تصل هذه الصحيفة شهرة.

ثم يشير الكاتب إلى ظروف صدور صحيفة (برايەتی) التي يعتقد البعض على انها هي أول صحيفة كردية يومية ويرى بأنه تاريخ صدورها يكتنفه بعض الالتباس. وهو يعبر عن آرائه حول صدور هذه الصحيفة وينتظر آراء وملاحظات الاخوة الآخرين من المتخصصين.

وهنا يستعرض الكاتب، آراء عدد من السادة المتخصصين في مجال الصحافة حول تاريخ صدور الصحيفة، أمثال علاء الدين سجادي، محمد ملا كريم وجمال خزندار وعثمان شارباژيرى وعدد آخر من السادة الأفاضل.

ثم يستعرض أسماء رؤساء تحريرها والكتاب والأدباء العاملين فيها، وهنا يستند إلى آراء بعض من كتبوا حول جريدة التآخي و برايەتی وإضافة إلى ذلك يشير الكاتب إلى فترات صدور الجريدة وتوقفها عن الصدور وفق تغيير الحكم في العراق والأعداد الصادرة منها في كل فترة وثم يتطرق الكاتب إلى حصول تغيير في هيئة التحرير.

ويتطرق الكاتب في مكان آخر إلى ظروف إيقاف الجريدة من الصدور بأمر من وزير الثقافة والإعلام وردّ الشهيد صالح اليوسفي على هذا الإجراء بشدة أزعجت الحكومة.

ثم يستعرض الكاتب الأدوار التي مرت بها الجريدة منذ صدورها لأول مرة. والأعداد التي صدرت في كل دور من هذه الأدوار.

وأخيرا يعتقد الكاتب بأنه تمكن في دراسته الميدانية حول الصحيفة الموضوع البحث من تحديد مجموع الاعداد الصادرة باللغة العربية باسم (التآخي) والاعداد الصادرة باللغة الكردية باسم (برايى) والتي اخذت الرقم المتسلسل من الصحيفة ككل ولهذا يطلب تصحيح تاريخ ذكرى صدورها إلى ١٩٦٧/٤/٢٩ للسنوات القادمة ولذلك تكون تاريخ تأسيس صحيفة (برايەتي) اليوم المذكور اعلاه (١).

(١)يعتقد الكاتب أيضا بان جريدة (خەبات) الصادرة في ١٩٥٩/٤/٤ هي أول صحيفة يومية سياسية صدرت باللغة الكردية منذ البداية.. وان عدا جريدة (خەباتی كوردستان) لم تصدر صحيفة أخرى باسم (خەبات) قبل تاريخ المذكور اعلاه.. وهو الآن بصدد كتابة بحث آخر حول الموضوع.



## کورتە باسێك..

# دەربارەی مێژووی رۆژنامەگەری لە کوردستانی عێراقدا

فەرهاد عەونی*


لەیادی سەد ساڵەی رۆژنامەنووسی کوردیدا (١٨٩٨-١٩٩٨) رۆژنامەنووسان لە کوردستانی عێراقدا، لەسایەی ئەزموونی کوردیدا کە خۆی لەبوونی یەکەمین پەرلەمانی کوردستانی هەڵبژێردراو و حکومەتی کوردستاندا دەبینێ بەم بۆنە پیرۆزەو لە یادی پڕ شکۆداری کە ئەویش یادی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردییە لە شاری قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میسردا کە رۆژنامەی (کوردستان)ی دایکە کە بەهەوڵ و تێکۆشانی هەردوو برا (میقداد بەدرخان و عەبدولرەحمان بەدرخان)ەوە سەرەتای کاروانی رۆژنامەگەریی دەستی پێکرد کە بەردی بناغەی بوارێکی شارستانی گەورەیە لە مێژووی

هاوچەرخی نەتەوەی کوردی ستەمدیدە، دوور لە وڵاتی پان و بەرینی کوردان بەهۆی ئەو سیاسەتە نالەبارەی کە خاکی کوردستانی گەورەی پێوە دەناڵێ و ئەویش لە ئاکامی ئەو جەورە مێژوویییەوە هاتووە کە خاکی ئێمەی بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٥١٤ دابەش کردو پاش کۆتایی هاتنی شەڕی چاڵدێرانی نێوان هەردوو ئیمپراتۆرییەتی فارس و عوسمانی، کورد دەچەوسێتەوەو تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئاسەوارەکەی هەر لە ئارادایە.

بەهەر حاڵ دەرچوونی



یەکەمین رۆژنامەی کوردی (هەنگاوی یەکەمین رۆیشتن بوو بەرەو ئاسۆیەکی رووناکتر لە ناو دەریای تاریک و ستەمدا، (سەرەتای کوژانەوەی ئاگری جەهالەت بوو کە داگیرکەران و دوژمنانی نەتەوەی کورد دەیانویست مێژوو و شارستانیەتی ئێمەی پێ بسووتێنن) و بۆ هەتا هەتایە ناوی کوردو کوردستان بە زمانی شیرینی کوردی نەنووسرێ، بەڵام چونکە ئیرادەی راستەقینەی



نەتەوەی کورد لە نەخشەی داگیرکەران گەورەترە حەز و ئارەزووی بۆ پاراستنی زمانی کوردی بەهێزترە، بەخوێن و فرمێسک و قوربانی بێ شومار توانی زمانەکەی خۆی بپارێزێ و سنوورە دەست کردەکان بشکێنێ و چاپەمەنی کوردی لە غوربەت و ئاوارەییدا بگەیەنێتە دونیای ڕۆشنبیران کە لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا بە هەموو قۆناغە پڕ تراژیدیاییەکانەوە توانیدرا خەونی دێرینی ماندوو نەناسەکانی بەدرخانیان سەربەرز بهێنێتە دی بەتایبەتی لەو بەشەی کە ئێستا کوردستانی عێراقی پێ دەڵێن.

١- وەکو گوتمان ڕۆژنامەی (کوردستان)ی میقداد بەدرخان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییە لە مێژووی نەتەوەکەمان کە لە ماوەی چوارساڵدا ٣١ ژمارەی لێ دەرچوو و بڵاوکرایەوە، بەڵام ئەگەر بێینە سەر باسی کوردستانی عێراق دەبینین هەر پاش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانلی و دابەش بوونی ئەو وڵاتانەی ژێر چەپۆکی عوسمانلییەکان کە وڵاتی عێراق (بەو سنوورەی ئێستا هەیەتی) کەوتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەریتانیای گەورە لە ئاکامی دابەش کردنی میراتی دەوڵەتی دۆڕاوی عوسمانی و ئەم گۆڕانکارییە بووە هۆی گۆڕانی بارودۆخەکە لە هەموو لایەکەوە کە یەکێکیان (باری چاپ و ڕۆژنامەگەرییە)، بەڵام پێش ئەو کاتەش بەشەش ساڵ گۆڤارێکی وێژەیی هەبوو بەناوی (گۆڤاری بانگی کورد) کە لە بەغدا یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی ٢٦/١٢/١٩١٣دا

(کوردستان) یەکەم مەشخەڵی شارستانیی کوردە
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
Kurdistan Journalists' Union

بڵاوکرایەوە، بەڵام قۆناغی داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە کە بەکۆتایی هاتنی شەڕی یەکەم دەست پێ دەکات (١٩١٤-١٩١٨) بە سەرەتای دەست پێکردنی بڵاوبوونەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی دەژمێردرێ، ئەوجا بەهەر هۆیەک بوو بێت ئەویش بەدەرچوونی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) دەست پێ دەکات کە یەکەمین ژمارەی لە ڕۆژی سێ شەممەی ڕێکەوتی ١/١/١٩١٨ بە زمانی کوردی و بەزاراوەی باشوور بڵاوبۆتەوەو دوا ژمارەشی لە ٢٧/١/١٩١٩ بووەو مەبەستی سەرەکیش لە بڵاوکردنەوەی ئەو ڕۆژنامەیە کە لە یەکێ لە وتارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بڵاوکراوەتەوە (چاکەی حکومەتی بەریتانیای مەزنە بۆ عێراق).

٢- ڕۆژنامەی پێشکەوتن:


وەکو چۆن ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی بەیەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە عێراق دادەندرێ [ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)یش بەیەکەم ڕۆژنامەی کوردی دادەندرێ کە لەشاری سلێمانی پایتەختی دێرینی بابانییەکانەوە دەرچووە] ئەو ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەیەکی وێژەیی کوردی هەفتانە بوو و بەیەکەمین ژمارەی لە ڕۆژی ٨/١١/١٩١٩ لەلایەن شاردوانی سلێمانییەوە دەرچوو کە لە ماوەی ژیانی ئەو ڕۆژنامەیەدا (٨/١١/١٩١٩) تاکو ٢٧/٧/١٩٢٢) (١١٨) ژمارەی لێ دەرچووەو لەسەر ناوی ڕۆژنامەکە وشەی (سلێمانی) نووسراوە، وا دیارە میجەرسۆنی سەرپەرشتکاری ڕۆژنامەکە ویستوویەتی بە

(پێشکەوتنی سلێمانی) لە قەڵەم بدرێ و تاکو گەرانەوەی شێخی نەمر رۆژنامەی (بانگی کوردستان) دەرچووەو چەندان نووسەری ناودار وەکو (سەعید کابان، رەشید کابان، میجەرسۆن، جەمال عیرفان، تۆفیق فائق، مستەفا قەرەداغی، مەعروف جیاووک، م. نوری) بەشدارییان لە نووسینی وتارو بابەتی هەمە چەشنەدا کردووە.

٣ـ بانگی کوردستان رۆژنامەیەکی زانیاری و وێژەیی هەفتانە بووە و بە هەر سێ زمانی (کوردی، تورکی، فارسی) لەشاری سلێمانی دەرچووە و خاوەن ئیمتیازەکەی حاجی مستەفا پاشا یامولکی بوو، بەرێوەبەری بەشە تورکیەکەشی رەفیق حیلمی و عەلی کەمال و محەمەد نوری بەرێوەبری بەشە کوردی و فارسییەکەی بوون و یەکەمین ژمارەی لە ١٩٢٢/٨/٢ دەرچووە.

٤ـ رۆژنامەی رۆژی کوردستان مێژووی دەرچوونی بۆ رۆژی ١٩٢٢/١١/١٥ دەگەرێتەوە زمانحاڵی حوکمدارییەتی شێخ مەحمودی حەفید بووەو لە شاری سلێمانی دەرچووە بە لێپرساوایەتی مامۆستا محەمەد نوری و سەرنووسەرایەتی عەلی کەمال باپیرو تاکو ١٩٢٣/٥/٣ (١٥) ژمارەی لێ دەرچووە.

دوای ئەوەش رۆژنامەی (بانگی حەق) کە لە ١٩٢٣/٣/٨ یەکەم ژمارەی دەرچووەو پاش (٣) ژمارە ناوەکەی گۆراوە بۆ (ئومێدی ئیستیقلال) یەکەمین ژمارە لە ١٩٢٣/٩/٢٠ لەلایەن ئەحمەد سەبری دەرچووەو لە ژمارەی چواریشەوە تاکو ژمارە (١٤) مامۆستا



رەفیق حیلمی خوالێخۆشبوو سەرپەرشتی کردووە، پاشانیش لە ژمارە (١٥)وە تاکو دوایین ژمارە کە (٢٥) بوو مامۆستا حوسێن نازم سەرپەرشتی کردووە. پاشان رۆژنامەی ژیانەوە لە ١٩٢٤/٨/١٨ تاکو ١٩٢٦/١٢/١٤ (٥٦) ژمارەی لێ دەرچووە ئینجا ناوەکەی گۆردرا بۆ (ژیان) و دیسان حوسێن نازم سەرپەرشتی کردو، یەکەمین ژمارەی بە ناوی (ژیان) لە ١٩٢٦/١٢/٢١ بڵاوبۆوەو، دوای کۆچکردنی مامۆستا حوسێن نازم، پیرەمێردی شاعیرو ئەدیب و زانا بووە بەرێوبەری ئەم رۆژنامەیە کە لە ژمارە (٤٠٦)ەوە دەست پێ دەکات. لە بەرواری ١٩٣٤/٨/١٤ بۆ ئەم مەبەستەش چاپخانەی شاردوانی سلێمانیی بەکرێ گرت و توانی ژمارەی (ژیان) بگەیەنێتە (٥٥٣) ژمارە تاکو رۆژی ١٩٣٨/٣/١٠ کە رۆژنامەکە لەلایەن میرییەوە لە سلێمانی داخرا.

گۆڤاری دیاری کوردستان کە ئەویش بەزمانی (کوردی، عەرەبی، تورکی) لە رێکەوتی ١٩٢٥/٣/١١ لە بەغدا دەرچووەو خوالێخۆشبوو ساڵح زەکی ساحێبقران خاوەنی ئیمتیازو بەرێوبەری نووسینی بوو، تاکو ١٩٢٦/٥/١١ (١٦) ژمارەی لێ دەرچووە.

ئێستاش دێینە سەر باسی گۆڤاری زاری کرمانجی کە گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی وێژەیی و هونەری مانگانە بووەو (یەکەم ژمارەی لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٦ لە شاری رەواندزی پایتەختی میرنشینی سۆران لەلایەن خوالێخۆشبوو حوسێن حوزنی موکریانییەوە دەرچووە). لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاورێک لە ژیانی ئەو پێشرەوە داماوە بدەمەوە. حسێن



حوزنی لەشاری مەهابادی سەرکەش و پایتەختی کۆماری کوردستان لەدایک بووەو لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا کەسوکاری لە مەهاباد جێهێشتووە و لە بەریڤاندا قوتابخانەیەکی کوردی بۆ منداڵەکانی شەمسەدینۆف حاجی یوسف بەگ کردۆتەوە، یەکەمین کەسە پاش شەرەفخانی بدلیسی و مەحمود بایەزید بایەخی بە نووسینی مێژووی کورد و کوردستان داوە بە زمانی کوردی کە تێیدا بە (٤٤) بەرگ تۆماری کردووە لەسەر حیسابی گیو موکریانی ڕەحمەتی برای.

شایانی باسەو پێویستیشە لەو بوارەدا باس لە ئامێری چاپ بکەین، چونکە وەکو ئاشکرایە خوالێخۆشبوو حسێن حوزنی یەکەم کوردە کە ڕۆڵی پێشڕەوایەتی بینیوە لە پەیداکردن و هێنانی چاپخانە بۆ کوردستان. کە لێرەدا دەڵێین پێشڕەوایەتی مەبەستمان لەوەیە کە ئەو شۆڕەسوارو جەوان مێردە بەپارەی ئارەقەی ماندووبوونی خۆی لە ڕۆژگارێکی زۆر سەخت و دژواردا توانی بۆ یەکەم جار چاپخانەیەک لە ئەڵمانیا بکڕێ و لە ساڵی ١٩١٥ لە گەرمەی شەڕی جیهانی یەکەم بۆ ماوەی (١٠) دە ساڵ لەشاری حەلەبی وڵات سوریای دابنێ و پاشانیش وەکو دەڵێین بەهەزار کولەمەرگی و ماندووبوونێکی زۆر لە ساڵی ١٩٢٥دا بیهێنێتە ڕەواندزی پایتەختی دێرینی سۆران و ناوی لێ بنێ چاپخانەی (زاری کرمانجی) و پاش ساڵێک واتە لە ساڵی ١٩٢٦دا توانی بەناشکرا گۆڤاری زاری کرمانجی لە چاپ بداو بڵاوی بکاتەوە (کە لە ماوەی شەش ساڵدا توان لەبەر بێ دەرامەتی تەنها (٢٥) ژمارەی لێ بڵاوبکاتەوە و پاشان دایان خست و لە ساڵی ١٩٤٣ ماوەیەک لەگەڵ پیرەمێردی نەمر هاوکاری دەرچوونی ڕۆژنامەی (ژیان)ی کردو لە ساڵی ١٩٤٣ بە هاوکاری مامۆستا تۆفیق وەهبی و باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)یان بڵاوکردەوە، بەڵام سەد حەیف و مەخابن وەکو گیو موکریانی برای دەیگێڕێتەوە حسێن حوزنی بەهۆی پیلانێکی باڵیۆزخانەی بەریتانی دەرمان خوارد کراو لە ١٩٤٧/٩/٢٠دا چاوی بۆ هەتا هەتایە لێک ناو بەم جۆرە ئەستێرەیەکی زێدە پرشنگداری نەتەوەی کورد لە جیهانی ڕۆژنامەگەریی و مێژوو و کەلتوور و ئەدەبی کوردی ئاوابوو، بەڵام بۆ هەتا هەتایە ناوی لە لیستی ناودارانی ئەم نەتەوەدیە بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

(گۆڤاری ڕووناکی)یش کە ژمارە (١)ی لە ڕۆژی ١٩٣٥/١٠/٢٤دا لەلایەن مامۆستا شێت مستەفاوە لە هەولێر دەرچووە تاکو ١٩٣٦/٥/١٦ (١١) ژمارەی لێ دەرچوو، گۆڤاری (زانستی)یش کە گۆڤارێکی وێژەیی و مێژوویی نیو مانگی بوو لە سلێمانی لەلایەن ساڵح قەفتانەوە یەکەم ژمارەی لە ١٩٣٨/٢/٢٥دا دەرچووە.

گۆڤاری گەلاوێژیش کە یەکێکە لە بەتەمەنترین گۆڤاری کوردی خاوەنەکەی ئیبراهیم ئەحمەد و بەرێوەبەری نووسینی مامۆستای خوالێخۆشبوو عەلائەدین سوجادی بوو ژمارەی

یەکەمی لە 1939/12/10 دەرچووە (بۆ ماوەی دە ساڵی رەبەق توانی خزمەتێکی بێ پایانی ئەدەبیاتی کوردی بکات) سەرەرای زیندووکردنەوەی کەلەپوری نەتەوایەتیمان کە مامۆستایانی خوالێخۆشبوو ئەمین زەکی بەگ و پیرەمێردو بێکەس و شاکر فەتاح و شێخ محەمەدی خاڵ و دەیان رۆشنبیر و ئەدیبی دڵسۆز بەشدارییان تێیدا کردووە، کە لە ژمارەی (105) بەدواوە کە لە مانگی 1949/8 دەرچوو، ئەویش وەستا. ئینجا رۆژنامەی (ژین)ی دێرینی هەفتانەیی هاتە نێو دونیای رۆژنامەگەری کوردییەوەو یەکەم ژمارەی لە 1939/12/26 دەرچوو کە ئیمتیازەکەی لەلایەن پیرەمێردی فەیلەسوفەوە وەرگیرا بە ژمارە (554) لەسەر زنجیرەی (ژیان)ەوەی دەستە خوشکی دەستی پێ کرد و توانی تاکو (1950/6/15) بەرهەمی (1015) ژمارەی لێ دەربکات و لە 1950/6/19دا فەرمانی خوای بەجێهێناو پاشاتیش لەسەر وەسیەتی خۆی رۆژنامەکە بەرێکوپێکی لەسەر دەستی جەمیل سائیب کە بوو بە سەرنووسەری و پاش کۆچ کردنی ئەویش لە 1951/10/13 پارێزەر نووری ئەمین کرا بە سەرنووسەر، پاشانیش لە ژمارەی (1106) مامۆستا ئەحمەد زرنگ بووە بەرێوەبەری بەهاوکاری مامۆستا گۆران و دڵسۆزانی وشەی کوردی و تاکو شۆرشی 14ی گەلاوێژی 1958 بە بەردەوامی مایەوە.



دەنگی گێتی تازەش گۆڤارێکی مانگانە بوو کە یەکەم ژمارەی لە مانگی 10ی 1945 تاکو 1946/9/30 (35) ژمارەی لێ دەرچوو، خاوەن ئیمتیازەکەی فایەق تۆفیق و سەرنووسەرەکەی مامۆستا حسێن حوزنی بوو، گۆڤاری (نزار)یش کە گۆڤارێکی هەفتەیی رامیاری کوردی و عەرەبی بوو هەفتەی جارێک دەردەچوو، عەلائەدین سوجادی خاوەن و سەرنووسەری بوو و لێپرساوەکەشی مەحمودی سنەیی بوو لە بەغدا دەردەچوو و یەکەمین ژمارەی لە 1938/5/30 دەرچوو، ژمارە (22)یش کە دوا ژمارەی بوو لە 1949/2/15 وەستا.

رۆژنامەی هەولێر و گۆڤاری هەتاویش کە یەکەمینیان رۆژنامەیەکی وێژەیی و زانیاری هەفتانە بوو بە کوردی و عەرەبی ژمارەی یەکەمی رۆژی 1950/12/16 لە هەولێر دەرچووەو مامۆستایان عەبدولمەجید حەسەن و عزەدین فەیزی و حسێن رەشوانی لە نووسەرانی بوون و گۆڤاری هەتاویش کە وێژەیی هەفتانەبوو پاشان دە رۆژ جارێک ئەوجا پازدە رۆژ جارێک دەردەچوو خاوەنی ئیمتیازو بەرێوەبەری مامۆستا گیو موکریانی بوو و یەکەمین ژمارەی لە مانگی مایسی ساڵی 1954 دەرچووە کۆی ژمارەکانی 188 ژمارەیە کە دواییینی ژمارەی لە 1960/10/30 دەرچووە.

دوایین دوو گۆڤاریش کە لەسەردەمی رژێمی پاشایەتی دەرچوون، هەردوو گۆڤاری شەفەق و پێشکەوتن بوون کە یەکەمیان لە 1958/1/15 لە کەرکووک دەردەچوو، پاشانیش گوێزرایەوە بۆ سلێمانی، خاوەنی ئیمتیازو لێپرساوی عەبدولقادر

بەرزنجی بوو پاشانیش حەمید عوسمان بوو بە سەرنووسەری، پێشکەوتنیش کە گۆڤارێکی هەفتانەی گشتی بوو بە زمانی کوردی و عەرەبی لە بەغدا دەردەچوو و خاوەن و بەڕێوەبەری محەمەد بریفکانی بوو، سەرنووسەرەکەشی پارێزەر یونس سەباغ بوو و یەکەم ژمارەی لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٨ دەرچووە.

قۆناغی دووەمیش لە ژیانی ڕۆژنامەگەری کوردی پاش بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ بوو کە ئازادییەکی زۆر چاپەمەنی کوردی پێی نایە قۆناغێکی تازە کە ئەویش خۆی لەو بارودۆخە ئازادییەدا دیتەوە کە لە ماوەی ئەو ساڵانەی پاش شۆڕشەکەوە لە ئارادابوو کە بۆ یەکەمین جار لایەنە سیاسییەکانی عێراق (بە ئاشکرا توانییان ئۆرگانەکانیان بێننە گۆڕەپانی چاپەمەنی ئاشکرا، کە گەلی کوردیش لەم بوارەدا ڕێگای لەبەردەم ئاسان و کراوە بوو و لە چوارچێوەی ئەو ئاسۆیە فراوانەوە کە لە ئاکامی شۆڕشەکەوە پەیدابوو هەنگاوی گەورەی لەم بوارە ناو لەسەرەتاوە:


١- گۆڤاری رزگاری کە هەفتانە وەکو گۆڤارێکی سیاسی ئەدەبی لە بەغدا بەزمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو خاوەن ئیمتیازەکەی مامۆستا ساڵح حەیدەری و لێپرسراوی نووسینی پارێزەر فوئاد جواد بوو، یەکەمین ژمارەی لە ١٠ی شوباتی ساڵی ١٩٥٩ دەرچووە پاشانیش گۆڤاری نەورۆز بوو، مانگی جارێک لەلایەن پارێزەر کەمال میرزا کەریمەوە دەردەچوو، بۆ یەکەمین جاریش ڕۆژنامەی خەبات کە لە پاش ڕۆژنامەی رزگاری بووە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئاشکرا لە ڕۆژی ٧ی نیسانی ساڵی ١٩٥٩ بەشێوەیەکی فراوان بلاوکرایەوە تا ژمارە ٤٤٢ و لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٦١ بە یەکجاری داخراو چاپخانەکەشی چاپخانەی (سەلاحەدین) لەلایەن میرییەوە دەستی بەسەرا گیرا.

ڕۆژنامەی ئازادیش کە ڕۆژنامەیەکی رامیاری بوو ئۆرگانی کوردی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوو، سەرنووسەرەکەی خوالێخۆشبوو پارێزەر نافیع یونس بوو و یەکەمین ژمارەی لە ڕۆژی ١/٥/١٩٥٩ بە ئاشکرا لەشاری کەرکووک دەرچوو و لە ژمارە (١٣)وە گوێزرایەوە بۆ بەغداو هەتا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦١ نزیکەی (٢٠٠) ژمارەی لێ بلاوکرایەوە.



هەر لەو ماوەیەدا لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٧٠ چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری هەمەجۆر کەوتنە بەردەستی خوێنەدەوارانەوە وەکو گۆڤاری دەنگی قوتابییان، ڕۆژنامەی نەورۆز، گۆڤاری بلێسە، ڕۆژنامەی ڕای گەل، گۆڤاری هیوای کوردستان، بەیان، هونەر گزنگ، ڕۆژنامەی دەنگی کورد، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، بسروا، گۆڤاری چارەسەرکردنی کشتوکاڵ، گۆڤاری روناهی، عێراقی نوێ، ڕۆژنامەی ڕاپەڕین، دەنگ وباس گۆڤاری توتن، رابەر، سلێمانی، کاری میللی، روناکی رزگاری، لەبەرواری ٦/٥/١٩٦٧دا ڕۆژنامەی برایی، برایەتی کە لەگەڵ (التآخي)، دەستەخوشکی دەردەچوو پاشانیش بوو بە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی کە بابەتی دووەمی ئەم وتاردیەوە بەدرێژی باسی لێوە دەکرێ.

سەرکەوتنی ئیرادەی گەلی کوردستان لە ئاکامی ئەو بەرهەمەی کە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بە سەرکردایەتی (پ.د.ک) و ڕێبەرایەتی بارزانیی نەمر دروستی کرد بەرێککەوتننامەی یانزەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ دەرگایەکی فراوانی لەبەردەم چاپەمەنی کوردیدا کردەوە، و یەکێ لە نموونە هەرە بەرزەکانی دەرچوونەوەی ڕۆژنامەی (التآخي) بوو کە لە ماوەی چوارساڵدا بوو بەیەکەم ڕۆژنامەی گەلانی عێراق و قوتابخانەیەکی تازە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریدا کە شان بەشانی ئەویش برایەتی ج بە گۆڤارو ج بە ڕۆژنامە مەشخەڵی ڕامیارو کەلتوورو مێژووی گەلەکەمانی بەرەو ئاسۆیەکی فراوانترو ڕووناکتر برد، شایانی باسیشە هەر لەو قۆناغەدا کە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی داهێنانێکی زێدە گەورەی تۆمارکرد ئەویش لەدایک بوونی یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردییە کە ئەو شەرەفەش بەر ڕۆژنامەی برایەتی کەوت و لەسەرەتای ساڵی تازەی لە ١٩٧٤/١/١ ژمارەی سفری لێ بڵاوبووەوە، پاشانیش لە ١٩٧٤/١/٨ ژمارەیەکی لێ بڵاوبووەوە بەبەردەوامی ٢٧ ژمارەی لێ دەرچوو تا کار گەیشتە ئەوەی وەزارەتی ئیعلامی بەغدا بە فەرمانێکی قەدەغەکردن ڕای گرت، کە ئەویش سەرەتای پاشگەزبوونەوەی دەوڵەتی عێراق بوو لە جێبەجێ کردنی خاڵەکانی یانزەی ئادار بەتایبەتیش کە شۆڕشی ئەیلوول و پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی نەمر بارزانی مستەفا جەختیان لەسەر کوردستانیەتی کەرکووک دەکردو ڕازی نەبوون بەوەی دەسەڵاتدارانی بەغدا مەسەلەکە بخەنە پەراوێزی سازش کردن



پاشانیش ئاشکرایە کە بەهۆی تەئازولاتی دوولایەنەو بەرژەوەندی زلهێزەکانی دونیا جارێکی دیکە کێشەی گەلی کوردستان کەوتەوە بازاڕی سازش کردنێکی بێ ئابڕووانەی ئەوتۆ لەلایەن دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستانەوە تا لە شەشی ئاداری ساڵی ١٩٧٥دا!! ڕێککەوتننامەی بەدناوەکەی جەزائیر مۆرکراو بۆ ماوەیەک ئەو ڕێککەوتننامەیە توانی شۆڕشی گەلی کوردستان ڕابگرێ، بەڵام ئیرادەی پۆڵایینی گەلەکەمان لە ساختەو نەخشەو پیلانی ئەوان بەهێزترو گەورەتربوو بۆیە هەر پاش ماوەیەکی کورت قۆناغی بڵێسەی گوڵانی شۆڕشی ئەیلوول لە شاخە سەرکەشەکانی کوردستانی بریندار، خەون و حەزو ئارەزووی گەلەکەمانی لە ئامێز گرت و چاپەمەنی شاخیش خەبات و (صدی کوردستان)و سەقین، الشرارە و چەندین چاپەمەنی لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی ئەو کاتەی لێ کەوتەوە کە تا ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ لە ململانێیەکی قارەمانانە بەرگری لەمان و بوونی کوردو کوردستان دەکرد.

بەسەرکەوتنی ڕاپەڕین و هەڵبژاردنی گشتی و هاتنە کایەی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژنامەگەریی کوردی و کوردستانیی پێی نایە قۆناغێکی زێڕینی دیک کە یەکەمین جارە ئەزموونی ڕۆژنامەی ڕۆژانە بە تەواوی خۆی جێگیر کردو برایەتی و کوردستانی نوێ و گوڵانی ئێواران، شان بەشانی دەیان گۆڤارو ڕۆژنامەی حەفتانەو گۆڤاری وەرزیی، لە

هەواڵنامەی کتێب

هەموو بوارێکدا، ئەدەب و هونەرو وەرزش و فیکری و سیاسی و ئایینی سەرەڕای گۆڤارە تایبەتییەکان لە بواری جیاجیادا شۆڕشێکی تازەی لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی و چاپەمەنیی کوردستانی بەرپاکرد، ئەم دیاردە شارستانییە ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی هاندا بیر لە دامەزراندنی سەندیکایەکی ڕۆژنامەنووسان بکەنەوە، ئەوەبوو پاش چەندین هەوڵ و کۆبوونەوە، لیژنەی ئامادەکراو و لیژنەی ڕاوێژکار دروست بوو و پرۆژەیەکیان گەڵاڵە کردو پرۆژەکەش وەکو دیارییەک لەلایەن پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی ۱۹۹۸/٤/۲۲ (یادی سەد ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی) بڕیاری لەسەر دراو بڵاوکرایەوە پاشانیش لە نێوانی (۲۷ـ۱۹۹۹/۱۲/۲۹) لەژێر دروشمی (لە پێناوی چەسپاندنی ئازادیی ڕۆژنامەنووس و دابین کردنی مافی ڕۆژنامەنووسان) و بە ئامادەبوونی (٥٤٤) ئەندام کۆنگرەی دامەزراندنی یەکەم سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان گرێدراو سەندیکایەکی ئیئتیلافی ڕۆژنامەنووسانی لێ کەوتەوە کە ئێستا سەرقاڵی ڕاپەراندنی ئیش و ئەرکەکانی خۆیەت.

لێرەدا دەمەوێ سەرنجی خوێندەوارانی بەڕێز بۆ دیاردەیەکی زێدە دڵخۆشکەر ڕابکێشم کە بە تەواوی جوگرافیای کوردستانی گرتۆتەوە، (کە ئەویش زۆربوونی بڵاوکراوەی ڕۆژنامەو گۆڤارو چاپەمەنی هەمەڕەنگە بە زمانی کوردی بە ئەلف و بێی لاتینی) و پیتی عەرەبی بە هەردوو شێوەی سۆرانی و بادینی، عەرەبی، ئاشوری، تورکمانی و هەندێ جاریش بە ئینگلیزی و هەموو لایەنە سیاسییەکان و گرووپە بچووکەکان ڕۆژنامەو گۆڤاری خۆیان هەیەو لە هەریەکەیان بەدەیان کادرو ڕۆژنامەنووس کاری تێدا دەکەن، وێڕای چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی هەمەجۆرو ئێستگەو ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان.



لاتان سەیر نەبێت ئەگەر بڵێین ئەمڕۆ لە کوردستانی ئازاد ئەگەر بێتو بەراورد بکرێت لەگەڵ وڵاتێکی وەکو ئەردەن یاخود سوریا یاخود عێراق دەبینین ژمارەی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی کە دەردەچن زۆر زیاترن لە ژمارەی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی هەر یەک لەو وڵاتانەی کە باسمان کردن و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک کە گرنگترینیان ئەمانەن:

یەکەم: لە پاش ڕاپەڕینەوە بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە هاتووەتە ئاراوەو بۆتە هۆکاری یەکەمی چاپ و بڵاوبوونەوەی گۆڤارو ڕۆژنامە بەشێوەیەکی فراوان لەلایەن پارت و ڕێکخراوەکانەوە سەرەڕای چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەی وەزارەتی ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی یەکجار فراوان گرنگی بەم بوارە دراوەو تاکو ئێستاکە (لە دوای ڕاپەڕینەوە تاکو کۆتایی ساڵی ۱۹۹۷) (٥۲۹) ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی دەوری دەرچوون بەو زمانانەی کە لە پێشەوە باسمان کردوون کە زۆربەیان تاکو ئێستا

بەردەوامن و زۆر جار خوێندەوارو ڕۆشنبیران ناتوانن کە چواریەکێکی ئەم چاپەمەنیانە بخوێننەوە.

دووەم: نەبوونی سانسۆر و ڕێگەگرتن لە هەر بڵاوکراوەیەک کە ڕاستەوخۆ دژی بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان نەبێت و یاسای ژمارە (١٠)ی پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستان باشترین زامنی پیادەکردنی ئەم یاسایەیەو تاکو ئێستاکە هیچ ڕۆژنامەو گۆڤارێک قەدەغە نەکراوەو زۆربەی زۆری ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوانەوە تەعبیر لە بۆچوون و هەڵوێستی لایەنەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان دەکەن و سەرەڕای ئەم ڕاستییەش ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دەوڵەتی عێراقیش بە ئاشکرا بەو پەڕی ئازادییەوە لە بازاڕی کوردستان دەفرۆشرێن. لێرەدا ناتوانین ناوی تەواوی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوانە بێنین لەبەر زۆری ژمارەیان، بەڵام تەنها ئیشارەت بەو کتێبە دەدەین کە نووسەرو ڕۆژنامەنووس کاک عەبدوڵڵا زەنگەنە ئامادەی کردووە لەژێر ناونیشانی (ڕۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی دوای (ڕاپەڕین) بەدواداچوونێکی مەیدانی ببلۆگرافیاییە کە تاکو ساڵی ١٩٩٧ (٥٢٩) گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی دەست نیشان کردووە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە شۆڕشێکی ڕۆشنبیری دەژمێردرێ لە ژیانی گەلی کوردستانی عێراقدا.

دیسان لێرەدا بە پێویستی دەزانم ڕۆشناییەک بخەمە سەر ڕۆڵی مێژوویی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم بارەیەوە، چونکە:

١- تەمەنی ئەو پارتە تێکۆشەرە لە نیو سەدەی تێپەڕ کردووە بە درێژایی تەمەنی هەر لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە ١٩٤٦/٨/١٦ بایەخێکی زۆری بە بواری ڕۆژنامەنووسی و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی داوە.

لەهەموو قۆناغەکاندا چ بە نهێنی و چ بە ئاشکرا چ لە شاخ و چ لە شار لەسەرەتاوە بە ڕۆژنامەی ڕزگاری دەست پێ دەکات کە ژمارەی یەکەمی لە ئەیلولی هەمان ساڵ دەرچووە تاکو دوای کۆنگرەی سێیەمی ئەم پارتە ١٩٥٣/١/٢٦ بەو ناوە ماوە پاشان گۆڕدرا بۆ ناوی (خەبات) پاشان ڕۆژنامەی (نرکەی جوتیار)یش هاتە مەیدان و باشترین ڕۆڵی بینیوە لە هۆشیارکردنەوەی جوتیارانی کوردستان، ئەوجا ڕۆژنامەی بانگی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٥٦دا دەستی بە دەرچوون کردووە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، ئەوجا خەباتی کوردستان، پاشانیش گۆڤاری مرۆڤ و لە قۆناغی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرکردووە کە لەمانە گۆڤاری ڕزگاری کە ژمارەی یەکەمی لە ١٩٥٩/٢/١٠ بڵاوبۆتەوە، ئەوجا ڕۆژنامەی خەبات کە ژمارەی یەکەمی لە ڕۆژی حەوتی نیسانی ساڵی ١٩٥٩ بەئاشکرا کەوتە بەردەست خوێندەواران کە لە پێشەوە تاکو ژمارە ١٤ بە کوردی پاشانیش. بەبەردەوامی تاکو ژمارە ٤٦٢ بە عەرەبی دەردەچوو کە لە ڕۆژی ١٩٦١/٣/٢٨ داخرا، پاشانیش لە چەندین قۆناغدا وەکو ئۆرگانی پارتی بە بەردەوامی


نافع يونس

بەنهێنی دەرچوودو ئێستاش لە هەولێری پایتەختدا دوا ژمارەی گەیشتۆتە ( ) ژمارەو تەمەنیشی ٤٥ ساڵە.

ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی (کوردستان، صوت کوردستان، أخبار کوردستان، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، سەفین، مەشخەڵ، رزگاری، کادر، التآخی، برایەتی چ ڕۆژنامەو چ گۆڤار، صدی خەبات، زۆزگ، زاگرۆس، مەتین، پەیمان، فەژین، بابەگوڕگوڕ، هاواری کەرکووک، گۆڤاری هەولێر، ئەزمر، گوڵان، گوڵان العربی، رامان، Kurdistan Today، پێشمەرگەو چەندانی دیکە.

٢. چونکە هەڵگری بیری نەتەوایەتی ئازادیخواز بووە، هەمیشە بە بڵاوکراوەکانی توانیوویەتی بیری پیرۆزی کوردایەتی و کوردستانییەتی بەشێوەیەکی ئاشکرا بگەیەنێتە هەموو کەلێنێکی کوردستان و تا رادەیەکیش ناوچەکانی دیکەی عێراق و ئەمەش ئەو راستییە دەگەیەنێ کە پارتی دیموکراتی کوردستان توانیوویەتی قوتابخانەیەکی چاپەمەنی و بڵاوکراوە دروست بکات کە بەدەیان و سەدان کادیری تێدا هەڵکەوتووە کە ئێستا هەندێکیان لە لایەنە سیاسییەکانی دیکەدا رۆڵ دەگێرن، بۆیە پێمان وایە قوتابخانەی بیری پیرۆزی کوردایەتی لە چوارچێوەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە پاش نەمانی هیوای خۆ حەلکردنی شۆڕش و رزگاری پێش نیو سەدە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ ئەم قوتابخانەیە هاندانی یەکەمی ئەو بوارە بووە کە بەتەواوی لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا بەشی سەرەکی هەیەو لێرەدا بە هەلی دەزانم کە باس لە مەسەلەیەکی گرنگی ئەم بابەتە بکەم کە ئەویش ئەزموونی ڕۆژنامەی کوردییە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی کە تێیدا پارتی دیموکراتی کوردستان بە رێبەرایەتی بارزانیی نەمر خاوەنی ئەزموونی چەسپاندنی یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردییە و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئێمەدا ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە کە ئەویش ڕۆژنامەی سەربەرزی (برایەتی)یە کە پێش ٢٥ ساڵ واتە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ تاکو ڕۆژی ١٩٧٤/٢/٨ بە بەردەوامی ٢٧ ژمارەی لێ دەرچوو، پاشانیش بە فەرمانێکی قەرەقوشی حکومەتی بەغدا ڕاگیرا.



* * *

**سەرچاوەکانی باسەکە کە لە هەندێ شوێندا ڕستەیان لێ وەرگیراوە:**

١-جەبار جەباری / مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی.

٢-وریا جاف / ڕۆژنامەگەری پارتی دیموکراتی کوردستان.

٣-عبداللە زەنگەنە / ڕۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی دوای ڕاپەرین.

٤-کەمال مەزهەر/ تێگەیشتنی ڕاستی.

٥-نەژاد عەزیز سورمێ/ برایەتی یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردییە.

٦-پێشکەوتن/ علی ناجی کاکە حەمەئەمین، سیروان بەکر سامی.

---

* نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

**موجز المقالة**


# بحث قصير حول تأريخ الصحافة في كوردستان العراق

**فەرهادی عەونی**

يتحدث الكاتب عن الصحافة الكردستانية منطلقا من تاريخ صدور أول صحيفة كردية بأسم (كردستان) من قبل الاخوين (مقداد بدرخان وعبدالرحمن بدرخان) ويقول: يعتبر صدور أول صحيفة كردية الخطوة الأولى نحو السير إلى افق مشرق.

ثم يقول: ان تاريخ الصحافة الكردية في كوردستان العراق يبدأ باحتلال العراق من قبل الانكليز بعيد الحرب العالمية الأولى ويقوم (الكاتب بجولة بين الصحف والمجلات الكردية ) بصدور صحيفة ( تێگەیشتنی راستی، پێشکەوتن، بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، بانگی حەق، ئومێدی استقلال، ژیان، ژین).

ثم يشير إلى صدور صحيفة (دیاری کوردستان) باللغات الكردية والعربية والتركية في بغداد، ومجلة (زاری کرمانجی) في رواندز، ثم مجلة (روناكي) التي قام السيد حسين حزني موكرياني باصدارها أيضا.




وتعتبر مجلة (گەلاوێژ) من إحدى اكثر المجلات الكردية عمرا من ١٩٣٩-١٩٤٩ لصاحبها ابراهيم احمد كان المرحوم علاء الدين سجادي رئيس تحريرها.

وصدرت مجلة (دەنگی گیتی تازە) من ١٩٢٥-١٩٤٦ وصدر منها (٣٥) عددا. كما صدرت مجلة أخرى باللغتين العربية والكردية باسم (نزار) وصدر منها (٢٢) عددا. ويشير الكاتب إلى صدور صحيفة (هەولێر) ومجلة (هەتاو) في اربيل.

ويستعرض الكاتب الصحف والمجلات التي صدرت قبل ثورة تموز ١٩٥٨ واستمرت بالصدور بعدها مثل مجلة (شەفەق) و (پێشکەوتن).

أما بعد ثورة ١٤ تموز، فصدرت مجلة (رزگاری) و (نەورۆز). كما صدرت وللمرة الأولى صحيفة (خەبات) لسان حال الحزبي الديمقراطي الكردستاني بصورة علنية وصدر منها (٤٤٢) عددا إلى ان اغلقت بصورة نهائية عام ١٩٦١.. وفي نفس الفترة صدرت صحيفة (ئازادی) لسنا حال الحزب الشيوعي العراقي.

ثم يشير الكاتب إلى عدد من الصحف والمجلات التي صدرت منذ سنة ١٩٥٨-١٩٧٠، ومن هذه الصحف، صحيفة (برايى، برايەتی) التي كانت تصدر مع اختها صحيفة (التآخي).

أما بعد اندلاع الثورة من جديد، فقد أصدرت قيادة الثورة صحفا ومجلات عديدة (في الجبل).

وبعد انتفاضة شعبنا في ربيع ١٩٩١ تم انتخاب برلمان كوردستان وتشكيل حكومة الاقليم، فقد صدر عدد هائل من الصحف والمجلات في كل انحاء كوردستان المحررة، ولا يزال هذا الزخم هائلا للعيان وهو في ازدياد وتطور.

## رۆژنامەگەریی پاشکۆ

# پێویستییێکی هەمیشەیی رۆژنامەگەریی کوردییە

**یەکێك لە دیاردەکانی رۆژنامەگەری ( پاشکۆ )یە. پاشکۆ بە هەموو جۆرەکانییەوە هەر نەتەوەو وڵاتێك لە مێژووی رۆژنامەگەری خۆیدا، بارێکی تایبەتی هەیەو نەتـــەوەو وڵاتـــانی ناوچەکـەش هەریەکـەیان مێژوویکی لێك جیاو تایبەتیان لەمبارەوە هەیە.**

**پاشکۆ تایبەتمەندی خۆیە هەیە، چ لەرووی دەرهێنـــان و چاپکردنـەوە چ لـەرووی نـاوەرۆك و ئـەو بابەتانەی بەخۆیەوە دەگرێت. شێوازەکانی، یا هۆیەکانی، یا پێویستی دەرکردنی پاشکۆ جۆراوجۆرە.**


تا باری رۆژنامەگەری پێش بکەوێت و فراوان بێت، پێویستی بوونی پاشکۆ زیاتر دەبێت. لەو کاتانەی رۆژنامە بە شێوەیەکی گشتی دەردەچێت و دەیەوێت دڵی هەموو خەڵک تێکرا رازی بکات، تا لەو کاتەدا جەماوەری شیعرو وەرزش و زانست و ماڵداری و فلان و فلان پتر دەبێت. دوور نییە خەڵکانێک هەبن لەگەڵ ئەوە نەبن پاشکۆ هەبێت، بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە زۆر جاران وای لێدێت، خوێنەرو جەماوەری پاشکۆیێک زۆر لە رۆژنامە سەرەکیەکە پتر بووە.

پاشکۆ بەشێوەی رۆژنامـــەی جیـا، یـاخود لـە شێوەی تەنهایـەک بابـەت، یـا ئیعلانـات، یـا ساڵنامە، یا گۆڤار، یا هەفتانە، یاساڵانە، یا بۆنە رووداوێـک، یـا شـێوەی کتێـب دەردەچێـت، یـا دەزگایـەکی راگـەیاندن و چـاپ و بڵاوکردنـەوە بـۆ پێراگەیشتن لە شێوازی جیاجیا پاشکۆ دەردەکات.

دەپرسـین ئایـا پاشکۆ دیاردەیـەکی پێویســـتی شارستانییە، یاخود نا؟! ئایـا پاشـکۆ دەتوانێـت خزمـــەت بـــەرەوتی فکـــرو کـــەلتورو خـــودی رۆژنامەگـــەری بکـــات؟. ئێمـــە دەڵێـــین بـــەڵێ

نووسینی :

تاریق جامباز - غازی حەسەن *




دیاردەیەکی چاکەو ئەمرۆ لە تەواوی دونیا پاشکۆ رۆڵێکی کاریگەر لـە نێـو بزاڤـی رۆژنامەگـەریدا دەبینێت، دووریش نییە کەسانێک هەبن دژی ئەم بۆچوونـە بـن، بـەڵام هەریەکـەی لـە روانگەیـەکی جیاوە لەم مەسەلەیە دیقەت دەدەن.

دیـاردەی سـەرهەڵدانی پاشـکۆ لـە مێـژووی رۆژنامەگەری عەرەبی لـە عێراقدا زۆر کۆن نییە، یەکەمجار رۆژنامـەی (صـوت الاهـــالي) ساڵی ١٩٥٤ پاشکۆیەکی عەرەبی بـەرێکوپێکی مـانگێ دووجار دەرکردووە، قەوارەی نیوەی رۆژنامەکە، ٢٠ لاپەرە بووەو بـە ٤٠ فلـس فرۆشراوە.

دوای ئـــەوە رۆژنامــــەی (الشعب) پاشکۆیەکی لـە شـــێوەی گۆڤـــار بـــەناوی

(ژمارەی هەفتە) لە قەوارەی گۆڤاری (الف بــاء) (٢)
بە ٥٢ لاپەڕە دەرکردووە.

دوای ئەوەش پاشکۆ لە مێژووی ڕۆژنامەگەری عێراقیدا پەرەی سەندووە و گەیشتۆتە ئاستی ئەمڕۆی.

لەمیسریشدا بەهەمان شێوە زۆر لەمێژ نییە بایەخ بە پاشکۆ دراوە، (الاهرام) وەکو دەزگایەک هاتۆتە مەیدانەکەو بایەخی زۆری بەدەرکردنی پاشکۆ داوەو تا ئەمڕۆش ئەم بایەخەی هەرماوەو چەندین جۆر پاشکۆ لەگەڵ (الاهرام) دەردەکات کە هەندێکیان ڕاستەوخۆ لەنێو ڕۆژنامەکە دەفرۆشرێت، هەشیانە بەجیا.

ئایا پاشکۆ لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی کەی سەری هەڵداوەو بەدروستی دەکرێت بەو پاشبەندانەی دەرچوون بگوترێن پاشکۆ، یا تایبەتمەندیێتی لە پاشکۆی ڕۆژنامە کوردییەکان هەیە ناوی پاشکۆی لێبنرێت؟ بێگومان ئەمانە بە لێکۆڵینەوەی زانستی و وەڵامی لەسەرخۆ ساغ دەکرێنەوە.

کاک نەژاد عەزیز سورمێ دەڵێت: وەکو خۆم، پێم شک نایێ پێش حەفتاکان، ڕۆژنامەیەک یا گۆڤارێکی کوردی (پاشکۆ)یەکی تایبەتی سەربەخۆی بلاوکردبێتەوە، ڕەنگرێژی پاشکۆی نواندبێ.. لەڕووی باسایی چاپەمەنییەوە ڕەنگە (برایەتی)و (ڕوناکی) بە پاشکۆی (التاخی) و (النور)ی عەرەبی حساب کرابن، بەڵام جگە لەوەی ئەوانە پاشکۆی بەکوردی ڕۆژنامەی عەرەبی بوون، وەکو (هونەری پاشکۆ دەرچوواندنیش دوورن لەوەی بچنە ناو ڕۆژنامەگەریی پاشکۆ یا (پاشبەند) (٢).

مێژوو پێداچوونەوەی وردو لێکۆڵینەوەی زانستی پێویستە، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیشی لەوەی زیاتر پێویستە کە ئێمە تا ئێستا بۆمان کردووە. بەپێی هەندک بۆچوون تەنها تەوەرو دەرکردنی پاشبەندێک و چەند لاپەڕەیەکی تایبەتیش لەناو ڕۆژنامەیەکدا، یا بلاوکردنەوەی بەیانێک بەجیاو چاپکردنی ڕۆژمێرێک و ساڵنامەیەکیش دەبێتە پاشکۆ. بەم پێودانگە بێت، بەدوور نازانرێت کە ڕۆژنامەگەری کوردی لەم ڕووەوە مێژوویەکی کۆنتری هەبێت، بەدووریش نازانرێت ئەو مێژووە تەواوی پێیا هەڵگوتنەکان بەخۆوە نەگرێت، کە تایبەتە بە (پاشکۆ).




(برایەتی و ڕووناکی) پاشکۆن، بۆ دوو ڕۆژنامەی کوردان، بەڵام بەزمانی عەرەبی، دەڵێ (شۆڕشی کشتوکاڵ و هۆشیاری کرێکاران) بە پێچەوانەی ئەوەن.

گرینگ ئەوەیە ئایا پێش ئەم مێژوو پاشکۆمان هەبووە، یان نا.. بە دووری نازانین هەبووبێت، ڕاستە نابێت پاشکۆ بەو شێوە تەواوو پوختە دانرێت، بەڵام بیرکردنەوە لە دەرکردنی پاشکۆ، یا چەند لاپەڕەیەک بۆ تەواوکردنی بابەتەکان یا بایەخدان بە بابەتێکی تایبەتی، یا ڕووداوێک بەڵگەی ئەوەن کە پێویستی بوونی پاشکۆیەک خۆی دەچەسپێت و ئەمڕۆش ئەم بوونە گەلێک و گەلێک لە جاران پترە.

پێش ئەوەی ئاماژە بە هەندێک، یا ژمارەیەک لە پاشکۆکانی نێو ڕۆژنامەگەری کوردی بکەین، با دیقەت لەم چەند بۆچوونە بدەین لەمەڕ (پاشکۆی ڕۆژنامە) کە وێڕای پاشکۆی ئەدەبی، یا هونەری، یا وەرزشی، یا هەفتانە، بەشێوازی تر پاشکۆ دەرچوون کە هەندێکیان بەم شێوەن.

پاشکۆی بۆنە، یا دیاری ئەمانە هەوڵ دانن بۆ خستنەڕووی بایەخی بۆنەو ڕووداوێک، کە بەشێوەی پاشکۆ، یا تایبەتمەندییەکی جیا لە




رۆژنامەکە دەردەچێت، یا دیارییەک، یا بەڵگەنامەیەکی سیاسی وەکو دیاری لەگەڵ رۆژنامەکە پێشکەش دەکرێت، لەوانە وتاری سەرۆکێک، یا سەرکردەیەک، یا دیدارێکی گرینگ بەجیا چاپ دەکرێت، یا هەواڵنامەیەکی تایبەت بەشەرو رووداوێک، بۆنەی دەرچوونی رۆژنامەکە، یا چاپکردنەوەی رۆژنامەیەکی کۆن وەکو دیاری. یا نامیلکە، ئیعلانات، یا پاشکۆی تایبەتی بلاوکراوەکانی رۆژنامەکە، یا کتاب.

ئەمە سەبارەت بە رۆژنامە، گۆڤاریش تایبەتی خۆی لەمەڕ پاشکۆ هەیە، کە لەم بارەوە پێویستە رەچاوی بکەین.

گۆڤارو پاشکۆکانی گۆڤار؛ هەیە هەفتانە پاشکۆیەکی رۆژنامە بەهەمان قەبارەی خۆی دەردەکات، بەڵام ناوەرۆکی جیایە، یا بەیانێک بەبۆنەیەکی تایبەتی دەرکات، یا نامیلکەی بچووک بچووک دەردەکات، یا گۆڤاری منداڵان وەکو دیاری(٣) پاشکۆیەک دەردەکات و پێشکەش دەکات.

بۆ چاپکردن و بلاوکردنەوەی پاشکۆ چەند شتێک، زۆر گرینگن لە کاتی چاپ و بلاوکردنەوە، جۆری بابەتەکانی، قەوارەی، شێوەی چاپی، نرخ و ژمارەی چاپکراو.

ئەم دیاردانە لەکۆنەوە لە نێو رۆژنامەگەری کوردی هەستیان پێدەکرێت و دەبینرێت، بەم جۆرە ئەگەر پێداچوونەوەی ورد بکرێت ئەوە مێژووی دەرچوونی پاشکۆ لەوە کۆنتر دەبێت، کە بۆ حەفتاکانی بگێڕینەوە. مەرج نییە ئەو پاشکۆیە بەجیا لەگەڵ رۆژنامەو گۆڤارەکە دەرچووبێت، رەنگە هەر دەگەڵ خودی خۆیان بووبێت.

ئێمە لەمبارەوە پێویستە پێداچوونەوە بە پاشکۆ بکەین و لەم روانەوە دیاریان بکەین.

١- پاشکۆی سەربەخۆ: وەکو رۆژنامەیەکی، یا گۆڤارێکی، یا بلاوکراوەیەکی سەربەخۆ دەردەچێت و هەفتانە، یا دوو هەفتە، یا مانگانە بەجیاو بەقەوارەو نرخی سەربەخۆ دەردەچێت. نموونەی پاشکۆی (ئەدەب و هونەری) رۆژنامەی برایەتی.

٢- پاشکۆی مەلەف: ئەمە وەکو تەوەر، یا تایبەت لە نێو خودی رۆژنامەو گۆڤارەکە دەبێت.

٣- پاشکۆی تایبەت: ئەمە بۆ لێکۆڵینەوە، یا ریپۆرتاژێکی رۆژنامەگەری تایبەت دەبێت، یا بایەخ بەسەرژمێری، یا گۆڕانکاریەکی ئەلکترۆنی و زانستی دەدات.

٤- پاشکۆی تایبەتمەندی (پسپۆڕی): ئەمە ئەوانە دەگرێتەوە کە پسپۆڕی و تایبەتمەندییان تێدایە لەمەڕ وەرزش، مۆسیقا، پزیشکی، ئابووری، هونەر..هتد. واتە پاشکۆکە تایبەتمەندە بە بوارێک.

٥- پاشکۆی پروپاگەندە: تایبەتە بە ئیعلانات و پروپاگەندەو گەشتوگوزارو..هتد.

٦- پاشکۆی بۆنە: زۆر جاران رۆژنامە یا گۆڤار پاشکۆیەکی رۆشنبیری، یا سیاسی، یا وتارێک، یا کۆڕێک، یا رووداوێک بەجیاو لە قەوارەی چەند لاپەڕەیەک دەردەکات، یا ساڵنامەیەک، یا دیارییەک پێشکەش دەکات.

٧- پاشکۆی منداڵان: ئەمە لەزۆر رۆژنامەو گۆڤار پەیرەو دەکرێت، بەشێوەی رۆژنامە لە قەوارەی گۆڤار پاشکۆیەکی تایبەت بە منداڵان دەردەکات.

با هۆدەبینەوە سەر ئەو پاشکۆیانەی کاتی خۆی، یا ئێستا دەرچوون، رەنگە ئێمە نەتوانین بەم وردەکارییە بچینە نێو ناخی باسەکەمان، بەڵام دەکرێت ئەمە بکەینە دەروازە بۆ لێکۆڵینەوەی تری زانستی و بابەتی تر کە باسەکەمان دەوڵەمەندو بابەتەکە چڕوپڕتر دەکات.

بەهۆی بارودۆخی سیاسی، کورد لەرووی رۆژنامەگەرییەوە نەیتوانیوە گەشەی ئاسایی بکات، سەرکوت و راونان و داخستنی رۆژنامەو گۆڤارەکان و گرتن و دوورخستنەوەی رۆژنامەنووسان کۆسپی زۆریان لەبەردەم کارو تێکۆشانی رۆژنامەگەری کوردی دروست کردووە، ئەمە رەنگی سلبی لەسەر پاشکۆش داوەتەوە، وای کردووە کە پاشکۆ بەشێوەی رێکوپێک و بەردەوام دەرنەچێت و هەروەها هەموو سیفەت و تاریفەکانی پاشکۆشی بەخۆوە نەگرن، بەڵام هەرچۆنێک بێت پاشکۆ هەبووە. دەزگای بڵاوکردنەوەو چاپیش چ کوردی، چ لە کوردستان لەبەر ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بوونە، نەیتوانیوە تەواوکارو ئەرک و پێداویستییەکان راپەڕێنێت و بەدی بێنێت. جا ئەمە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، یا کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی بووبن کە دوای رێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ دامەزران، یا دواتر ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان لە کوردستان بێت.

دەکرێت دەرچوونی پاشکۆکان بەم شێوەیە دیاری بکەین.

١ـ برایی: هەر دوابەدوای بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی (التاخی) پاشکۆی کوردی ئەم رۆژنامەیە بەناوی برایی گەیشتە دەستی خوێندەواران، لەرووی ناوەرۆک و بنچینەوەش هەر خودی (التاخی) بوو، بەڵام بەزمانی پاراو شیرینی کوردی بڵاو دەبووەوە، ژمارەی یەکەمی برایی لە رۆژی ١٩٦٨/٥/٦ لە شاری بەغدا بڵاو بووەوە (٤).

٢ـ پاشکۆی برایەتی: دوای دوو مانگ راوەستاندنی گۆڤاری برایەتی کە لە شاری سلێمانی دەردەچوو، برایەتی بەشێوەی رۆژنامەیەکی پاشکۆ دەستی بە بڵاوکردنەوە کردو ژمارەی یەکەمی لە ١٩٧١/١٩/١١ دەرچوو، خوالێخۆشبوو رەمزی قەزاز سەرپەرشتی دەکردو دوا ژمارەی ١٧ لە ١٩٧٢/٣/١٨ دەرچوو (٥).

٣ـ پاشکۆی عێراق (٦): وەکو رۆژنامەیەکی




پاشکۆی ئەدەب و هونەری هەفتەنامەی رێگای کوردستان
مانگی دوو جار دەردەچێت

سەربەخۆ بەزمانی کوردی، دەرچووە، ژمارە (١)ی لە ١٩٧٧/٣/٢٢ دەرچووە، (١٦) لاپەڕەبووە بە قەبارەی (٢٩×٤٢سم)، خاوەنی ئیمتیازی هاشم حەسەن ئاکرەیی و سەرنووسەری ساڵح حەیدەری بووە، لەم خولەدا ٥٤ ژمارەی لێدەرچووە، دوای ماوەیەک وەستان، پاشان بەشێوەی دوو لاپەڕە هەموو رۆژی چوارشەممان دەرچووە، کە ژمارە ١ی خولی دووەمی لە ١٩٨٧/٩/١٦ دەرچووەو خاوەن ئیمتیازو دەستەی نووسەرانی گۆڕاوە. ئەمە لە بەغدا دەردەچێت و سەر بەحکومەتە. بە نرخی تایبەتی دەفرۆشرێت. لەسەری نووسراوە پاشکۆی رۆژنامەی عێراقە بەزمانی کوردی دەردەچێت و ئەندامانی دەستەی ئیمتیاز(ساڵح حەیدەری و فائق جەمیل و مەجید رەشید جەباری و عەبدوڵڵا موساو محەمەدئەمین محەمەد)ە. نرخی (١٢٥) فلس. بەشێوەی رۆژنامەیە، بەڵام رەنگاو رەنگیشە.

٤ـ پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵ (٧): گۆڤارێکی کشتوکاڵی بوو، هەرسێ مانگ جارێک لەلایەن ئەنجوومەنی بەرزی کشتوکاڵیەوە لە عێراق دەردەچوو، سەرنووسەری د. عەبدولوەهاب مەتەر الداهری بووە، ژمارە ١ی لە کانوونی دووەمی ١٩٧٨ بە ٥٤ لاپەڕە دەرچووەو ژمارە ٤ی لە کانوونی دووەمی ١٩٧٩ دەرچووە.

٥ـ کۆمەڵە: ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بووە، لە شاخ بە نهێنی لە شێوەی نیو فولسکاب بەرۆنیۆ دەرچووە.

گۆڤارێکی فکری سیاسییە، هەندێک ژمارەی پاشکۆی لەمەڕ هەندێک بابەتی تایبەت، یا وەرگێڕدراو بڵاوکردۆتەوە لە ناودراستی هەشتاکان.[8]

٦. سەفین[9]: گۆڤاری لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، ئەم گۆڤارەش لە شاخ بەنهێنی دەرچووە، چەند قۆناغێکی بڕیوە، گۆڤارێکی سیاسی و رۆشنبیری گشتی بووە، پاشکۆی هەبووە بەناوی (پاشکۆی سەفین) ژمارە ١ی لە ئابی ١٩٧٨ بە ٦ لاپەڕەی قەبارە فولسکاب دەرچووە.

٧. چریکەی کوردستان[9]: گۆڤارێکی رۆشنبیری بوو، ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٨٢ لە لەندەن دەرچووەو سەرنووسەری کەمال میراودەلی بووە، دوای ماوەیەک پاشکۆیەکی بەزمانی عەرەبی بەناوی (صرخة كردستان) دەرکردووە. ژمارە ٧ی کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ دەرچووە ١٠٨ لاپەڕەیە بە قەبارەی کتێب.

٨. پێشمەرگە[10]: گۆڤارێکی تایبەت بووە بەکاروباری پێشمەرگایەتی: لە شاخ بەنهێنی دەرچووە، مەڵبەندی سێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەری کردووە، ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٨٢ دەرچووە، ژمارە ٥ کە ٤٠ لاپەڕەیە لە تەمووزی ١٩٨٣ دەرچووە لەسەری نووسراوە (پاشکۆی گۆڤاری راپەڕین).

٩. پێشکەوتنی رۆشنبیری[11]: ئەم گۆڤارە لە شاخ ناوبەناو لەلایەن رۆژنامەی (پێشکەوتن)ی ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان — عێراق وەکو پاشکۆیەک دەرچووە، ژمارە ١ی لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٨ بە ٢٢ لاپەڕە دەرچووەو ژمارەی ٤ی لە نیسانی ١٩٩٠ دەرچووە.

١٠. راپەڕین[12]: پاشکۆی گۆڤاری (النظير)ی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق بەشێوەی کتێبی ئاسایی دەرکراوە، ژمارە ١ی لە ئابی ١٩٩٠ و ژمارە ٢ی لە ئاداری ١٩٩١ لە شێوەی کتێب بە ٤٢ لاپەڕە دەرچووە.

١١. کاروان: گۆڤاری کاروان کە لە شاری هەولێر لەلایەن ئەمینداریەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان دەرچووە، هەندێک جار ژمارەیەکی پاشکۆی بەهەمان قەبارەو شێوەی ئاسایی خۆی دەرکردووە، یا بیبلوگرافیای کردووە.

١٢. هەولێر: گۆڤاری هەولێریش کە لەشاری هەولێر دەرچووە هەندێ جار ژمارەیەکی تایبەتی لە شێوەی پاشکۆ بەهەمان قەبارەی ئاسایی خۆی دەرکردووە.

١٣. ئاڵای شۆڕش[13]: ئۆرگانی ئاڵای شۆڕش و ژمارە ١ی کە تایبەتە لە ئاداری ١٩٩٠ بڵاوکراوەتەوە، ژمارە (٨و٩) کە بەیەکەوە، لە ئەیلول و تشرینی یەکەمی ١٩٩١ دەرچووە و قەبارەکەی (٣٥×٥٠سم) و ١٤ لاپەڕەیەو نرخی (١) دینارە، لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا پاشکۆیەکی ئەدەبی بەهەمان قەبارەو بە ٤ لاپەڕە بڵاوکردۆتەوە، ژمارە (١١و١٢) کە دیسان بەیەکەوە پاشکۆیەکی عەرەبی ٢ لاپەڕەیی هەیە، بەڵام ئەمجارە بەجیا نییە، وەکو بەشێک لە رۆژنامەکە هاتووە.

١٤. بەرەی کوردستانی[14]: ئۆرگانی ناوەندی بەرەی کوردستانی بوو، ژمارە ١ی خولی دووەمی لە تشرینی یەکەمی ١٩٩١ بڵاوکراوەتەوە و قەوارەکەی (٣٤,٥×٤٨,٥سم)ەو ٨ لاپەڕەیە.

ئەم رۆژنامەیە بەهەمان قەبارەو بە ٤ لاپەڕە بەزمانی عەرەبی پاشکۆیەکی بڵاوکردۆتەوە، پاشکۆکە ژمارە ١ی لە شوباتی ١٩٩٢ دەرچووە.




(٧) ژمارەی لێدەرچووە تەنها ژمارە (یەک)ی پاشکۆکە (٨) لاپەڕە بووە، ئەگەر نا ئەوانی تر (١٤) لاپەڕەن. دەستەی

نووسەرانی دیار نەکراوە، بەلام هەندێ لە ژمارەی پاشکۆ عەرەبییەکان ناوی (عەبدوڵلا ئاگرین)ی وەک سەرنووسەر لێ نووسراوە.

١٥- پەرەسێلکە (١٥): ژمارە (سفر)ی پەرەسێلکە لە تشرینی یەکەمی ١٩٩١ دەرچووە، ژمارە ١ی لە گوڵانی ١٩٩٢ دەرچووەو دەستەی بەرێوەبەری بریتین لە: (مەولود ئیبراهیم حەسەن، ئیدریس لاوە، هەڵگورد عەبدولوەهاب).




ژمارە (سفر)ی ئەزموونی کە قەبارەکەی (٢٣,٥×٣٣,٥سم)ە، لە بەرگەوە بۆ بەرگ ٢٠ لاپەڕەیە و رەنگاورەنگ. ئەم ژمارەیە پاشکۆیەکی تایبەتی بە (دایک و باوک) لەگەڵدایە بە قەبارەی (١٧×٢٣,٥سم)و ٨ لاپەڕە.

١٦- پەیامی نوێ (١٦): رۆژنامەیەکی گشتییە مەڵبەندی رێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ک) دەری کردووە، ژمارە (١) خولی یەکەم لە تشرینی یەکەم رۆژی یەکشەممە ١٩٩١/١٠/٦ لە سلێمانی دەرچووە، قەبارەی (٣٥×٤٥سم) و ٨ لاپەڕەیە، نرخی (٥٠٠) فلسە، تەنها سێ ژمارەی لێدەرچووەو لەدوایینی ژمارەدا پاشکۆیەکی بەهەمان قەبارەی رۆژنامەکە بە ٢ لاپەڕە لەگەڵدایەو تایبەتە بە مانگرتووەکانی کۆتایی ساڵی ١٩٩١.

١٧- پاشکۆی گۆڤاری هەنگاو (١٧): پاشکۆیەکی ناوبەناو لەلایەن یەکێتی نووسەرانی کورد لە مەڵبەندی قەلادزێ دەرچووە. یەکەم ژمارەی لە تشرینی دووەمی ١٩٩١ دەرچووە، بەشێوەی فۆتۆکۆپی چاپ کراوە.

١٨- راپەرین (١٨): رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، مەڵبەندی ٣ی (ی.ن.ک) دەری کردووەو ژمارە (١) خولی سێیەمی لە ئابی ١٩٩١ بلاوکراوەتەوە، قەبارەکەی (٣٤×٤١سم)و ٨ لاپەڕەیە. ژمارە ٣ی لە تشرینی دووەمی ١٩٩١ دەرچووە. هەریەک لە ژمارەکانی پاشکۆیەکی (٤) لاپەڕەیی دەربارەی ئەم بابەتانەی لەگەڵ بووە:

١- ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.

٢- کۆنگرەی راپەڕینی نووسەرانی کورد.

٣- ئێزگەی گەلی کوردستانی عێراق.

١٩- سەربەخۆیی (١٩): ئۆرگانی پارتی سەربەخۆیی دیموکراتی کوردستان (پاسۆک)بووە. ژمارە (١) لە نیسانی ١٩٩١ بلاوکراوەتەوە بەقەبارەی فولسکاب و بە رۆنیۆ چاپ کراوە.

پاشکۆی ژمارە (١) بەزمانی عەرەبی دەرچووە.

٢٠- مانگرتن (٢٠): بلاوکراوەیەکی رۆژانە بووە لە شاری هەولێر بۆ ماوەی چەند رۆژێک وەک پاشکۆی رۆژنامەی (راپەرین) دەرچووە. قەبارەی (٢٢,٥×٣٤سم)ە ژمارە (١)ی لە سەرەتای مانگی ١٩٩١/١٢ دەرچووەو ژمارەی (٢) لە ١٩٩١/١٢/٩ و ژمارە (٣) لە ١٩٩١/١٢/١٠ و ژمارە (٤) لە ١٩٩١/١٢/١١ و ژمارە (٥) لە ١٩٩١/١٢/١٢ و ژمارە (٦) لە ١٩٩١/١٢/١٣ دەرچووە. لە ژمارە (٦)یدا دەستەی نووسەرانی بەم شێوەیە دیاری کراوە. ئازاد جوندیانی، سەرنووسەر، مەولود ئیبراهیم حەسەن، سکرتێری نووسینی.

٢١- ئەدەب و هونەری کرێکاری (٢١): گۆڤارێکی تایبەتە بە ئەدەبی کرێکاری، جاروبار شیعرو هەندێک بابەتی بەزمانی عەرەبی تێدا بلاوکراوەتەوە، چەند پاشکۆیەکی سیاسی دەرکردووە.

٢٢- خالخالۆک (٢٢): پاشکۆیەکی تایبەت بە مندالانە، بەبۆنەی تێپەڕینی ساڵێک بەسەر دەرچوونی رۆژنامەی بۆتان، بەشێوەی گۆڤار دەرچووەو هیچ رۆژو شوێن و جێگەی دەرچوونی

بەسەرەوە نییە. تەنها یەک ژمارەی لێدەرچووە. قەبارەی (٢٥× ٣٥سم) و ٨ لاپەڕەیە. دەبێت ئەوە بزانین بۆتان لە دهۆک دەرچووە و بەزاری کرمانجی سەروو.

٢٣. پەربستان (٢٣) : ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی




مندالانە، پاشکۆی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)یە. هەموو ڕۆژانی هەینیان دەرچووە. ژمارە ١ی لەگەڵ ژمارە ٦ی کوردستانی نوێ بە تەنها لاپەڕەیەک لە لاپەڕە (٨) لە ١٩٩٢/٢/٣١ دەرچووە. لە ژمارە (١٣)ەوە وەکو پاشکۆیەکی سەربەخۆ بە (٤) لاپەڕەی قەبارە بچووک دەرچووە. (٤٥) ژمارەی بەم شێوەیە لێدەرچووە، لەمەو بەدوا بەشێوەی گۆڤارێکی مانگانە دەرچووە ژمارە ١ی بە (١٦) لاپەڕەی قەبارە ناوەندی لە شوباتی ١٩٩٣ دەرچووە. سەرنووسەری ئەرسەلان بایزو سکرتێری نووسینی مەولود ئیبراهیم حەسەن و دەرهێنانی هونەری هەڵگورد عەبدولوەهاب.

٢٤. پەیامی خوێندکار (٢٤) : ڕۆژنامەیەکی (پاشکۆی کوردستانی نوێ) بووە، بەهاوکاری ڕاگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان ناوبەناو دەرچووە. ژمارە (١)ی لە ڕۆژی دووشەمە ١٩٩٣/٣/١٥ بلاوکراوەتەوە. هەمان قەبارەی ڕۆژنامەکەی هەبووەو ٤ لاپەڕەیەو نرخی (٢٥) فلس بووە.

٢٥. پەیمان (٢٥) : هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتییە، ژمارە (١)ی لە ڕۆژی دووشەمە ١٩٩٤/٧/١١ لە شاری دهۆک دەرچووەو خاوەنی ئیمتیازی حەبیب کەلەش و سەرنووسەری ئەدیب نادرە. بەقەبارەی (٢٦,٥×٣٨,٥سم) بە (٨) لاپەڕە دەرچووە.

ڕۆژنامەکە چەند ژمارەیەکی تایبەتی بەڕێنووسی لاتینی و بەچاپێکی زۆر جوان دەرکردووەو بۆ کوردستانی سووریاو تورکیایان ناردووە. بۆ نموونە ژمارە (٢١) لە ١٩٩٦/٨/١٣ بە (١٠) لاپەڕەی هەمان قەبارە دەرچووە.

٢٦. گوڵزار (٢٦) : پاشکۆی هەفتەنامەی گوڵانە بۆ مندالان بلاوکراوەتەوە. لەسەری نووسراوە مانگێ دووجار دەردەچێت. ژمارە (١) لە ئابی ١٩٩٤، بەقەبارەی (٢٢,٥×٣٤سم)و (٨) لاپەڕەیەو تەنها ئەو ژمارەی لێدەرچووە.

٢٧. ١٨ی شوبات (٢٧) : پاشکۆی گۆڤاری پێشکەوتن ژمارە (٦٢)ە، کە بەشێوەی ڕۆژنامە بەبۆنەی بیرەوەری (٤٤) ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دەرچووە. قەبارەکەی (٣٤×٤٩سم)ە.

٢٨. یەکگرتوو: ڕۆژنامەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەو خاوەنی ئیمتیازی زوهێر محەمەد ئەمین و سەرنووسەری عومەر عەبدولعەزیزەو ژمارەی (سفر)ی لە ١٩٩٨/٤/٢٢ دەرچووە. پاشکۆیەکی بەزمانی عەرەبی وەکو ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ دەردەکات. هەروەها لە یادی (٩٩) ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی ژمارەی تایبەتی دەرکردووەو لەگەڵ ژمارەیەکدا پاشکۆی (ئەدەب و هونەر)ی بلاوکردۆتەوە.

٢٩. خوێندکاری نوێ (٢٨) : پاشکۆی (کوردستانی نوێ)یە بەبۆنەی ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بە هەمان قەبارەی ڕۆژنامەکەو لە ڕۆژی شەمە ١٩٩٥/٤/٢٧ بەشێوەی ڕۆژنامە لە (٤) لاپەڕەدا بلاوکراوەتەوە.

٣٠. ئاڵای ئازادی: حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەری کردووە، ژمارە (١)ی خولی دووەمی لە تەمووزی ١٩٩١ بلاوکراوەتەوە،

قەبارەی لە چەند ژمارەی سەرەتایی گۆڕاوە، دواتر لە قەبارەی (٣٣×٤٩سم) دەرچووە، خاوەنی ئیمتیازی عەبدولخالق زەنگەنە و سەرنووسەرەکەی غازی حەسەن بووە تا ١٩٩٦/٤/١٤، پاشکۆیەکی بەناوی (رایە الحریە) بەزمانی عەرەبی هەیە. چەند ژمارەیەکی لێدەرچووە.

٣١- دەنگی میللەت: رۆژنامەیەکی سیاسی ـ رۆشنبیری گشتییە، بزووتنەوەی میللی کوردستان دەری کردووە. خاوەنی ئیمتیازی کەمال حوسێنەو سەرنووسەرەکەی تا ١٩٩٨/٦/٢٨ غازی حەسەن بووە. ژمارەی (سفر)ی لە ١٩٩٦/١١/١٧ بڵاوکراوەتەوە. پاشکۆیەکی بەزمانی عەرەبی بەناوی (صوت الشعب) دەرکردووە، ئێستا پاشکۆی (ئاسۆی رۆشنبیری) دەردەکات و (٩) ژمارەی لێدەرچووە.

٣٢- پاشکۆی هەواڵ و سیاسەت: رۆژی پێنج شەممە ١٩٩٨/٧/٣٠ ژمارە (١)ی پاشکۆی هەواڵ و سیاسەتی رۆژنامەی برایەتی لە (٤) لاپەڕە بەقەبارەی رۆژنامەکە، کە تایبەتە بە هەواڵ و لێکدانەوەی سیاسی دەرچووە. دەبێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە رۆژنامەی برایەتی (پاشکۆی ئەدەب و هونەر)و (وەرزش) دەردەکات و هەموو رۆژێکیش لە شێوەی پاشکۆیەکی تایبەتمەند بێ ئەوە لە رۆژنامەکە جیا کرابێتەوە (٤) لاپەڕەی تایبەت بە بواری جیا جیای کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و کتێبی برایەتی و رۆشنبیری بڵاو دەکاتەوە.

٣٣- پاشکۆی ئەدەب و هونەری رێگای کوردستان(رێگا): رۆژنامەی رێگای کوردستانیش لە شێوەی پاشکۆیەکی سەربەخۆی (٤) لاپەڕەیی بەهەمان قەبارەی رۆژنامەکە پاشکۆیەکی تایبەت بە ئەدەب و هونەر دەردەکات، ئێستا ناوی بۆتە (رێگا).

٣٤- گڵدیلە: لەسەری نووسراوە هەفتەنامەیەکی منداڵانە وەزارەتی رۆشنبیری دەریدەکات و پاشکۆی رۆژنامەی هەرێمی کوردستانەو خاوەنی ئیمتیاز وەزیری رۆشنبیری و سەرنووسەر محەمەد خدر مەولود و سکرتێری نووسینی سەیران سەلاح سندییە. نرخی (١) دینارە ژمارەی (١)ی لە ١٩٩٨/٢/٩ بە (٤) لاپەڕە دەرچووە. قەبارەکەشی (٣٠.٥×٤٣.٥)سم)ە و رەنگاورەنگە.

٣٥- ئەفراندن: لەسەری نووسراو پاشکۆی گۆڤاری ئەفراندن، ژمارە (١)ی لە حوزەیرانی ١٩٩٨ بەنرخی (٣) دینارو (٨) لاپەڕەو قەبارەی (٢١×٢٨سم) بڵاوکراوەتەوە، بایەخی سەرەکی بە ئەدەبی لاوان دەدات و بزاڤی رۆشنبیرانی نوێخوازی دەری دەکات، بەڵام سەیرەکە لەوەدایە تا ئێستا تەنها پاشکۆکە دەرچووەو گۆڤاری (ئەفراندن) دەرنەچووە.

٣٦- خەباتی قوتابیان: لە ژمارە (٢٦)ی ١٩٩٨/٣/١٧دا پاشکۆیەکی عەرەبی بەهەمان قەبارەی رۆژنامەکە بە (٤) لاپەڕە دەرکردووە.

٣٧- پاشکۆی رۆشنبیری یەکبوون: لەشێوەی پاشکۆیەکی سەربەخۆ رۆژنامەی (یەکبوون) کە بزووتنەوەی یەکبوونی کوردستان دەری دەکرد. پاشکۆیەکی رۆشنبیری دەردەکردو چەند ژمارەیەکی لێدەرچووە. ژمارە (١)ی لە ١٩٩٨/١٢/٢٥ دەرچووە. خاوەنی ئیمتیازی (غازی حەسەن) و سەرنووسەری (بێکەس حەمەد قادر)ە.

ئەمانە بەشێکی کەمن لەو ژمارە پاشماوانەی دەرچوون، یا بەشێوازی تر بڵاوکراونەتەوە، ئێمە هەر هێندەمان وەبەر دیدان کەوت. یا بۆمان گل درانەوە کە راستەوخۆ دەگەڵ رۆژنامەو گۆڤارەکە، یا بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەرچوون. دەبێت لێرەدا ئاماژە بە بارێکی تری پاشکۆ بکەین، کە بۆ ئێمە شتێکی تازەیە، ئەویش مەسەلەی دەزگاکانە کە کۆمەڵێک رۆژنامەو گۆڤاری جیاجیا دەردەکات، جا ئەمە چ حکومی یا حزبی، یا سەربەخۆ بێت،



بایەخیان بەدەرکردنی رۆژنامەو گۆڤار یا بڵاوکراوە یا نامیلکە داوە، ئەمەشیان بەشی زۆری بەناوی حزبە کە راستەوخۆ، یا راگەیاندنی حزبەکە، یا لە چوارچێوەی بڵاوکراوەی رۆژنامەکە ئەنجام داوە، ئەمە باسێکی دوورو درێژەو رای زۆری پێویستە، چ لەوەی هەموو دەرچووەکان ساغ بکرێتەوە، چ لەوەی راوبۆچوون لەمەڕ ئەوەش بدرێت ئایا ئەمانە دەبنە پاشکۆ، یا لە قاوغی پاشکۆ بەندی نزیک دەبنەوەو خزمایەتیەکیان هەیە، یاخود نا.

با بگەڕێینەوە سەر چەند نموونەیەک لەمەڕ دەزگا.

## دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی:

رۆژنامەو گۆڤاری هەمەجۆری دەرکردووەو هەر لەسەرتای حەفتاکانەوە لەمبارە رۆڵی گێڕاوە، سەرباری رۆژنامەی (هاوکاری)و گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ و بەیان و رەنگین) ژمارەیەکی زۆر کتێبیشی بەناوی خودی دەزگاکە بڵاوکردۆتەوە. ئەمە وەکو دەزگا مافی بەسەر بڵاوکراوەکان هەیە.

ئەمینداری گشتی رۆشنبیری لاوان

ئەمەش ژمارەیەک گۆڤارو رۆژنامەی چاپ کردووە، سەرباری ئەوەش کتێبێکی دیاری چاپکردووە.

دوای راپەڕینیش وەزعێکی تر هاتۆتە پێشەوە. لەسای چونە قۆناغێکی تازە لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتی کوردستان، دەسەڵاتی کوردیش بۆتە خاوەنی چەندین دەزگای رەسمی و حزبی بڵاوکردنەوە، ژمارەیەکی ئێجگار زۆری رۆژنامەو گۆڤار لەم دەزگایانە دەردەچن.

وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان

خاوەنی ژمارەیەکی دیاری رۆژنامەو گۆڤارە، بایەخی زۆر بەم بوارە دەدات، هەروەها لەم چەند ساڵەی دوایشدا ژمارەیەکی چاکی کتێب بڵاوکردۆتەوەو چاپ کردووە لە رۆژنامەی (هەرێمی کوردستان) و (کاروان) و (وەرزش) و (وەرگێڕان) و (دیجلە) و...هتد.

## دەزگای راگەیاندنی گوڵان

وەکو دەزگایەکی حزبی کە سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانە، رووبێکی تازەی لە نێو بواری راگەیاندنی کوردی هێنا ئاراوەو ژمارەیەک چاپکراو و بڵاو دەکاتەوە بەناوی (دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی گوڵان) لەمانە (گوڵانی هەفتەنامە)، (گولان العربی)، (گوڵانی ئێواران)، (رامان) و (گوڵانی لاتینی)، سەرباری ئەوەش ژمارەیەک کتێبی بەناوی دەزگای گوڵان بەزنجیرە بڵاوکردۆتەوە.

(دەزگای برایەتی و خەبات): برایەتی وەکو رۆژنامەیەکی رۆژانەی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان چەندین پاشکۆ دەردەکات. هەروەها هەفتەنامەی خەبات و سەنتەری برایەتی هەر لەو دەزگایە دەردەچێت.

برایەتی ئەدەب و هونەر: سەرەتا وەکو پاشکۆی برایەتی دەرچووە، دوایی بەشێوەی سەربەخۆ دەرچووە، کە ئەمەش لە ژمارە (٤٥)ەوە دەستی پێکردووەو قەبارەکەی (٢١،٥×٤٤سم)ەو (٨) لاپەڕەیە و رۆژنامەی وەرزشی برایەتی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی.

کوردستانی نوێ: کە ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، تا ئێستا کۆمەڵێک رۆژنامەو گۆڤاری بڵاوکردۆتەوە، لەوانە ئێستا چەند پاشکۆیەکی تر لەمەڕ منداڵان، خوێندکاران، هەرچەندە نەیتوانیوە بەبەردەوامی وەکو دەزگایەک لە دەرکردنی ئەم شتانە بەردەوام بێت.

مۆندیال: هەروەها کوردستانی نوێ (مۆندیال)ی وەکو پاشکۆی وەرزشی کوردستانی نوێ بڵاوکردۆتەوە (٢) لاپەڕەی بەقەد قەبارەی رۆژنامەکە دەستەی نووسەرانی (سەلاح حەسەن، زاگرۆس نانەکەلی، فرباد رەواندزی، محەمەد سەعید کوردە) بەنرخی (١) دینار، ژمارە (٢)ی لە یەکشەمە ١٩٩٤/٦/١٩ دەرچووە.

## ئاگاداری:

زۆربەی رۆژنامەکان ئاگاداری دامودەزگا رەسمییەکانی بڵاودەکەنەوە، بەتایبەتیش ئەوانەی رۆژانە دەردەچن باش بایەخ بەو مەسەلەیە دەدەن، تەنانەت ئەگەر لاپەڕەی تایبەتی بۆ تەرخان نەکەن، بە لاپەڕەیەکی جیاو سەربەخۆ لەشێوەی پاشکۆ لاپەڕەیەک یا چەند لاپەڕەیەک وەکو پاشکۆی ئیعلاناتی رۆژنامەکە دەردەکەن برایەتی و کوردستانی نوێ هەردوولایەن ئەمەیان پەیڕەو کردووەو دەشیکەن.

## نامیلکە، یا کتێبۆکەی تایبەتی:

یەکێک لە دیاردە لەبارەکانی تری پاشکۆ دەرکردن، پاشکۆیە لەشێوەی نامیلکە بەناوی زنجیرەو چاپکراوەکانی رۆژنامەکە بە زنجیرە، یا دەرکردنی کتێبۆکەیەکە بەشێک و بوارێکی تایبەت، ئەمە لەناو رۆژنامەگەری عەرەبیش باوە.

بۆ نموونە، گۆڤاری (الثقافة الجديدة) پاشکۆیەکی تایبەتی بەناوی (پاشکۆی شیعری) بڵاوکردۆتەوەو نرخی تایبەتی خۆی لەسەر نووسراوە، هەروەها نووسراوە پاشکۆی ژمارە (٨٣) تەمووزی ١٩٧٦، بەرگێکی رەنگاورەنگی هەیە.

ئەم دیاردەیە لەنێو رۆژنامەگەری کوردیش بڵاووباوە، کاتی خۆی بەهەمان شێوە رۆژی کوردستان، پاشکۆیەکی تایبەتی (بە چیرۆکی هەڵبژاردە) چاپ و بڵاوکردووەو نرخی خۆی لەسەرەو لەشێوەی کتێبێکەو بەرگی رەنگاورەنگە، هەروەها گۆڤاری (دەفتەری کوردەواری) لەژێر (زنجیرەی دەفتەری کوردەواری) ساڵی ١٩٧٨ لە هەمان شێوەی (دەفتەری کوردەواری) لەلاپەڕەی دواوە بەسەرەوەیەو لەسەری نووسراوە لەسەر ئەرک و لەژێر چاودێری خاوەنەکەی لەچاپ دراوەو نرخی (٣٠) فلسی لەسەر دانراوە ئەمەش وەکو پاشکۆ حسێبی بۆ دەکرێت. رەنگە ئەم دیاردەیە لەنێو رەوتی رۆژنامەگەری گەلێک فراوان بێت و پێداچوونەوەی تایبەتی پێویستە، چونکە زۆر نامیلکەو کتێبۆکە بەناوی رۆژنامەوگۆڤارەکان دەرچوون و تۆمارکردنیان هەر زۆرو تایبەتی پێویستە.

## تەوەری تایبەتی:

دیاردەی تەوەری تایبەتی و سەربەخۆ لەنێو رۆژنامەگەری کوردی هەیە، وەکو چۆن لە ناو رۆژنامەگەری دونیا و عەرەبیش و لە ناوچەکەش بڵاوە، بۆ نموونە لەژێر ناوی (ملف النهار) کە دەزگای النهار بۆ بڵاوکردنەوە بەژمارە (٢٢)ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨ بڵاوی کردۆتەوە، تەوەرێکی تایبەتی لەمەڕ رەش و سپیەکانی ئەمریکا بڵاوکردۆتەوە، هەروەها رۆژنامەی (الجمهورية)ی عێراقیش رۆژی ١٩٧٨/١/٢٥ ژمارەیەکی تایبەتی بەبۆنەی تێپەڕینی ١٧ ساڵ بەسەر کۆچی (جواد سليم) بڵاوکردۆتەوە.

ئەم دیاردەیە رەنگە لەناو رۆژنامەگەری کوردی زۆر فراوان و بڵاو نەبێت، بەڵام هەشەو هەندێک جار پەیڕەوکراوەو ژمارەی تایبەتی چ لەنێو خودی رۆژنامەو گۆڤارەکە، چ بەتەنیاو سەربەخۆ دەرچووە.

دوو نموونە لەمبارەوە دەهێنینەوە (پاشکۆی التاخی) بەزمانی عەرەبی، تایبەت بە فیستڤاڵی قوتابیان و لاوان بەژمارە (١)ی ئابی ١٩٧٣ دەرچووە و لەسەری نووسراوە (ملحق التاخي نشرة اخبارية شهرية عن المنظمات الكردستانية تصدرها جريدة التاخي).

هەروەها لەژێر ناوی پاشکۆی پێشەنگ ژمارە (١٢) تەوەرێکی تایبەت لەشێوەی کتێبۆکە لەسەر (ناسیونالیزم) چاپ و بڵاوکراوەتەوە نرخی (٣٠) ئەمنە.

ئەمەی باسمان کرد شتێک بوو، لەخەرواری هەوڵدانێک بۆ کردنەوەی دەروازەو پەنجەرەیەکی بچووک بەسەر دونیای پاشکۆ لەنێو رۆژنامەگەری کوردی، کە دەکرێت هەوڵی دڵسۆزانەو زانستیانەی تری بەدوادابێت.

ئەمەی کردوومانە تەنیا هەولێکەو پێویستی بەکاری گەلێک زۆرتر و ماندووبوونی زۆرتر هەیە، چونکە (پاشکۆ) وەکو دیاردەیەکی راست و رەوان بۆتە ئەمری واقیع و تەمەنێکیشی بۆ خۆی دروست کردووە، رەنگە هێشتا پێویستیمان بە کارو هونەری پتر هەیە، تا پاشکۆ تەواوی خاسیەتەکانی بەخۆوە بگرێت. رەخنە نووسین و قەڵەمی بەبڕشتی برایانی تر لەمبارەوە دەتوانێت بکرێتە بناغەیەکی پتەو بۆ نووسینەوەو ساغکردنەوەی مێژووی رۆژنامەگەری کوردی.

## سەرچاوەکان:

*نهضة الأكراد الثقافية والقومية. الدكتور جليلي جليل ل١٤.

١ـ سعد الدين خضر، صاحفة الملحق وتطور الصحافة العربية، موصل، مطبعة دار الكتب للطباعة والنشر، ل١٣.

٢ـ رۆژنامەی برایەتی، ئەژاد عەزیز سورمێ، پاشکۆو دیاردەی پاشکۆ دەرکردن لە رۆژنامەگەریی کوردیدا، ژمارە (٢٥٦٧) یەکشەممە ١٩/٤/١٩٩٨ ل٣.

٣ـ سعدالدين خضر، صحافة الملحق، ل٢٥

٤ـ وریا جاف، مێژووی رۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦ـ١٩٩٦، زاهیر رۆژبەیانی پێشەکی، دهۆک، چاپخانەی خەبات ١٩٩٦، ل٥٣.

٥ـ هەمان سەرچاوە، ل٦٧.

٦ـ اسماعیل تەنیا، پێشەکی غازی حەسەن، بیبلۆگرافیای رۆژنامەگەری کوردی ١٩٧٥ـ١٩٩٣، هەولێر، چاپخانەی رۆشنبیری، ١٩٩٨، ل١١.

٧ـ هەمان سەرچاوە ل١٣.

٨ـ هەمان سەرچاوە ل١٧.

٩ـ هەمان سەرچاوە ل٢١.

١٠ـ هەمان سەرچاوە ل٢٢.

١١ـ هەمان سەرچاوە ل٣٥.

١٢ـ هەمان سەرچاوە ل٤٠.

١٣ـ عەبدوڵڵا زەنگەنە، رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی دوایی راپەرین، هەولێر، چاپخانەی رۆشنبیری، ١٩٩٨، ل٢٢.

١٤ـ هەمان سەرچاوە، ل٢٧.

١٥ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

هەروەها بۆ زیاتر زانیاری بنۆرە لاپەرە ٤٧ی کتێبی بیبلۆگرافیای رۆژنامەگەری کوردی ١٩٩٣ـ١٩٩٧٥.

١٦ـ هەمان سەرچاوە، ل٢٩.

١٧ـ بیبلۆگرافیای رۆژنامەگەری کوردی ١٩٧٥ـ ١٩٩٣، ل٤٩.

١٨ـ رۆژنامەنووسی کوردی لەکوردستانی دوای راپەرین، ل٣٩.

١٩ـ هەمان سەرچاوە، ل٤٥.

٢٠ـ هەمان سەرچاوە، ل٦٠.

٢١ـ هەمان سەرچاوە، ل٦٨.

٢٢ـ هەمان سەرچاوە، ل٨٢.

٢٣ـ بیبلۆگرافیای رۆژنامەگەری کوردی ١٩٧٥ـ ١٩٩٣، ل٥٧.

٢٤ـ رۆژنامەگەری کوردی لە کوردستانی دوای راپەرین، ل١٢٣.

٢٥ـ هەمان سەرچاوە، ل١٥٧.

٢٦ـ هەمان سەرچاوە، ل١٦٧.

٢٧ـ هەمان سەرچاوە، ل١٧٠.

٢٨ـ هەمان سەرچاوە، ل١٩١.

• تاریق جامباز: سەرنووسەری یاسا پارێزی.

• غازی حەسەن: نووسەرو رۆژنامەنووس.

## موجز المقالة

# پاشكۆ بشتى أنواعه

غازی حەسەن - تاریق جامباز

يعتبر الملحق ظاهرة صحافية، ويتصف كل بلد بحالات خاصة في تاريخه الصحافة. وتزداد الحاجة إلى الملحق الصحفي، كلما تقدمت ظروف الصحافة في البلد.

لان للملحق جمهوره الثقافي وقد يصف قراء الملحق اكثر بكثير من قراء الصحيفة نفسها. ويصدر الملحق عن شكل صحيفة منفردة، أو موضوع معين ام اعلانات، ام سنوية ام اسبوعية، ام على شكل مجلة، أو بمناسبة معينة أو حدث معين.

ونسأل هل ثمة ضرورة لوجود ملحق؟ ويكون جوابنا بالايجاب طبعا لانه يلعب دورا ذا تاثير في الحركة الصحافة اليوم. ان ظاهرة ظهور الملحقات الصحفية حديثة بالنسبة للصحافة العراقية. حيث اصدرت جريدة (صوت الاهالي) ملحقا ادبيا في (٢٠) صفحة بصورة منتظمة وكانت تباع بـ(٤٥) فلسا. كما اصدرت صحيفة (الشعب) ملحقا على شكل مجلة باسم (عدد الأسبوع) بـ(٥٢) صفحة.

أما في مصر فقد أولت جريدة الاهرام اهتماما باصدار ملحق ولا تزال الجريدة تولي هذا الاهتمام بعدة انواع من الملحقات. أما بالنسبة للصحافة الكردية فمتى ظهرت الملحقات الصحيفة وهل يمكن ان نسمي بعض الملاحق (ملحقات) صحفية بالمعنى الحقيقي للملحق مثل برايەتی ويذهب السيد عزيز سورمى إلى ان صدور بعض الملحقات للصحف الكردية الصادرة باللغة العربية تعتبر اعدادا صادرة باللغة الكردية ولا تدخل في خانة الملحقات الصحيفة بمعناها الحقيقي. ولكن ثمة حاجة كبيرة لمراجعة اكثر مما قيمنا بها بهذا الخصوص، رغم ان البعض يعد بعض المحاور، أو نشر بعض الصفحات المنفردة أو نشر بيان أو طبع تقويم أو سنوية نوعا من الملحق.

(ان برايەتی و رووناكی) ملحقان لصحيفتين كرديتين باللغة العربية ولكن (الثورة الزراعية و وعي العمال) يعتبران عكس ذلك.

المهم هو معرفة فيما إذا كانت لنا ملاحق أو لا. لا نستبعد وجود الملاحق. الا ان التفكير في اصدار ملحق لاستكمال المواضيع أو الاهتمام بموضوع ما أو حدث. كل هذا يفرض وجود ملحق.

وقبل الاشارة إلى بعض الملاحق أو عدد منها يجدر بنا ان نتأمل بعض الاراء فيما يخص ببعض الملاحق الادبية أو الفنية أو الرياضية، فثمة ملاحق صدرت بمناسبات سياسية أو أدبية أو ذكريات..الخ.

وقد تصدر بعض المجلات ملاحق خاصة بها كمجلة للاطفال مثلا واذاما اجرينا مراجعة دقيقة، فيمكن ارجاع صدور الملاحق إلى السبعينات من القرن الماضي، ويمكن تصنيف الملاحق كالاتي:

١ـ ملاحق مستقلة. ٢ـ ملاحق الملف. ٣ـ ملاحق خاصة. ٤ـ ملاحق متخصصة. ٥ـ ملاحق دعائية. ٦ـ ملاحق الاطفال.

واذا التفتنا إلى الملاحق صدرت في حينه أو الان، ربما لا نكون قادرين على خوض الموضوع بالدقة المرجوة.

ومن جهة أخرى فان ظروف الصحافة لم تكن مستقرة بسبب ملاحقة الصحفيين من جراء الظروف السياسية للشعب الكردي وانعكس اثر ذلك سلبيا على الملاحق ايضا من حيث الصدور. وان المؤسسات الطباعية كانت دوما تحت يد الحكومة المركزية حيث لم يكن بالامكان قيام الصحافة الكردية بواجباتها ويمكن تحديد الملاحق بالشكل الاتي:

١- برايي التي صدرت بعد نشر صحيفة التاخي والت صدر العدد الأول منها في ١٩٦٨/٥/٦.

٢- ملحق برايەتی: بعد شهرين من توقف برايەتی التي كانت تصدر في السليمانية، صدر العدد الأول منه في ١٩٧١/٩/١١ باشراف المرحوم رمزي قزاز والعدد الاخير (١٧) صدر في ١٨.٣.١٩٧٢.

٣- ملحق العراق: كانت تصدر باللغة الكردية، صدر العدد الأول منه في دورته الأولى في ١٩٧٧/٣/٢٢ بست عشرة صفحة بحجم (٢٩×٤٢سم) وصدر منه (٢٤) عددا، ثم عاودت الصدور بصحفتين في دورتها الثانية في ١٩٨٧/٩/١٦.

٤- ملحق الثورة الزراعية: كانت مجلة زراعية فصلية تصدر كل ثلاثة اشهر مرة وصدر العدد الأول منه في كانون الثاني ١٩٧٨.

٥- كۆمەڵە: كانت لسان حال الجمعية الماركسية اللينينية في الجبل وكانت تصدر بصورة سرية وهي مجلة فكرية سياسية ونشرت بعض الملاحق في اغراض شتى.

٦- سەفین: مجلة الفرع الثاني للحزب الديموقراطي الكردستاني وهي الأخرى كانت تصدر بصورة سرية في الجبل وكان لها ملحق باسم (ملحق سەفین) وصدر العدد الأول منها في الأول من اب ١٩٧٨.

٧- چریکەی کوردستان: وهي مجلة ثقافية صدر عددها الأول في ١٩٨٢ في لندن من قبل السيد كمال ميراودلي وكان لها ملحق بالاسم (صرخة كردستان).

٨- پێشمەرگە: كانت مجلة خاصة بشؤون البيشمەرگە اصدرها المركز الثالث للاتحاد الوطني الكردستاني في الجبل وصدر عددها الأول في سنة ١٩٨٢ وكتب على عددها الخامس الذي صدر في تموز ١٩٨٣ (ملحق مجلة راپەرین).

٩- پێشکەوتنی رۆشنبیری: كانت هذه المجلة تصدر بين اونة واخرى من قبل مجلة (پێشکەوتن) لسان حال اتحاد طلبة وشبيبة كردستان الديمقراطي صدر العدد الأول منها في كانون الأول ١٩٨٨ والعدد (٤) منها في ١٩٩٠.

١٠- راپەرین: ملحق لمجلة (النفير) الصادرة من قبل الحركة الاسلامية في كردستان العراق على شكل كتاب.

١١- كاروان: مجلة كانت تصدر من قبل الامانة العامة للثقافة والشباب، وكانت تصدر أحيانا ملحقا في حجم المجلة ذاتها أو ببيلوغرافيا.

١٢- هەولێر: هذه المجلة تصدر في اربيل وكانت تصدر أحيانا ملحقا في حجم نفسها.

١٣- ئاڵای شۆڕش: وهي لسان حال (ئاڵای شۆڕش) صدر العدد الأول منها في ١٩٩٠ وصدر ملحق ادبي مع العدد (٨و٩) بنفس حجم المنشور، وصدر مع العدد (١١و١٢) ملحق ادبي في صفحتين ايضا.

١٤- بەرەی کوردستانی: كانت لسان حال الجبهة الكردستانية صدر العدد الأول منها في (٨) صفحات في دورتها الثانية في تشرين الأول ١٩٩١ و اصدرت هذه الجريدة ملحقا في اربع صفحات باللغة العربية وكتب على بعض الملاحق العربية اسم السيد (عبدالله ئاگرين) كرئيس تحرير.

١٥- پەرەسێلکە: صدر العدد (صفر) منها في تشرين الأول ١٩٩١ والعدد (١) في گولان ١٩٩٢ من قبل السادة مولود ابراهيم حسن وادريس لاوە و هەلگورد عبدالوهاب.

١٦- پەیامی نوێ: صدر منها ثلاثة اعداد وهي صحيفة عامة اصدرها مركز تنظيمات السليمانية للاتحاد الوطني

الكردستاني وصدر العدد الأول منها في ١٩٩١/١٠/٦ وارفقه بالعدد الاخير منه ملحق بصفحتين خاصة بمضربي اواخر سنة ١٩٩١.

١٧ـ ملحق ملجة هەنگاو: وهي ملحق صدر من قبل اتحاد الادباء الكرد فرع قلعة دزه.

١٨ـ راپەرین: وهي صحيفة عامة اصدرها المركز الثالث للاتحاد الوطني الكردستاني وصدر العدد الأول منها في اب ١٩٩١ ومع كل عدد ملحق بـ(٤) صفحات.

١٩ـ سەربەخۆیی: لسان حال حزب الاستقلال الديمقراطي لكردستان (پاسۆك) وصدر العد الأول منـها بـالرونيو في (١) نيسان ١٩٩١ وصدر الملحق رقم (١) باللغة العربية.

٢٠ـ مانگرتن: كانت نشرة يومية صدرت لعدة ايام كملحق لصحيفة راپەرین وفي العـدد السـادس منـها كتبـت هيئـة تحريرها بالشكل الاتي: ئازاد جونـدياني رئيس التحرير، مولود ابراهيـم حسـن سـكرتير التحريـر ودلشـاد مجيـد محمـد مراسل.

٢١ـ ئەدەب و هونەر کرێکاری: كانت مجلة خاصـة بـالادب العمـالي ونشـرت فيـها أحيانـا مواضيـع باللغـة العربيـة واصدرت بعض الملاحق الساسية.

٢٢ـ خاڵخاڵۆك: وهي ملحق خاص بالاطفال، صدر مرة واحـدة بمناسـبة مـرور سـنة واحـدة علـى صـدور صحيفـة (بوتان) في دهوك.

٢٣ـ پەریستان: وهي صحيفة أسبوعية خاصة بالأطفال اصدرتها صحيفة كورستاني نوێ في يـوم الجمعـة مـن كـل اسبوع ومنذ العدد (١٣) كانت تصدر كملحق مستقل وكـان رئيـس تحريرهـا ارسـلان بـايز وسـكرتير تحريرهـا مولـود ابراهيم حسن والاخراج الفني كان من قبل هەلگورد عبدالوهاب.

٢٤ـ پەیامی خوێندکار: ملحقا لصحيفة كوردستاني نوێ وكان العدد أحيانا بالتعاون مـع سـكرتارية جمعيـة طلبـة وشباب كوردستان.

٢٥ـ پەیمان: وهي صحيفة أسـبوعية سياسـية ثقافيـة عامـة، صـدر العـدد الأول منـها في يـوم الاثنـين المصـادف ١٩٩٤/٧/١١ في دهوك وكان صاحب امتيازها حبيب كلش ورئيـس تحريرهـا اديـب نـادر، وقـد اصـدرت الصحيفـة عـدة اعداد خاصة بالكتابة باللاتينية. كما اصدرت عدة ملاحق يومية بمناسبة مهرجان احمد خاني.

٢٦ـ گولزار: وهي ملحق أسبوعية گولان للاطفال وصدر منها عدد واحد في اب١٩٩٤.

٢٧ـ ١٨من شباط: وهي ملحق لمجلـة (پێشـکەوتن) العـدد (٦٢) صـدرت بمناسـبة الذكـرى (٤٤) لتاسـيس اتحـاد شبيبة كردستان الديمقراطي.

٢٨ـ یەکگرتوو: وهي صحيفة الرابطة الاسلامية الكردستانية صـاحب امتيازهـا زهـير محمدامـين ورئيـس تحريرهـا عمر عبدالعزيز صدر العدد (صفر) منها في ١٩٩٨/٤/٢٢ وتصدر ملحقا باللغة العربية كصحيفة مستقلة.

٢٩ـ خوێنکاری نوێ: وهي ملحق لصحيفة كورستاني نوێ نشرت بحجم الصحيفة نفسها بمناسـبة ذكـرى تاسـيس جمعية طلبة كردستان في ١٩٩٥/٤/٢٧.

٣٠ـ ئاڵای ئازادی: وهي صحيفة حزب كادحي كردسـتان، صـدر العـدد الأول منـها لدورتـها الثانيـة في تمـوز ١٩٩١ وكان صاحب امتيازها عبدالخالق زەنگەنە ورئيس تحريرها غازي حسـن وكـان لهـا ملحـق باللغـة العربيـة باسـم (رايـة الحرية).

٣١ـ دەنگی میللەت: وهي صحيفة سياسية ثقافية عامة تصدرها حركة شعبية كردستان، صاحب امتيازهـا كمـال حسين (غمبار) وكان غازي حسن رئيس تحريرها حتى ١٩٩٦/٨/٢٦.



هەولێر کتێب

ومن الضروري الاشارة هنا إلى المؤسسة التي تصدر بعض الصحف والمجلات، كما يجدر الاشارة إلى ان الاحزاب كانت تصدر الصحف والمجلات والنشرات والكتب، وهذا موضوع طويل يدور حول النقاش الكثير بخصوص امكانية تسمية ما اشرنا اليه يدخل في خانة الملاحق الصحيفة، ومن هذة المؤسسات:

١- دار الثقافة والنشر الكردية:

اصدرت صحيفة هاوكاري ومجلتي بەيان و رۆشنبیری نوێ كما طبعت عددا من الكتب.

٢- الامانة العامة للثقافة والشباب:

طبعت عددا من الصحف والمجلات، وبعد الانتفاضة حصل تحول كبير بعد انتخاب البرلمان وتشكيل حكومة الاقليم واصبحت السلطة الكردية صاحب عدد كبير من الصحف والمجلات.

٣- وزارة الثقافة لحكومة اقليم كوردستان:

وهي صاحب عدد كبير من الصحف والمجلات، كما طبعت عددا كبيرا من الكتب ومن منشوراتها صحف هەرێمی كوردستان و وەرزش ومجلات كاروان و وەرگێران ودجلة.

٤- مؤسسة گوڵان الاعلامية:

وهي مؤسسة تابعة للحزب الديمقراطي الكردستاني، اصدرت عددا من الصحف والمجلات مثل گوڵان الاسبوعية، گوڵان المسائية، گوڵان العربي، رامان وگوڵان اللاتينى بالاضافة إلى طبع عدد من الكتب.

٥- برایەتی: وهي الصحيفة اليومية للحزب الديمقراطي الكردستاني وتصدر عددا من الملاحق.

٦- ملحق برایەتی للادب والفن: كانت تصدر كملحق لصحيفة برایەتی ثم أصبحت ملحقا مستقلا منذ العدد (٤٥).

٧- كوردستانی نوێ: وهي صحيفة يومية لسنا حال الاتحاد الوطني الكردستاني ونشرت عددا من الصحف والمجلات، مثل مجلة (ئێستا) وملحق للاطفال.

٨- مۆندیال: وهي صحيفة خاصة بالرياضة صدرت كملحق رياضي لصحيفة كوردستاني نوێ.

٩- الإعلانات: اهتمت الصحف، وخاصة برایەتی و كوردستانی نوێ بالاعلانات الرسمية وخصصت لها صفحة أو قسم من الصفحة وفي بعض كانت تصدر ملاحق اعلانية خاصة.

١٠- الكراسات والكتيبات الخاصة:

من الظواهر الأخرى للملاحق، اصدار ملاحق على شكل كراسات وهذا متبع في الصحافة العربية ايضا حيث نشرت مجلة الثقافة الجديدة ملحقا خاصا بالشعر.

كما نشرت مجل (رۆژی كوردستان) ملحقا خاصا بالقصة الكردية وكذلك مجلة (دەفتەری كوردەواری).

١١- المحاور الخاصة: يشيع في العالم وفي الصحافة العربية اصدار محاور خاصة ومستقلة حول موضوع من المواضيع، كما فعلت صحيفة النهار حيث اصدرت ملحقا خاصا حول السود والبيض باسم (ملف النهار). كما فعلت صحيفة الجمهورية العراقية بمناسبة مرور (١٧) سنة على وفاة جواد سليم.

وقد قامت صحيفة التاخي باصدار ملحق باسم (ملحق التاخي) باللغة العربية كنشرة اخبارية شهرية عن المنظمات الكردستانية. كما نشرت ملحقا على شكل كتيب حول القومية.

كانت هذه جولة سريعة حول الملاحق في الصحافة الكردية التي أصبحت حقيقة واقعة، وربما كان الموضوع يحتاج إلى تدقيق اكثر ومتابعة فنية مستفيضة.

# هەواڵ و ئاگاداری و پڕۆپاگەندە


# لە گۆڤاری ڕووناکی دا

حەمە ساڵح فەرهادی *

گۆڤاری (ڕووناکی) گۆڤارێکی زانستی و کۆمەلایەتی و ئەدەبی حەفتانە بووە کە لە ماوەی نێوانی (٢٤)ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٥و (١٦)ی مایسی ساڵی ١٩٣٦ لە هەولێر یازدە ژمارەی لێ دەرچووە. هەر ژمارەیەکی شازدە لاپەڕەی قەبارە (٢٨×٢٠) سەنتیمەترە.

دامەزرێنەرو هەڵسووڕێنەری گۆڤارەکە حوسێن حوزنی موکریانی و بەڕێوەبەری لێپرسراوی پارێزەر شێت مستەفا بوو.

ناوەڕۆکی ژمارەکانی گۆڤاری (ڕووناکی) هەمە جۆرە لە بابەتی زانستی و کۆمەلایەتی و مێژوویی و پەروەردە و شیعر و سەربوردەی شاعیرو گەورەپیاوان و لێکۆڵینەوەو ڕەخنەو هەواڵ و ئاگاداری و دەنگوباسی زانستی و پڕۆپاگەندەو... هتاد.




ئێمە لەم نووسینەدا سێ لایەنی بابەتەکانی گۆڤاری (ڕووناکی) دەخەینە بەرچاو، ئەویش هەواڵ و ئاگاداری و پڕۆپاگەندەکانییەتی.

دیارە لاپەڕەکانی گۆڤارێکی حەفتانە[1] لە سالانی سییەکاندا باشترین سەرچاوەبوون بۆ گەیاندنی ئەو جۆرە بابەتانە بەتایبەتی کە هۆیەکانی دیکەی ڕاگەیاندن لەو سەردەمیدا زۆر کەم و بێ توانا بوون.

ئێستاش با گەشتێک بەنێو لاپەڕەکانی گۆڤارەکەدا بکەین و بزانین چ جۆرە هەواڵ و ئاگاداری و پڕۆپاگەندەیان تێدا بلاوکراوەتەوە:

## هەواڵەکان

دەتوانین هەواڵەکانی گۆڤاری (ڕووناکی) دابەشی سەر سێ بەشی سەرەکی بکەین:

**یەکەم/ هەواڵە ناوخۆکانی تایبەت بە هەولێر.**

هەواڵنامەی کتێب

**دووەم/ هەواڵەکانی دەرەوەی هەولێر.**

**سێیەم/ هەواڵەکانی جیهان.**

**یەکەم/ هەواڵە ناوخۆکانی تایبەت بە هەولێر:**

شتێکی ئاساییە کە هەر رۆژنامەو گۆڤارێک زیاتر گرنگیی بە هەواڵەکانی ئەو شارە بدات کە تێیدا دەردەچێت، هەر بەم پێیە گۆڤاری (رووناکی)یش زیاتر گرنگیی بە هەواڵەکانی شاری هەولێر داوە.

دەتوانین هەواڵەکانی گۆڤاری (رووناکی) دەربارەی پارێزگای[2] هەولێر بەم جۆرە دابەش بکەین:

١. هەواڵەکانی حکومەت: گۆڤاری (رووناکی) گرنگیی بە هەواڵەکانی حکومەت داوە، جا ئەو هەواڵانە چ هەواڵی سەردان و هاتووچۆی بەرپرسیاران بن، یان دەربارەی چالاکیی دام و دەزگاکان سەبارەت ئاوەدانکردنەوەو کارە خزمەتگوزارییەکان.

لەبارەی سەردان و هاتووچۆی بەرپرسیاران گۆڤارەکە ئەو هەواڵانەی بەخۆیەوە گرتووە:

رۆژی خزمەتی وەتەن لە لیوای هەولێر

مەبەست لە خزمەتی وەتەن خزمەتی (سەربازی)یە کە بەپێی یاساکانی عێراقی هەر هاووڵاتییەکی ئاسایی دەگرێتەوە کە تەمەنی دەبێتە هەژدە ساڵ و لە خوێندن بەردەوام نییەو لەرووی تەندروستیشەوە کەم ئەندام نییە.

گۆڤاری (رووناکی) لە ژمارەی سێیەمیدا باسی ئەو دوو کۆبوونەوە رەسمییە دەکات کە لە هەولێر و کۆیەدا بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام درابوون: (رۆژی چوارشەممە[3] (٣٠)ی تشرینی یەک مەئموران و ئەشراف و شورتەو جەیش و گەورەکان لە نادی هەولێر کۆبوونەوە، کەشافەی مەکتەب و شاگردەکانی لەلایەکەوە بەشەرقی (سروود) وەتەنی گوتن راوەستان و ئیرادەی مەلەکی بۆ فەحسی نیهایی خوێندرایەوە، سەعادەتی موتەسەریفی غەیوور ئەحمەد بەگ بۆ خزمەتی عیلم و عیرفان و بەخێوکردنی وەتەن و بوونە جوندی خوتبەیەکی گەلێک بەرزو بەمەعنای خوێندەوە، ئەو رۆژ بۆ هەولێر رۆژێکی زۆر گەورەو میهرەگیان و جەژنێکی زل و خۆشەویست بوو)[4].



## کۆی سنجاق

(رۆژی پێنج شەممە (٣١)ی تشرینی یێکەم سەعادەتی موتەسەریفی خۆشەویستمان بۆ ئیشتراکی جەژنی وەتەنی تەشریفیان چوونە کۆی و لەژێر چاودێریاندا ئیرادەی مەلەکی داتیرە بە فەحسی نیهایی خوێندرایەوە، لەلایەن بەعزێ ئەشخاسەوەش خوتبە خوێندراو نوتق درا)[5].

گۆڤاری (رووناکی) لە ژمارە چواری دا باسی سەردانی وەزیری ناوخۆ خوالێخۆشبوو رەشید عالی گەیلانی دەکات بۆ هەولێر و ئەو پێشوازییە گەرمەی کە بۆی کراوە لەگەڵ ئەو هیواو ئاواتانەی کە میللەتی کورد بە وەزارەتەکەی هەیەو ئەو

پێوەندییە گیانییەی کە لە نێوان نەتەوەی کوردو بنەماڵەی (گەیلانی)دا هەیە:

### تەشریف هێنانی وەزیری داخلییە بۆ هەولێر

(ڕۆژی شەممو (١٤) مانگی ئێستا سەعات یازدەی زەوالی سەعادەتی موتەسەریفی لیواو ڕوئەسای دەوائیرو ئەشراف و عولەماو مەشایەخی شارو ڕوئەسای عەشایری لیوا لە مەرکەزی لیواوە بۆ پێشوازی فەخامەتی وەزیر ڕەشید عالی بەگ گەیلانی بۆ پردێ کە مونتەهای لیواکەمانە حەرەکەتیان فەرموو، **سەعات دوازدەو نیوی** زەوالی فەخامەتمەئابیان لە کەرکوکەوە مواسەڵەتی پردێیان کرد، زەواتی موحتەرەمینی موستەقبیلین بە کەمالی سروورو فەرەحەوە مەراسیمی پێشوازیان بەجێ هێنا، لەبەر ئەوە کە عموومی ئەهالی لیواکەمان ئومێدێکی زۆر قەوییان بەوەزارەتی حازرە هەیە کە بۆ تەرەقی مەعاریف و علووم و ئیقتیسادیات و ئیحتیاجیات و ئاوەدانی کردنەوەی مەملەکەتەکەمان بۆ ئاوهێنان و پێش خستنی تیجارەت و زیراعەت لوتف بفەرموون، چونکە ئەم وەزارەتی موحتەرەمە موتەشەکیلە لە چوار زاتی باریزەی (دیار) دەوڵەت کە فەخامەتمەئابانی یاسین پاشا هاشمی و نووری پاشا سەعید و جەعفەر پاشا عەسکەری و ڕەشید عالی گەیلانین کە هەر چواریان بە ڕەئیسولوەزارەتی خزمەتی حکوومەت و میللەتیان بەنیەتێکی خاوێنەوە بەجێ هێناوەو بەتایبەتی فەخامەتی ڕەشید عالی بەگ لە ئەجدادیەوە ڕابیتەیەکی کوللیەی لە کوردستان دایە، لەمەرحووم شێخ عەبدولعەزیزی ئاکردەوە خزمەتی ئەم میللەتە نەجیبەیان کردووە.

میللەتی کورد پتر مەربووتییەتی ڕووحانیان بەعایلەی موقەددەسی گەیلانییەوەیە، هەروەکو میللەتی کورد پتر مەربووتییەتیان بەو عایلەوەیەو فەخامەتی ڕەشید عالی بەگ گەیلانی کە لەم سولالەی پاکەیە ئومێدەوارترن کە بە سوننەتی ئاباو ئەجدادی خۆیان بە دڵێکی خاوێنەوە بۆ بەجێ هێنانی ئیحتیاجات و پێویستی دانیشتوانی ئەم وەتەنە خۆشەویستە کە کوردن، هیممەت و جوهد بفەرمووێت، بەو ئومێدە عموومی ئەهالی هەولێر بە ئەسنافی موختەلیفەیەوە دەستە بەدەستە لە شاردا بۆ پێشوازی فەخامەت مەئابیان ئامادەو بە کەمالی سروورەوە چاوەنۆڕ بوون.

کەشافەی مەکتەب لە خاریجی شارەوە بەڕێز بۆ ڕەسمی بەخێر هاتن بە نەشید خوێندنەوەو کەیف و سروور ڕێزبوون، لە تەرەف ئامیری حامییەوە حەرەسی شەرەف لەبەر دەرگاتی سەرادا ڕاگیرابوون.

فەخامەتی وەزیرو زەواتی موحتەرەمینی موستەقبیلین لە پردێ وە ڕوو بە هەولێر حەرەکەتیان فەرموو و بەکەیف و شادمانی و سروورەوە گەیشتنە شار، تەڵەبەی مەکتەب و کەشافە ڕەسمی بەخێرهاتنیان بەجێ هێنا.

فەخامەتی وەزیر بە ئەحواڵ پرسینی تەڵەبەو ئەهالی ڕوو بە سەرا چوون، لە هەموو لایێکەوە ئەهالی بەدەنگی هەربژی وەزارەتی حازرەو فەخامەتی وەزیر کەیفیان کرد، لە پاش گەیشتنی فەخامەتی وەزیر بۆ سەرا عموومی عولەماو مەشایەخ و ئەشراف و ڕوئەسای عەشایر بە دەستە چوونە لای فەخامەتی وەزیرو عەرزی بەخێر هاتن و ئیزهاری ئیخلاسمەندییان بۆ وەزارەتی حازرە کردو

گەڕانەوە، لەبەر ئەوە کە موتەسەڕیفی لیوا ئیحتیاجیاتی میللەت لە هەموو کەس چاکتر دەزانێ و لە هەموو شئوونێکا مەسئوولەو چاکەو خراپەی وەتەن و میللەت لەو دەناسرێ و هەموو مەسائیلێکی لیوامان لە عوهدەی ئەودایە، ئومێدمان وایە بە ویجدانی خاوێن و نیەتێکی پاکەوە فەریزەی زیمەتی بەجێ هێنابێ و فەخامەتی وەزیری لە هەموو ئیحتیاجاتێکمان ئاگادار کردبێ و پێی گوتبێ، شەوێ لە قەسری موتەسەڕیف بوون سبەینە ڕۆژی یەک شەممە سەعات نۆی زەوالی پێش نیوەڕۆ هەموو ئەشراف و موحتەرەمانی شارو ڕوئەسای عەشایرەکان بۆ بەرێ کردنی فەخامەتی وەزیر هەتا گوێڕ بەبزۆک چوون، عەشایرو ڕوئەسای قەزای مەخموور بە دەستوورێکی موحتەشەم بەسواری لە خاریجی مەرکەزی ناحیەی گوێڕ بۆ پێشوازی هەتا سەر (زێ) ڕیزیان بەستبوو، فەخامەتی وەزیریان بە کەمالی سروورەوە بەرێ کرد هەتا بەلیوای موسڵیان گەیاند)(٦).

دەربارەی ئاوەدانکردنەوەو چالاکی دەزگاکانی حکوومەتیش گۆڤاری (ڕووناکی) چوار هەواڵی بڵاوکردووەتەوە، هەواڵی یەکەم سەبارەت بە قیرتاوکردنی ڕێگاوبانە لەلایەن دائیرەی ئەشغالەوە کە دەڵێ:

(دائیرەی ئەشغالی لیواکەمان بۆ قیرەتاوو ڕێک خستنی ڕێگاوبان تێدەکۆشێ و لە هەموو لایێکەوە خەریکە ئەگەرچی ڕێگای نێوانی قوشتەپەو پردێ لە باران و تەڕوتووشی دا ڕێبوار تووشی ماندوو بوون و کەمێک ناخۆشی و ئەزیەتیش بهاتانایە بەڵام بەهیممەتی مولاحیزی ئەشغال و غیرەت کەشی موهەندیسەکان چاک کراوەو شەووڕۆژ لەبن چاوەدێرییاندایە بۆ پاک کردنەوەی ئەقەلا دەدرێ ڕێبوار بەبێ ئەزیەت دێن و دەچن)(٧).

هەواڵێکی دیکەی گۆڤاری (ڕووناکی) دەربارەی گەیاندنی ئاوە بۆ دەشتی قەراج، هەرچەندە لە گۆڤارەکەدا (دەشتی قەرەچووخ) نووسراوە، بەڵام دیارە قەرەچووخ دەشت نییەو چیایە، دەشتی قەراجیش لە پشت چیای قەرەچووخەوە دەست پێ دەکات:

### دەشتی قەرەچووخ

(هەروەکو لە هێندێک جێگایانمان زانیوە لە زێ وە ئاو بۆ قەرەچووخ و ئەو خاک پڕ پیتەزەو حاسیلات خیزە ئاودێری کردنی لە دەست دایە.

جۆگەیەکی گەورە لە زێ وە هەڵدەگیرێ دەبرێتە دەشتی قەرەچووخ ئەو خاکە هەموو دەکرێتە ئاوی. خودا بکات وابێ و دەشتی هەولێر و خوارەوەشی بەئاوی هەردوو زێ ئاوەدان و بخرێتە ڕیزی ئەو خاکانە کە لە جۆمە گەورەکان ئیستیفادەیان کردووەو جۆمێکیان بۆ هەڵبەستراوە)(٨).

### سێیەمین هەواڵی گۆڤاری (ڕووناکی) سەبارەت بە چالاکیی دام و دەزگاکانی حکوومەت، هەڵکەندنی بیرێکی ئیرتیوازییە لە شاری هەولێر:

(ئەمە چەندێکە موهەندیسی بەتایبەتی خاکەناس لەلایەن ئەشغالەوە ناردراوەتە هەولێر لە شەرقی شیمالی قەڵای هەولێر چاڵاوێکی سەدو سی فووت قووڵی هەڵقەندووەو گەیشتۆتە ئاوێکی باش. وەکو بیستوومانە ئەگەر تورمپایەکی گەورەی هەبوایە ئەم چاڵاوە لە موددەتی بیست و چوار سەعات دا شەش سەد هەزار گالۆن ئاوی دەدا، بەڵام ئەمڕۆکە لە سەدو پەنجا کەمتر نادات و ئێستاش خەریکی هەڵقەندنی چاڵاوێکی دیکەن نزیک هەشتا فووتیان هەڵقەندووە.

لە جێگایانی باوەڕ پێ کراومان زانیوە کەچوار چاڵاوی وا هەڵدەقەندرێ تاکو شارەکەمان لە ترسی بێ ئاوی ڕزگاربێ و بۆ هەفتەی هاتوو لەلایەن پیاوە گەورەکانی حکوومەتەوە ڕەسمی گوشادی ئەم چاڵاوە دەکرێتەوەو گەلێک گەورە پیاوان ئیشتیراکی ئەم ڕەسمی گوشادە دەکەن. لەم مەسئەلەیەدا شوکران و سوپاسی ئەو گەورە پیاوەی دەکەین کە بۆ مەسئەلەی ئاو کۆششی فەرمووە)(٩).

دوا هەواڵی ئاوەدانکردنەوە لە گۆڤاری (ڕووناکی)دا هەواڵی دروستکردنی شەست و چوار

دووکـان و چایخانەیـەک و چـوار سەکۆیە بەبڕی (٤٧٥) دینار!

هەواڵەکە دەڵێ: (لەلایەن سەید هـادی مـەئمووری ئـەوقافی کـۆی شێـــت و چـــوار دووکـــان و چایخانەییێک و چوار سەکۆ لەسەر دەسـتووری تـازە بـە چـوار سـەدو حەفتاو پێنج دینار پێک هێنراوە. لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٥٤ هیجریـــــدا کۆتـــــایی هاتووە...هتاد)[10].

٢- هـەواڵی وەرزشـی: گۆڤـاری (ڕوونـاکی) لـە ژمـارەی دووەمیـدا هەواڵێکی وەرزشی بلاوکردووەتەوە، هەواڵەکە ئەوە دەسەلمێنێ کە هەولێر هەر لـە کۆنەوە گرنگیی بە وەرزش داوەو دەوڵەمەندەکانیشی هاندەرێکی باشی وەرزشی بوونە:

**کاسی ئەحمەد چەلەبی دەباغ**

(ئەحمـەد چەلـەبی دەبـاغ بـۆ موسـابەقەی حەرەکاتی ڕیازیەو تەشجیعی ڕووحی ڕیازیە لە زیو کاسێکی دروست کردووە ئەم کۆشەوەی ئەحمەد چەلـەبی سـوپاس دەکـرێ و شایانی منـەتداری و شـوکرانەیە ئومێـد دەکـرێ گـەورەکانی هـەولێر هـەریێک بـەڕوحێکی موقـەددەس و خاوێـەوە پێشـوازیی ئـەو جـۆرە مەشـرووعانە بفـەرموون و هەریێک لـە گـەڵ مەشـروعێکی نیشـتمانەکەیاندا خەریک بێ زۆر پـێ نـاچێت خاکـە پیرۆزەکـەمان گـەلێک سـەردەکەوێت و ڕوو لـە عیمـران دەکات)[11].

مرۆڤ کە لە خوێندنەوەی ئەم هەواڵە دەبێتەوە دەبینـێ چـۆن بەرپرسـانی گۆڤارەکـە هـەواڵی دروستکردنی کاسـەکەیان قۆزتووەتـەوە بـۆ ئـەوەی هانی دەوڵەمـەندەکانی شار بدەن کە هەریەکـەیان لەگەڵ پڕۆژەیەکی نیشتمانەکەیاندا خەریک بێ بۆ ئەوەی بە ماوەیەکی کەم شارەکە پێش بکەوێ و ئاوەدان بکرێتەوە بچێتە ڕیزی شارە بەناوبانگەکان.



شێت مستەفا

٣- هـەواڵی گەڕانـەوەی حاجییـان: یـەکێک لـە نەریتـە کۆنـەکانی شـاری هەولێر ئەوەبو کـە هـەموو ساڵێک حاجی لە سەفەری حـەج دەگەڕانـەوە، خـەڵک بەخۆشـی و بـەزم و دەف لێـدان و سـەلاواتەوە پێشـوازییان لـێ دەکـردن و بەکەژاوەیـەکی شـیاو حاجییەکـەیان بـۆ مـاڵ دەبردەوە.

گۆڤـاری (ڕوونـاکی) بـەم جۆرە باسی گەڕانەوە حاجییان دەکات:

(لـە ئـەهالی لیوامـان چـەند کەسـێک کەچووبوونـە تـەوافی بیـت اللە الحرام زادە اللـە الشـرف دەسـتەیەکیان بـە سـەلامەتی گەیشـتنەوە هەولێر.

ئـەهالی بـە دەف و دائـیرە بـە شـەرەف و ئیحتیرام پێشوازییان کردن بەشادمانی و کەیف و سروور گەیاندیانەوە ماڵی خۆیان خودا حـەجیان قبوول کاو لـە ئێـو مـاڵ و منداڵـیاندا بەخۆشـی ڕاببوێرن و حاجیـیەکانی لـە ڕێگـادان بەسـاغی و سەلامەتی بیانگەیێننەوە ماڵی خۆیان)[12].

٤- هەواڵی کۆچی دوایی ناودارێکی هەولێر:

**زایعاتێکی گەورە لە هەولێر**

(لـــە گـــەورە ئەشـــراف و ســـەرهاتی مەملەکەتەکـەمان حاجی سـەعید ئاغا کوڕی ئاغا ئاغای گەورە ئێـوارەی شـەممە بەیـەزدانی خـودا شـاد بوو بەڕاستی جێگـای ئەسـەف و عاجزیـە، خـودا سەبووری شەکیبای بدا بە براو برازاو خزم و کەس و کارو عایلەو ئەولادی مـەرحووم. ئێمـە بـەدڵێکی پڕ غەمـەوە ئیشـتیراکی حوزن و ماتـەمی کـەس و کاری مەرحووم دەکەین)[13].

**دووەم/ هەواڵەکانی دەرەوەی هەولێر:**

سەبارەت بـە هەواڵـەکانی دەرەوەی هـەولێر لـە

گۆڤاری (ڕووناكی)دا دوو جۆرە هەواڵ بەرچاو دەكەون:

١- هەواڵی كردنەوەی یانەی سەلاحەدین لە بەغدا

٢- هەواڵی چاپەمەنییەكان.

لە بارەی كردنەوەی یانەی سەلاحەدینی بەغدا گۆڤارەكە بەم جۆرە ڕایدەگەیەنێ:

یانەی سەلاحەدین لە بەغدا دەكرێتەوە

(لەلایەن گەورەو ناودارەكانی كوردەكانەوە لە بەغدا بۆ كردنەوەی یانەی سەلاحەدین تەقەلا دراو نیزامی ئەساسی ئەو یانەیە لەگەڵ مەزبەتەییێك كە بە ئیمزای نۆ نایب و تەعیانێكەوە ڕۆژی شەممە هەشتی شوبات تەقدیم بە وەزارەتی داخلیەی جەلیلە كراو لەم ڕۆژانەدا وام زانیوە كە كردنەوەی یانە لەلایەن وەزارەتەوە پەسەند فەرمووراوە.

ئەعیان ئەحمەد عوسمان بەگ، نایبی كەركووك: دارا بەگ، شێخ فائیق تاڵەبانی، داود بەگ جاف نایبی هەولێر مەلا حەویز ئاغا، میرانی قادر بەگ، حوسێن ئاغا مەلا، نایبی سلێمانی حامید بەگ جاف، عەلی كەمال بەگ.

ئەو كوردە موحتەرەمانە ئیمزایان كردووە بەهۆی ئەوان و چەند گەورەیێكی كوردەوە تەقدیم كرا ئومێد ئەكەین بەتایبەتی كوردو بەعموومی هەموو عێراقی یێك لەو یانەیە سوودمەند بێن و پایەی یەكەمین بێ خۆشەویستی و یەكێتی لە نێوانی برا عیراقیەكاندا.

هەرچەندە بەڕاستی گەورەكان بۆ ئەو كارە بەخێرە زۆر ماندوو بوون و تەقەلایان دا هەتا هاتە وجوود بەلام وا ئومێد ئەكرێ ئەو گەورە كوردانە لەڕووی دامەزراندنی یانە پتر تێ بكۆشن بۆ سەركەوتن و پێش خستنی ئەو یانەیەو لێی سارد نەبنەوە و هەروەكو لەسەرەتادا بە گەرمە پەلەیان كرد بۆ دامەزراندنی لە كردنەوەشی دا پتر هیمەت بفەرموون بۆ پایەداری و ڕاوەستان و بەردەوامی ئەو یانە پیرۆزە كەوا لەڕێی دا خۆیان ماندوو كردو پاردیان تێیدا بەخت فەرموو؟ لە بەغداو)[14].

سەبارەت بە هەواڵی چاپەمەنییەكانیش گۆڤاری (ڕووناكی) لە ژمارە (١و٢و٧)دا چەند هەواڵێكی ڕاگەیاندووە تیایاندا باسی ئەو كتێبانە دەكات كە لەو سەردەمیدا دەرچووبنە، كتێبەكانیش ئەمانەن:

## كوردستان

(لەلایەن موعەلیمی تەئریخ و جوغرافیای دەورەی دووەمی مەدرەسەی موتەوەسیتەی شوعبەی ئەدەبی مەداریسەكانی خاكی ئێران عەلی ئەسغەر شەمیم هەمەدانییەوە بەفارسی كتێبێكی بەناوی كوردستانەوە لە تەورێز چاپ كراوە)[15].

*ئومەرای سۆران

لەلایەن حوسێن حوزنی موكریانی خێوی چاپخانەی زاری كرمانجییەوە كتێبێك بەناوی (میرانی سۆران)ەوە چاپ كراوە. بە كورتی دێریكی (ئومەرایانی كوردی سۆران)ە نزیك سەدو بیست لاپەڕەیەكە كتێبێكی گەلێك سوودمەندە)[16].

## مەتبووعاتی تازە

(لە چاپخانەی زاری كرمانجی ڕواندز بە كورتی تەئریخی (دێریك)میرانی سۆران چاپ كراوە تەئلیفی دێریك نوبس حوسێن حوزنی دانەیەكی بەسی فلووسە)[17].

(لە تەڵەبەی حقووقی بەغدا لاوێكی كوردی بەكۆشەوەو غەیوور جەنابی شاكر فەتاح كتێبێكی كوردی بۆ شاگردانی مەكتەبی ئیبتیدائی تەئلیف كردووە وەكو دەبیژرێ چاپ كراوە)[18].

(موعەلیم مەدرەسەی كۆیی جەنابی سەعید فەهیم (ئەلف وبا)یێكی بەكوردی تەئلیف كردبوو وابزانم بۆ چاپ و نەشری موافەقەت كراوەو لە چاپ دراوە)[19].

## مەتبووعاتی تازەی كوردی

(لەلایەن جەنابی ڕەفیق حیلمی بەگ مامۆستای مەكتەبی موتەوەسیتەی بەغداوە كتێبێكی حسیابی لەسەر نەفەقەی خۆی چاپ كردووە. بۆ شاگردانی ڕیزی پێنجەم و شەشەم گەلێك باش و سوودمەندە ئومێد ئەكەین بە

هـەودس و خۆشـی زۆر بیکـرن تـاکو بێـک دوو تـەئلیفاتی دیکـەش بەددسـتەوەیە زوو بیخاتـە چاپەوە)[20].

(جەنابی فـازیل و عـالم مـەلا محەمـەد قزلجی کتێبێکی (چل فەرمووددی پێغەمبەر)ی بە کوردی لە چاپ داوە گەلێک باشەو بەکەلکە پڕ لە پەندو قسەی چاکە)[21].

## سێیەم/ هەواڵی جیهانی

لە هەواڵە جیهانییەکانی ئەو کاتی کە گۆڤاری (رووناکی) گرنگیی پێ داوەو بڵاوی کردووەتەوە، هـەواڵێکی زانسـتییە دەربـارەی (نۆرمـاندی)ی گەورەترین کەشتی جیهان.

گەورەترین کەشتی (پاپۆر)ی جیهان نۆرماندی (لـە حکوومـەتی فەرەنسـە کەشـتییێکی زۆر گەورە بەناوی (نۆرماندی) تازە دروست کراوە.

ئەو پاپۆرە لە هاڤیر هەتا نیورک بەچوار رۆژو سێ سەعات چووە. لە پێشکەوتندا رەقەم قیاسیی کەشتی (ببریمان) کە یێکە پاپۆری ناوداری ئەڵمان بوو لـە سـاڵی ١٩٢٩دا لـە هـاڤرەوە بـۆ نیـورک بەچوار رۆژو حەڤدە سەعات چووبوو...)[22].

## ئاگادارییەکان

گۆڤـاری (رووناکی) وەکـو تاکـە کـەناڵێکی ئەوسـای راگـەیاندن لـە هـەولێر چـەند ئاگادارییەکیشی تێدا بڵاوکراوەتەوە، ئاگادارییەکان هەندێکیان تایبەتن بـە دەزگاکـانی حکوومـەت و هـەندێکیش تایبـەتن بـە گۆڤارەکـە خـۆی، ئاگادارییەکیش سەبارەت بە فرۆشتن بەشێکی زەوی و زاری گوندێکە لە پارێزگای هەولێر.

ئاگادارییـەکانی حکوومـەتیش هـەندێکیان بەکوردین و هەندێکیشیان بەتورکی و عەرەبین.

ئاگادارییەکانی تایبەت بە حکوومەت بەزمانی کوردی ئەمانەن:

### ئیعلان

(رەسمی قەسەب و حسرانی قەزای ئەربیل قرار درابوو ئەمانەتەن ئیدارە بکرێ بینا لەبەر زهووری تالیب بەقراری مەجلیسی ئیدارەی لیوا ژمارە (١٧٤) و رۆژ ١٩٣٦/٤/٨ ئیعتیبـار لـە تـەئریخی ئـەم ئیعلانـەوە (١٠) رۆژ مـوددەی موزایـەدە تـەعیین کـراوە ئەوانـەی کـە تـابیعی ئیلتـیزامی ئـەم رسـوومانەیە بـە تـەئمیناتی نیزامییـەوە بـۆ مەجلیسـی ئیـدارەی لیـوا وەیـا موحاسەبەی لیوا لزوومی موراجەعەتیان ئیعلان نەکرێ)[22].

متصرف لواء اربیل

### ئیعلان

(لەبەر ئەمە کە بۆ ئیلتیزامی مەعبەری تەق تەق تالیب دەرچووەو بە ٦٠ دینار مۆرکزاوە لە ئیعتیبـاری ١٩٣٦/٤/٢٧ دە رۆژ مـوددەی موزایەدە تەعیین کرا. ئەوانە کە تالیبی ئیلتیزامی مەعبەری مەزکوور بە تەئمیناتی نیزامییەوە بۆ مەجلیسی ئیدارەی قەزای مەزکوور وەیا لیوا لزوومی موراجەعەتیان ئیعلان کرا)[24].

متصرف لواء اربیل

سـەبارەت بـە فرۆشـتنی سـێیەکی گونـدی (سـارەلوو)ش گۆڤارەکـە ئـەم ئاگادارییـەی بڵاوکردووەتەوە:

### ئیعلان

(سێیەکی هەموو گوندی (سارەلوو) کە داخیلی لیوای هەولێرە نزیک سەد تەغار بنەتۆ ئەرازی چاندنی هەیە دەفرۆشرێ هەر کەسێ موشتەرییەو دەیەوێ سێیەکە بەشی ئەو گوندە بکرێ لـە هـەولێر لە مەتبەعەی زاری کرمـانجی موراجەعـەی خـەلیل ئیبراهیم بکات)[25].

گۆڤـاری (رووناکی) دوو ئاگـاداریی تایبـەت بـە خۆیشی بڵاوکردووەتەوە، ئاگادارییەکیان لەبارەی هۆی دواکـەوتنی دەرچوونـی گۆڤارەکەیـەو ئـەوی دیکـەش سەبارەت بە ئابوونەی ساڵانەی گۆڤارەکەیە:

(لەبەر ئەوە ئەسباب و جێگای مەتبەعەکەمان پێک نەهێنرابوو مجەللەی رووناکی لە دەرکەوتنی پاش کەوتبوو لەم رۆژانەدا پێویستی مەتبەعەو جێگا رێک خراو حەرف چن (مرتب)ی زۆر چاک و کوستاخمان بۆ هاتووە.

ئومێد ئەکەین لەمە بەولاوە هەموو ڕۆژێ لەمەوسیمی خۆیدا دەرچێ و چاکترو جوان و مەرغووب بێ؟)[26].

## پاڕانەوەو تکاو خواهیشت

(لەبەر ئەوە کە ئەم مجەللە جگە لە داراوی موشتەریکە موحتەڕەمەکان چی ڕێگاییێکی دیکەی نیە بۆ خۆ ژیاندن و تایبەتی لەبەر موشتەریکە خۆشەویستەکان دەپاڕێینەوە بۆ ئەمە کە ئەم مجللە ئیدارە بکرێ و دوا نەکەوێ بەدەلی ئیشتراکی ساڵانەمان پێ لوتف بفەرموون؟)[27].

ئەمەو گۆڤارەکە دوو ئاگاداریی بە زمانی تورکی و ئاگاداربیەکیشی بە زمانی عەرەبی بڵاوکردووەتەوە، ئاگاداربیە عەرەبییەکەو ئاگاداربیەکی تورکی لە سێ ژمارەدا دووبارە کراونەتەوە ئەویش ژمارە (٤و٥و٦)ە، ئاگاداربیە تورکییەکەی دیکەش لە ژمارە (١٠)ی ڕۆژی ٢٥/ی نیسانی ١٩٣٦دا بڵاوکراوەتەوە.

## پڕۆپاگەندە

گۆڤاری (ڕووناکی) پڕۆپاگەندەی بۆ دوو شت کردووە، هەردوو شتەکەش تایبەتن بە گۆڤارەکەو کارمەندانی و چاپخانەکەیەوە، ئەمەش شتێکی ئاساییەو بەهیچ شێوەییێک نابێتە جێگەی سەرسوڕمان.. پڕۆپاگەندەی یەکەم بۆ چاپخانەی (زاری کرمانج) و هی دووەمیش بۆ نووسینگەی پارێزەر (شیت مستەفا)ی بەڕێوەبەری لێپرسراوی گۆڤارەکەیە، هەردووکیش لە ژمارە (٧)ەوە دەستی پێ کردووەو لە هەموو ژمارەکانی دواتریش دووپات کراونەتەوە.

لە ژمارە (٧)دا بەم جۆرە باسی چاپخانەی زاری کرمانجی کراوە:

(مەتبەعەی زاری کرمانجی هەولێر بۆ تەبعی هەموو مەتبووعاتێک ئامادەیە).

بۆ پارێزەر شیت مستەفاش دەڵێ:

(ئوستاز شیت ئەفەندی مستەفا موحامیێکی ماهیرو قانوون شناسە مەحەللی لە هەولێر لە نزیک سەرای حکوومەتە تەماشای هەموو دەعواییێک دەکات هەرکەسێ چی جۆرە دەعواییێکی هەبێ موراجەعەت بەو ئوستادە فازیلە بفەرمووێ).

بەڵام لە ژمارە (٨و٩و١٠و١١) هەردوو پڕۆپاگەندەکە بەم جۆرەن:

(چاپی زاری کرمانجی هەولێر بۆ چاپ کردنی هەموو نوسراوێک ئامادەیە).

(موحامی شیت مستەفا تەماشای هەموو دەعواییێک دەکا مەحەللی لە نزیک سەرای حکوومەتە).

## پەراوێزەکان:

(١)هەرچەندە هەندێک جار ماوەی دەرچوونی نێوان هەر ژمارەیەک و ژمارەی دواتری لە هەفتەیەک زیاتر بووە بەڵام نزیکەی نیوەی ژمارەکانی هەفتانە بەڕێکوپێکی دەرچوونە.

(٢)جاران هەولێر لیوا بوو، دوای دەرچوونی یاسای پارێزگاکان هەموو لیوایەکانی بوونە پارێزگا.

(٣)دەقەکان بێ دەستکاری بەڵام بەڕێنووسی ئێستای کوردی دەنووسینەوە ئەویش بۆ ئاسانترکردنی خوێندنەوەیەتی بۆ خوێنەری ئێستا.

(٤)گۆڤاری ڕووناکی ژمارە (٣) ل١٣.

(٥)گۆڤاری ڕووناکی ژمارە (٣) ل١٣.

(٦)گۆڤاری ڕووناکی ژمارە (٤) ل١٥و١٦.

(٧)گۆڤاری ڕووناکی ژمارە (٨) ل١٤.

(٨و٩)گۆڤاری ڕووناکی ژمارە (٨) ل١٦.

(١٠)گۆڤاری ڕووناکی ژمارە (١٠) ل١١.

(١١)گۆڤاری ڕووناکی ژمارە (٢) ل١٢.

(١٢)گۆڤاری ڕووناکی ژمارە (٧) ل١٦.

(١٣)گۆڤاری ڕووناکی ژمارە (٧) ل١٥.

(١٤)گۆڤاری ڕووناکی ژمارە (٧) ل٣و٤.

(١٥)گۆڤاری ڕووناکی ژمارە (١) ل٩.

(١٦)گۆڤاری ڕووناکی ژمارە (١) ل١٤.

(١٧و١٨و١٩)گۆڤاری ڕووناکی ژمارە (٢) ل١٥.

(٢٠و٢١)گۆڤاری ڕووناکی ژمارە (٧) ل١٦.

(٢٢)گۆڤاری ڕووناکی ژمارە (٩) ل٦.

(٢٣)گۆڤاری ڕووناکی ژمارە (١٠) ل٢٥.

(٢٤)گۆڤاری ڕووناکی ژمارە (١١) ل١٠.

(٢٥و٢٦)گۆڤاری ڕووناکی ژمارە (١٠) ل١٦.

(٢٧)گۆڤاری ڕووناکی ژمارە (١٠) ل١٥.

---

* سەرنووسەری گۆڤاری هەنگ.

موجز المقالة

# الأخبار والإعلانات والدعاية في مجلة روناكي

حەمە ساڵح فەرهادی

صدرت مجلة روناكي التي كانت مجلة علمية واجتماعية وادبية أسبوعية في الفترة بين ١٩٣٥/١٠/٢٤ و ١٩٣٦/٥/١٦ لصاحبها حسين حزني موكرياني ومديرها المسؤول المحامي شيت مصطفى أحد عشرة عددا.

وكانت المجلة تنشر مواضيع علمية واجتماعية وتاريخية وتربوية والشعر وتاريخ حياة الشعراء والرجال العظام.. الخ من المعلوم ان المجلة أسبوعية كانت احسن مصدر للأخبار والإعلان والدعاية

## الأخبار

ويمكن تقسيم الأخبار في مجلة روناكي إلى ثلاثة أقسام رئيسية:

**أولا: الاخبار الداخلية الخاصة باربيل**

**ثانيا: أخبار خارج اربيل**

**ثالثا: الاخبار العالمية**

وتنقسم الأخبار الداخلية الخاصة باربيل إلى قسمين.. أحدهما أخبار حكومية كيوم خدمة الوطن، و زيارة متصرف اللواء إلى كويسنجق و زيارة وزير الداخلية لاربيل واستقباله هو والوفد المرافق له من قبل مسؤول اللواء.. وتصف المجلة وصفاً مهماً لهذا الاستقبال.. ثم تصف المجلة مراسيم توديع وزير الداخلية رشيد عالي الكيلاني وابداء مراسيم استقباله في ناحية الكوير وتوديعه إلى وصوله إلى الزاب في حدود الموصل.

وفي عدد آخر من المجلة نشرت خبرا حول تبليط الطرق من قبل دائرة الأشغال كما نشرت خبرا حول إيصال الماء إلى سهل قراج. وفي خبر آخر نشرت المجلة خبرا حول حفر بئر ارتوازي في مدينة اربيل و آخر خبر حول تشييد أربعة وستين دكانا ومقهى واربع مصاطب في كويسنجق.

٢-الأخبار الرياضية ويظهر من هذا الخبر ان مدينة اربيل قد أولت الرياضة اهتماما بالغا. وتشير المجلة إلى ان السيد احمد جلبي دباغ تشجيعا منه للروح الرياضية قد صنع كأسا من الفضة وتأمل المجلة من يستقبلوا مثل هذه المشاريع.

٣-أخبار عودة الحجاج من زيارة بيت الله الحرام وتصف المجلة كيف ان الناس استقبلوا عودة الحجاج بالدفوف والصلوات.

٤-خبر عن وفاة الأشخاص المعروفين في اربيل.. وهو الحاج سعيد اغا بن طه اغا أحد أشراف اربيل.

ثانيا: الأخبار الخاصة بخارج اربيل.. وتتضمن خبرين أحدهما خاص بفتح نادي صلاح الدين في بغداد والآخر حول أخبار المطبوعات وبخصوص نادي صلاح الدين ذكرت المجلة أسماء نواب البرلمان لألوية كركوك واربيل والسليمانية الذين قدموا طلبا لفتح النادي المذكور.

اما بخصوص المطبوعات فتذكر المجلة عددا من الكتب المطبوعة، منها (كوردستان) الذي ألفه علي اصغر شميم الهمداني و(أمراء) سوران الذي ألفه السيد حسين حزني الموكرياني. ومن المطبوعات الحديثة كتاب مدرسي من قبل شاكر فتاح (الشهيد) وكتاب الألفباء من قبل السيد سعيد نهجة.. وأخيرا كتاب (الحساب) من قبل السيد رفيق حلمي.

ثالثا: الأخبار العالمية:

ومن الأخبار العالمية نشرت المجلة خبراً حول سفينة كبيرة باسم (نورماندي)

## الإعلانات

وكانت المجلة روناكي باعتبارها القنال الإعلامي الوحيد تنشر الإعلانات الحكومية والإعلانات الخاصة بالمجلة نفسها.. وكانت الإعلانات بالكردية ونشر قسم منها باللغتين العربية والتركية..

ومن بين الإعلانات الخاصة بالمجلة تطلب من المشتركين رفع بدلات الاشتراك حتى لا تحتجب المجلة وتكون قادرة على الصدور...!

## الدعاية


والدعاية خاصة بالمجلة، ففي العدد (٧) من المجلة نشرت المجلة تقول: ان مطبعة (زاري كرمانجي) مستعدة لطبع كل المطبوعات. وبخصوص المحامي شيت مصطفى تقول:

(ان أستاذ شيت مصطفى محام ماهر يقع محله قرب سراي الحكومة وكررت المجلة الدعاية نفسها في الأعداد ١١،١٠،٩،٨).

## بەبۆنەی یادی (٧٨) ساڵەی دەرچوونیەوە

## کورتەیەك لە هونەرەکانی رۆژنامەگەریی

# لە رۆژنامەی (رۆژ کوردستان)دا



حامد محەمەد عەلی *

**پاش دامەزراندی حکومەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١) رۆژنامەگەریی کوردی جۆرە گەشەسەندن و پێشکەوتنێکی بەخۆوە بینی، ئەوەبوو لە سلێمانی بە حوکمی ئەو بارودۆخە سیاسیە نوێیە کە هاتە ئاراوە کۆمەڵێك رۆژنامە دەرچوون، گرنگترینیان (رۆژ کوردستان) بوو کە زمانحاڵی شێخ مەحمودی نەمرو حوکمدارییەتەکەی بوو لە شاری سلێمانی.**


### چەند زانیارییەك لەسەر ژمارەکانی و دەستەی نووسەرانی

یەکەمین ژمارەی (رۆژ کوردستان) لە رۆژی چوارشەمە (١٥)ی تشرینی دووەم ١٩٢٢ی زایینی بەرامبەر (٢٥) رەبیعول ئەوەل (١٣٤١)ی کۆچی بە چوار لاپەرەی قەبارە بچووک بە شێوەیەکی هەفتانە دەردەچوو، سەرەتا رۆژانی چوارشەمەو پاشتر لە ژمارە (١١)وە رۆژانی شەمە دەردەچوو.. لە ژێر ناوی رۆژنامەکەدا وا پێناسە کراوە کە رۆژنامەیەکی (سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعی، رەسمی بە هەفتەی جارێک دەردەچێ)..

لە نێوان ١٩٢٢/١١/١٥ و ١٩٢٣/٣/٣دا (١٦) ژمارەی بەبێ دواکەوتن لێ دەرچوو.. خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری رۆژنامەکە(م. نوری) بوو کە بە رای زۆر کەس ئەو زاتە (شێخ نوری شێخ ساڵح)ە. نووسەری سەرەکیشی (عەلی کەمال باپیر ئاغا)ی شاعیر بووە، هەروەها (رەفیق حیلمی)و (عارف سائیب) بە بەرهەم و بابەتی ئەدەبی و رۆشنبیریی بەشداری رۆژنامەکەیان کردووە.

نرخی رۆژنامەکە (ئانەیەک) واتە (٤) فلس بووە، بەهای بەشداری ساڵانەی (بدل الاشتراك السنوي) چوار روپیە واتە (٣٠٠) فلس بووە، پاشان بەهۆی باری ناهەمواری دارایییەوە، ئەو برە بەرزکرایەوە بۆ شەش روپیە.

هەموو ژمارەکانی (رۆژ کوردستان) لە چاپخانەی شارەوانی سلێمانی چاپکراون.


م . نوری
علی کمال
روژ کوردستان
تاریخ انتشار
۱۵ تشرین ثانی ۱۹۲۲
سلیمانی
سال ۱ ژماره ۱ [چوارشمه] ۲۵ ربیع الاول ۱۳٤۱ ۱۵ تشرین ثانی ۱۹۲۲

قهرمانه کوردستانه
حضرت اسماعیل آغا ـ سمکو

هفته‌ی پیش جناب طاهر افندی سرکاتب، حضرت
ملوکانه به قوتیکی سواری یه وه تشریفی حرکتی کرد بو
استقبال حضرت قهرمان کوردستان جناب اسماعیل آغا
روژی ۱۰ کانون ثانی ۳۹ که جناب آغا قوناغی
نزیکی سلیمانی بووه حضرت رئیس الرؤسا جناب شیخ

## لایەنی زمانەوانی لــــە (ڕۆژ کوردستان)دا

لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری خودی و بابەتی، زمانی (ڕۆژ کوردستان) کوردییەکی سادەو پڕ لە وشەی عەرەبی بوو، ئەوەش بۆئەوە سەردەمە بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە دیاردەیەکی سەیر نییە، بەتایبەتی ئەگەر بزانین کە هێشتا زمانی نووسین و ڕۆژنامەگەریی کوردی لە قۆناغی سەرەتاییدا بووەو، وەکو پێویست گەشەی نەکردووە، هەروەها دەستەی نووسەرانیش زمانەکانی (عەرەبی و فارسی و تورکی)* زاڵ بووە بەسەریاندا.. دیارە کە بەشێکی زۆری ئەم حاڵەتەش بۆ واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کاتەی کوردستان دەگەڕێتەوە.

هەروەها ـجگە لە عەرەبیـ زۆر وشەو زاراوەی بێگانە لە (ڕۆژ کوردستان)دا بەکارهاتووە، لەوانە (غەزەتە) کە تورکییەو لە بنەڕەتدا ئیتاڵییە، هەروەها وشەی (نومرو) کە فەرەنسییەو لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بەکار دەبرێت و، وشەی (ڕوپیە) کە هیندییەو لە سەردەمی داگیرکردنی بەریتانیادا لە عێراق بلاوبووبووەوە، تا ئەمڕۆش هەندێ لە بەتەمەنەکان بەکاری دەهێنن.

## هەواڵ لە (ڕۆژ کوردستان)دا

لەبەر ئەوەی (ڕۆژ کوردستان) ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕەسمی بوو، بایەخێکی تایبەتی بە هەواڵ دەدا.. هەروەها فەرمان و بڕیارو بەیاننامەکانی بلاودەکردەوە.. لە ژمارە (٦)دا هەواڵێک دەخوێنینەوە، دەربارەی سەردانی ژمارەیەک لە سەرۆک هۆزو عەشیرەتە کوردییەکان بۆ لای شێخ مەحمود، بەمەبەستی پیرۆزبایی کردن لە حوکمداری کوردستان.

یەکێکی تر لەو هەواڵانە کە (ڕۆژ کوردستان) بلاوی کردۆتەوە دەتوانین ناوی (ڕاپۆرتە هەواڵ)ی لێ بنێین و، دوا لاپەڕەی ژمارە (٨)ی ڕۆژنامەکەی سەرتاپاگرتووە، لە ژێر ناونیشانی (**قهرمان کوردستان حضرت اسماعیل اغا سمکو**)یە کە باسی هاتنی (سمکۆ) بۆ سلێمانی و چۆنیەتی پێشوازی لێ کردنی دەکات.

لە هەمان کاتدا (ڕۆژ کوردستان) هەواڵەکانی دەرەوەی پشت گوێ نەخستووە، بەڵکو بایەخی تایبەتی پێ داون.. بۆ نموونە لە لاپەڕە (٣)ی ژمارە (١)دا هەواڵێک بلاوکراوەتەوە لە ژێر ناونیشانی (یۆنانییەکان لە تورکیا دەچنە دەرەوە) هەر لە هەمان لاپەڕەو ژمارەدا هەواڵێکی تری دەرەوە بلاوکراوەتەوە بەناوی (بۆلشەویک معاونت نەقەردیان زۆر کردووە). بەو شێوە لە زۆربەی ژمارەکاندا، بەڵکو لە هەموویاندا هەواڵی ناوخۆ و دەرەوە بلاوکراوەتەوە..

شیاوی باسە کە (ڕۆژ کوردستان) بە بایەخەوە هەواڵی لەسەر کێشەی کورد لە ناوەندە نێو دەوڵەتییەکاندا بلاودەکردەوە، بەتایبەتی کە لە نێوان هەردوو پەیماننامەی (سیڤەر) و (لۆزان)دا ڕۆژنامەکە دەرچووە.

## وتار لە (ڕۆژ کوردستان)دا

هەر لە ژمارە یەکەوە تا دوا ژمارەی، (ڕۆژ کوردستان) کۆمەڵە وتارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی بلاوکردۆتەوە، بەتایبەتی لە لاپەڕەکانی (١ و٢)دا.. خۆ ئەگەر بە وردی سەرنجی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە بدەین، دەبینین وتار (مقال) ڕووبەرێکی فراوانتری لە بابەتەکانیتر داگیرکردووە، لە هەندێ ژمارەدا

وتارێک زیاتر لە لاپەرەیەکی داگیرکردووە، وتارەکانیش هەمیشە یەکەم بابەتی ژمارەکانی (رۆژ کوردستان) بوون، واتە لە ستوونی یەکەمی لاپەرەیەکەوە بڵاوکراونەتەوە.. تێکرای ئەو وتارانە سیمای سیاسی - نەتەوەیی زاڵە بەسەریانداو، باسی مێژووی کوردو کێشە رەواکەی دەکەن، هەندێ لە وتارەکانیش ناوەرۆکیان (سیاسی گشتی)یان (کۆمەڵایەتی) بوون، (رۆژ کوردستان)و دەستەی نووسەرانی ئاگاداری رۆژنامەکانی تری عێراق بوون و هەندێ جار رەدی بابەت و وتارەکانی ئەو رۆژنامانەشیان داوەتەوە، هەروەکو لە ژمارە (١)داو بە پێنووسی (عارف سائیب) وتارێک لە لاپەرە (١و٢)دا بەبێ سەردێر بڵاوکراوەتەوە، تیایدا رەددی دوو وتاری رۆژنامەی (العراق)ی ئەو کاتە دراوەتەوە کە لە ژمارەکانی (٧٣٨و ٧٤٣)دا بڵاوکراونەتەوە، پوختەکەشیان ئەوەیە کە حزبی (الحر العراقي) داوای لە حکومەت کردووە کەوا (کوردستان بەناوی لیوای سلێمانییەوە بخرێتەوە نێو سنووری سروشتی عێراقەوە، چونکە پەیوەندی بازرگانی و ئابووری زۆر لەگەڵ بەغدادا هەیە، داواش دەکات کە ماف و سنووری سروشتی عێراق لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، پارێزگاری لێ بکرێت).

(رۆژ کوردستان) لە وتارەکەیدا گلەیی لە رۆژنامەی (العراق) دەکات کە (ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کوردستان)ی بە (ئەنجومەنی ئیدارەی




کوردستان) ناوبردووە، دڵێ ئێمە چاوەڕێی ئەو جۆرە هەڵوێستانە نەبووین لە دراوسێیەکی بەرێزی خۆمان کە پێی لە مافی هەزار ساڵەی ئەو میللەت و حکومەتە بنێت.

### سەروتار لە (رۆژ کوردستان)دا

ئەگەر سەروتار بریتی بێت لەو وتارەی کە هەواڵ و رووداوە هەنووکەییەکان راقە دەکات و لێکیان دەداتەوە، بیروڕای تایبەتیان لەسەر بڵاودەکاتەوە کە گوزارشت لە سیاسەتی رۆژنامەکە دەکات، ئەوا لە هەندێ لە ژمارەکانی (رۆژ کوردستان)دا ئەم هونەرە لە نووسینی رۆژنامەگەریی بەدی دەکرێ، بەتایبەتی لە ژمارەکانی (١-٦-٩-١٠) کە یەکەمین وتار لە هەریەکە لەو ژمارانەدا سیما و خەسڵەتی (سەروتار)ی هەڵگرتووە، بەڵام بە رەچاوکردنی ئەو راستییە کە تێکرای رۆژنامەکە چ لە رووی دەرهێنان و چ لە رووی هونەرەکانی نووسینەوە، جۆرێک لە ساکاری پێوە دیارە، ئاشکرایە کە ئەم حاڵەتەش بۆ (٧٧) ساڵ پێشی ئێستا ئاساییە، بەتایبەتیش بۆ گەلێکی وڵات داگیرکراوی وەک کورد، کە تەنانەت نۆبەرەی رۆژنامەگەرییەکەشی لە وڵاتی غەریبی سەری هەڵدابێت.

لە ژمارە (١)دا وەک مەسەلەیەکی سروشتی، سەروتار بە کورتی باسی چۆنیەتی دەرچوونی رۆژنامەی (رۆژ کوردستان) دەکات کە جێی (بانگ کوردستان)ەکەی (مستەفا پاشای یاملکی) گرتەوە، هەروەها روونی دەکاتەوە کە

پاش وازهێنانی ئەو زاتە تەرکی خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری بە (م. نوری) سپێردراوە، کە بە فەرمانی تایبەتی جەلالەتی مەلیکی کوردستان بووە، سەروتاری ژمارە (٦) باسی ململانێ و ناکۆکی نێوان تورک و عەرەبە لەسەر ویلایەتی موسڵ، کە باسی گەرمی ئەو سەردەمە بووە..

وتاری سەرەکی ژمارە (٩) کە دیسان دەتوانین بە سەروتار لە قەڵەمی بدەین، لە ژێر سەردێری (کوردستان ماڵی کوردانە) جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە (کورد)یش وەک هەموو نەتەوەیەکی تر، دەبێ خۆی خاوەنی خاک و وڵاتی خۆی بێت، دیارە ئەم وتارەش لەسەرو بەندی گرێدانی پەیماننامەی (لۆزان)دا نووسراوە، کە چاوەڕێ دەکرا کێشەی نەتەوەکانی ناوچەکە چارەسەر بکات، لەوانە کێشەی کورد.

سەروتاری ژمارە (١٠) کە لە ژێر ناونیشانی (قسەی ناهەق ڕەت دەکرێتەوە) نووسراوە، دیسان بە دواداچوون و ڕەتدانەوەی وتارێکی رۆژنامەی (نجمە)یە، کە ئەویش لە رۆژنامەی (العراق)ەوە وەریگرتووەو، قسە لەوە دەکات گوایە بەشی زۆری دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ عەرەب و تورکمانن و، تەنها سلێمانی لەو ویلایەتەدا کوردستانە...!!

بەو شێوە دەبینین سەرنووسەری (رۆژ کوردستان) و هاوکارانی چەندە دڵگەرمن بۆ داکۆکی کردن لە مافی گەلەکەیان و، چۆن گەرماوگەرم بەدەم ڕووداوەکانەوە چوون و، روونکردنەوەی پێویستیان لەسەر داوە.

### جاردان (الاعلان) لە (رۆژ کوردستان)دا

ڕێکلام بەهەموو جۆرەکانییەوە ڕووبەرێکی گەورەی لە لاپەڕەکانی رۆژنامەی (رۆژ کوردستان) داگیرکردووە، بەتایبەتی ئەگەر بێتو قەبارەی رۆژنامەکەو ژمارەی لاپەڕەکانی لەبەرچاو بگرین، بەجۆرێک کە هیچ ژمارەیەک نابینین ئەم ماددە رۆژنامەگەریەی تێدا نەبێت.. (رۆژ کوردستان) نرخی هەر دێڕێک لە (ڕێکلام) بە (٣) عانە واتە (١٢) فلس دیاریکردووە.. بەشی زۆری ڕێکلامەکانی لە ژمارەی بەراییەکاندا بڵاوکراونەتەوە، بۆ نموونە لە ژمارە (١)دا (٤) ڕێکلام و، لە ژمارە (٢)دا (٦) و لە هەریەکە لە ژمارە (٤و١٠)دا (٥) ڕێکلام بڵاوکراوەتەوە.. زۆربەی ڕێکلامەکانی لەسەر فرۆشتنی زەوی و زارو خانووبەرەیە، هەروەها هەندێکیان ئاگاداری رەسمیین لەوانە ئاگادارییەک لە ژمارە (١٣)دا دەربارەی پێکهێنانی (تیپێک بۆ سوارچاکان) بڵاوکراوەتەوەو، داوا دەکات لە هەر کەسێ کە دەیەوێ بچێتە ناویەوە خۆی تۆمار بکات.. هەندێکی تر لەو ڕێکلامانە سروشتی هەواڵیان پێوە دیارە، یا تایبەتن بە دادگاو سەوداسەری بازرگانییەوە..

یەکێکی تر لەو بابەتانەی کە لە (رۆژ کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە فەرمانە رەسمییەکانە واتە (اوامر) کە لە ژێر ناونیشانی (ارادات)دا بڵاوکراوەتەوە.. بۆ نموونە لە ژمارە (١)دا لە لاپەڕە (٣) ئەم بابەتە بەدی دەکرێ، کە لە چوار خاڵدا فەرمانی دامەزراندنی ژمارەیەک لە فەرمانبەرانی حوکمدارییەت راگەیەنراوە، لەوانە بەرزکردنەوەی پلەی (شێخ قادر ئەفەندی) سوپاسالاری کوردستان بۆ پلەی (رئیس الرؤسا) و جێگری حکومەتی کوردستان.

**پەراوێز:**

*لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی (رۆژ کوردستان) هەواڵ و ڕێکلام و تەنانەت (شیعر)یش بە تورکی بڵاوکراوەتەوە، کە ئەو کاتە تەنها بە ئەلف و بێی عەرەبی بووە.. شتێکی ئاشکرایە کە رۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەمە بەتایبەتی ئەدیب و شاعیرەکان بە چاکی زمانی (تورکی و فارسی و عەرەبی)یان زانیوە.

**سەرچاوەکان:**

١- رۆژ کوردستان - کۆکردنەوەی جەمال خەزنەدار.
٢- تێگەیشتنی راستی - د. کەمال مەزهەر.

* بەڕێوەبەری نووسین لە رۆژنامەی یەکگرتوودا

موجز المقالة

# بمناسبة الذكرى (٧٨) من صدورها نبذة عن فنون الصحافة في صحيفة (رۆژ كوردستان)

حامد محەمەد عەلی

شهدت الصحافة الكردية نوعاً من التطور والتقدم بعيد تأسيس الحكومة العراقية نتيجة الظروف الجديدة وصدرت عدد من الصحف ومنها صحيفة (رۆژ كوردستان) التي أصبحت لسان حال حكومة الشيخ محمود في السليمانية.

بعض المعلومات حول اعداد الصحيفة وهيئة تحريرها:

صدر العدد الأول من الصحيفة في يوم الأربعاء ١٩٢٢/١١/١٥ بصورة أسبوعية وكتب تحت اسم الصحيفة على انها صحيفة (سياسية، أدبية، اجتماعية رسمية تصدر مرة في الأسبوع).

وكان صاحب امتيازها ورئيس تحريرها (م. نوري) الذي يعتقد انه الشاعر شيخ نوري شيخ صالح.

**الناحية اللغوية في (رۆژ كوردستان):**

لأسباب ذاتية وموضوعية، فان لغة الصحيفة تتسم بالبساطة وتكتنفها كلمات عربية، وليس هذا الامر غريب، إذا علمنا بان الصحافة الكردية كانت في مراحلها البدائية، وكان اللغة العربية والفارسية والتركية لها تأثيرها على هيئة تحريرها، وبالإضافة إلى ذلك فان ثمة كلمات أجنبية أخرى مثل (غزته) التركية والتي اصلها إيطالية وكلمة (نومرو) الفرنسية و(روبية) الهندية.

**الأخبار في (رۆژ كوردستان):**

نظراً لكون الصحيفة سياسية و رسمية، فانها أولت اهتماما بالأخبار أو تقارير خبرية.. فتقرأ فيها مجيء رؤساء العشائر الكردية لتهنئة الشيخ محمود بتنصيبه ملكا على كوردستان، كما تشاهد خبرا آخر حول زيارة اسماعيل خان سمكو الشكاك إلى مدينة السليمانية، هذا بالإضافة إلى نشر الأخبار حول القضية الكردية.

**المقال في (رۆژ كوردستان):**

احتل المقال جزء كبيرا في الصحيفة وكان المقال ينشر في العمود الأول من الصحيفة وتظهر الملامح القومية على هذه المقالات، وتتحدث المقالات عن قضية الكرد العادلة وتاريخه كما ان بعض مقالاتها ترد على ما جاء في بعض الصحف العراقية التي كانت تؤلب الحكومة العراقية لوضع السليمانية تحت سيطرتها.

**المقال الافتتاحي في (رۆژ كوردستان):**

إذا كان المقال الافتتاحي يشرح الأحداث الآنية، ويعبر عن سياسة الصحيفة، فان ذلك يتجلى بوضوح في اعداد صحيفة (رۆژ كوردستان) الا ان البساطة تظهر بوضوح سواء على الإخراج أو الفن الكتابي. وان هذه الظاهرة ليست غريبة على صحيفة صدرت قبل (٧٧) سنة من الآن.

من العدد الأول تتحدث الصحيفة عن ظروف صدورها وانها جاءت لتحل محلة صحيفة (بانگ كوردستان) لـ(مصطفى باشا ياملكي) وانها صدرت بأمر خاص من صاحب الجلالة ملك كوردستان.

ويمكن اعتبار المقال الرئيسي في العدد (٩) بالمقال الافتتاحي حيث يتير إلى ان (كوردستان بيت الأكراد) ويؤكد على ان للأكراد الحق مثل كل الأمم الأخرى ان يكونوا صاحب أرضهم ووطنهم.

**الإعلان في صحيفة (رۆژ كوردستان):**

يشكل الإعلان بكل أنواعه مساحة كبيرة على صفحات الجريدة، حيث لا ترى عددا منها خاليا من الإعلان وكانت أجور السطر الواحد من الإعلان (٣) عانات أي (١٢) فلسا. وكانت الإعلانات أكثرها حول بيع الأراضي والعقارات.

وفي أحد الاعداد نشر امر رفع مرتبة الشيخ قادر الحفيد من رئيس أركان الجيش إلى رتبة رئيس الرؤساء.


**لێکۆڵینەوە:**

# ڕۆژنامە و کۆڤارەکانی کوردستان

# گرفتەکانی و بڵاوکردنەوە


## ڕۆژنامەی یەکگرتوو وەك نموونە

عومەر عەلی غەفور*



### دەسپێك:

ئەگەر بێین سەرژمێرییەکی ئەو نووسەرو ئەدیب و کادیرە ئیعلامییانە بکەین کە لە پاش ڕاپەڕینەوە تا ئەمرۆ. لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن (ڕۆژنامە. گۆڤار. ڕادیۆ. تەلەفزیۆن) و سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکانی کوردستاندا. کاردەکەن و سەدان دەبن و لە ئەدەبیاتی ڕۆژنامەوانیدا پێیان دەوترێ (ڕۆژنامەنووس). دەبینین بەشی هەرەزۆریان لەو بوارەدا کەسانی ناپسپۆڕن و بە بێ پاشخان و ئەزموون و شارەزاییەکی زانستیی پێشینە لە بوارێ ڕۆژنامەنووسیداو. تەنها بەحوکمی ئیهتیماماتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و لەژێر کاریگەری و داخوازییەکانی واقیعە سیاسی و فیکری و ڕۆشنبیرییە لەناکاو هاتووەکەی کوردستانی پاش ڕاپەڕینیداهاتوونەتە مەیدانەکەو. تەنها سەلیقەو زەوقی شەخسی و شارەزاییەکی ساکارو پاشخانی ڕۆشنبیریی خۆیان - جۆری ئەو سیاسەتە ئایدیایی و گروپیەی بۆ




**٢٢ی نیسان ١٨٩٨ یەکەم ڕاپەڕینی وشەی کوردیە.**

تۆرگان (زمانحاڵ)ەکە دانراوە، ڕێڕەو و ڕەوتی کارو چالاکییە ڕۆشنبیری ـ ئیعلامییەکانی ڕەنگرێژ کردووەو لە ڕێی پرۆسەی هەوڵدان و هەڵەکردن (المحاولـــة والخطـــأ)ەوە وردە وردە خیبرەیان پەیدا کردووەو بە تایبەتمەندی و پێداویستی و مەرجە بابەتییەکانی جیهانەکە ئاشنا بوون. ئەڵبەتە جگە لە ژمارەیەکی کەم لەوانە کە دەرچووی کۆلێژی ڕاگەیاندنن و شارەزایی ئەکادیمییان هەیە، یان پێش ڕاپەڕین لە دەزگا ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانییەکانی حکومەتی ناوەندیدا، یان لە ڕۆژنامەگەریی شاخدا کاریان کردووەو شارەزاییەکی ڕێژەییان لەو بوارەدا هەیە.

دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی یەکگرتوویش (کە ڕۆژی ١٩٩٤/٤/٢٢، یەکەم ژمارەی دەرچووەو تا ئێستاش بە ڕێکوپێکی هەفتەی جارێک دەرچووە) لەم هاوکێشەیە بەدەر نییە.

بەڵام جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییەش بکەین کە کادیرەکانی ڕاگەیاندن (مەبەست لێرەدا زیاتر دەستەی نووسەران ـ هیئـــة التحريـــر)ە، گەرچی شارەزایی و پسپۆڕی و ئەزموونی پێویستیان لە بواری کاری ڕۆژنامەوانیدا نەبووە، بەڵام لە ڕووی ڕۆشنبیری و فیکرییەوە تواناو شارەزاییان هەبووە، ئەم پاشخانە پێش نییەیەش خۆی بۆ خۆی ئاست و جۆرێک ئەزموون و تواناو سەلیقە و لێهاتنی خاوە بووە لەو کەسانە داو تواناو سەلیقەی ئەوەی داونەتێ کە بزانن چ جۆرە بابەتێک بۆ بڵاوکردنەوە پەسەند دەکەن و چ جۆرێکیش ڕەت دەکەنەوە. ئەوەتا دەبینین ئەوانەی بڕیار دەدەن ڕۆژنامە یان گۆڤارێک دەربکەن یەکسەر بیر دەکەنەوە کەسانی ڕۆشنبیرو خاوەن قەڵەم بۆ دەستەی نووسەرانی بڵاوکراوەکە دیاری بکەن، شاعیرو ئەدیبەکان پشکی دیاریان لەو بوارەدا بەرکەوتووە.

ڕۆشنبیربوونی ئەندامانی دەستەی نووسەران سەرەتایەکی باشە بۆ چوونە ناو مەیدانی کاری ڕۆژنامەوانیی لە بارێکدا کە بەدیلی لەوە چاکتر و پسپۆڕتر نەبێ، لەگەڵ مومارەسەش ئەو ئەندامانە وردە وردە لەگەڵ واقیعەکە ئاشنا دەبن و ئادگارەکان (ملامح)ی پرۆسەی هەڵسەنگاندن و بڵاوکردنەوەیان لەلا نمایان دەبێ.

واقیعی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوویش ئەم ڕاستییەی سەلماندووە. ئێستا هەرکام لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی بۆ ماوەیەکی گونجاو لە دەرچوون بەردەوام بوون، بێگومان مەلۆیەک ئەزموون و زانیاری لە بارەی کارەکەوە هەیە کە بێگومان لەسەرەتای کارەکەیدا ئەو ئەزموون و زانیاری و بەرچاو ڕوونییەی نەبووە. ئەم بابەتەش نموونەیەکی ئەم تەرزە ئەزموونەیە.

## بۆچی ڕۆژنامەی یەکگرتوو؟

تا ئەم ساتە هەموو ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی لە پاش ڕاپەڕینەوە لە کوردستان دەرچوون، یان زمانحاڵی ڕاستەوخۆی حزب و لایەنە سیاسییەکان بوون، یان لەلایەن دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکانی حکومەتەوە دەرکراون، کە ئەمیش لە شیکردنەوەی کۆتاییدا هەر دەچێتەوە سەر ئیرادەو هەڵوێستی حزبەکانی ناو حکومەت. یان لایەنی کەم لە لایەن ئەوانەوە بڕیاری دەرچوونیان دراوەو تەمویل کراون و، لێرەشەوە بەم، یان بەو شێوە سایەی سیاسەت و ئیرادەو




پلان و ئامانجی ئەوانیان بەسەرەوە دیارە. با تەنانەت بڵاوکراوەکەش تایبەتی ژانرێکی ئەدەبی و فیکری و مەعریفی و دوور لە بواری سیاسیش بێ.

بەم پێیە ئایدیای ڕۆژنامەو گۆڤارەکان ڕەنگدانەوەی ئایدیاو تەرزی بیرکردنەوەو ستراتیژیەتی حزب و دەسەڵاتەکان بووەو، ناتوانین قسە لە بڵاوکراوەیەکی سیاسی، فیکری، ئەدەبی، هونەری..هتد بکەین کە تەنها و تەنها لە ژێر

ئیرادەو پلانی راستەوخۆی دەستەی نووسەرانیدا بێ وەک کۆمەڵە رۆشنبیرێک کە هەڵگری خەمی رۆشنبیری و پرۆژەیەکی فیکری و رۆشنبیری تایبەت بن، خۆگەر بە کردەییش وادیار بێ، ئەوە خودی دەستەی نووسەرانەکە پێشوەخت سیاسەتی دەسەڵاتەکەی پشتەوەی، لە زاتی خۆیدا تواندۆتەوەو لێرەشەوە تەرح و پلان و سیاسەتی ئەمان لەخۆوە وێنەیەکی راستەقینەی سیاسەت و ویستی ئەوەی پێشووە، ئەمە زیاتر لەو بڵاوکراوانەدا رەنگ دەداتەوە، کە ئایدیا دەتوانێ خۆی تێ وەربدات و ئاراستەی بڵاوکراوەکە بە ئاقارێکی تایبەت و دیاری کراودا ببات.

بەڵام جێی خۆیەتی ئەو پرسیارەش لە خۆمان بکەین: ئاخۆ ئەم تایبەتمەندییە گرووپەندییەی رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستان، لەتەواوی ناوەرۆک و بابەتەکانی ناو ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەدا رەنگ دەداتەوە؟

پێم وایە مەرج نییە وابێ، چونکە ئەگەر چاوێک بەلاپەڕەکانی رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بخشێنین، تەنانەت رۆژنامە زمانحاڵەکانیش، دەبینین جگە لەو لاپەڕەو گۆشانەی هەواڵ و بەڵگەنامەو دیدو هەڵوێستەکانی حزبەکەیان تێدا تۆمار دەکرێ، ئەوا بابەتەکانی دیکە (رۆشنبیری گشتی)ن و کاریگەری سیاسەتی دەسەڵاتەکە لەسەریان لە سنوورێکی تەسکدایە، بەشێوەیەک دەکرێ هەندێ لەو بابەتانە لە هەموو رۆژنامەکان، یان لە زۆربەیاندا بڵاوبکرێنەوە.

بابەتی لێدوانی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو گرفتانەیە کە رووبەرووی دەستەی نووسەران دەبنەوە لە میانەی هەڵسەنگاندن و بڕیاری بڵاوکردنەوە، یان نەکردنەوەی ئەو بابەتە رۆشنبیرییانەی دەگەنە بەردەستیان و رەنگە بواری ئەوە هەبێ بڵاوبکرێنەوە.

نووسەری ئەم بابەتەیش بە حوکمی ئەوەی بۆ ماوەی پێنج ساڵە ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی (یەکگرتوو)م و لە نزیکەوە لەگەڵ تایبەتمەندی و کێشەکانی هەڵسەنگاندن و بڵاوکردنەوە لە یەکێ لە رۆژنامەکانی کوردستان ئاشنا بووم و لەو بوارەدا ئەزموونێکم هەیە، کە بێگومان مرۆڤ چەندە بەتیۆریی دەربارەی حەقیقەتی دیاردەیەک بخوێنێتەوە، قەت وەک ئەوە پەی بەو حەقیقەتە نابات کە خۆی لە نزیکەوەو بە کردەیی لەناو دیاردەکەدا بژی و لێی بکۆڵێتەوە، هەر لەم روانگەیەشەوە رۆژنامەی (یەکگرتوو)م هەڵبژارد - وەک نموونە - تا لە کێشەکانی دەستەی نووسەرانی لە بواری هەڵسەنگاندن و بڵاوکردنەوەدا بدوێم و، پێشم وایە زۆرێک لەو کێشانە، کێشەی دەستەی نووسەرانی زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستان و - تارادەیەک - دەردوەبشن.

پێش ئەوەی بچمە ناو بابەتەکەوە، بەپێویستی دەبینم بۆ بەرچاو روونی پێناسەیەکی کورتی رۆژنامەکە بخەمە بەردەست:

رۆژنامەی (یەکگرتوو) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە، رۆژی ١٩٩٤/٤/٢٢ یەکەم ژمارەی دەرچووە، رۆژی ١٩٩٩/١٢/٣١ ژمارە (٢٧٠)ی دەرچووەو بەردەوامیشەو، دوو هەفتە جارێکیش پاشکۆیەکی عەرەبی (٤ لاپەڕە)ی لەگەڵدا دەردەچێ، هەروەها لە ١٩٩٧/٤/٢٢یشەوە پاشکۆیەکی تایبەت بە (ئەدەب و هونەر) دەردەکات، کە هەندێ جار لەکاتی خۆی دوادەکەوێت، رۆژی ١٩٩٩/١٢/٣١ ژمارە (٢٢)ی دەرچووە.



دابەشبوونی لاپەڕەکانی بەپێی جۆری بابەتەکانیان بەم شێوەیەیە:

- لاپەڕە (١) سەروتار، هەواڵە گرنگەکانی ناوخۆ، هەواڵە جیهانیەکان.

- لاپەڕە (٢)، راپۆرت و شیکردنەوەی سیاسییانەی رووداوە سیاسییە گەرمەکانی ناوچەکەو جیهان، بەتایبەتی رووداوە تازەکان.

- لاپەڕە (٣)، بابەتی فیکری سیاسی، لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر.

- لاپەڕە (٤) هەواڵە حزبیەکان و کورتە هەواڵی ناوخۆی هەرێم.

- لاپەڕە (٥-٦) ریپۆرتاژ، بابەتی تایبەت بە کوردستان (ناوخۆ)، وتارو بابەتی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی.

- لاپەڕە (٧) وەرزش، پاشماوەی بابەتەکانی لاپەڕەکانی دی، ئاگاداریی‌ەکان، سوپاسنامەو پرسەنامە.

- لاپەڕە (٨)، هەمەرەنگ و کورت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەند شتێک بکەین:

*لاپەڕەکانی هەواڵ، هەڵبژاردن و دارشتنیان پەیوەندی بە سیاسەتی سیاسی رۆژنامەکەوە هەیە و باسی ئێرە نییە.

*بەڵگەنامەو وتارە حزبییەکان لە بۆنەو یادو حاڵەتە تایبەتەکاندا، بێگومان وەکو حاڵی هەر ئۆرگانێکی دی، پانتاییەکی دیاریکراو لە لاپەڕەکانی رۆژنامەکە دەگرێ و سەری هەندێ بابەتی گشتی دەخوات، ئەمەش باسی ئێرە نییە.

*دابەشبوونی لاپەڕەکان بەسەر جۆری بابەتەکاندا، تارادەیەکی زۆر دابەشبوونێکی کۆنکریتی و نەگۆڕە مەگەر لە حاڵەتی زۆر پێویست و ناچاریدا دەستکاری بکرێ، بۆ نموونە ناکرێ شیکردنەوەیەکی سیاسی لاپەڕە (٢) لە لاپەڕە (٥-٦)دا بڵاوبکرێتەوە، یان بابەتێکی پەروەردەیی بێتە لاپەڕە (٢)، بەڵام هەندێ لە لاپەڕەکان سروشتیان لە یەک نزیکە دەکرێ ئاڵوگۆڕی بابەت لە نێوانیاندا بکرێ، وەک لاپەڕە (٢-٣)، لاپەڕە (٤-٥)، لاپەڕە (٥-٦).




## کێشەکان

دەتوانین کێشە و گرفتەکانی دەستەی نووسەران لە بواری هەڵسەنگاندن و بڵاوکردنەوەی بابەتەکاندا بەسەر چەند تەوەرو برگەیەکدا دابەش بکەین:

**یەکەم: کێشەی خوێندنەوەی بەرهەمەکان.**

**دووەم: کێشەکانی خاوەنداریێتی و ئەمانەتی زانستیی.**

**سێیەم: کێشەو سەرئێشەی گلەیی کردنی هاوکارانی رۆژنامە.**

**چوارەم: کێشەی وەڵامی بێ ناوەرۆك.**

**پێنجەم: کێشەی پۆستەی خوێنەران.**

**شەشەم: کێشەی بابەتە بڵاوکراوەکان.**

## یەکەم/ کێشەی خوێندنەوەی بەرهەمەکان:

وەک دەزانین هەموو ئەو مەقالانەی لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی دنیادا بڵاودەبنەوە، بەرهەمی ئەندامانی دەستەی نووسەرانی بڵاوکراوەکە نین، مەگەر لە هەندێ گۆڤاری تایبەتدا، بەتایبەتی گۆڤارە فیکرییەکان، کە کۆمەڵێ نووسەرو رۆشنبیری هاو ئایدیاو ئامانج و پرۆژەی فیکری، خۆ بەخۆ کۆدەبنەوەو بریار دەدەن

# (کوردستان) یەکەم بانگی ئازادیی کوردستان بوو

گۆڤارێک (وەک میمبەر) دەربکەن تا پرۆژەو تەرحەکەی خۆیانی تێدا گەڵاڵە و بڵاو بکەنەوەو لێرەشەوە لاپەڕەکانی گۆڤارەکە بۆ دەستەی نووسەران، یاخود ئەو نووسەرانەی سەر بەو رەوتە فیکرییەن، تەرخان دەکەن. دەنا بەگشتی رۆژنامەو گۆڤارەکان ئازادیەکی زۆر پشت بە بەرهەمی نووسەرانی دەرەوەی دەستەی نووسەران دەبەستن. دیارە ئێمە ئەگەر کوردستان بەنموونە وەرگرین، دەبینین رۆژنامەو گۆڤارەکان لە هەموو ناوچە جیاجیاکانی سەرانسەری کوردستانەوە بەرهەمیان بۆ دێ و خاوەنی بەرهەمەکانیش لە ئەزموونی نووسین و ئاستی رۆشنبیری و ئاگایی رۆژنامەوانییدا جیاوازن، لێرەشەوە بەرهەمەکان، جگە لە ناوەڕۆک و هەڵبژاردنی بابەت، لە رووی شێوازی دارشتن و دەستخەت و رادەی رەچاوکردنی پێداویستییەکانی نووسینی رۆژنامەوانیشەوە جیاواز دەبن، ئەمەش زۆرجار سەرئێشە بۆ دەستەی نووسەران دروست دەکات.

رۆژنامەو گۆڤارەکان بۆ ئەوەی بتوانن، بە کەمترین ئەرک و کات و ماندووبوون و بە باشترین شێوە بەرهەمەکانی هاوکارانیان - مەبەست لە هاوکار لێرەدا ئەوانەن بابەت بۆ بڵاوکراوەکە دەنێرن - بخوێننەوەو هەڵسەنگێنن و بڕیاریان لەسەر بدەن و بۆ ئەوەی رشەو دەربرینەکان وەک خۆیان بخوێنرێنەوەو هەڵەی خوێندنەوەو چاپ لەبەر خەت ناخۆشیی و ئێکەڵ و پێکەڵی روونەدات و هەم بۆچوونەکانی خاوەن بەرهەمەکان نەشێوێن و هەم دەستەی نووسەران و ستافی چاپی بڵاوکراوەکەش ماندوو نەبن و بڵاوکراوەکەش عەیبدار نەبێ، لەمەرەتای دەرچوونیانەوەو، دواتریش ئەوە ناوە کۆمەڵێ تێبینی ئاراستەی خوێنەران دەکەن کە لە کاتی ناردنی بەرهەم بۆ بڵاوکراوەکەدا رەچاویان بکەن، لەو تێبینیانە: (بابەتەکە بەخەتێکی جوان و شاش بنووسرێ، دێڕ بپەڕێنرێ، لە دیوێکی کاغەزەکە بنووسرێ، سەرچاوە بە وردیی دیاری بکرێ، ناونیشانی تەواوی نووسەر بنووسرێ، بابەتی وەرگێردراو نوسخەیەکی دەقە ئەسڵییەکەی لەگەڵ بێ، نوسخەی ئەسڵی بێ نەک فۆتۆکۆپی. (یەککرتووانیش لە چەند ژمارەیەکیدا تەئکیدی لەسەر ئەم خاڵانە کردۆتەوە، لەوانە ژمارەکانی (١٠٦، ١٣٢، ١٩٥).

یەکێ لە کێشەکانی ئێمەیش رەچاونەکردنی زۆرێک لە نووسەران و هاوکاران بوو بۆ ئەو تێبینیانە یان هەندێکیان، هەر ئەمەش وای لێکردووین چەند جارێک داکۆکی لەسەر بکەینەوەو هەندێ جاریش ئامادەمان بۆ ئەوە کردووە کە هەر نووسەرێک رەچاوی ئەو خاڵانە نەکات، دەستەی نووسەران رێ بە خۆی دەدات بەبێ خوێندنەوە بابەتەکەی رەفز بکات.

ئەگەرچی ئەو تەئکید کردنەوەیە کاریگەریی باشی بووەو بازنەی دیاردە سەلبییەکەی زۆر تەسک کردۆتەوە، بەشێوەیەک ئەگەر لە دووەمیێ ساڵی یەکەمی تەمەنی رۆژنامەکەدا رێژەکەی (٧٥٪) بووبێ، ئەوە لەم ساڵانەی دواییدا رەنگە بۆ نزیکەی (٢٥٪) و کەمتریش دابەزیبێ، بەڵام هێشتا بنبڕی نەکردووە، کە پێم وایە هۆی بنبڕنەبوونەکە، جگە لە خۆ لێ لادانی هەندێک لە هاوکاران لەبەر هەر ئیعتیبارێکی زاتی یان مەوزوعی بێ، هاتنە ناوەوەی نووسەرانی نوێ و کەم خیبرەن کە رەنگە ئاگایان لەو تێبینیانە نەبێ و خۆشیان دەرکی پێ نەکەن.

دەستەی نووسەران پێیان وابوو هۆی ئەم رەچاونەکردنە چەند شتێکە، لەوانە:

- یان ئەوەتا (بیر)ەکان وێرای نەبوونی پاشخانی پێویست لە بواری نووسین بۆ رۆژنامەو گۆڤارەکان، رەنگە ئەو ئاگادارییانەیان نەدیبێ، کە تەنها لە چەند ژمارەیەکی کەمدا بڵاوکرانەتەوە.

- یان بینیویانە، بەڵام بەهەند وەریان نەگرتووە، بەتایبەتی کە بە تەجروبە بۆیان دەرکەوتووە دەستەی نووسەران لەسەر رەچاونەکردنی تێبینییەکان هەڵوێستی توندیان وەرنەگرتووەو بابەتەکانیان رەت نەکردۆتەوەو لێیان بڵاوکردونەتەوە.

- یان بینیویانە، بەڵام پاساویان هێناوەتەوە بۆ خۆ لێ قوتارکردنیان، بەو ناوەوە کە دەسخەتی خۆشەو (سلس) دەنووسێ و گەر چرەپرەیش و لەم هەردوو دیویش بنووسێ ئابێتە گرفت و پێی وایە ئەو پاسایانە ئەوانە دەگرنەوە کە دەسخەتیان خۆش نییە.

- یان ئەوەتا راستە گرفتەکە ئابووری (نەبوونی



هەواڵنامەی کتێب

کاغەزی پێویست) بووە وەک زۆر جار لە هەندێک لەو برادەرانەمان بیستووە بەوەی پاساوی سەرپێچی کردنەکەیان داوەتەوە کە کاغەزیان نەبووە، ئەم پاسەوە لە ساڵانی قات و قڕیی و پێش جێبەجێ کردنی بڕیاری ۹۸٦، زیاتر دەبیسترا.

ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئەگەرانەو بۆ بەفیڕۆنەچوونی بابەتێک کە خاوەنەکەی (ویڕای گلەییمان لێی) پێوەی ماندوو بووەو مەبەستی بووە خزمەتێک بە ڕۆژنامەکەو خوێنەرانی بکات، بەتایبەتی گەر بابەتەکە وەک ناوەڕۆک گونجاو بووبێ، تا ئێستا هیچ بابەتێکمان لەسەر ڕەچاونەکردنی ئەو پێداویستی و مەرجە تەکنیکییە گرنگانە پشتگوێ نەخستووە، تەنانەت گەر بڵاویشمان نەکردبێتەوە لەبەر ئیعتیباراتی بابەتیی، ئەوە بەبێ خوێندنەوەو بڕیار لەسەردان نەمانخستۆتە لاوە، جا نازانم ئاخۆ دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دیکەیش وادەکەن، یان جۆرێکیتر؟!

## دووەم/ کێشەکانی خاوەندارێتی و ئەمانەتی زانستیی:

یەکێ لەو خاڵانەی کە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان ـ مەبەست دەستەی نووسەرانیانە ـ زۆر بە تەنگییەوەن مەسەلەی پاراستنی (ئەمانەتی زانستی)یە لەو بابەتانەدا کە بڵاویان دەکەنەوە. مەبەست لە پاراستنی (ئەمانەتی زانستی)ش ئەوەیە فێڵ و ساختەو دەستدرێژی کردن و ماف پێشێل کردنی و شێواندن و دزی و چاوبەست لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرۆسەی نووسین و بەرهەمی خەڵکانی دی نەکرێ و هەر کەس و هەر نووسەرێک تەوەندە ماف بەخۆی بدات کە لایەقیەتی و بایی ڕەنج و ماندووبوونەکەیەتی بەکارەکەیەوە بێ زیاد و کەم و مافی کەسانی دی نەخوات، جا چ بە دزینی بەرهەمیان بێ، یان بە شێواندنی بیروبۆچوونەکانیان، یان بە پێشکەشکردنی بەرهەمی شێوێنراو بەخوێنەران.

ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بەمەبەستی پاراستنی ئەم ئەمانەتە، کە هەم ڕێ لە جەردەیی ڕۆشنبیری دەگرێ و هەم بڵاوکراوەکەش لە عەیبداربوون و لە دەستدانی بەهاو ڕاستگۆییان (میسداقیەت) دەپارێزێ، زۆرجار داوا لە هاوکارو خوێنەر و نووسەران دەکەن کە ئەو بابەتانەی بۆیان دەنێرن بە پێی پێویست سەرچاوەکانیان دیاری بکەن، هەروەها گەر بابەتەکە وەرگێردراو بوو نوسخەیەکی دەقە ئەسڵیەکەشی لەگەڵدا بنێرن تا لەگەڵ وەرگێردراوەکە بەراورد بکرێ و بزانرێ چەندە وردو دروست و بە ئەمانەتەوە تەرجەمەکراوە، هەروەها تەئکید لەسەر پاراستنی ئەمانەتی زانستی و مافی نووسەرانی (مەرجەع) و بڵاونەکردنەوەی بابەتی وەرگێراو بەناوی خۆیانەوە، دەکەنەوە.. تەنانەت داواکردنی دیاری کردنی ناو و ناونیشانی تەواوی نووسەریش بەشێوەیەک لە شێوەکان لە خزمەت ئەم مەبەستەدایە، چونکە ڕەنگە کابرای نووسەر ئەگەر بزانێ دەناسرێ خۆی بوێرێ لەوەی پەنا بۆ ساختەکاریی لەگەڵ ئەمانەتی زانستیی لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمدا ببات، ئەوەکو یەکێ هەستی پێبکات و ڕوو زەرد بێ.

بێگومان هەر مرۆڤێک وەک چۆن خاوەنی شەرعیی سامانە ماددیەکانیەتی لە جل و بەرگ و خانوبەرەو ئۆتۆمبێل و دوکان و..هتد و بەبێ ڕەزامەندی ئەو بۆ کەسێکی دیکە ڕەوانیە بەکاریان بهێنێت و بۆ خۆی سوودیان لێ ببینێ، هەر ئاوایش خۆی خاوەنی سامانە مەعنەوییەکانیشیەتی (بەهرەی ڕۆشنبیری و هونەری و ئەدەبیی، پسپۆریی زانستیی..) کە لە فەرهەنگی ئابووریدا دەچێتە خانەی خزمەتەکان (الخدمات)ەوە، کە وەک شمەکەکان (السلع) قابیل بە بازرگانیی پێوەکردن (کڕین و فرۆشتن)ەو بۆ یەکێکی دی ڕەوا نییە بەبێ مۆڵەت پێدانی کەسەکە سوودیان لێ ببینێ و هەر کارێکی لەو چەشنە لە ڕووی ئەخلاقی و یاساییەوە مەحکومەو بە جۆرە دزی و دەستدرێژییەک بۆ سەر مافی کەسانی دی لەقەڵەم دەدرێ و لەو وڵاتانەدا کە یاسا بەرقەرارە مزاو لێپچانەوەی تایبەتی هەیە، چونکە یاسای تایبەت هەیە بۆ پاراستنی مافی نووسەر و دەبێ لەچوارچێوەی ئەو یاسایانەی بۆ چۆنیەتی سوود وەرگرتن لەسەرچاوەکان دانراوە، توێژەرو نووسەران مامەڵە لەگەڵ کتێب و سەرچاوەکان بکەن و سوودیان لێ ببینن..

بەش بە حاڵی خۆم چ وەک ئەندامێکی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەیەک و، چ وەک خوێنەرێک کە موتابەعەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ناوخۆ دەکەم، چەندین حاڵەتم بینیوە، کە تێیدا بەشێوەیەکی لە شێوەکان لەلایەن (بنێر)ەکانەوە ئەمانەتی زانستیی

پێشێل کراوە، هەندێ جار پێش بڵاوبوونەوە پێی زانراوەو بەرهەمەکەی بڵاونەکراوەتەوە، هەندێ جاریش دواتر پێی زانراوە، چونکە مەعلوومە لە توانای هیچ دەستەیەکی نووسەراندا نییە ئاگای لە تەواوی ئەو هەموو مەقال و لێکۆڵینەوانە بێ کە ئێستا لەدەیان و سەدان بڵاوکراوەی جۆراجۆری کوردی و غەیری کوردی دا کە لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان دەردەچن، بڵاودەبنەوە، یان لە ساڵانێکی دوورو نزیکی لەمەوپێشدا بڵاوبوونەتەوە، بۆیە پێم وایە ئەو حاڵەتانە گەرچی شتی باش نین، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا نابنە عەیبە بۆ بڵاوکراوەکە، بەڵکو بۆ ئەو کەسە عەیبەو نەنگی‌یە کە ساختەکەی کردوە، جا ئاخۆ بە نیازێکی پاک و بەریئانەو لە نەزانینەوە بێ، یان نیازێکی بەرژەوەندچییانەو نابەریئانە بووبێ.. لەو حاڵەتانە:

١. بڵاوکردنەوەی بەرهەمی یەکێکی تر بەناوی خۆیەوە، جا ئاخۆ دەقاودەق بێ دەستکاریی، یان بەدەستکارییەکی کەم و ئاشکراوە.. بۆ ئەم حاڵەتە چەند نموونەیەک لە رۆژنامەی یەکگرتوو، کە یەکێکیان پەیوەندی بە رۆژنامەی (برایەتی)یەوە هەیە، لەگەڵ نموونەیەک لە گۆڤاری (الموقف الثقافي) دەهێنمەوە:

*لە ژمارە (١٤)ی رۆژنامەی یەکگرتوو لەلاپەرەی تایبەتی ئەدەبدا پەخشانێک بڵاوکرایەوە بەناوی (یەکگرتن)، دواتر برادەرێک بەدواداچوونێکی نارد لەدژی بڵاوکردنەوەی ئەو پەخشانە بەناوی ئەو کەسەوە و تێیدا دەڵێ: (.. ئەو پارچە پەخشانە بەناو پەخشانە.. گواستنەوەیەکی دەقاو دەقی شیعرێکی منەو، (سبحان الله) ئەویش هەر لە ژمارە (١٤)ی پاشکۆ کوردییەکەی رۆژنامەی (العراق)دا لە ساڵی ١٩٧٨دا لەژێر هەمان ناونیشان واتە (یەکگرتن) وەکو هۆنراوەیەک بۆ منداڵان بڵاوم کردۆتەوە). دەقی ئەم بەدواداچوونەیش لە هەمان لاپەرەی رۆژنامەی (یەکگرتوو) ژمارە (١٦)دا بڵاوکراوەتەوە.

*لەم دواییەدا لەلاپەرە (٤)ی پاشکۆی عەرەبی رۆژنامەی (یەکگرتوو) ژمارە (٢٦٥)، لە ١٩٩٩/١١/٢٦دا ستونێک بەناوی (اهمية الاعلام و دوره في حياة الأمم) بڵاوکرایەوە، هەر هەفتەیەک دوای ئەوە پێیمان راگەیەنرا کە ئەو ستوونە بەگیان و خوێنەوە لە نامیلکەیەک وەرگیراوە بەناوی (حول الاعلام والاعلام الاسلامي)، کاتێ بەراوردم کرد دەرچوو راستەو بابای خاوەن بەرهەم دەستکارییەکی زۆر ساکاری بابەتەکەی کردوە لە پاش و پێش کردنی هەندێ برگەو پەرەگراف و لە هەندێ شوێنیدا بە ئیزافەکردنی وشەیەک، یان گۆڕینی وشەیەک بە یەکێکی دی بابەتەکەی کردووە بەهی خۆی، هەر بۆ نموونە بەراوردی ئەم دوو پەرەگرافە لە نامیلکەکەو ستوونەکە بکە: لە نامیلکەکەدا هاتووە: (لايخفى ما للاعلام من دور في حياة الأمم قديمها وحديثها، لقد اصبح الاعلام في عصرنا هذا وسيلة فعالة لتغيير الاتجاهات، وتوجيه الرأي العام،وغسل الادمغة وصياغة عقلية الانسان على نمط جديد، في تفكيره وسلوكه. ونظرا لهذه الاهمية..)، لە ستونەکەشدا بەم شێوەیە هاتووە: (الاعلام في عصرنا هذا اصبح من الوسائل الحية والفعالة لتغير الاتجاهات وتوجيه الرأي العام وغسل الادمغة وصياغة عقلية الانسان على اساس جديد في تفكيره وحتى في سلوكه.. اذن لا يخفى ما للاعلام من دور كبير في حياة الأمم قديمها وحديثها. ونظرا لاهمية..) وەک دیارە برگەکانی پاش و پێش کردوە، تەنها وشەی (اذن)یکی لەویدا زیادکردوە. تا کۆتایی بابەتەکە هەروایە.

*لە لاپەرە (٣)ی رۆژنامەی (یەکگرتوو) ژمارە ٢٢. لە ١٩٩٩/١/١ وتارێک بڵاوکرایەوە بەناونیشانی (رۆشنبیری کوردیمان لە سایەی جیهانگیریدا) لە نووسینی نووسەرێکی ناسراوی رۆژنامەکە، پاش ماوەیەک بینیمان لە لاپەرە (٩)ی رۆژنامەی (برایەتی) ژمارە (٢٨٠٩) لە ١٩٩٩/٤/٨، وتارێک بەناونیشانی (رۆشنبیری کوردیمان لە سایەی عەولەمەدا) لە نووسینی (ناوێکی دی، کە پاشتریش بەرهەمی لە رۆژنامەکەدا هەبوو)، بڵاوکراوەیە، کە بەراوردمان کرد بینیمان هەمان بابەتە کە پێشتر لای ئێمە بڵاوکرایەوە بە هەندێ وردە دەستکاری سووکەوە. جا با دوو پەرەگرافی یەکەم لە هەردوو وتارەکە بەراورد کەین: لەوەی (یەکگرتوو)دا هاتووە: (هەوڵەکانی بەجیهانیکردن دوای ئابووری، رۆشنبیری دەگرێتەوە، هۆکارەکان و ئامرازەکانی بەیەکگەیشتنی رۆشنبیرییەکان لە هەموو سەردەمێکی

زیاتر پەرەیان سەندووەو لە تەواوی پێشکەوتندان، ئەمرۆ دەتوانرێ بە ئاسانترین شێوەو لە کاتێکی زۆر کەمدا پەیوەندی بکەیت بە هەرکەسێکی رۆشنبیرو پسپۆڕەوە لە هەر بوارێکدا بێت و چ پرسیارێکت هەبێ لێی بکەیت..تاد). لەوەی (برایەتی)شدا ئاوایە: (هەوڵەکانی بەجیهانیکردن پاش ئابووری، رۆشنبیری دەگرێتەوە، فاکتەرەکان و ئامرازەکانی بەیەکگەیشتنی رۆشنبیرییەکان لەهەموو سەردەمێکی تر گەلێک پەرەیان سەندووەو لە تەواوی پێشکەوتندان. هەر لەم پێناوەشدا رۆشنبیری کورد، ئەمرۆ دەتوانێت، بە ئاسانترین شێوازو لە کاتێکی زۆر کەمدا پەیوەندی بکات، بەهەر کەسێکی رۆشنبیرو پسپۆڕەوە لە هەر ئالێکدا بێت و چ پرسیارو هەڵوەستەی جۆراجۆر هەبێ ئاراستەی بکرێ..) تا خوارەوە هەر وایە. وەک دەبینین تەنها وشەو جێگەی دەستکاری کردووە، لە هەر شوێنێک وشەی (ئیسلامی) تێدایە لای بردوەو هەندێ جار (کورد)ی لە جێ داناوە.

ئەڵبەت خاوەنی بەرهەمەکان هەمان کەس نین و لەبەر ئیعتیباراتی تایبەتی ناوی کەسەکانم نەنووسی، هەر کەس ویستی دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ رۆژنامەکان.

*وتارێکم لە گۆڤاری (الموقف الثقافي) ژمارە ٢٨ ساڵی ١٩٩٧ خوێندەوە کە باس لە هەڵوێستی (ئەلبێر کامۆ) دەکات بەرامبەر عەرەب، هەستم کرد ئەو زانیاریانەو تەنانەت وێنەی گشتیی بابەتەکەیش لە زەینمدا هەیە و پێشتر لە جێیەکی دی بینیومە. سەرەنجام بیرم کەوتەوە کە ئەو بابەتەم لە کتێبی (البير كامو) لە زنجیرە کتێبی (سلسلة اعلام الفكر العالمي المعاصر) خوێندۆتەوە، وتم بەڵکو هەمان نووسەر بێ و لێرە هەندێکی لێ بڵاوکردبێتەوە، کە گەڕامەوە بۆ کتێبەکە بینیم دانەرەکەی ناوی (كونر كروز ئوبراين) و وەرگێڕەکەشی بۆ سەر زمانی عەرەبی ناوی (عدنان الكيالي)ە، بەڵام نووسەری ناو گۆڤارەکە ناوی (كاظم سعدالدين)ە، ئەم برادەرە هاتبوو ئەو مەبحەسەی لەو کتێبە دەرهێنابوو و بەهەمان دارشتن بەناوی خۆیەوە بڵاوی کردبووەوە بێ ئەوە تەنانەت ئاماژەشی بۆ بکات وەکو سەرچاوە.

لە وتارێکدا لە ژمارە ٢٠٢ی رۆژنامەی (یەکگرتوو) لەسەر ئەم دیاردەیە و ئەم حاڵەتەم نووسیوە.

٢. بڵاوکردنەوەی بەرهەمی وەرگێڕدراو، وەک نووسین و بەرهەمی کۆششی زهینی خۆی و ئاماژەنەکردن بۆ سەرچاوە ئەسڵییەکە.

ئێمە هەر بابەتێکی بەهێز بێتە بەردەستمان، گەر خاوەنەکەی نووسەرێکی دیاری گۆڕەپانەکە نەبێ و ناوێکی غەریب و تازەبێ، لێی دەکەوینە گومانەوەو گومانی ئەوەی لێدەکەین کە گەنجێک لە کتێب، یان گۆڤارو رۆژنامەیەک دەری هێنابێ و ناردبێتی، بۆیە گەر خاوەنەکەی سۆراخی نەکات و دڵنیا نەبین بابەتەکە هی خۆیەتی، بڵاوی ناکەینەوە. هەروەها گەر لە خوێندنەوەی بابەتێک بۆنی ئەوە بکەین کە بابەتەکە وەرگێڕانە و هەندێ زانیاری تێدایە رێی تێ ناچێ ئەو نووسەرە خۆماڵییەی ناردوێتی بیانزانێ، کەچی ئەو وەک بەرهەمی خۆی ناردبێتی، یان وتبێتی وەرگێڕان یان ئامادەکردنە بەڵام ئامادە نەبێ ناونیشانی سەرچاوەکەمان بداتێ، بڵاوی ناکەینەوە، چونکە دیارە ئەو ماستە موویەکی تێدایە!.

جارێکیان برادەرێک لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی هێنا، وابزانم دەربارەی فتوحاتی ئیسلامی بوو لە کوردستان، بابەتێکی بەهێزبوو، بابەتەکە گوڵبژێری بۆچوونی چەندین مێژونووسی گەورە بوو، چەندین سەرچاوەی مێژوویی گەورەی لە پەراوێزی بابەتەکەدا تۆمار کردبوو، بەڵام خاوەنەکەی ناوێکی تازەبوو، بابەتەکەش وەک (نووسین) هاتبوو، چاپیشمان کردو لەسەر ماکێتیش دامانا. بە بیرمدا هات کە رێی تێ ناچێ ئەم بابەتە هی نووسەرێکی نەناسراو و قاڵ نەبوو بێ، چونکە کەسێک هێندە بەتوانا بێ دەبێ ناوێکی هەبێ، بۆیە رامانگرت. دوای بەدواداچوونێکی زۆر ئەوەی بەرهەمەکەی ناردبوو دۆزیمانەوە و پاش هەڵپێچان، دانی بەوەدا نا کە ئەو بابەتە فەسڵێکی نامەی ماستەری مامۆستاکەیانە.

جارێکیتر یەکێکی دیکە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی هێنابوو، باسی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەردوو ئیمپراتۆریەتی فارسی و رۆمی دەکرد لە کاتی هاتنی ئیسلامدا، بابەتەکە وەک لێکۆڵینەوە نووسرابوو، واتە بابەتەکە ژمارەیەک پەراوێزی سەرچاوە مێژووییەکانی لە دامێنەوە نووسرابوو کە ئەمە ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە خاوەنەکەی خۆی بە پشت بەستن بەو سەرچاوانە لێکۆڵینەوەکەی نووسیبوو. بابەتەکە لە گشت روویەکەوە باش بوو، بەڵام

نەنووسرابوو وەرگێڕانە. کە خوێندمەوە هەستم کرد ئەو فیکرەیەم پێشتر خوێندۆتەوە، سەرەنجام بیرم کەوتەوە بابەتێکی لەو چەشنەم لە گۆڤارێکی عەرەبی خوێندۆتەوە کە لە نووسینی (محمود شیت خەتاب)بوو، چاوەڕێم کرد تا خاوەنی بابەتەکە هاتەوە بەدەم بەرهەمەکەیەوە، پاش ئەوەی پێم وت من ئەو بابەتەم پێشتر بە عەرەبی خوێندۆتەوەو ئەم بابەتە لە وەرگێڕان دەچێ، چووە ژێر ئەوەی کە وەری گێڕاوە، وتم دەی کەوایە ئەو پەراوێزانە سەرچاوەی نووسەرە ئەسڵییەکە بوون، تۆ کە وەریدەگێڕیت، تەنها ئەو سەرچاوەیە بنووسە کە راستەوخۆ لێت وەرگرتووەو ئەوانەی تر پێویست نین، بەڵام ئێستاو ئێستاش ملی نەدا ناوی سەرچاوە ئەسڵییەکە بدات، ئێمەش بڵاومان نەکردەوە!.

هەروەها زۆر جار لە خوێندنەوەی بابەتێک هەستمان کردووە وەرگێڕانە کەچی خاوەنەکەی ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردوە کە وەرگێڕانە.. هەروەها جاری وابووە بابەتێک زانیاریەکی زۆری تێدابووە. تەنها چەند دێڕێکی کەمی ئیزافەی خاوەنی بەرهەمەکە بووە، کەچی وەک بەرهەمێکی خۆی ناردوێتی و تەنانەت پێشی ناخۆش بووە کە (ئا:)یەکمان لە پێش ناوەکەیەوە داناوە.

لە دوا لاپەڕەی گۆڤاری (رامان) ژمارە ٤٠، کە ٥/١٠/١٩٩٩، کاک (کەریم سۆفی)ش دەربارەی هەندێ لە گرفتەکانی گۆڤارو رۆژنامەکان لە بواری بابەتە وەرگێڕدراوەکاندا دواوە، لەوانە (دیاری نەکردنی سەرچاوە یان ئەو زمانەی کە وەرگێڕانەکەی لەسەر ئەنجام دراوە)، هەروەها دیاری نەکردنی سەرچاوەکە وەک پێویست لە رووی ژمارەو بەرواری شوێن و ساڵی دەرچوونی رۆژنامەو گۆڤارو کتێبەکە.

هەندێکی تر وتارێک دەنووسن، سوود لە سەرچاوەیەک، دووان وەردەگرن، بەڵام ئەو دوو سەرچاوە خۆیان چەندین سەرچاوەی تریان سوود لێ بینیوە، جا نووسەرەکەی لەمەڕ خۆمان دێت هەندێ لەو سەرچاوانەی ناو دوو سەرچاوەکەی خۆیشی لە پەراوێزدا وەکە سەرچاوەی خۆی دەنووسێ، وەک ئەوەی خۆی ئەو سەرچاوانەی خوێندبێتەوە، کە رەنگە بەچاویش ئەو سەرچاوانەی نەدیبێ، چ بای ئەوەی خوێندبێتیەوە. بەڵگەیەکی زەق لەسەر راستیی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە هەندێ لەو سەرچاوانە سەرچاوەی (ئینگلیزی)و زمانی دیکەی بیانین، بەڵام دەزانین نووسەرەکەی لای خۆمان ئەو زمانە نازانێ، ئەی چۆن کردنی بە سەرچاوە؟!.


## سێیەم/ کێشەو سەرئێشەی گلەیی کردنی هاوکارانی رۆژنامە:

وا نازانم ستافی هیچ رۆژنامەو گۆڤارێک هەبێ بەدڵ حەز نەکات فایلی بەرهەمە هاتووەکانی بڵاوکراوەکەی هەمیشە پڕ لە بابەتی باش بێ، چونکە زۆریی بابەت مایەی سەرسوورکییە بۆ دەستەی نووسەران و، بڵاوکراوەکە بە ئەرکێکی کەم بەرێکوپێکی دەردەچێ، هیچ ستافێک نییە حەز نەکات ئەو بابەتانەی بۆی دەنێردرێن بەهێز بن و مەرجە بابەتیەکانی پەسەندبوونیان تێدابێ و بەبێ سەرئێشە دروست کردن بۆ دەستەی نووسەران و کارمەندانی کۆمپیوتەریش بچنە سەر رووپەڕەکانی بڵاوکراوەکە..

لەماوەی ئەو چەند ساڵەی کارمدا قەناعەتم بەتەواوی بەو بۆچوونە چەسپیوە کە دەڵێ: بابەتی بەهێز خۆی خۆی دەسەپێنێ، بەڵام ئەوەش روونە کە تەنها بەهێزیی بابەت و تەنانەت (تەنها گونجان)یشی مەرج و بلیتی بڵاوبوونەوە نییە، بەڵکو کەلێک هۆکاری دی لەو میانەیەدا دەور دەبینن.

بە نیسبەت رۆژنامەی (یەکگرتوو)ەوە ـ وەکو نموونە ـ دەکرێ ئاماژە بە چەند هۆکارێک بکەین کە دەبنە هۆی بڵاونەبوونەوە، یان دواکەوتنی بڵاوبوونەوەی بەرهەم.

رۆژنامەکە زمانحاڵی گروپێکی سیاسییە، لێرەوە وتارو بەڵگەنامە هەڵوێستییەکان هەندێ جار پانتاییەکی تایبەت لەلاپەڕە سەرەکییەکانی رۆژنامەکە لە هەندێ لە ژمارەکانیدا دەگرن، کە ئەمەش لەسەر حیسابی بەرهەمە هاتووەکان دەبێ، لە پاڵ ئەمەشدا دابەشبوونی نیمچە جێگیری لاپەڕەکان بەسەر بوارەکانی ژانرە رۆشنبیرییەکاندا+ سیاسەتی فیکری و رەوتی سیاسیی رۆژنامەکە، هەموو ئەمانە کۆمەڵە هۆکارێکی گشتی و بابەتین کە سەری هەندێ بەرهەم، بەتایبەتی ئەوانەی بابەتی هەنووکەیی (ئانیی)ن




دەخوات، یان لانی کەم بڵاوبوونەوەی دوا دەخات و ئەمەش دەبێتە مایەی بێزار و بێتاقەت کردنی خاوەنەکانیان، تا ئەو رادەیەی هەندێ جار نیازو ئەهلیەتی رۆشنبیری دەستەی نووسەران بخەنە ژێر پرسیارەوەو چەندین تۆمەتی ناڕەوای وەک (میزاجیەت، حەساسیەتی شەخسیی، نابابەتیی هەڵسەنگاندن، بێ نرخ سەیرکردنی بەرهەمەکان، قۆرخ کردن، هان نەدانی تازەپێگەیشتوان و..هتد) بدەنە پاڵیان.

ئەمە لە کاتێکدا ئێمە بەبایەخەوە هەر بابەتێکمان خوێندۆتەوە، جا گەورە بووبێ یان بچووک، بەهێز بووبێ یان لاواز، هی ناسراو بووبێ یان نەناسراو، مەرجە تەکنیکیەکانی رەچاو کردبێ یان نەیکردبێ، هەوڵیشمان داوە هەم دڵی ئەو نووسەرانەی کەوتوونەتە سەر خەت رابگرین و بابەتەکانیان بەپێی دەرفەت و گونجان بڵاوبکەینەوە، هەم لە ئاستی بەرهەمەکانی نووسەرو لاوو تازە پێگەیشتووەکانیشدا زۆر دەست دانەگرین و توونند نەبین و گەر بە دەستکارییەکی تارادەیەک زۆریش بووە بەرهەمەکانیان بڵاوبکەینەوە تا (تشجیع) بین و زیاتر بجولێن و بنووسن، بەرهەمی وامان بڵاوکردۆتەوە کە رەنگە زیاتر لە (٥٠ ٪)ی هی خۆمان بووبێ.

بەڵام هەرچی بکەیت ناتوانیت هەموو بابەتە هاتووەکان بڵاوبکەیتەوە، چونکە نە هەموو بابەتێک بۆ بڵاوکردنەوە دەشێ نە رۆژنامەکەش دەتوانێ هەموو بابەتە گونجاوەکانیش، لانی کەم لە مەودایەکی نزیکدا، لەخۆ بگرێ. نە دەستەی نووسەرانیش توانای ئەوەیان هەیە هەر بابەتێکیان بە گونجاو زانی بڵاوی بکەنەوە، زۆرجار نەخشەسازیی لاپەڕەکان، کە ساناترین شتە، دەبێتە کۆسپ لە بەردەم بڵاوبوونەوەی هەندێ بابەتی پەسەندکراودا.

بەگشتی جگە لەو هۆکارانەی باسکران چەند هۆکارێکی دی دەور دەبینن لە بڵاونەبوونەوەی بابەت، لەوانە: ناڕەوانیی دارشتن، لاوازیی ناوەرۆک، کێشەکانی دیاری نەکردنی سەرچاوەو جۆری بەرهەمەکە (نووسین وەرگێران، ئامادەکردن..)، نەگونجان لەگەڵ سیاسەتی رۆژنامەکە، نەبوونی بوار بۆ بڵاوکردنەوەی

بابەتێکی بۆنەو ئانیی لە گەرمەی بۆنەکەداو بێ بایەخ بوونی بۆ هەفتەکانی دواتر (ئەمە بابەتە سیاسیەکانی لاپەڕە (٢)و بابەتەکانی تایبەت بە بۆنەو یادەکان دەگرێتەوە)، هاتنی چەند بابەتێک لەسەر مەسەلەیەک و هەڵبژاردنی بەهێزترینیان و خستنەلاوەی ئەوانی دی..).

بەڵام دەڵێیت چی کە ئەوانەی دەرەوە ناتوانن وێنا(تصور)ی حاڵ و گرفت و کۆسپەکانی بەردەم دەستەی نووسەران بکەن، بۆیە ئەستەمە قایل بن بەوەی هەڵوێستی دەستەی نووسەران بەرامبەر بەرهەمەکانیان، بەدرێژایی کات بابەتی و بەرێئانەیەو تەنها ملکەچی کۆمەڵێ مەرج و (ضابطة)ی کۆنکریتییە.

ئەگەر بێین هەندێک لەو گلەییانە بخەینەڕوو راستیی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەردەکەوێ بەتایبەتی کە دەبینین هەندێ لە گلەییەکان هەندێکی دیکەیان پاشەکشە پێدەکەن.

بۆ نموونە هەندێ لە هاوکاران گلەییمان لێدەکەن کە دەستکاریی نووسینەکانیانمان کردوە (ئەمە لە کاتێکدا دەستکارییەکان دەستکاریی جوانکاری و بەهێزکردن بوون، دەنا نەدەشیان)، کەچی هەندێکی تر گلەیی ئەوە دەکەن کە ئێمە دەستباری بەرهەمەکەیمان نەکردووە تا بەو دەستکاری و دەستبارییە بۆ بڵاوکردنەوە بشێ و ببێتە مایەی زیاتر هاندانی بۆ نووسین.

هەیە گلەیی دەکات کە بابەتەکانی رۆژنامەکە بژاربەندنی (نخبوی)ن و هەندێ ئاستی رۆشنبیری سوودی لێ نابینێ، کەچی هەندێکی تر گلەیی دەکەن کە لە ئاستی پێویستدا نییە.

نووسەری وا هەیە دەیان بەرهەمی بڵاوبۆتەوە تا ئەو رادەیەی رەنگە گلەیی هی دیکەی هێنابێنە سەر، کەچی هەر ئەم نووسەرە بەختەوەرە کاتێ بۆ ماوەیەک بابەتەکانی بڵاونەبوونەتەوە، بەدبین بووەو کەوتۆتە گلەیی و گازندە. زۆرجار بەم جۆرە برادەرانەم وتوە: باشە بۆچی حیساب بۆ ئەو هەموو بابەتانە ناکەن کە بڵاوبوونەتەوە؟ کە دەڵێیت (٥) بابەتم بڵاونەبۆتەوە، ئەی بۆ لە بیرت چووە کە پتر لە (١٠) بابەتت بڵاوبۆتەوە؟ ئاخر خۆ رۆژنامەکە نە بە سپێتی دەرچووە، نە فوول لە بابەتی دەستەی نووسەران، ئەگەر بابەتی تۆ بڵاونەبۆتەوە، بابەتی کەسانێکی دیکە بڵاوبوونەتەوە، کاتێکیش بووەو دەشبێ کە هی تۆ بڵاودەبێتەوەو هی یەکێکی دی بڵاونابێتەوە، کە رەنگە ئەو کاتە ئەویش وەک تۆ بکەوێتە گلەیی کردن. هەموو کەسیش وەک یەک مافی ئەوەی هەیە بەرهەمەکانی بڵاوببێتەوە. گرفتەکە لەوەدایە هەر کەسێ وابیردەکاتەوە وەک ئەوەی هەر ئەو بابەت دەنێرێ لە کاتێکدا دەیان کەسی دیش وەک ئەو بەرهەم دەنێرن و چاوەڕێن بڵاو ببنەوە.

هەیە پێی وایە هەموو بڵاوبوونەبوونەوەیەک لەبەر بەلاواز بینینی بابەتەکەیە، بۆیە بە گلەییەوە دەپرسێ: فلان و فلان بابەتتان بڵاوکردەوە کە لاواز بوون، ئەی بۆچی ئەوەی منتان بڵاونەکردەوە کە لەوانە بەهێزتر بوو؟!.

ئەمە لە کاتێکدا جگە لەوەی پێوەری بەهێزی و لاوازیش شتێکی رێژەییەو بەپێی ئاستی رۆشنبیری دەگۆڕێ، لە هەمان کاتدا مەرج نییە هەموو کاتێ هۆی بڵاونەبوونەوەی بابەت لاوازیی بابەتەکە بێ، دەکرێ هۆکاری دیکەشی هەبێ. لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە راستە کە ئێمە هەندێ بابەتی لاوازمان بڵاوکردۆتەوە کە خۆیشمان بە لاوازمان بینیون، ئەمیش لە چەند حاڵەتێکی تایبەت و دیاری کراودا: یان بۆ هاندانی تازە پێگەیشتوویەک بووە، یان بابەتەکە لە کێشەیەکی گەرم و تانیی دواوەو بابەتێکی بەهێزتر لەو کاتەدا لەبەردەستدا نەبووە، یان بابەتی وتارەکە شتێکی قووڵ و ئاڵۆزو ستراتیژی نەبووە، بەڵکو وتارێکی پەروەردەیی یان شتێکی لەو بابەتە بووە، یان رووداوە کە بابەتەکە بەختی یار بووبێ و ئەو ژمارەیە لاپەڕەکە بابەتی تەواوی نەبووە، بەڵام رازی نەبووین بەرهەمێکی لاواز بڵاوبکەینەوە کە چووبێتە ژێر بابەتێکی قورس و ئاڵۆزو ئاوکێش و نەیتوانیبێ هەقی خۆی بداتێ، چونکە ئەو جۆرە بابەتانە بابەتی فیکریی ئاڵۆزن و رۆشنبیرانی نوخبە دەیانخوێننەوە، بۆیە پێمان باش نییە وتاری سادە لەو بارەوە بڵاوبکەینەوە.

هەیە پێ دادەگرێ کە بەشەرتی چەقۆ! بۆی بڵاوبکەینەوە تەنانەت سفرو فاریزەکانیشی دەستکاری نەکەین، یان بڵاونەکرێتەوە، هەیشە دەڵێ: ئازادن چۆنی بەچاک دەزانن دەستکاری ناوو ناوەڕۆکی بکەن. ئێمەیش بەپێی پێوەرەکانی خۆمان مامەڵە لەگەڵ هەربەکەیان دەکەین. (گۆڤاری رامان)یش لە دوا لاپەڕەی ژمارە ٤١ لە ١٩٩٩/١١/٥دا باسی لە

هەندێ لە گلەییەکانی نووسەران کردووە.

درێژیی بابەت گرفتێکی بنەڕەتی رۆژنامەو گۆڤارەکانە، بێگومان هەندێ بابەتی درێژ لەبەر درێژیی بڵاوناکرێتەوە، هەندێکیش وێڕای درێژییان بڵاو دەکرێتەوە. ئەمەش زۆرجار دەبێتە مایەی گلەیی ئەوانەی بابەتەکانیان لەبەر درێژی رەفزکراون و دەپرسن: ئەی بۆچی فلان و فلان بابەت کە ئەوەندە ئەڵقەبوو، یان لاپەڕەیەکی گرتبوو بڵاوتان کردەوە؟ ئەڵبەت هۆکە تارادەیەک رۆشنە، ئەویش بایەخ و ناوەڕۆک و هێزی وتارەکەیە کە ئاخۆ ئەوە دەهێنێ ئەوەندە شوێنی رۆژنامەو کاتی خوێنەرانی بۆ تەرخان بکرێ، بەڵام رەوا نییە مەقالێک لەسەر بابەتێکی کەم بایەخ نووسرابێ، یان بابەتەکە بایەخداربێ، بەڵام نووسەرەکە هەقی نەدابێتێ، ئەو هەموو شوێن و کاتەی بۆ زەوت بکرێ.

هی واهەیە دوای دارەدارە پێکردن و دەستبارێکی زۆری دەستەی نووسەران ئەنجا چەند بابەتێکی بڵاوبونەتەوەو ناوێکی پەیداکردووە، ئەوجا لەسەرەوە بۆ خوارەوە بۆ دەستەی نووسەران دەڕوانێ و قورسە لەسەری پێی بوترێ بابەتەکەت ناشێ و دەڵێ: (من فلان رۆژنامە وتارەکانم بێ دەستکاری بڵاو دەکەنەوە!)..

خۆ وەنەبێ بڵاونەکردنەوەی هەر بابەتی هاوکاران بگرێتەوە، زۆرجار بەیەکێ لە دەستەی نووسەرانیش مەقالێکی نووسیوە، دەستەی نووسەران پەسەندی نەکردووەو رێی بە بڵاوکردنەوەی نەداوە.

## چوارەم/ کێشەی وەڵامی بێ ناوەڕۆك:

یەکێکیتر لەو گرفتانەی روبەڕووی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەو گۆڤارەکان دەبێتەوە، ئەو وەڵامانەیە کە هەندێ لەکەسانی پەیوەندیدار لە میانەی دیمانەو پرسیار لێکردنەکانی بڵاوکراوەکە دەیدەنەوە، کە بە تەعبیرێ هەندێ لە رۆژنامەکان تەنها وەک لە کۆڵ خۆکردنەوە وەڵامێکی ئینشایی دەدەنەوە کە هیچ بەهایەکی زانستی نییە. جاری وابووە پرسیارێکی زانستیمان لە پسپۆڕی بوارێکی تایبەتی کردوە دەربارەی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، وەڵامەکە لە وەڵامی کەسێکی ئاسایی ناو بازاڕ بەهێزتر نەبووە.

ئێمە لەو جۆرە بارانەدا وێڕای باوەڕمان بەوەی وەڵامەکە ئامانجە رۆژنامەوانییەکەی ئێمەی نەپێکاوەو بڵاوکردنەوەی سوودێکی بۆ خوێنەر نابێ و رەنگە بەسەلبیش بەسەر سومعەی رۆژنامەکەدا بشکێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەست پێشخەرییەکە لە رۆژنامەکەوە بووەو ئەویش وەڵامی داوەتەوەو چاوەڕێی بڵاوبوونەوەی بووە، لەبەر ئەم ئیعتیبارە ئەدەبی و کۆمەڵایەتییە بڵاومان کردۆتەوە. پێم وایە بابەتی نابێ گەر ئینکاری لە گوشاری ئەم جۆرە حاڵەتە ئیعتیبارییانە بکەین لەسەرمان.

## پێنجەم/ گرفتی پۆستەی خوێنەران:

یەکێکی تر لە گرفتەکانی دەستەی نووسەران گوشاری خاوەنی بابەتە بڵاونەکراوەکانە بۆ ئاگادارکردنەوەیان لەوەی بابەتەکانیان بڵاونابێتەوە تا لە چاوەڕوانیدا نەژین، یان داوا دەکەن لە نامەیەکدا هۆی نەشیانی بەرهەمەکانیان بۆ بنووسین تا دڵنیا بن بەرهەمەکە لەخۆوەو بە زەوق رەفز نەکراوە، هەروەها بۆ ئەوەی سوودیان لێ ببینێ و بۆ بەرهەمەکانی داهاتووی رەچاویان بکات... یان هەیە داوا دەکات گەر بابەتەکەی بڵاونەکرایەوە بۆی رەوانە بکرێتەوە، چونکە (نوسخەی لای خۆی هەڵنەگرتووە).

سەبارەت بە ئاگادارکردنەوەیان لە بڕیاری بڵاونەکردنەوەی بەرهەمەکانیان، پێم وایە کارێکی زەحمەتە و میکانیزمێکی دیاری کراوو ماندوکەری گەرەکە، بەتایبەتی گەر زانیمان بابەتەکان زۆرن و لە شوێنانی دوورە دەستەوە هاتوون و بەهۆی جیاوازیی ئاستی رۆشنبیری بنێرەکانیشەوە، ئەگەری ئەوە زۆرە کە (نەشیاو)ەکان زۆر بن و، لەلایەکی دیکەشەوە کەمیی ئیمکاناتی بەشەری و تەکنیکی و ئاستەنگەکانی هاتوچۆو پەیوەندی کردنیش لە وڵاتی ئێمە کۆسپێکی تری بابەتین لەڕێی کارێکی لەو چەشنەدا، بۆیە ئەسڵ ئەوەیە بڵاوبونەوە، یان نەبوونەوەی بابەتەکە وەڵام بێ، بە تایبەتی گەر بابەتەکە شتی هەنووکەیی (ئانی) و بۆنە بوو، خاوەنەکەی دڵنیابوو گەیشتووەتە نووسینگەی رۆژنامەو ماوەیەکی بەسەرداچوو بڵاونەبوویەوە، دەبێ بزانێ رەفز بووە، گەرچی ئێمە ئەو بابەتانەی بۆ بۆنەکان دێن و لامان پەسەندبوون، بەڵام لەو ماوەیەدا بواری

بڵاوکردنەوەیان نەبووە کاتەکە بەسەرچووە، هەڵیاندەگرین بۆ ساڵیادەکانی داهاتووی بۆنەکە (سەری ساڵ، سەری ساڵی خوێندن، بۆنەو یادە جیهانییەکان..). گەلێک جار رووی داوە بابەتێک ساڵێک پاش هاتنی، کە رەنگە خاوەنەکەی هەر بەتەماشی نەمابێ، لە ساڵیادی داهاتوی بۆنەکەدا بڵاوکراوەتەوە.

خۆ ئەگەر بابەتەکە هەنووکەیی(ئانی) و هی بۆنە نەبوو، ماوەیەکی بەرچاوی بەسەردا تێپەری و بڵاونەکرایەوە، ئەوە لە دوو حاڵەت بەدەر نییە: یان ئەوەتا پەسەند نەکراوە، یان پەسەند کراوەو لەسەرە دانراوە، چونکە ئێمە هەر بابەتێک بگاتە دەستمان ژمارەی لاپەرەو بەرواری گەیشتنەکەی لێ دەدەین و دەیخەینە (سەرە)وەو لەگەڵ ئەولەویەتدان بەبابەتە هەنووکەیی (ئانی)یەکان و وتاری هەڵوێست و دیمانەی تایبەت، ئەو بابەتانە بەدوای یەکدا دادەبەزێن لەگەڵ رەچاوکردنی سروشتی تایبەتی ماددەکانی لاپەرەکەو قەبارەو جێ بوونەوەیان، کە هەندێ جار بابەتێک یەک دوو هەفتە دوا دەخات. لێرەدەو لەبەر کەڵەکەبوونی بابەتەکان ئاساییە بابەت دوای پەسەندکردنیشی چەند هەفتەو رەنگە چەند مانگێکیشی پێ بچێ ئەنجا بڵاوبێتەوە.

گەرچی هەندێ لەگۆڤارەکان لە گۆشەی (پۆستەی خوێنەران)دا خاوەنی بەرهەمەکانیان لە چارەنووسی بەرهەمەکانیان ئاگادار دەکەنەوە، بەڵام ئەوە لە رۆژنامەدا دەگمەن دەکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە ژمارە (٨٢)ەوە بۆ ماوەی ساڵێک لەلاپەرە (٧)دا گۆشەیەکمان بۆ پۆستەی خوێنەران کردەوەو ناوی ئەو بەرهەمانەمان تێدا بڵاودەکردەوە کە بۆ بڵاوکردنەوە دەستیان نەداوە، بەڵام دواتر دامانخست.

سەبارەت بە تێبینی دان دەربارەی هۆی بڵاونەبوونەوە، ئێمە هەر بابەتێک دەخوێنینەوە تێبینی خۆمان لەسەر بابەتەکەو بڕیاری بڵاوکردنەوە یان نەکردنەوەیشی لەو رووانگەیەوە لەسەر بابەتەکە دەنووسین. جا ئەگەر کەسێک نزیک بێ و هەواڵی بپرسێ ئاساییە کە تێبینییەکانی بدرێتێ، بەڵام ئەوە کە بکرێتە (قاعدە) وەڵامی هەموو کەس بدرێتەوە کارێکی زەحمەتە.

سەبارەت بە گێڕانەوەی بابەتە بڵاونەکراوەکان بۆ خاوەنەکانیان، ئەمیش کارێکی زەحمەتە و ئەسڵ ئەوەیە نووسەر بەهەر شێوەیەک خۆی بەچاکی دەزانێ نوسخە لای خۆی بهێڵێتەوە، چونکە زەمانەتی ئەوە نییە کە بابەتەکە لە رێگە، یان لە نووسینگە ون نەبێ. هەر لێرەشەوەیە رۆژنامەو گۆڤارەکان بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە نووسەر نوسخە لای خۆی هەڵگرێ و ئەوەیش کە بڵاو نابێتەوە ناگێڕدرێتەوە. ئەمەش بووە بە عورفێکی رۆژنامەوانی. خۆ ئەگەر بابی نووسەر پاساوی مەعقولیشی هەبێ بۆ هەڵنەگرتنی نوسخە لای خۆی، ئەوە ئەم پاساوانە دەستەی نووسەران مولزەم ناکەن بەشکاندنی ئەو عورفە جێگیربووە و کردنەوەی دەرگایەک لەسەر خۆیان کە ئەرک و ماندووبوونێکی زۆریان دێنێتە سەر.

## شەشەم/ کێشەی بابەتە بڵاوکراوەکان:

٤. داخازی.. بەلاڤوکەکا روژانە بوو ئورگانێ وێ جەماوەری بوو یێ نەرازیبوی لسەر برینا کارەبێ ژ دهوکێ ژلایێ حکمەتا بەغدا ڤە (١٣) هژمار ژێ دەرکەفتن.

٥. سەرەدان.. هژمارەک بتنێ ژێ دەرچوو ب هەلکەفتا سەرەدانا میژ[illegible] سەرۆک بارزانی بوو دهوکێ لروژا ١٩٩٣/٢/٢.

٦. پەیمانا خانی.. باشبەندا هەفتاناما (پەیمان) بوو روژانە بهەلکەفا میهرەجانا خانی دەردچو لروژێت ٢١ و ٢٢ و ٢٣ خزیرانا ١٩٩٥.

٧. جەژنی قوتابیان.. بەلاڤوکەکا تایبەتە ب بیرهاتنا (٤١) یا دامەزراندنا ئێکەتیا قوتابیان ژلایێ لقێ دهوکێ یێ ئێکەتیا قوتابیا دەردچو ل ١٧ و ١٨ و ١٩ شواتا ١٩٩٤.

٨. شانو و شانوگەری.. بەلاڤوکەکا تایبەتە ب مهرەجانا سیێ یا شانویێ لدهوکێ لروژێت (٨-١)ێ هەیڤا ئیلونا ١٩٩٦ ژلایێ هونەرمەند زیاد عابد دهاتە سەرپەرشتکرن.

٩. الهدی .. بەلاڤوکا کولیجا شریعەتی یە ل زانکویا دهوک یا تایبەت بوو ب هەلکەفتا روژا زانکویا دهوکێ.

١٠. دهوک.. بەلاڤوکەکا تایبەت بوو ب هەلکەفتا (یوم محافظة دهوك) ل گولانا سالا ١٩٨٧ و گولانا ١٩٨٨ و گولانا ١٩٨٩ ژلایێ لیژنا ئاهەنگا روژا پارێزگەها دهوک دەردچو.

## پەراوێز:

١. پەرتوکا (روژناما ئاکرێ) ژ دانانا رەحمەتی شاکر فتاح، بەغدا سالا ١٩٨٤ چاپخانا الحوادث.. ب دریژاهی بەحسێ روژناما ئاکرێ کریە.

٢. بەحسێ ڤێ بەلاڤوکێ ل کتێبا (مطبوعات الموصل من عام ١٨٦١ إلى عام ١٩٧٠) یا دانەرێ

وێ عصام محەمەد مەحمود هاتیە کرن.. ئەڤ پەرتوکە ل هاڤینا ١٩٧١ ل موصل چاپ بوویە.

٣. دەربارەی گوڤارا یان (دەوریا) دەنگێ کوردستان.. مە مفا ژ دوو ژێدەرا وەرگرتیە (یەک) دیدارەک دگەل سەیدا عەبدولکەریم فندی لروژا ١٩٩٤/٢/٢٥، هەروەسا گوتارەکا وی ل گوڤارا مەتین هژمارا ١٩ نیسانا ١٩٩٣.

دیدارا (دویێ) دگەل هێژا محەمەد عەلی یونس توڤی لروژا ١٩٩٨/٤/٥، هەروەسا مە دڤێت بێژین کو مە دگوتارەکا دیدا لسەر رۆژنامەگەریا دڤەرا بەهدینا ل گوڤارا مەتین هژمار (٣٢) نیسانا ١٩٩٤ گوتبوو کو ناڤێ ڤێ بەلاڤوکێ (کوردستان)ە لێ پشتی دویڤچونەکا و هویرتر بوو مە روهن بو کوناڤێ ڤێ بەلاڤوکێ (دەنگێ کوردستان)نەو ج بەلاڤوک ژلایێ لقێ یەک لسەر دەمێ شورەشا ئەیلولێ بناڤێ کوردستان دەرنەکەفتینە.

٤. سویاسیا سەیدا (ئەحمەد عەبدوڵلا زەرو) دکەین چونکو هژمارا یەک و حەفت ژ (هیڤی) دایەفمەو مە مفا ژێ وەرگرت.

٥. دیدارەک دگەل هێژا (نزار ئەحمەد عوبێد) لروژا ١٩٩٤/٣/٢٢ ل نڤیسنگەها راگەهاندنا هەرێمێ لدهوکێ.

٦. دەربارەی رۆژنامەگەری و بەلاڤوکێت حزبا شوعیا عیراقێ لدەڤەرا بەهدینان مە مفا ژ گوڤارا (الثقافة الجديدة) هژمار (٢٢٣) ل تیرمەها سالا ١٩٩٠ وەرگرتیە.. هەروەسا مە دوو دیدار دگەل بەرێزان ئەبو واسق (قادر الیوسف) و کاک سەباح کنجی لبارەگایێ لیژنا موسل و لیژنا دهوک یا حزبا شوعیا عیراقی لروژێت ١٩ و ٢٢ شواتا ١٩٩٤.

٧. دیدارەک دگەل هێژا (سەعید دێرەشی) لروژا ١٩٩٤/٢/١٨ لبارەگایێ تلڤزیونا کوردستان ـــ کەنالێ دهوک.

٨. دیدارەک دگەل (جونی گورگیس) سەروکێ ئێکەتیا قوتابی و لاوێت بزاڤا ئاشوری لدهوکێ.. روژا ١٩٩٤/٢/١١.

٩. دەربارەی گوڤارا (روناهی) بنێرە گوتارەکا خودانێ ڤان رێزکا ل رۆژناما هاوکاری هژمار ٨٨٨ لروژا ١٩٨٧/٤/٢٤.

---

* رۆژنامەنووس/ دهۆک

---

موجز المقالة

# الصحافة في بهدينان

موضوع يتحدث فيه الكاتب عن الصحف والمجلات والنشرات التي صدرت وعانقت أبناء الكورد في منطقة بهدينان ويتحدث عن كل واحدة منها باقتضاب كجهة الإصدار وتاريخ صدورها، والتوقف أو الاستمرار حتى يومنا هذا، فمنها ما صدر لها عدد واحد وأخرى تعدت الستة أو السبعة وأحيانا اكثر من ذلك، ثم اغلقت أبوابها واكتفت.

عدد المطبوعات التي درجت أسماؤها يصل إلى اكثر من سبعين مجلة وصحيفة ونشرة.

في المقدمة يتحدث عن أول إصدارة كوردية الا وهي جريدة (كوردستان ـ ١٨٩٨) من قبل البدرخانيين كانعطافة تاريخية وخطوة أولى نحو صحافة كوردية، فكان لها دور كبير في حياة الكورد الثقافية والسياسية.

ثم يتحدث عن ولادة الصحافة في بهدينان ويقول: بالرغم عن صدور صحيفة كوردية في مدينة ئاكرى سنة ١٩٥٠ باسم (ئاكرێ) وأخرى في مدينة دهوك باسم (الغد) في سنة ١٩٥٨، الا ان تاريخ ولادة الصحافة في بهدينان حسب رأيه ورأي زميل آخر له يعود إلى سنة ١٩٧٠ أي بعد بيان الحادي عشر من آذار.

وأخيرا وبعد ان يأتي على ذكر اسم آخر مطبوعة يقول في ملاحظة له، انه لم يدرج اسم مجلة (روناهی) التي كان يصدرها السيد حافظ القاضي عامي ١٩٦٠ ـ ١٩٦١ في بغداد واسم صحيفة (بزاڤ) التي كانت تصدر في بغداد سنة ١٩٨٩، على أساس انها لم تصدر على ارض كوردستان وفي بهدينان بالذات. كذلك لم يذكر أسماء النشرات أو البيانات التي كانت تنشر في المناسبات.

وتجدر الإشارة إلى ان موضوع الصحافة في بهدينان هذا، كان قد قدم من قبل الكاتب في ندوة لمناسبة مئوية الصحافة الكوردية في مدينة اربيل.



# ڕۆژنامەگەریی ئاشووری

# شارەزایی (١٥٠) ساڵ

نووسینی: یوئاو بنیامێن

وەرگێڕانی بەدەستکاری لە ئینگلیزییەوە: سۆزان خۆشابا

بەشی یەکەم

## سەرەنجێک..!

ئەم وتارە باسی ڕۆژنامەگەریی ئاشووریی دەکات، بەڵام نووسەر بە هەناسەیەکی دەمارگیرانە چۆتە ناو باسەکەوەو کورد بە خێڵەکی دادەنێت و نووسینەکە گیانی دووبەرەکی نانەوەو دژایەتی پێوە دیارە و هەرچەندە ئێمە لەگەڵ هەندێ بۆچوونی نووسەردا نین، بەڵام ڕەوتی دیموکراسییانەی گۆڤارەکە ڕێ بۆ ئەوە خۆش دەکا کە نووسینەکە بەبێ دەسکاری و وەکو خۆی بڵاوبکەینەوە.*

---

* ئەم باسە بە عەرەبی بوو، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی وەریگێڕاوەتەوە سەر کوردی.

(ڕۆژنامەڤانی)

### پێناسە:

وشەی ڕۆژنامەگەری لە زمانی ڕەشۆکی خەڵکدا مانای لاپەڕە دەگرێتەوە کە بەزۆریش ڕۆژانە دەبێت، وەک لەندەن تایمز، واشنتۆن پۆست، یان پاریس لۆمۆند، بەڵام بەپێی پێناسەی فەرهەنگ بۆ زاراوەی (ڕۆژنامەگەری) ڕۆژنامەو گۆڤار دەگرێتەوە فەرهەنگ تەنیا ئاماژە بۆ ئەوە ناکات کە ڕۆژنامەگەری (نووسینێکی داڕێژراوەو بەدڵی جەماوەرەو ئەو جەماوەرە چێژی لێ وەردەگرێ)، بەڵکو توێژینەوەیەکی ئەکادیمییانەیە کە بایەخ بە کۆکردنەوەو نووسینی هەواڵ و دەنگوباس، یان هۆیەکانی هەواڵ هەڵدەسووڕێنێ و بەڕێوەیان دەبات.

مەبەست لە (ڕۆژنامەگەریی ئاشووری) ئەو کۆمەڵە چاپەمەنییانەیە کە لەبایەخدانی دڵسۆزانە بەگەلی ئاشووری، دوێنێ و ئەمڕۆ، هاوبەشن. ئیدی بەم شێوەیە دەتوانین بەڕۆژنامەی نەتەوایەتی ناوی ببەین، بەڵام ئەمڕۆ چەندان لەو چاپەمەنییانە ون بوون و لە ناوچوون، هەر چەندە لە کاتی خۆیدا هەریەک لەوانە لە ماوەی جیاجیادا بەشێوەی

**٢٢ی نیسان ١٨٩٨ یەکەم ڕاپەڕینی وشەی کوردییە**

وەرزی، نیو مانگی، مانگانەو لە هەندێ حاڵەتیشدا حەفتانە دەرچوون، بەڵام هیچ کامێکیان رۆژانە دەرنەچوون.

خاسیەتێکی دیکە (رۆژنامەگەربی ئاشووری) جیادەکاتەوە، ئەویش ئەو زمانەیە کە لەو چاپەمەنییانەدا بەکار هاتووە، شتێکی سەیر نییە ئەگەر زمانی زۆربەی ئەو رۆژنامانە ـنەک هەر هەموویان ـ زمانی ئاشووری بووبێت ئەوەی کە بەزمانی (سوربایا)یان (سورث)، یان (سریانی تازە)، یان تەنانەت (ئارامیی تازە) دەناسرێت، هەروەها ئەوەی لەو چاپەمەنییانەدا تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە زمانێکی دیکەشیان تێدا بەکار هاتبوودو بەزۆربش شوێنی دەرچوونی چاپەمەنییەکە دەستی لە دیاری کردنی جۆری ئەو زمانەدا هەبووە کە لەوانەیە عەرەبی، فارسی، سویدی، تورکی، ئینگلیزی، ئەلمانی، روسی، یان تەنانەت سریانی بووبێ و لە هەندێ حاڵەتی دەگمەنیشدا، دەبینین کە ئەو چاپەمەنییانەی بەشێکن لە رۆژنامەگەربی ئاشووری، هیچ دەقێکی ئاشووریان تێدا نییە.

## سەردەمە تاریکەکانی ئاشوورییان

چاوخشاندێک بەناوەرۆک و شێوەی رۆژنامەگەربی ئاشووری، دەمانبات بەرەو لێ وردبوونەوەی ئەو بارودۆخە سیس و سیاسییەی لەو چەند سەدەیەی پێشوو هاوکاتی ئەو رۆژنامەگەرییە بوو.. شاڵاوو راماڵینی ماڵ وێرانکاری مەغۆل بە سەرکردایەتی جەنگیز خان و تەیموری لەنگ کاولکارییان لەو هەموو شوێنانەدا بەجێ هێشت کە پێیاندا تێپەڕین و دەیان هەزار ئاشووریش لەو شوێنانەدا سەربڕان کە رۆژێ لەرۆژان وڵاتە ئەفسانەییەکەیان بوودو کلێسەو گوندەکانیان وێران کران[١].

سەدەکانی دیکەش، هیچی چاکتریان لەگەڵ خۆیاندا نەهێنا.. ئەوەبوو ژمارە ئاشوورییەکی زۆر ناچاربوون پەنا بۆ چیاکانی هەکاری بەرن، لە کاتێکدا هەندێکی دیکەیان لە هەرێمی تورعابدین ژیانیان بردەسەر. تورکەکان لەگەڵ (کوردە




خێڵەکییەکان) هەمان جۆرە وێرانکردن و کاولکارییان لەسایەی حوکمی عوسمانیدا بەکار هێنا، چونکە زۆر جار بیروباوەڕی ئایینی مەسیحی رێیان هەڵدەستاندن و دەیان وروژاندن، تەنانەت دەڵێن کە لە ماوەی ساڵەکانی سەردەمی عوسمانی، ژمارەی ئاشوورییەکان ئەوەندە کەم بوودتەوەو گەیشتۆتە سێیەکی ژمارە ئەسڵییەکەیان[٢]، تا کۆتایی هەزارەی یەکەم، ئاشوورییەکان لەلایەنی فکرییەوە[٣] لە هەموو ئەوانی دیکە دیارتر بوون، بەڵام ئەو بارودۆخەی دوای ئەوە هات، زۆربەی فکری و رۆشنبیرییەکانیانی لەناوبردو سڕیەوە، وەک (ئۆرهی، نسێبین، جاندیشابور، قنیشرین، میا فرقین).

ئەوەی لە کەلەپوورە زانیارییە بەنرخەش مایەوە، بەرەو دامودەزگا کلێسەییەکان کشایەوە و پیاوانی ئایینی خۆیان بە (تقالید)ی ئایینی دەوردا، ئەویش لەرێگەی روونووس کردنی کتێبە ئایینییەکان و دەست خەتی سریانیی کۆن و ئەو رێز لێنانە جیهانییەش کە زاناو مەڵبەندە

ئاشوورییەکان هەیانبوو[٤]، هەتا هەتایە نەماو ئەو ئاشوورییانەش کە تۆزی ئەو شەڕەیان لە خۆیان تەکاند بۆ ئەوەی جۆرە بالا فکرییەک وەدی بهێنن، دەستی مێژوو جارێکی دیکە تێکی شکاندن.

ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم - هۆشیاربوونەوەیەکی فیکری

گەیشتنی نێردراوە موژدەهێنە رۆژئاواییەکان (البعثة التبشيرية الغربية) لەلایەکی دیکەی گۆی زەوییەوە، وەک ئەستێرەیەکی رووناکی بەخش وابوو لە ئاسمانی ئەو سەردەمەداو بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان لە ژیان و بیرکردنەوەی گەلی ئاشووری. ئاشکراترین بەڵگەش بۆ ئەو گۆڕانکارییانە، کرانەوەی بوو بەسەر جیهانی تازەدا.

ئەنجوومەنی نێردراوی دەرەوەی ئەمەریکا، لە چارەکی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا لە نێوان کۆمەڵگا ئاشوورییەکانی پەراگەندە دەشتی ورمێ دەستی پێکرد. دوو مژدە هێن (قەشە جاستین بیرکنزو ئاسهیل گرانت) شایانی ئەو پەڕی ستایشن، لەبەر ئەوەی بنچینە و بناغەی ئەو نێردراوەیان دانا، هەموو توانایەکی خۆیان بۆ ئەوە تەرخان کرد کە زمانی ئاشووری فێربن.. جا بۆ ئەوەی کە ئەم کارە وەدی بێنن روویان لە دانیشتوانی ورمێ کرد و لە کاتێکدا کە بایەخ دانیان لەسەر ئەوە جێگیر بوو کە زمانی ئاشووریی کۆن و زمانی ڕەشۆکی بەکار هاتوو فێربن، بڕیاریان دا کە ئەوەی دواییان فێربن، چونکە بۆ ئامانجە ئایینی و فێرکارییەکەیان پتر لە بارتر و گونجاوتر بوو. ئەوە بوو بەیارمەتی چەند پیاوێکی ئایینی و (علمانی)ی ناوخۆو بەهرەدار، ئەم دوو مژدەهێنە ئەمریکاییە توانییان، کە شێوە زاری ئاشووریی دانیشتوانی ناوچەکە لەگەڵ هاوچەرخایەشیدا بگونجێنن تا بوو بە زمانی تازەی هەموار کراو، لەگەڵ هەندێ جیاوازی لە ڕێزمان و بینای ڕستەسازی سریانی کلاسیکی، کە زمانێکی مەقبووڵترە بۆ فێربوونی و ئەدەبی میللی.




هەر بەهۆی مژدەهێنە ئەمریکاییەکان و ئەرک و هەوڵ دانی ئەوان، ئەوەندەی پێ نەچوو کە دەشتی ورمێ بوو بەپێگەیەکی پێشەنگ و بە دانانی بەملبەندێکی کاریگەربەخش لە چالاکی فکری و ئەدەبی ئاشووری.

ئەو مژدەهێنە ئەمەریکاییە بەرابیانە توانییان زۆر بە کارامەیی ئەرکەکانی خۆیان ڕێک بخەن و لە سەرەتای ساڵی ١٨٣٦ وای لێ هات کە کچ و کوڕی ئاشووری خوێندنی ئایینی و زانستیی خۆیان هەر لەناو ورمێ و دێیەکانی دوورو پشتی دەست پێکردو کادیری ئەو قوتابخانانەش کەسانی خوێندەوارو لێهاتوو بوون لەوانەی پەیڕەوی هێڵی توندوتۆڵی رۆژئاوایان دەکرد، بەتێپەڕینی کاتیش ئەو قوتابخانانە گەشەیان کردو سەرکەوتنی بەرچاویان وەدەست هێنا بۆ فێرکردنی زمانی ئاشووری، ئینگلیزی و زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان کە ساڵی ١٩٠٦ هات، ئەو مژدەهێنانە (٢٠١) قوتابخانەیان بەڕێوە دەبرد کە

# (کوردستان) یەکەم بانگی ئازادیی کورد بوو

ناوبانگێکی ئەکادیمییانەی زۆر باڵایان لە دەشتی ورمێدا[٥] هەبوو، و چەندان کەس لەدەرچووانی ئەو قوتابخانانە بەرەو خوێندنی باڵا چوون لەناوچەکانی دیکەی هەرێمەکە، یان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان.

خۆ ئەگەر بشڵێین کە دەستکەوتەکانی ئەم یەکەم دامەزراوە مژدەهێنەدانە بنچینەی هەموو ئەو پەرەسەندنە ئەدەبییانە بوون کە بەدوایدا هاتوون زێدە رۆییمان نەکردووە و زۆرمان بەسەردوە نەناوە. چونکە هاوچەرخ کردنی زمان پێگەیاندنی هزرو بیری پتەوکردو هۆکاری فەراهەم کردنی ئەدەبی تازەی رەخساند، بێگومان ئەمەش، چالاکییەکی تازەی بەرۆشنبیریی ئاشووری و هەستێکی بەتینتری بە کەلەپووردکەی بەخشی. ئەوەستاش ئەدیب دەستی کردە خۆگەیاندن بەرۆشنبیریی رۆژئاوا بۆ ئەوەی شتی زیاتر لە ئەزموون و بیری تازە فێر بێت و لە هەمان کاتیشدا پارێزگاریی بەهاو نرخە ئاشوورییەکانی بکات.

لەکاتێکدا کە هەرێمی ورمێ سوودی لەم هۆشیاربوونەوەی فێربوونە وەرگرت، سەردەمی تاریک و خەفەی بیر لەو خاکانەی دووروپشتی ئەوێدا لەپشت چیاکانی هەکاری زاڵ بوو. چەندان هۆیش هەن بۆ ئەو جیاوازییە. یەکەم ئەوەیە کە ئەو هەرێمە چیاییە سەختانە سوودیان لەو پێشەنگە مژدەهێنانەی کە گەیشتنە ورمێ نەبینی، هۆی دووەمیش ئەوەبوو کە ئەو ئاشوورییانە لەرووی جوگرافییەوە لە ئاشوورییەکانی ورمێ پتر (گۆشەگیر) بوون و زیاتر کەوتبوونە ژێر گوشاری ئەوانەی کە جگە لە مەسیحییەکان، دووریان دابوون، لەلایەکی دیکەشەوە، سەرۆکی رۆحی دنیایی کلێساکەیان، لەگەڵ سەرۆکەکانی خێڵەکەشیان (ملک) بەچاوی گومانەوە سەیری مژدەهێنەکانیان دەکرد، واتە گومانی ئەوەیان لێ دەکرد کە ئەوانە نیازی شاردراوەو بن پەردەیان هەبێ وایان هەست دەکرد کە مژدەهێنەکان ئایین دەکەنە هۆیەک بۆ خزمەتکردنی ئامانجە سیاسییەکانی حکومەتەکانی خۆیان. ویڕای هەموو ئەمانەش، لەدڵدا قەناعەتیان بەوە هەبوو کە مژدەهێنەکان هەڕەشەیەک پێک دەهێنن و لەوەش دەترسان کە بەناوی فێرکردن ئەندامە (مەسیحییەکان) سەر بە کلێسای نەستووری ئەو دەزگایە تێک بدەن و روعیەتەکەی پەرشوبڵاو پێبکەن.


## رۆژنامەگەریی ئاشووری ـ لەدایکبوون

دامەزراندنی چەند چاپخانەیەک لە ناوچەی ورمێ، کە دواییش بوو بە تەوەرەیەکی گرنگ و بایەخداری بێداربوونەوەی رۆشنبیری، یەکێکە لە بەشدارییەکانی دامەزراوە مژدەهێنەکان، ئەوەبوو نێردراوە مژدەهێنە ئەمەریکاییەکە یەکەم چاپخانەی دەستی بە تیپی ئاشووری لەساڵی ١٨٣٦دا[٦] دامەزراند کە لە هەموو چاپەکانی دیکەی ئێران باشتر بوو و لە هەمان جۆری ئەوانەبوو کە لە ئەوروپاو ئەمەریکا بکار دەهاتن.

جا بەهاریکاری و بەدواداچوونی (جاستین بیرکنز)، ئەم چاپخانەیە و بۆ یەکەم جار رۆژنامەیەک دەرکرد و چەند کتێبێکیشی چاپکرد کە هەر هەموویان بەزمانی ئاشووریی تازە بوون، هەروەها چاپکردنی یەکەم وەرگێڕانی ئینجیل بەزمانی ئاشووریی تازە لە ساڵی ١٨٤٦دا[٧] یەکێک لە دەستکەوتەکانی ئەو چاپخانەیە.

چەند کۆمەڵە تایفەیەکی دیکە، چاپخانەی دیکەیان هێنا.. ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٧٦ نێردراوی کاتۆلیکی دووەم چاپخانەی لە ورمێ دامەزراندو ئەوەندەی پێ نەچوو ئینگلیکانییەکان و رووسە ئارتۆدۆکسەکانیش[٨] چاویان لەوانە کردو

نرخ و بایەخێکی زۆری لەنێو دانیشتوانی ئەو ناوچەیەدا نەبوو، چونکە بەشێوە ڕێ نووسێک دنووسرا کە لەلایەن ئاشوورییەکانی ناوچەی هەکاری باو نەبوو و تێی نەدەگەیشتن.




چاپخانەیان هێنا. لە کاتێکدا کە قورسایی چاپکردنی چالاکییە ئایینی و ئەدەبییەکانی گرتبوودوە، ئینگلیکاتییەکان بایەخیان بەکار دێرینەکان و هاوچەرخەکان دا (وەک لەمەودوا دەبینین، دەرکردنی دوو رۆژنامەی بەناوبانگ).

رۆژنامەگەریی ئاشووری لەنێوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم لە دایک بوو، و چوار رۆژنامەو گۆڤار لە ورمێ سەریان هەڵدا کە بوونە مایەی رەنگ دانەوەی ژیانی کۆمەڵگای هاوچەرخ و ئەو رۆژنامانەش بەپێی رێنماییەکانی مژدەهێنە رۆژئاواییەکان، چالاکیی قوتابخانە مژدەهێنانەکانیان بڵاودەکردەوەو بەشێوەیەکی رەنگ بۆ ڕێژراوی ئەوتۆش دەنووسران کە کەم زانترین ئاشووری تێی بگات.

هەرچەندە ئاماری ورد لەرووی دابەشکردنی ئەو رۆژنامانە نییە، پیاو دەتوانێ تێکڕای دابەشکردنیان بەچەند سەدێک یان کەمێک لە هەزار زیاتر بخەملێنێ و لەبەر نەبوونی پۆستەی ناوخۆ چاپکراوەکە لەماڵەوە یان لە کلێسا دەدرایە دەستی بەشدارەکان. ئەو چاپکراوانەش بەشێوەیەکی زۆر لە نێو ئاگاداراندا ئەم دەست و ئەو دەستی دەکردو هەندێ جاریش دەگەیشتە ناوچە پڕ دانیشتووەکانی هەکاری، بەڵام ئەو چاپکراوانە

## شەپۆلی یەکەم

یەکەم رۆژنامە کە سەری هەڵدا (زهریری دبهرا - تیشکی رووناکی بوو) کە لە ساڵی ١٨٤٩[٩] لە ورمێ دەرچوو و سەرەتا مانگانە دەستی پێکرد و دوای ئەوە بوو بەنێو مانگ جارێک. مژدەهێنە ئەمەریکاییەکان شایان ڕێزو نرخن، چونکە ئەوان هێزی بزوێنەری ئەو پرۆژەیە بوون. (جاستین بیرکنز) کە پیاوێکی داهێنەرو فەراهەمکار بوو، ئەو رۆژنامەیەی پێک هێناو دوای ئەوە (دکتۆر بنیامین لاباری) بە یارمەتی رابی میرزا شموئیل دخانکالدی[١٠] کە نووسەرێکی ئاشووریی بەهرەداربوو و رۆڵێکی گرنگی لە خۆشەویستکردنی رۆژنامەکە لە دڵی ئاشوورییەکان گێڕا، سەرۆکایەتی رۆژنامەکەی گرتە دەست.

بەیارمەتی نووسەرە ناوخۆییەکان، شێوەی (زهریری دبهرا) لە رۆژنامەوە نزیک بوو تا گۆڤار و گەلێک هەواڵی ناوخۆو جیهانیی و وتاری فێرکردنی زمان و ئەدەب و جوگرافیا، جێی خۆیان تێداکردبوودوە، لەلایەکی دیکەشەوە هۆیەک بوو پێش خستنی ئەدەبی ئایینی. ئەو رۆژنامەیە تەمەنێکی درێژی هەبوو و (تا نزیکەی دەوروبەری کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی هەر بەردەوام بوو). هەموو ژمارەیەک بەگشتی لە چوار لاپەڕە

پێکهات و دروشمێک لەگەڵ ئایەتێکی سەردەمی تازە (ئینجیل) کە لە ژێر دروشمەکەدا نووسرابوو، لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکەی دەرازاندەوە.

(قالا دشرارا ــ دەنگی هەق)یش هەروەها لەدایک بووی سەدەی نۆزدەم بوو. لە دەوروبەری ساڵی ١٨٩٧ بۆ یەکەم جار چاوی هەڵێنا. ئەم رۆژنامەیەش زادەی بیرکردنەوەی نێردراوی لازەری (فەرەنسایی کاتۆلیکی) بوو و زمانی ئاشووریی کۆنی (کلاسیکی) تێدا بەکار دەهات، ئەو زمانەی قەشە ئاشوورییە کاتۆلیکەکان ژیاندبوویانەوەو زۆربەی وتارەکانی مۆرکی ئایینیان پێوە دیاربوو لەگەڵ چیرۆکی (رمزی) و ئەدەبی میللی و سەرگوزشتەی پارسایان (قدیسی). جا لەبەر ئەوەی قەشە کاتۆلیکەکان بایەخیان بەزیندووکردنەوەی زمانی کلاسیکی و بەرۆشنبیریی کۆنی کلێسادا، بۆیە ئەو رۆژنامەیە ئەدەبی کلاسکی ئاشوورییشی بلاودەکردەوە.

(قالا دشرارا) لەرووی چاپکردنەوە لەهەموو ئەو چاپەمەنییانەی دیکەی لە ورمێ سەریان هەڵدا، چاکترو بایەخدارتر بوو، و لەوانەشە کە یەکەم دەستی ئەدەبی بووبێت لەکاتی خۆیدا.

ئەو چاکییەی رۆژنامەکەش، هەروا لە گۆتردوو بەرێکەوت نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی کاری تیپێکی بەتواناوە بوو کە (روفائیل نیبردیز) سەرۆکایەتیی نووسینی کردووەو سوودیشی لە بەهرەی ئاشوورییەکی دیکە وەرگرتووە کە ئەویش (ئاوا سولومن)ە زۆر باش ناسراوە.

چاپکراوێکی دیکەش کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم دەرچوو، شایانی باس کردنەو ئەویش (وەرزنامەی نێردراوی ئاشوورییە) کە بە زمانی ئینگلیزی دەرچووە و بەسەرپەرشتی (کارتەر جۆن ماکلاین)[11] نێردراوی گەورە قەشەکانی کانتربری دەری کردووە، بەڵام بەداخەوە ئەو رۆژنامەیە هەر زوو، لەگەڵ بەرپابوونی جەنگی جیهانیی یەکەم وەستا. پێش دەرچوونی ئەم وەرزنامەیە بەنزیکەی دوو ساڵ، نێردراوی ئینگلیکانی و هەر هەمان نووسەر (نامە لە ئاشوورەوە)یان بە ئینگلیز، و ئاشووری دەردەکرد.


لەگەڵ سەرەتای ئەم سەدەیەدا، رۆژنامەیەکی مانگانە سەری هەڵدا کە بە چاودێریی نێردراوی ئەرتۆدۆکسیی روس بۆ ماوەی نزیکەی پانزدە ساڵ دەوامی کرد.. رۆژنامەی (ورمێ ئەرتۆدوکسیتا - ورمێی ئەرتۆدۆکسی) بەسەرۆکایەتی نووسینی ئەرشمدریست بیمن و بەیارمەتی دانی شلیمون دسلامس-ی نووسەری ئاشووری، بەزمانی رووسی و ئاشووری دەردەچوو.

یەکەم شەپۆلی چاپکراوە ئاشووری بوو بە قوربانیی جەنگی یەکەمی جیهانی و لەبەر ئەو گوشار و کۆتە روو لە زیادییەی کە لەلایەن ئێرانەوە سەپێترا، نێردراو مژدەهێنە ئەوروپایی و ئەمەریکاییەکان گەیشتنە خاڵێک و ئەوەیان هەڵبژارد کە دامەزراوەکانیان دابخەن و (رۆژنامەکان راگرن) نەک ئەو بارگرانی و گیروگرفتانە قەبووڵ بکەن کە رێگەیان پێ دەگرتن.



## ئاشوورییە تازەکان ــ ئەدیب و نەتەوە پەروەرن

لەگەڵ سەردتای سەدەی ئێستا (مەبەستی سەدەی بیستەمە..و)و بەتایبەتی لەگەڵ سەرەتای گرێی دووەمی، شەپۆلە چالاکییەکەی رۆژنامەنووسیی تازە، هاتەروو، و دەرکەوت کە بایەخێکی زۆر بە ئەدەب دەدرێت، ئارەزووی خوێندنەوەش روو لە زیادی و گەشەکردندا بوو و ئەو ماوەیەش زیادەیەکی بەرچاوی ژمارەی نووسەرو خوێنەرو ژمارەی رۆژنامەو گۆڤاری بەخۆیەوە بینی. ئەو چاپەمەنییە تازانەش پتر پشتیان بەکەسانی (علمانی) و فەراهەمساز بەست بۆ ئەوەی مۆرکی ئایینییان لەوانیە پێش خۆیان کەمتر پێوە دیاربێت.. لەو نووسەرانەش وەکو: یوئیل وەردا، یوسف درنا، گبرییل بوباچی، بشار بوراجی، یوحەنان مۆشی، بنیامین ئەرسناس، شلیمۆن دسلاس، د. فەرەیدوون ئاتورایا، ئاشوور یوسف دخربوت، یوسف مالک، نەعووم فائق و پۆل ئەنۆیا.


الخابور
مجلة نصف شهرية تبحث في العلوم القانونية والاقتصادية والاجتماعية
مدير الادارة : يعقوب شيلبي
كلمة العدد
AL-KHABOUR
KAMICHLI (Syrie)
الاعداد ٢١-٢٤ السنة الثانية

هەر لەو ماوەیەدا شەپۆلی یەکەمی ئاشوورییە تازەخوازو بیرباری نەتەوەپەروەر دەرکەوتن کە رۆڵێکی بایەخداریان لە دانانی بناغەی ئایدیۆلۆژیی نەتەوایەتی، گێڕاو دەربڕینی ئەو نەتەوە پەروەرییەش مۆرکی سۆزێکی بەتینی بەرامبەر بە گەل و زمانی ئاشووری پەرۆشی و سۆز بۆ ئاشووری کۆن، وەرگرت و هزرو بیری زۆربەی زۆری ئەو نەتەوە پەروەرانەش لە قوتابخانە فێرکردنییەکانی رووسییەکان و ئەمەریکاییەکان پێک هاتبوو.. ئەوەبوو لەو ماوەیەدا رۆژنامەی نەتەوایەتیی دەستی پێکردەوە.

شان بەشانی چاپەمەنییە مژدەهێنەکان، لە ساڵی ١٩٠٦ رۆژنامەیەکی مانگانەی میللی بەناوی (کوخوا ــ ئەستێرە) لە ورمێ سەری هەڵدا. ئەم رۆژنامەیە یوخەننا مۆشیێ نووسەر کە خوێندنی لە ئەمەریکا[١٢] تەواوکردبوو، دایمەزراند. نووسەرانی (کوخوا) یەکەم کەس بوون داوای ئەوەیان دەکرد کە ئایین لە نەتەوایەتی جیابکرێتەوەو مۆشێ بەو پەڕی هێزو تواناوە لە پێناوی پەرەپێدانی فێرکردنی زانستی و زانیاری تێدەکۆشا. هەروەها زنجیرە وتارێک بەقەڵەمی (مارتۆما ئۆدۆ ١٨٥٣-١٩١٨) کە پیاوێکی ئایینی ئاشووریی خاوەن ناو و ناوبانگێکی ئەدەبیی باڵا بوو، لە رۆژنامەکە سەریان هەڵداو، ئەو پیاوە بەوپەڕی توانای خۆی داوای یەکێتیی ئاشوورییانی دەکرد بە هەموو تایەفەو بەرە بابێکیانەوە[١٣].

یوخەننا مۆشی هەر لەو ماوەیەدا رۆژنامەی دووەمی بەناوی (کخوا دموربشا ــ ئەستێرەی بەیان) بڵاوکردەوە، بەڵام بەداخەوە نەمانتوانی تاکە دانەیەکی ئەو رۆژنامەوە، کە مابێتەوە، پەیدا

بکەین و شتێکی کەم نەبێ، هیچی دیکە لە مێژووی ئەو رۆژنامەیە نازانرێت.

لەساڵی ١٩١٥، لەتفلیس، بنیامین ئەرسانس، کە لە رووسیا خوێندبووی، رۆژنامی (ناقوشا ــ زەنگ) دەرکرد. دواتریش، ئەرسانس بوو بە ئەندامی ئەنجوومەنی ئاشووری کە لەسەرتای ئەم سەدەیەدا (سەدە بیستەم)و لە رووسیا دامەزراو ئەو پیاوە بەوە ناسرابوو کە بەرگری لە بیرو باوەڕێک دەکرد کە لەلایەن ئاشوورییە موحافەزەکارەکانەوە بەتوندڕەوانە و پەرگر دادەنرا. (د. فەرەیدوون ئاتورایا)ش بەیەکێک لە دیاترین ئەندامی ئەم ئەنجوومەنە دادەنرێت.


هەر لەهەمان ماوەدا چەند رۆژنامەو گۆڤارێک لە تورکیا دەرچوون، لە کاتێکدا لەوێ، گەلی ئاشووری لە دەوروبەرێکی نەیارو ناحەزدا دەژیا. نەعووم فائق، هەرچەندە بەتەمەن بچووک بوو، بەڵام زانست و زانیاری گەورەبوو و دیارترین یاریزانی ئەو سەردەمە بوو. رۆژنامەکەشی کە ناوی (کخوا دمرنخا ــ ئەستێرەی رۆژهەڵات) بوو، هەرچەندە تەمەنی کورت بوو (١٩١٠-١٩١٢) لەبەر ناوەڕۆکە ئەدەبی و رەخنە گرتنە زیرەکەکانی رێزێکی خێرای وەدەست هێنا. لە رێی ئەو رۆژنامەیەوە، نەعووم توانی ئاوات و هیوای کۆمەڵایەتی و یەکێتی نەتەوایەتی بخاتە جووڵەو بیان بزوێنێ، دواتریش لەبەر ئەو مەترسییەی کە خەریک بوو هەڕەشەی لە سەلامەتی دەکرد، چوو بۆ ئەمەریکاو لەوێ دوو گۆڤاری دیکەی دەرکرد. بەشداری کردنی ئەو پیاوە لە رۆژنامەی ئاشووریدا رۆڵی خۆی هەبوو لەوەی کە پایەیەکی بەرچاوو بەرێزی لەنێوان گەلەکەی خۆیدا پێ ببەخشێت.

دیسان هەر لە تورکیادا، بشار بوراجی (لەوانەیە بۆربەچی بێت) وەکە تورکەکان لە ساڵی ١٩١٥ لە سێدارەیان دا، ساڵی ١٩١٢ سەرۆکایەتیی رۆژنامەی (شیپورایا ــ شەیپوور)ی کرد. پێش (بوراجی)ش پرۆفیسۆر (ئاشوور یوسف دخربوت ١٨٥٨ - ١٩١٥) کە ئەویش هەر تورکەکان ساڵی ١٩١٥ لە سێدارەیاندا، لەم مەیدانەدا دەستی باڵای هەبوو و لە ساڵی (١٩١٠ - ١٩١٤) دامەزرێنەرو سەرنووسەری (مهدیانا داتور ـ رابەری ئاشووری)بوو.

## سەرەتای رۆژنامەوانیی ئاشووری لە رۆژئاوادا

لەساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا گیرۆدەیی ولێ قەوماوی ئاشوورییان لە ئەو پەڕیدا خۆی نواند، کاتێک کە رەشەبای جەنگ کۆمەڵگاکانی لێک هەڵوەشاندو دانیشتوانی لە نیشتمانەکانی خۆیان دوورکردەوە. لە کاتێکدا، هەندێک بەرەو باکوور بۆ رووسیاو دەوڵەتەکانی ئەو دەوروپشتەو هەندێکی دیکە بۆ عێراق هەڵاتن.. هەندێک لە ئێران مانەوەو هەندێک کۆچکەری دیکەش گوێیان بەهیچ ناخۆشی و زەحمەت و بار گرانییەک نەدا تا گەیشتنە کەنارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و پاڵیاندا بە هاورێیەکانی






دیکەیان کە پێش ئەمان بۆ خوازیـــاریی زانســـت و ژیـــانێکی باشتر هاتبوونـە ئەو وڵاتەز

مەڵبەندی بزاڤی ئەدەبی و رۆژنامــەوانی لــە ئێــران هەڵتۆقی و سەری هەڵدا و خۆی گـەیاندە ئەمــەریکاو باشترین نووسەر لەوانەبوو کە لە ئێرانەوە[١٤] کۆچیان کردبوو، ئەوانەی کە لە قوتابخانــەکانی نێــردراوە مژدەهێنـــەکانی ورمــێ خوێندبوویـان، ئەوانە خۆیان بــەرێنویێنی و عــورفی ئەدەبیی دەوڵــەمەند و پاشخانی رۆشنبیریی پتــەو تــەیار کردبــوو، هــەروەک چۆن کــە هــەڵگری ئــەو مەشخەڵە بــوون کــە بۆ یەکەم جار لەلایەن بڕیــار (بیرمــەند)ەکـان لــە ئێـران گەشایەوەو روونــاکی بەخشــی و بــە نووسینەکانی خۆیـــان تــەدەب و رۆژنامــەوانیی ئاشووریيان لــە پایــەو شــوێنێکی بەرزو بەرێز دانا.

کۆچکــەرەکان چاپخانـــەی تایبــەتیی خۆیـــان دامــەزراندو رۆژنامـــەو گۆڤاریـــان بڵاوکـــردەوەو چالاکییان لە ئەمەریکا لە پاترسون (نیو جرسی)، شیکاگۆ، نیویــۆرک، نیــو بریتــان (کینکتـــاکت) چــەقی بەســت و رۆژنامــەی (وریــایی) یەکــەمین رۆژنامە بوو کە لــە ساڵی (١٩٠٩ ـ ١٩١٤) لـە ئەمەریکا دەرچوو و گیبرییل بوباچی، کە خەڵکی دیــار بــەکرە لـــە تورکیـــا، بـــڵاوی کـــردەوەو سەرنووسەرایەتیی گرتە ئەستۆ.

دوای وەستانی رۆژنامەی (وریایی) بەدوو ساڵ (بیت نهرین ـ وڵاتی دووزێ) لە ساڵی (١٩١٦ ـ ١٩٢٩) ســەری هــەڵدا. ئەم رۆژنامەیــە نــەعووم فائقی بیرمەند دایمەزراند کە لە هەمان کاتیشدا لە ســاڵی ١٩٢١ لەگــەڵ (یوسـف درنـا) بــوو بــە یــاریدەدەری سەرنووســەری رۆژنامەیـــەکی تەمـــەن کورت بەناوی (حۆدیۆدو ـ یەکرگتن).

رۆژنامەیــەکی مانگانەی دیکە کە لە مــاوەی ســاڵی (١٩١٦ ـ ١٩١٩) دەرچــوو، نــاوی ئــەو رۆژنامەیە (ئاتور خدتا ـ ئاشووری تازە) بــوو و یوئێل وردا دایمەزراند و سەرنووسەرایەتی کرد.

ئاشـوورییە ئەمەریکاییــەکان، لــەو ماوەیــەدا، دەرفــەتی ئــەوەیان هــەبوو کــە لــە نێــوان شــەش چاپەمــەنی یەکێکیان هەڵبژێرن، بــەڵام رۆژنامــەی (مشــخدانا ئاتوورایــا ــ مژدەهێـنی ئاشووری)ی (پۆل ئەنۆیا) لە هەموویان گرنگتربوو. پۆل ئەنۆیا لــە ئێرانــەوە هــاتبوو بــۆ ئەمــەریکاو دواتــر چاپخانەیەکی کڕی کە پیتی ئاشــووریی هــەبوو و رۆژنامەکەی کە لە ماوەی نێوان ١٩١٧ ـ ١٩٢١ دەرچــوو، یەکــەم رۆژنامەیــە کــە ئــەمرۆ بەشــێوەی رەسمی پێی دەڵێن رۆژنامە.

لــە هــەمان کاتیشـدا، یوئێـل وردا رۆژنامــەی (ئــەزکدا ـ بــاڵیۆز)ی دەرکــرد کــە ئــەویش وەک (مشخدانا) بە ژمارەی زۆر دابــەش دەکـرا. ئـەو رۆژنامەیە بەوە ناوبانگی دەرکردبوو کە هــەواڵ و دەنگوباســی رێــک و پێــک رادەگــەیەنێت بــڵاوی دەکاتــەوە، جگە لە ئیعلانە چاکەکانی و رواڵەتــە جوانەکەی هەردوو رۆژنامــە (مژدەهێن و بــاڵیۆز) حەفتانـــە پـــەیدا دەبـــوون و دەردەچـــوون و هەردووکیشیان وتــاری ئــەدەبی دانســتەو مــادەی وایان بڵاودەکردەوە کە مۆرکی ناوخۆو نێودەوڵــەتی پێوە دیاربوو[١٥].

دوابەدوای ئەمانە، چەند رۆژنامەیەکی مانگانە ســەریان هــەڵدا، وەک (حۆدیــۆ ــ یــەکگرتن) لــە مــاوەی (١٩٢١ـ ١٩٢٢) کــە نــەعووم فــائق و یوســف درنــا سەرنووســەرایەتییان دەکــردو،

(ئاتوور ـ ئاشوور) کە (یوناثان بیث سلیمان) لە ماوەی (١٩٢٩ ـ ١٩٤٢) بڵاوی دەکردەوە. ئینجا (کخوا داتورایی ــ ئەستێرەی ئاشووریبیان) کە لەبەرهەمی یەکێتیی ئاشووری ئەمەریکایی بوو. لە نێوان ئەو سێ رۆژنامانە کە باسمان کردن، (حۆدیۆ) لەرووی ماددەو رواڵەتەکەی لە هەموویان میللی ترو دیارتربوو.

بەڵام بەداخەوە، ئەو چالاکییە ئەدەبییە زۆر ئاشکرایە لە ئەمەریکا لە ماوەی بیست ساڵی یەکەمی سەدەی بیست، توشی لەناوچوون هات، چونکە ئەو کۆچ کردووە تازانەی گەیشتنە ئەمەریکا، وادیاربوو کە کەمتر بایەخیان بە پارێزگاری کردنی بنچینەی رەگەزایەتی و رۆشنبیریی خۆیان دەدا، لەراستیشدا گەلێک لەوانە دەیویست پێناسەی خۆی ون بکات و پەردەیەکی بەسەردا بدات لەرێگەی خوێندنەوە لە نێو بۆتەی ئەمەریکاییدا و لەمەشدا سەرکەوتن. ئەمرۆ زۆربەیان (بەدڵنیایی زۆربەی رۆڵەکانیان) هیچ زانیاری و ئاگادارییەکانیانەوە نییەو




کەمیشیان دەتوانن قسە بەزمانی ئاشووری بکەن و تەنانەت هەیانە یەک وشە نازانێت و رۆشنبیریی باپیرانیان بەلای ئەوانەوە هیچ شتێک نییە.

ئەم گۆڕانی کاروبارە رەنگی لە چۆنایەتی کارە ئەدەبییەکانیشدا داوەتەوەو لەماوەی هەشتاکاندا هەموو خولنامەکان (دووریات) لەیەک لە دوای یەک بەرەو لەناوچوون هاتن تەنیا یەکێکیان نەبێت کە ئەویش (ئەستێرەی ئاشوورییە).

## سەردەمی نوێ

### ئێرانی نوێ

لەماوەی گرێی یەکەمی ئەم سەدەیەدا (سەدەی بیستەم) ئاشوورییەکان لە ورمێ ئەزموونی باشتریان هەبوو.. بەڵام دوای ئەوەی رەزا پەهلەوی (رەزا شا) جڵەوی حوکمی گرتە دەست و، لەپاڵ ئەوەشدا دەستە ئاسنینەکەی محەمەد رەزای کوڕی، کاروبار زۆرتر بەرەو خراپی چوو، چونکە سیاسەتی حکومەت بریتی بوو لە سیاسەتی سەر کوتانەوەو کپ کردنی گشت چالاکییەکی رۆشنبیری و فکری و، ئەو ساڵانەش سەبارەت بە ئاشوورییەکان و خەڵکی دیکە بە (ماوەی بێ دەنگی) ناودەبرێت.

لەگەڵ سەرەتای جەنگی دووەمی جیهان، چەند نیشانەیەکی هاندەر دەرکەوتن، بەتایبەتیش دوای کۆدەتاکەی (موسەدق) لە ساڵ ١٩٥٢داو ئەنجوومەنی شارەوانی (سوتوا) نیشانەیەکی روون و ئاشکرای هاوکاری بوو و لەو کەشوهەوایەدا چەند قوتابخانەیەکی تایبەتی دامەزراند و چالاکیی رۆشنبیری روو لەزیادبوون بوو (لەوانەش بڵاوکردنەوەی کتێب و رۆژنامەو گۆڤار).


رۆژنامەی (دعثد بهرانا ــ دوا رۆژی پرشنگدار)ی نیوە حەفتەیی (١٩٥١ ـ ١٩٥٣) بۆ یەکەم جار لە ١٦ی ئاداری ساڵی ١٩٥١ دەرچوو کە میرزا بنیامینی کلدانی دەری کردو عیسای کوڕی سەرنووسەرایەتی کردو بەزمانی فارسی و ئاشووری دەرچوو،

بەلام ئەوەی کە بەزمانی ئاشووری دەردەچوو، بەدەست دەنووسرایەوە، چونکە چاپخانەیەک لە ئێراندا نەبوو کە پیتی ئاشووری هەبێت. ئەو رۆژنامەیە لەرووی مەیل و هەواداریی سیاسییەوە، سەری بەبوارێکی تازەدا کرد وەک پشتیوانی کردنی کۆمەڵەیەکی سیاسیی ئێرانیی چالاک. بەلام بلاوکەرەوەی ئەم رۆژنامەیە دوای گەرانەوەی شایەتی، ناچار بوون واز لە کارەکانیان بهێنن و خۆیان بشارنەوە.

(علیمی ئاتورایی ـ لاوانی ئاشووری) کە خاوەنەکەی گوریال کانون بوو، و نووسەرەکانیشی لە لیژنەی ئەدەبیی لاوانی ئاشووری بوون، رۆژنامەیەکی نیو مانگانە بوو لە ماوەی (١٩٥٢ ـ ١٩٥٣) دەرچوو.

**گلگامیش**، بۆ یەکەم جار لە ٢ی نیسانی ١٩٥٢ دەرچوو، ئەمەش بێگومان، چاپکراوێکە شایانی تێبینی کردنە لەو سەردەمەدا و گەلێک رەخنەگر بەیەکەم چاپکراوی ئاشووریی سەرەکی ئەم سەدەیەی دادەنێن[١٦]. ئەم رۆژنامەیە، لەماوەی دە ساڵی تەمەنی نمرود سیمۆتۆی ئەدیب بەرێوەی دەبردو رۆژنامەکە لەبەر ئەوەی زۆربەی نووسەرە ئاشوورییەکانی ئەو سەردەمە بەشدارییان تێدا دەکرد ناوبانگێکی بەرزی بۆ خۆی پەیداکرد. لەپاڵ نووسینەکانی سیمۆنۆدا رۆژنامەکە نووسینی ئەدیبی بەهرەمەند ئەددی ئەلخاس و شاعیری بەهرەدار جان ئەلخاس و زەبیا بیت زەبیا و میشائیل بیت پەترۆس و گەلێکی دیکەی تێدابوو.

گلگامیش لەرێگەی نووسینەکانیەوە، دەیویست هۆشیاریی گەلی ئاشووری بەرزکاتەوە.. ئەوەبو وتارەکان بەشێوەیەکی سەرسورهێن گوزارشتیان لەرۆشنبیریی نەتەوایەتی دەکردەوە، شان بەشانی لێکۆڵینەوەی هەڵبژاردەی کەلەپووری ئاشووری.. لەهەمان کاتیشدا مینبەرێکی تاک و بێ وێنەی




شیعیر تازە بوو. سەبارەت بە ناوەرۆکەکەشی زۆر کەم بایەخی بەرووداوە تازەکان دەدا و زۆر دەگمەنیش ئیعلانی تێدا بلاودەکرایەوە.

گلگامیش لەسەر کاغەزێکی زبرو خراپ چەشن چاپ دەکراو چاپەکەشی خراپ بوو. بەرگی پێشەوەی ئەستێرەی ئاشووریی لەگەڵ هەندێ کەسایەتی کۆنی ئاشووری تێدا بەدی دەکرا. بەرگی دواوەشی وێنەی گلگامیشی پیشان دەدا. دەتوانین بڵێین کە رواڵەتەکەی بەشێوەیەکی گشتی سەرنج راکێش نەبوو، بەلام بەناوەرۆک دەوڵەمەند بوو و ئەو بیروباوەرە نووسراوەی خۆی دووپات دەکردەوە: هیچ زمانێک لە زمانی دایک جوانترو خۆشتر نییە.

## لەچاپەمەنییەکانی دیکەی ئێرانی نوێ

(کرخا یرخایا ـ کورتەی مانگانە) لە ماوەی ١٩٦٢ ـ ١٩٦٩ بە فارسی و ئاشووری دەرچوو.

(ئاتور ـ ئاشوور) رۆژنامەیەکی مانگانەی جوان بوو بە هەشت لاپەرە لە ماوەی ١٩٦٨ ـ

١٩٧٧، لەلایەن دکتۆر ویلسۆن بیت مەنسوور[١٧] بەزمانی ئینگلیزی و ئاشووری و فارسی دەرچوو.

(شوبلا - ڕێگا) ڕۆژنامەیەکی تەمەن کورت بوو لە ماوەی ١٩٧٧ - ١٩٧٩ بەزمانی ئاشووری و فارسی سەری هەڵدا. (عەشتار) لە ماوەی ١٩٨١ - ١٩٨٣ لەلایەن عیسا بنیامین بەزمانی فارسی و ئاشووری دەرچوو و (٤٥) ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە.

ئەو چاپەمەنییانە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام نەبوون، ئەمەش لەبەر کەشوهەوای سیاسی، لە سایەی حوکمی (شا)دا لێبوردەیی بەرامبەر بەدەربڕین لەلایەن ڕەگەز جۆراوجۆرەکانەوە زۆر سنووردارو کەم بوو، بەڵام دوای ڕووخانی شایەتی لە ساڵی ١٩٧٩، سیاسەتی ڕەسمی چاودێرییەکی توندی پەیڕەو دەکرد.

## عێراقی نوێ

کاتێک کە باس لە جۆرایەتیی ڕەگەز دەکەین، دەبینین کە عێراق بەرامبەر بە ئاشوورییان دۆستانە نەبووە و ڕووی خۆشی پیشان نەداوە. ساڵانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی دەرچوونی هەندێ ڕۆژنامەی بەخۆوە بینی، بەڵام هەموویان بەرهەمی پیاوە ئایینیەکان بوون و تەنیا لە سنووری بابەتی ئایینیدا دەخولانەوە.

## لەو چاپەمەنییانەی لە عێراقدا دەرچوون

*لسان المشرق: لە مووسڵ لە ماوەی ١٩٤٦ - ١٩٥٢ لەلایەن کلێسای سریانی ئەرتۆدۆکس بەزمانی عەرەبی و سریانی دەردەچوو.

*النجم: ئەویش هەر بەزمانی عەرەبی و سریانی لە ساڵانی ١٩٥٠ - ١٩٦١ لە مووسڵ لەلایەن کلێسای کاتۆلیکییەوە دەرچووە.

لە ساڵ ١٩٧٢، حکومەتی بەعسی ڕاگەیاندنێکی سەبارەت بە مافی ڕۆشنبیری بڵاوکردەوەو بەو پێیە دەبوایە دانی بەمافی ڕۆشنبیری و زمانی ئەو تایەفانەدا بنایە کە بە سریانی قسەیان دەکردو ئەو ڕاگەیاندنە هیوایەکی پەیداکرد بەوەی کە خەریکە هەڵوێستی عێراق گۆڕانی تێ دەکەوێ سەبارەت بەڕێ پێنەدانی سەربەستیی و ئازادیی دەربڕین. بەقسەی ڕژێم، گوایا، مەبەست لەو ڕاگەیاندنە ئەوەبوو کە کەشوهەوایەکی وا بخولقێنرێت، تا هەموو تایەفە جیاجیاکان بتوانن لەڕووی زمانەوە بەمافەکانی خۆیان شادبن.. بەڵام دەرکەوت کە ئەو هەنگاو تەنیا فروفێڵەو هەر زووش دەرکەوت کە دەسەڵاتدارانی عێراق خەریکی پشتگیری کردنی دڕدۆنگی و دەمارگیریی تایەفە پەرستی بوون بۆ لێک هەڵوەشاندنی بنچینەو بناغەی کۆمەڵگای ئاشووری.

بەم جۆرە، لە کاتێکدا کە لەمەوبەر کەمێک ئازادی دەربڕین هەبوو، ئەوا لە حەفتاکاندا شاڵاوی سەرکوت کردنی و (شاڵاوی ڕەنگ بۆ ڕێژراوی بەعەرەب کردن) زیاتر خەست بووەوەو چیدی زمانی دایک لە نێو کۆمەڵگای ئاشووریدا بە زاڵی نەمایەوە، و تەنانەت لە ژیانی خێزانیشدا، زمانی عەرەبی بوو بە زمانی پەیوەستی و تێک گەیشتن لە نێوان هەندێک لە ئاشوورییەکان، بەتایبەتیش لە نێوان زۆربەی ئەوانەی کە پێیان دەڵێن کلدان. ئەمەش بۆ حکومەت بەسەرکەوتنێکی بەرچاو دادەنرێت، چونکە ڕۆڵەکانی ئەو تایەفەیە ئەمڕۆ خۆیان بەعارەب دەزان و لە کەشوهەوایەکی وەهاشدا، هەموو چاپەمەنییەک بەتوندی و بە تەواوەتی دەخرێتە بەر چاودێری لە بنەرەتدا بۆ ئەو خوێنەرانە ئاراستە دەکرێت کە بەزمانی عەرەبی قسە دەکەن.

## لەچاپکراوەکانی دیکەی عێراق

*(قالا سوریایا - الصوت الاشوري) لە ساڵی ١٩٧٣دا سەری هەڵدا.. ئەمە گۆڤارێکە (٢٠٠) لاپەرە زیاترە و لەلایەن کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی سریان زمانەکەوە دەردەچێت، بەڵام بەزمانی و زۆر دەگمەن وتارێک بە ئاشووری بڵاودەکاتەوەو خۆ ئەگەر بڵاویشی بکاتەوە، ئەوا لەسەر ئاستێکی

زۆر لاوازو نزم و کەم بایەخ.

*گۆڤاری ئەکادیمی سریانی لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بڵاودەبێتەوەو وەرزنامەی (بیت النهرین) لە ساڵی ١٩٧٣ەوە تەنیا بەزمانی عەرەبی بڵاودەبێتەوەو زۆر دەگمەن کە ئەم دوو چاپکراوانە وتارێک بەزمانی ئاشووری بڵاوبکەنەوە.

*(بهرا ـ النور) لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٨٢ دەرچوو و زمانحاڵی بزووتنەوەی دیموکراتیی ئاشوورییە و هەتا ئێستاش بەشێوەیەکی رێکوپێک، مانگانە بەزمانی ئاشووری و نیو مانگانە بە عەرەبی دەردەچێت و لەم ماوەیەشدا دانەیەکی بەزمانی ئینگلیزی، کە لە کەنەدا چاپکرابوو، لێ دەرچوو. (بهرا) لەرووی شێوەی هونەری و چاپەوە پلە پلە پێش کەوت و لە چەند دانەیەکی بەتایپ چاپکراو و بەدەست نووسراو و ئینجا رۆنیۆ کراو بەقەبارەی (A4) بۆ قەبارەی (A3)و بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو تازەترین دامودەزگای هونەری چاپ.

*(سبرا سوربایا ـ الكاتب السرياني) لە ساڵی ١٩٨٤ و (خوبادا ـ الاتحاد) لە ساڵی ١٩٨٥ سەریان هەڵدا هەردووکیشیان کۆمەڵەی رۆشنبیری سریانی زمان بڵاویان دەکردەوە و بەزۆریش هەردووکیان چەند لاپەڕەیەک بۆ وتاری بەزمانی ئاشووری تازە تەرخان دەکرێت، بەڵام بەداخەوە جۆری نووسینەکان ئەوەندە ناچنە دڵەوەو بیزراون.

*(کخوا دبیث نهرین ـ نجم بيت نهرين) ئەم گۆڤارە وەرزییە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢، لەلایەن مەڵبەندی رۆشنبیریی ئاشووری لە دهۆک دەرچوو و وتاری کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی بەزمانی ئاشووری یان عەرەبی بڵاودەکاتەوەو لەرووی شێوەو ناوەرۆکیشەوە، دوا رۆژێکی گەش چاوەڕوانی دەکات.

لەو چاپکراوانەی باس کران، دەبێ ئاماژە بەگۆڤاری ئەکادیمی سریانی بکرێت بەو ئیعتیبارەی کە لە هەموو ئەوانی دیکە پایە بەرزترەو سەرکەوتنێکی ئەدەبی بەرچاوی وەدەست هێناوەو نووسەرەکانیشی خاوەن قەڵەمی کاریگەرن، بەڵام چەقبەندی (ترکیز) لەسەر پێشکەش کردنی ئەدەبی سریانی دەکات بۆ خوێنەری عارەب زمان.

*لەو گۆڤارانەی کە شایانی باس لێوەکردنن، گۆڤاری (موردنا ئاتورایا ـ المثقف الاشوري)یە کە یانەی رۆشنبیریی ئاشووری لە ساڵی (١٩٧٤ ـ ١٩٩١) دەری کردو ئەو گۆڤارە زۆربەی بەشەکانی بە عەرەبین. ئەم گۆڤارە تێکڕا هەر هەمووی لە بەرهەمی کۆمەڵە قوتابییەکی کۆلێجەکان بوو کە گومان لە بەهرەی نووسینیان دەکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیانویست گوزارشت لە هەستیان خۆیان بەرامبەر بەزمانی دا[illegible]ک ئەدەبی گەلەکەیان، بکەنەوە، بەڵام بۆ بەدبە[illegible] و دوای چەند ساڵێک تەنگ پێ هەڵچنین و خ[illegible]تنە ژێر چاودێریی بەردەوام لەلایەن حکومەتەوە، یانەی رۆشنبیریی ئاشووری بەتەواوی سەری بۆ کۆنترۆڵی حزبی بەعس شۆڕکرد و ئەمەش بوو بەهۆی لێک ترازانی و دواجار نەمانی گۆڤارەکە لەسەردەتای نەوەدتەکاندا.

*بانیپال گۆڤارێکی وەرزییە بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیریی ئاشووریی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیریی لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەری دەکات. ژمارەی یەکەمی لە ١٩٩٨/٧/٢٥ دەرچوو بەزمانی ئاشووری عەرەبی و کوردی بەقەبارەی (١٢٨) لاپەڕە بڵاودەکرێتەوە باس و لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەی رۆشنبیری و ئەدەبی و نەتەوایەتی لەخۆ دەگرێت.

## سووریای نوێ

چەند چاپەمەنییەک لەماوەی هەردوو جەنگی جیهانی سەریان هەڵدا، بەڵام تەنیا سێ دانەیان توانییان تا حەفتاکان پڕبکەن و بەردەوام بن.

*مغلثا دبطرير كوثا ــ المجلة البطريركية) پەتریرک ئەفرام بەرسووم لە ساڵی ١٩٣٣ دایمەزراند و نووسینی ئایینی و ئەدەبی بەزمانی عەرەبی و سریانیی رۆژئاوایی بڵاودەکردەوە.

*(بڵاوکراوەی سریانیی حەڵەبی ـ النشرة

السريانية الحلبية) ڕۆژنامەیەکی دیکە کە لە ماوەی (١٩٤٤ـ ١٩٤٩) بەزمانی عەرەبی و سریانی لەلایەن کلێسای سریانیی ئەرتۆدۆکسییەوە دەرچوو و یوحەننا قشیشۆ بەشداری تێداکرد.

*(مدرشتا ـ المدرسة) لە ماوەی (١٩٤٩ ـ ١٩٥٦) دەرچوو و یوحەننان قشیشۆ سەرنووسەرایەتی کرد.

*(سفرو دیولوفو ـ ادب التلاميذ) لەماوەی (١٩٥٥) دەرچوو و ئەویش چاپکراوێکی دیکەی قشیشۆیە.

لەسەردەمی ناسرییەکانەوە تا کۆتایی پەنجاکان، بەدەگمەن ئاشوورییەکان مۆڵەتی دامەزراندنی چاپخانەو ڕۆژنامەی تایبەت بەخۆیانیان پێدراوەو لەو کەشوهەوای کۆنترۆڵ کردنە، دوو خولنامەی ئاشووریی سیاسی، بەنهێنی دەردەچن و بەنهێنییش دابەش دەکرێن.

*(زلکی ـ الاشقة) لە ساڵی ١٩٧٠دا سەری هەڵدا و زمانحاڵی ڕێکخراوی دیموکراتی ئاشووری (مطلستا)یەو لە حەڵەب دەردەچێت.

*(نشرا داتور ـ نسر اشور)، لە ساڵی ١٩٧٢ دەرچووە.. ئەمە بڵاوکراوەیەکی نیو مانگانە بوو لقی سووریای ڕێکخراوی دیموکراتی ئاشووری (مطلستا) بڵاوی دەکردەوە.

هەردوو ڕۆژنامەکەی پێشەوە رای بەهێزیان لەبارەی بابەتە هەنووکەییەکانی تایبەت بە ئاشوورییان دەخستەڕو و بە زمانی عەرەبی و سریانی ڕۆژئاوا دەردەچوون.

## لوبنانی نوێ

لەمێژوی شاری (بەیروت) بە مەڵبەندێکی ئەدەبی گرنگ دادەنرێت و ژمارەیەک لە باشترین ڕۆژنامەی تێیدا دەرچوون لەڕووی نووسین دورکردنەوە، لە کاتێکدا کە چەندان چاپەمەنی ئەمەن کورتی وەک (ملثو، شربيل، بابل، الحرية، بربستا، الرابطة السريانية، بربستا مردوتنيتا)ی تێیدا دەرچووە، دووان لەمانە بەزمانی عەرەبی بڵاوبوونەتەوەو تەمەنیان درێژبووە.

یەکێکیان بەناوی (المشرق) کە لە ساڵانی (١٨٩٨ ـ ١٩٧٠) لەلایەن لویس شێخۆوە دەرکراوە.

ئەوی دیکەشیان (ئاترا ـ الوطن) لە ماوەی (١٩٣٨ ـ ١٩٤٥) دەرچووەو تایبەتمەند بووە بەکاروباری ئاشووری و یوسف مالک بەڕێوەی بردووە.

## الهوامش:

١ـ للمزيد من المعلومات عن هذا راجع كتاب ابراهام يوحنان (موت امة) ص ١٠٤ـ ١١٢/ وكتاب جورج بيرسي بادجر (النساطرة وطقوسهم) ص ٢٥٧/ كتاب هنري ليارد (نينوى وآثارها) ص ٢١٥ـ٢١٦/ كتاب القس توماس لوري (د. غرانت والنساطرة الجبليين) ص ٤٣/ كتاب رفائيا بابو اسحق (تاريخ العراقيين المسيحيين) بالعربي، ص ١١٦ـ١٢٢/ كتاب ارثر ماكلاين (قواعد اللهجات للغة العامة السريانية) ص ١١/ وكتاب جون جوزيف (النساطرة وجيرانهم المسلمين) ص ٢٣.

٢ـ هناك العديد من المجموعات الأدبية حول مذابح الاشوريين، انظر كتاب (مأزق الاشوريين المسيحيين المؤلم في فارس وكردستان) ص ١٤ـ٥٢/ أيضا الوثائق المقدمة إلى الفيكونت غراي وزير الدولة للشؤون الخارجية، الفيكونت برايس، (معاملة الارمن في الامبراطورية العثمانية) ص ١٦٤ـ١٩٢.

٣ـ يمكن مراجعة كتاب نينا بيكولوفيسكايا (الثقافة الاشورية في العصور الوسطى) حول الوضع الثقافي للاشوريين/ وكتاب اغناطيوس افرام الأول برصوم (تاريخ العلوم والاداب السريانية).

٤ـ راجع كتاب رابي موشي دانيال (فارس الحديثة) ص ١٩١.

هەواڵنامەی کتێب

Kurdistan Journalists' Union

٥- اقتبس هذا الرقم من كلمة لهومر اشوريان حول الادب الاشوري في مقال موشي يوخنان، النجم (رومي ١٩٠٧). وفي كتابه فارس الحديثة، ص ٢١١ يذكر رابي موشي دانيال ان المبشرين كانوا يديرون في عام ١٨٩٨ (١١٣) مدرسة، عدد المدرسين كان ١١٦، و ١٨٢١ فتى و٧٢٠ فتاة.

٦- بدأت المطبعة بالعمل عام ١٨٤١.

٧- بالرغم من تاريخ الطبع يشير إلى ١٨٤٦ (حسب الصفحة الأولى من الكتاب) فان العديد من الكتاب المتعاقبين يذكرون تاريخ ١٨٥٢.

٨- بدأت البعثة الانجليكانية بالعمل في اورميا عام ١٨٩٠، والبعثة الروسية الارثذوكسية عام ١٨٩٦. قام اللازريين الفرنسيين بوضع بعثتين كبيرتين في اورميا وسلامس عام ١٨٤١، ولكل منهما مطبعته الخاصة.

٩- بسبب خطأ مطبعي اشار كبرييل يونان إلى التاريخ باعتباره ١٨٩٤. ووقع ا. اكد في نفس الخطأ في جداوله للصحف الاشورية.

١٠- راجع كتاب تاريخ الادب الاشوري للدكتور بيرا سرمس، الجزء الأول، ص٢٢، ١٦٢.

١١- يعرف اليوم ماكلاين كمعجمي ونحوي، وقد ألف ونشر كتاب حول القواعد الاشورية.

١٢- بعد تخرجه من جامعة كولجيت في نيويورك، عاد موشي إلى اورميا وعلم السريانية واللغويات في الكلية الأمريكية في اورمي. كان له نفوذ مؤثر بين الحركات الاشورية الاجتماعية والفكرية. وهو أيضا مؤلف قواعد الاشورية الحديثة، نشر اورميا، ايران عام ١٩١٢، واعيد طبعه عام ١٩٢٨ في اورميا، اعيد طبع الكتاب مرة أخرى عام ١٩٨٢.

١٣- في وقته كان مار توما يعتبر عبقري في فقه اللغة التاريخي، وقاد قام اودو بوضع أساس قاعد اللغة الاشورية كما نعرفها اليوم، وهو أيضا مؤلف القاموس السرياني الشهير (كنز اللغة السريانية) في مجلدين، طبع في الموصل عام ١٨٩٧، واعيد طبعه في مجلد واحد تحت اسم (القاموس الاشوري) عام ١٩٧٨.

١٤- كان معظم ولكن ليس جميع الكتاب الاشوريين الوافدين حديثا إلى أمريكا من ايران، ومن الاستثناءات البارزة: نعوم فائق، سنحاريب بالي، يوسف درنا، ديفيد بيرلي. وقد تركوا جميعهم تركيا خوفا على حياتهم.

١٥- يملك الكاتب العديد من النسخ الاصلية لكل من هاتين الصحيفتين. ويتكون كل عدد من اربع صفحات (وبعض الاعداد ثمان صفحات)، وتحملان شعارا في صفحتها الأولى. وتحمل صحيفة الهيرالد في صفحتها الأولى العناوين التالية: (أول صحيفة اشورية أسبوعية في العالم) و (أول صحيفة اشورية تنشر في أمريكا).

١٦- للمهتمين بمعرفة نوعية المجلة بامكانهم مراجعة المجلد الحديث كلكامش (١٩٩٣) يتكون هذا المجلد من ١٠٠٠ صفحة (بالاشورية فقط) حيث اعاد طبع معظم ما نشرته هذه الدورية خلال صدورها.

١٧- شخصية اشورية سياسية وعضو سابق (١٩٦٧- ١٩٧٥) في المجلس الايراني.

١٨- واحد من الشعراء الاشوريين الممتازين واحد ابرز وجوه الادب الاشوري المعاصر. كان محرر ومساهم في عدد من الدوريات الاشورية (نصيبين وشلاما لـ نينوي) تعتبران اثنين من احسن قصائده. حاليا يعيش قشيشو في المنفى السويدي.

# پێشەنگەکانی رۆژنامەنووسیی ئاشووری




**(کوردستان) یەکەم مەشخەڵی شارستانیی کوردە**



# سەرەتای ڕۆژنامەنووسی جیهانی و ڕۆشنایی بۆ سەر ڕۆژنامەنووسی

## (فەرەنسی و بەریتانی و ئەمریکی و عەرەبی)

هونەری ڕۆژنامەنووسی مێژوویەکی دێرینی هەیە، دیاریکردنی دەستپێکی ئەو مێژووەش کارێکی سانا نییەو تا ئێستا بۆ لێکۆڵەرەوانی ئەو بوارە بەتەواوی ڕوون نەبۆتەوە..

هەندێک دەڵێن: لەوەتەی مرۆڤ لەسەر گۆی زەمیندا گیرساوەتەوە هەستی حەزکردن بە چاودێری دەوروبەری تێدابووە.. کە ئەمەش وەک چاوگەی گەشەی ڕۆژنامەنووسی لێی دەڕوانرێت. هەندێ لە لێکۆڵەرەوانی دیکە وای بۆ دەچن کە ڕۆژنامەی (کین بان)ی چینی کە لە ساڵی (٩١١)ی پێش زایینیدا دەرچووە یەکەمین هەوڵی ئەم بوارە بێت.. ئەم ڕۆژنامەیەش لەسەر تابلۆ بەدەست هەڵکەنراوە..

لە کتێبی لێکۆڵەرەوەی فەرەنسی (یۆ سیفۆسی مێژوونووس) دەڵێ: (بابلیەکان ڕۆژنامەیان هەبووە، کە ڕووداوەکانی ڕۆژانەیان تێدا تۆمارکردووە؛ هەروەها دەڵێ: (ڕۆژنامەی ڕۆمانەکان کە لە ساڵی ٥٨ی پێش زایندا دەرچووە بەیەکەمین ڕۆژنامە دادەنرێت، ئەو ڕۆژنامەیەش ناوی (جريدة الوقائع الرسمية Actap opuli) بووە و ئیمپراتۆری ڕۆمانی (یۆلیۆس قەیسەر) دایمەزراندووە.

ئامادەکردنی: غەریب شێخ ڕەئووف*

هەروەها هەندێکی لێ کۆڵەرەوەی دیکە وای بۆ دەچن کە میسرییە کۆنەکان خاوەنی یەکەم هەوڵی بواری ڕۆژنامەنووسین کە تێیدا هەواڵ و شەڕەکانیان تێدا تۆمارکردووە.

چەند لێکۆڵەرەوەیەکی دیکە وا باس دەکەن کە پێش زایین لە (ڕۆما) ڕۆژنامەیەک هەبووە کە هەواڵی کارەکانی ئەنجومەنی تەشریعی بڵاوەکردەوەو گەلی ئاگادار دەکردەوە لەوەی کە ڕوودەدات.

بەهەر حاڵ هەرکام لەوانەی خرانە ڕوو گوزارشت لەوە دەکات کە سەرەتای کاری ڕۆژنامەنووسی بۆ چەندین ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە.. بەڵام ئەم سەرەتایە لای زۆرێک لە لێکۆڵەرەوان وەک دەستپێکی ڕاستەقینەی هونەری ڕۆژنامەنووسی کاری لەسەر ناکرێت؛ چونکە تا ئەو سەردەمە دەزگای چاپەمەنیی نەهاتبووە ئارا.. تا ئەوە بوو لە ساڵی ١٤٣٦ی زایینیدا زانای بەناوبانگی ئەڵمانی (گۆتەنبەرگ) چاپخانەی داهێنا.. پاش ئەم مێژووەش خێرا ڕۆژنامە بەشێوە زانستیەکەی دەرنەچوو، بەڵکو پاش ماوەیەک ئەوجا توانرا چاپخانە لەبواری ڕاگەیاندندا سودی لێ وەربگیرێت.. ئەوەبوو لە ساڵی ١٧٣٦ی زایینیدا لە ئینگلتەرە یەکەم کتێب بە چاپ گەیەنرا.. بۆ دیاری کردنی سەرەتای نوێی هونەری ڕۆژنامەنووسیش چەند بیروڕایەک هەیە؛ لەوانە: هەندێک پێیان وایە کە لە ساڵی ١٦٠٩ی زایینیدا لە شاری (ستراسبۆرگ) یەکەم ڕۆژنامەی

**٢٢ی نیسان ١٨٩٨ یەکەم ڕاپەڕینی وشەی کوردییە**

هەفتانە چاپکراوە؛ هەندێکی دیکە دەڵێن: (ئەبراهام فیبرهوتن) لە بەلجیکا بۆ یەکەم جار رۆژنامەی بە چاپ گەیاندووە، لەگەڵ ئەمانەشدا چەند سەرچاوەیەک پێیان وایە کە لە ساڵی ١٦٢٢ی زایینیدا لە ئینگلتەرە یەکەم رۆژنامە بە چاپ گەیەنراوە.

بەڵام گەلێک لێکۆڵەرەوە لەسەر ئەو بۆچوونە یەکن کە یەکەمین چاپکراوی خولی رێکوپێک لە (٣٠ ئایاری ساڵی ١٦٣١)ی زایینیدا دەرچووە، ناوی (گازات — Gazette) کە لە زمانی ئیتاڵیدا پێی دەوترێت (Gazetta) واتە رۆژنامە؛ مانا مەجازیەکەشی (پیاوی چەنەباز — الرجل الثرثار)ە.

ئەم رۆژنامەیەش بەمەبەستی خزمەتکردنی پادشا (لویسی چواردەهەم) لە فەرەنسا چاپکراوە دوای ئەوەش لە ئیسپانیا بۆ یەکەم جار رۆژنامەی (گازێتە دی مەدرید) لە ساڵی ١٦٦٠ی زایینی دەرچووە. پاشان لە ئەمریکا رۆژنامە بە چاپ گەیەنراوە کە دواتر لە باسی رۆژنامەنووسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا باسی لێوە دەکەین.

هەموو ئەم رۆژنامانەی باسمان لێوەکردن تارادەیەک لە سنووری شارەکەو هەندێک ناوچەی دەوروبەریان نەبێت زیاتر تێپەریان نەدەکرد.. ئەمەش هۆکاری یەکەمی بۆ نەبوونی ئامێری گواستنەوەی خێرا دەگەرایەوە؛ زۆربەک لەو هەواڵانەی کە دەخرانە روو نزیکەی ساڵێکیان بەسەردا تێپەریبوو.. یەکێک لە رۆژنامەکانی ئەو کاتەی ئەمریکا شانازی بەوەوە دەکرد کەهەواڵێکی بڵاوکردۆتەوە تەنها پێنج مانگی بەسەردا تێپەریبوو.. ئەوەبوو لەوە بەدوا ململانێ دەستی پێکرد بەتایبەت لە نیوەی سەدەی هەژدەهەمدا؛ کە هەر رۆژنامەیەک دەیویست لەرێی بەکارهێنانی بەلەمی تایبەتەوە زووتر بگاتە ئەو کەشتییە گەورانەی کە لە گەشتی وڵاتانی دیکە دەگەرانەوە؛ بەمەبەستی وەرگرتنی دەنگوباسی ئەو وڵاتانە.. هەندێک جاریش لەم بوارەدا کۆتری نامەبەریان بەکار دەهێنا.




لەو سەردەمانەوە هەست بەوە دەکرێت کە ئەو گوروتینەی لە کۆتایی چەرخی حەڤدەدا دەستی پێکردبوو؛ لەسەدەی هەژدەهەمدا زۆر زیاتری کرد؛ هەر لەو ماوەیەدا رۆژنامەی سیاسی و ئەدەبی و گۆڤاری هەفتانە دەستی بە بڵاوکردنەوە کرد؛ ژمارەی ئەو رۆژنامانەی لەسەرەتای چەرخی هەژدەدا لە ئەوروپا دەردەچوون دەگەیشتە (١٤٠) رۆژنامە؛ هۆکاری کەمی ئەو ژمارەیەش بۆ نەبوونی ئازادی رادەربرین دەگەرێتەوە لەو سەردەمەدا.

بەهاتنی سەدەی نۆزدەهەمیش رۆژنامەنووسی هەنگاوی زۆر گەورەتری ناو چەندین قۆناغی نوێی تەی کردو، ژمارەی رۆژنامەکان زیادی کرد، هەروەها هەوڵی بەزانستی کردنی هونەری رۆژنامەنووسی دەستی پێکرد؛ ئەوەبوو لە ساڵی

١٨٦٩ی زایینیدا رۆژنامەنووسی بوو بە وانەیەکی زانستی و لە شاری واشنتۆن لە زانکۆدا دەست بە خوێندنی کرا؛ لە ساڵی ١٩٠٨ی زایینیشدا یەکەمین فێرگەی رۆژنامەنووسی لە کۆلۆمبیا کرایەوە.

یەکەمین سەندیکای رۆژنامەنووسانیش لە شاری (بوخارست) ساڵی ١٨٩٦ی زایینیدا دامەزرا؛ پاش جەنگی جیهانی یەکەمیش و لە ساڵی ١٩٢٦دا (یەکێتی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان) دروستکرا.

لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمیشدا داهێنانە زانستییە گەورەکان خزمەتێکی مەزنیان بەبەرەو پێش چوونی کاری رۆژنامەنووسی کرد.. لەو داهێنانە:

- ساڵی ١٨١٤ جۆن ولتر لە رۆژنامەی (تایمز)دا ئامێری هەڵمی بەکارهێنا، کە لە ماوەی سەعاتێکدا ١١٠٠ دانەی چاپ دەکرد.
- ساڵی ١٨١٨ش (لۆربلۆ) لە شاری پاریس مەرەکەبی چاپکردنی داهێنا.
- لە ساڵی ١٨٣٢دا تەلەگراف پەیدابوو.. هەر لەو ماوانەدا شەمەندەفەر و چەند هۆیەکی دیکەی گەیاندن و پەیوەندی کردن داهاتن.
- لە ساڵی ١٨٣٠شدا بۆ یەکەم جار رۆژنامەی وێنەدار پەیدابوو.
- دروستی بوونی دەزگاکانی هەواڵ (وکالات الانباء)ش خزمەتێکی گەورەیان بەرۆژنامەنووسی کرد، یەکەم دەزگاش وەکالەتی هەواڵی (هافاس) بوو کە لە ساڵی ١٨٣٥دا لە شاری پاریس یەکەم نووسینگەی کردەوە؛ لە ساڵی ١٨٥٠شدا بوونە چوار دەزگای هەواڵ: (هافاس لە ئەڵمانیا)، (رویتر لە لەندەن)، (اسوشیتد پرێس لە ئەمریکا).
- لە ساڵی ١٩٦٤دا ژمارەی ئەو دەزگایانە گەیشتە (١٦٠)دانە، کە لە نێو (٨٢) وڵاتدا بڵاوبوونەتەوە.

گرنگترین دەزگاش ئەمانەن: فرانس اجیس (هافاس)ی کۆنی فەرەنسا، (رویتر) لە لەندەن، (اسوشیتد پرێس - یونیتد پرێس - انترناشنال نیوز) کە هەر سێکیان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

- لە ساڵی ١٨٤٥یشدا رۆژنامەی (مۆرنینگ کروتیل) چەند تەکنیکێکی نوێی بەکار هێنا.
- ساڵی ١٩٠١یش بۆ یەکەم جار پەیوەندی لەرێگای شەپۆلی هەواوە دەستی پێکرد.. پێش ئەوەش لە ساڵی ١٨٩٥دا مارکۆنی پەخشی ئاماژە دوورەکانی داهێنا.. کە دواتریش هەر بەهۆی (مارکۆنی)یەوە لە ساڵی ١٩٢٠دا یەکەم پەخشی رادیۆ لە پاییزی ئەو ساڵەدا لە شاری مۆسکۆ کاری پێکرا.
- لە نێوان ساڵانی (١٨٧١- ١٩١٤) یاسای تایبەت بەکاری رۆژنامەنووسی دەرکرا، کە لەرووی ماددی و مەعنەوییەوە بایەخی زیاتر بەم بوارە گرنگەی راگەیاندن درا.
- لە ساڵی ١٩٦٤ بۆ یەکەم جار مانگی دستکرد بەکار هێنرا.

ئەمانەی هەموویان کاریگەری زۆریان لەسەر بەرەوپێش چوونی کاری رۆژنامەنووسی هەبوو.



## کورتەیەک دەربارەی سەرەتای رۆژنامەنووسی ( فەرەنسەیی ـ بەریتانی ـ ئەمریکی ـ عەرەبی )

### ١ـ فەرەنسەیی :

لەوڵاتی فەرەنسادا رۆژنامەنووسی دەستپێکێکی رەسمی هەبوو، واتە ئۆرگانی حکومەت بوو، یەکەمین رۆژنامەش لەلایەن (رینو دو) لە رۆژی ٣٠ مایۆ ١٦٣١دا بەناوی (گازێت ـ Gezette) دەرچوو.. تا کۆتایی سەدەی حەڤدەهەم رۆژنامەنووسی لە فەرەنسادا لە ژێر چاودێری توندی حکومەتدا بوو..

بەرەو پێشەچوونی رۆژنامەنووسی فەرەنسەیی لە دەرچوونی رۆژنامەی (لابرس)ەوە سەرچاوە دەگرێت؛ ئەم رۆژنامەیە لەلایەن (امیل دی جیراردان)ەوە دەرکرا، بەگشتی رۆژنامەیەکی هەمە چەشنەی گشتگیربوو، ئەمەش سەرەتا بوو کە رۆژنامە بەو جۆرە هەمەلایەنە دەربچێت، ئەم کارەش لە رۆژی (١ی یۆلیۆ ١٨٣٦)دا بوو..

هەر لەشاری پاریسدا ئەو سەردەمانە نزیکەی (٢٠) رۆژنامە دەرچوو؛ هەریەکە لەوانە (٧٠ هەزار) دانەی لێ بەچاپ دەگەیەنرا، دوای دە ساڵ ژمارەکە زیادی کرد بۆ (٢٦) رۆژنامەو ژمارەی خوێنەرانیش گەیشتە (١٨٠ هەزار) کەس..

لەراستیشدا ساتەوەختی حوکمرانی (کۆماری سێیەم) کە ٤٤ ساڵی خایاندو لەدوای کۆتایی هاتنی شەری ساڵی ١٨٧٠وە دەستی پێکرد، چاکترین سات بوو بۆ بەرەو پێشەچوونی کاری رۆژنامەنووسی، ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ لەدایکبوونی هونەری رۆژنامەنووسی و فراوانبوونی سیمای شارستانی بوون، کە خۆی لەو کۆچە فراوانەدا دەبینیەوە کە لە لادێوە دەستی پێکرد بۆ شار پاش پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنی ئامێرەکانی گواستنەوەو دروست بوونی کارگەو داهێنانی تەلەگراف و تەلەفۆن..هتد.


DEMAIN
Mensuel indépendant
Trente ans de Mauritanie
La tentation démocratique.
MUNICIPALES: La désillusion
L'industrie dans tous ses états.
SONELEC: la voie du redressement.

هەروەها پێشکەوتنی پیشەسازیی کەرەستەکانی چاپەمەنی و پیت و کلێشەو داهێنانی ئامێری چاپکردنی هەڵمی بەهۆی (کوینگ)ی زانای ئینگلیزی پەرەی سەند.. ئەمەو وێرای زیادبوونی ژمارەی خوێنەر.

بۆ سەرەتای سەدەی بیستەمیش ژمارەی رۆژنامەو بڵاوکراوەو گۆڤارە چاپکراوەکان لە فەرەنسادا گەیشتە (٦٠٠٠) رۆژنامە، بەڵام لەبەر سەرهەڵدانی دیاردەی زۆر قۆرغ کردن، ئەم ژمارەیە دەستی بەکەم بوونەوە کرد.

لەم بوارەشدا وەکالەتی (هافاس)ی فەرەنسی خاوەندارێتی پێنج رۆژنامەی دەکرد.. وەکالەتی (هاشیت)یش پێش جەنگ و هەتا ئێستاکێش بە شێوەیەکی قورغکاری رۆژنامەکان دابەش دەکات.

### ٢ـ بەریتانیایی :

لەبەریتانیادا ساڵی ١٦٢٢ی زایینی یەکەم کتێبی هەواڵیی رێکوپێک بەچاپ گەیەنرا، ئەویش بەناوی حکومەتەوە بوو، بەڵام یەکەم رۆژنامەی بەپێی ئەو چەمکە زانستییەی کە ئەمرۆ رۆژنامەنوسی دەیگرێتە خۆ؛ لەرووی جێگیری شێوەو ناوو رێکوپێکی دەرچوونەوە؛ رۆژنامەی (ئۆکسفۆرد گازێت ـ Oxford Gazette)ە

هەواڵنامەی کتێب

کە لە ساڵی ١٦٦٥ی زایینیدا بڵاوکرایەوە؛ دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ (لەندەن گازێت ـ London Gazette) کە تا ئێستاکێش بەهەمان شێوەو قەبارەوە هەر دەردەچێت.

سڕینەوەو لابردنی بڕیاری مۆڵەتدان لە ساڵی ١٦٩٥دا لە بەریتانیا یارمەتی زۆری بەرەو پێشڤەچوونی کاری ڕۆژنامەنووسی دا؛ یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەش لە ڕۆژی ١١ی مارس ١٧٠٢دا بەناوی (دەیلی کرنت ـ Daily Courant) دەرچوو، دواتریش چەندین ڕۆژنامەی هەرێمی (ئیقلیمی) بڵاوکرانەوە.


SUNDAY EXPRESS

YOUR chance to join in the wedding celebrations on July 23

Labour is planning a shock grab

TELECOM SHARES THREAT

Gary's bride in tears

ڕاپەڕینی زانستی و زیادبوونی فێربوون و فراوانبوونی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیش کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر بەرەو پێشڤەچوونی کاری ڕۆژنامەنووسی لە بەریتانیادا هەبوو و زەمینەشی سازکرد بۆ زیاتر نزیکبوونەوەی دیدو بۆچوون و هاتنە ئارای بیروڕایەکی ڕۆشن و دیار.

لەتەک هەموو ئەمانەشدا لێکۆڵەرەوان پێیان وایە کە شۆڕشی ڕاستەقینەی بزاڤی هونەری ڕۆژنامەنووسی ئینگلیزی لەسەر دەستی (لۆرد سکلیف) فەراهەم هات کە ڕۆژنامەی (دەیلی مەیل ـ Daily Mail)ی لە ساڵی ١٨١٩دا دەرکرد، کە نرخەکەی تەنها نیو (پنس)بوو.. ئەمەش کۆدەتایەکی نوێ بوو لە بواری دەرهێنان و نووسیندا؛ دوای ئەم هەوڵەش چەندین ڕۆژنامەی دیکە هەمان ڕێ و شوێنییان گرتەبەر، کە گرنگترینیان ڕۆژنامەی (دەیلی ئێکسپرێس ـ Daily Express)ە کە لە ساڵی ١٩٠٠دا دەرچوو.

گەشەکردنی خوێندەوارییش بەتایبەتی دوای ساڵی ١٨٧٠ بووە هۆی زیادبوونی ژمارەی خوێنەرو، پاشان هاتنەکایەی ڕۆژنامەی میللی بوو بە کەناڵێکی بەرهەمداری شارستانی بوون و پێشکەوتنی زانستی.

بێگومان تێکەڵیی دانیشتوانی بەریتانیا و بچووکیی ڕووبەری وڵات لەچاو ژمارەی دانیشتوانیدا و پێشکەوتنی لە بواری ئابووریی و پیشەسازیداو بەرزی ئاستی شارستانی تێیدا؛ وای کردووە کە ڕۆژنامەکانی، پێشەنگی کاروانی ڕۆژنامەنووسی جیهانی بن.

لەلایەکی دیکەشەوە هەندێک چاودێر وادەبینن کە ڕۆژنامەنووسی لە بەریتانیا نغرۆی نێو ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی زەرد بووە. ڕۆژنامەنووسیی زەرد (الصحافة الصفراء) جۆرە ڕۆژنامەنووسییەکە کە زیاتر بایەخ بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوان و توندوتیژی و لایەنی زایەنی (جنسی) و وورووژان دەدات بەبێ گوێدانە مەترسی کاریگەری خراپیان لەسەر ویژدانی نەتەوەو دەروونی جەماوەر.

لە بەریتانیاشدا قۆرغ کردنێکی زۆر لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا لە پاش جەنگی جیهانی یەکەمەوە دەستی بەدەرکەوتن کردووە.

## ٣ـ ئەمریکایی:

دەستپێکی کاری ڕۆژنامەنووسی لە ئەمریکادا بۆ ٢٥ی سبتمبر ١٦٩٠ی زایینی دەگەڕێتەوە، کە لەو ڕۆژەدا یەکەمین بڵاوکراوە بەناوی ڕووداوە گشتییەکانی دەرەوەو ناوخۆ (الوقائع العامة الخارجية والمحلية) بڵاوکرایەوە، ئەم

بڵاوکراوەیەش چونکە تەنیا تاقە ژمارەیەکی لێ دەرچوو چونکە بەبێ وەرگرتنی رەزامەندی دەستەڵاتداران بڵاوکرابوویەوە.. پاش چوارده ساڵ لەو رووداوەو لە رۆژی ٢٤ی ابریل ١٧٠٤ی زایینیدا (جۆرج کامبل) رۆژنامەی (بوستن نیوز لیتر ـ Boston Newsletter) دامەزراند.. دواتر چەندین رۆژنامە لەسەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا بڵاوکرانەوە.

بڵاوکرانەوەی هەواڵ لەو سەردەمەدا لە ژێر سایەی جۆرە بیرکردنەوەیەکدا بوو کە ئێستا گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە؛ ئەو کاتە شێوازی بڵاوکردنەوەی هەواڵ وەهابوو کە رۆژنامە نابێت دەربارەی رووداوە گەورەکان بنووسێت کە لە شارەکاندا روو دەدەن؛ چونکە لەبەر بچووکی شارەکان هەموو مرۆڤێک دەتوانێ کە بەچاوی خۆی رووداوەکە ببینێت و ئاگاداری لایەنە پەیوەندیدارەکانی بێت و چاودێرییان بکات.

بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم ژمارەی ئەو رۆژنامانەی کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بڵاو دەبووەوە گەیشتە (٢٠٠) رۆژنامە، دواتریش تا ساڵی ١٨٤٠ ئەو ژمارەیە زیادی کرد بۆ (١٤٠٣) رۆژنامەو بڵاوکراوەو ژمارەکە تا دەهات زیاتر دەبوو تا لە ساڵی ١٨٥٠ی زایینیدا گەیشتە (٢٨٠٠) رۆژنامەو بڵاوکراوە.

لەتەک ئەوەشدا شۆڕشی راستەقینە لە بەنرخی رۆژنامەو رادەی بەجەماوەری بوونی و فراوانبوونی پانتایی بڵاوکردنەوەی لە ساڵی ١٨٣٣ەوە دەست پێدەکات؛ کاتێک (هۆراس گریلی ـ Horace Greeley) یەکەمین رۆژنامەی بەنرخی بڵاوکردەوە کە رۆژنامەی (مۆرنینگ پۆست ـ Morning Post) بوو، هەرچەندە کە هێشتا رادەی بڵاوبوونەوەی سنووردار بوو.. ئیدی لەو ساتە بەدواوە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەمریکادا رۆژنامە کەوتە بەر دیدی هەمووان و؛ وای لێهات کە رۆژنامە هەموو شتێک بگرێتە خۆ.. لەتەک زیاتر پێشکەوتنی زانستی و هاتنە کایەی ئامێری نوێی چاپکردنیشدا بڵاوبوونەوەی رۆژنامە دەستی بەزیاد بوون کرد.. ئەوەتانێ بڵاوکردنەوەی (نیویۆرک هیرالد ـ New York Herald) گەیشتە (٧٧ هەزار) دانە لە رۆژێکدا.. و بڵاوکردنەوەی (تریبیون) گەیشتە (٢٠٠هەزار) دانەو (لدگر ـ Ledger) (٤٠٠ هەزار) دانە..

وەک تێبینی دەکرێت بڵاوکردنەوەی زۆری رۆژنامەو زیادبوونی ئاگاداری و ریکلامەکان و جوانی هونەریی دەرهێنان و چاپکردن و پێشکەوتنی زانستی؛ کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بەرەو پێشچوونی رۆژنامەنووسی ئەمریکایی هەبوو؛ بەتایبەتی پاش ئەو باڵادەستییە فراوانەی کە لە هونەری وێنەگرتن و گواستنەوەی وێنە بەشێوەیەکی نوێ هاتە کایەوەو ئامێری نوێی چاپکردن خرانە گەڕ، کە هەم لەرووی جوانی چاپ و هەم لەرووی زۆری و خێرایی چاپەوە خزمەتی زۆری کرد..

لەم ساڵانەی دواییشدا هاتنە کایەی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت خزمەتی زۆری بەبواری رۆژنامەنووسی لە ئەمریکاو سەرجەم وڵاتانی جیهاندا، گەیاند..



## ٤ـ عەرەبی:

رۆژنامەنووسی عەرەبیش هەمان ئەو قۆناغانەی بڕیووە کە رۆژنامەنووسی جیهانی پێیدا تێپەڕیووە؛ ئەویش سەرەتاکەی بەرۆژنامەی رەسمی حکومی دەستی پێکرد پاشان رۆژنامەنووسی حیزبی هاتە ئاراوەو دوای ئەوەش رۆژنامەی سەربەخۆ دەستیان بە بڵاوکردنەوە کرد.. لە نیشتمانی عەرەبیشدا رۆژنامەی زەرد (الصحافة الصفراء) لە چەند وڵاتێکدا دەستی بە بڵاوکردنەوە کرد، هەروەها نیشتمانی عەرەبیش تەکەڵولاتی رۆژنامەنووسی تێکەوت، دەست تێوەردانی دەستەڵاتداران بۆ کاروباری رۆژنامەوانی بەمەبەستی نەهێشتنی پاشا گەردانی و ئازاوەو لەردوشت دەرچوون سیمایەکی دیکەی هاوچەشنی قۆناغەکانی رۆژنامەنووسی جیهانیە.

یەکەمین رۆژنامەش لە نیشتمانی عەرەبیدا ساڵی ١٨٢٨ لە قاهیرەی پایتەختی میسر دەرچوو بەناوی (الوقائع المصرية).

لەساڵی ١٨٤٧یشدا یەکەم رۆژنامە لە وڵاتی جەزائیر چاپکرا و ساڵی ١٨٥٧یش لە وڵاتی لوبنان رۆژنامەی (باخچەی هەواڵان ـ حديقة الأخبار) بڵاوکرایەوە..

لە وڵاتی (تونس)یش ساڵی ١٨٦٠ رۆژنامەی (الرائد التونسي) بڵاوکرایەوە.. بۆ ساڵی ١٨٦٥یش لە وڵاتی سوریا رۆژنامەی (سوريه) بڵاوکرایەوە کە رۆژنامەیەکی حکومەتی بوو. بۆ ساڵی ١٨٦٧یش رۆژنامەی (غدير الفرات) لە شاری (حەلەب) لە سوریا بەچاپ گەیەنرا.

ساڵی ١٨٦٦یش لەوڵاتی لیبیا بۆ یەکەم جار رۆژنامەی (طرابلس الغرب) بەچاپ گەیەنرا..

لەساڵی ١٨٦٩شدا لە عێراق بۆ یەکەم جار رۆژنامەی (الزوراء) بڵاوکرایەوە، کە رۆژنامەیەکی رەسمی بوو، بۆ ساڵی ١٨٨٥یش لە موسڵ رۆژنامەی (الموصل) بڵاوکرایەوە.

وڵاتی یەمەنیش لە ساڵی ١٨٧٩دا یەکەم رۆژنامەی تێدا بڵاوکرایەوە. رۆژنامەی (المغازية) و (الجازيتة السودانية)ش ساڵی ١٨٩٩ لە وڵاتی سودان بەچاپ گەیەنران، هەمان ساڵ لە وڵاتی مەغریب رۆژنامەی (المغرب) بڵاوکرایەوە.

ساڵی ١٩٢٠یش رۆژنامەی (صوت الحق) لە مەملەکەتی ئوردون بەچاپ گەیەنرا.

یەکێتی دابەشکارانی عەرەبیش کە ئەرکی دابەشکردنی رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکانی لە ئەستۆدایە لە لێکۆڵینەوەیەکیدا پار رایگەیاند کە (٢٧١٤) چاپکراو لە نیشتمانی عەرەبیدا بڵاودەبنەوە لەوانە: (لوبنان ١٣٥٨ بڵاوکراوەی رۆژانەو هەفتانەو مانگانەو وەرزی و ساڵانە، مەغریب ٣١٨، میسر ١٤٥، کوەیت ٦٤، سعودیە ٦٠، سوریا ٥٠، ئوردون ٤٥، تونس ٢٥، میرنشینە یەکگرتووەکان ٣٣، عەمان ١١، قەتەر١١.

## سەرچاوەکان:

١. طلعت همام ــ مائة سؤال عن الصحافة ــ موسوعة الإعلام والصحافة ــ الطبعة الثانية ــ عمان ــ الاردن ــ ١٩٨٨ (دار الفرقان للنشر والتوزيع).
٢. نحو إعلام اسلامي، اعلامنا إلى اين ..؟! ــ د. علي جريشة ــ مكتبة وهبة ــ القاهرة ــ ١٩٩٠.
٣. الصحافة ــ اجلال خليفة.
٤. چەند هەنگاوێک بەرەو راگەیاندن، رۆژنامەنووسی، پڕوپاگەندەو رای گشتی ـ هەڤاڵ ئەبوبەکر ـ چاپی دووەم ـ کتێبخانەی رۆشنبیری ـ ١٩٩٧.
٥. الإعلام له تاريخه ومذاهبه ــ د. عبداللطيف حمزة ــ القاهرة ــ دار الفكر العربي ــ ١٩٦٥.
٦. الإعلام المعاصر ــ د. حسين فوزي النجار ــ سلسلة اقرأ ــ ١٩٨٤.
٧. رۆژنامەی (راپەڕین) ـ ژمارەکانی (١٥ و ٣٣).

* رۆژنامەنووس


# هونەری نووسین و گرفتی ڕێنووسی ئەمڕۆمان..!

ئەم بابەتەم تەقەلا و بەدواداچوونی چەند بابەتێکی تری لەمەوبەرمە سەبارەت بە گرفتی ڕێنووس و نووسینی ئەمڕۆمان، کە پێشتر لە ژمارە (١٢٠)ی گۆڤاری (کاروان)دا بەشێکم لێ بڵاوکردۆتەوە کە بە ئەسل بابەتێك بوو لە یادی (١٠٠) ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردییدا لە کۆڕێکدا خوێندمەوە، هەروەها چەند سەرنجێکی تری ئەم بابەتەم جارێکی تر لە ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (٢٦٩٠)ی ڕۆژی ١٩٩٨/١٠/١٢ بە دوو زنجیرە بڵاوکردۆتەوە، ئێستایش پاش گەڵاڵە کردنی گەلێ سەرنج و بۆچوونی ئەو بابەتانەی پێشووم و ساغ کردنەوەی گەلێ باروسەرنجی تازەو نوێ هاتنە سەر بابەتەکەم لێرەدا لەگەڵ ئەم نووسینەمدا تێهەڵکێشیان دەکەم ئومێدەوارم بەهەموویان شتێکی وایان لێ دەرچووبێ ببنە مایەی سوود بەخشین بەڕێرەوی ڕێنووسی کوردی ئەمڕۆمان.

**ئەحمەد سەلام***

**لە بەشێ لەو باسانەی پێشووومدا وتبووم:** (ئەگەر ئەمڕۆ بێین چاوێکی دیقەت بگێڕین بە نووسینی ناو هەر ڕۆژنامەو گۆڤارێکماندا دەبینین لەڕووی شێوەی نووسینیاندا گەلێ هەڵەو ناتەواوی لە ڕێنووسیاندا بەدی دەکرێ).

**هەر لە شوێنێکی تردا وتبووم:** (شێوەی نووسین بۆ هەر بابەتێک وەکو شێوەی کەل وپەل وایە بۆ ئادەمیزاد، تۆ هەر وەکو چۆن لە پۆشینی کەسێک ورد دەبیتەوە، هەر زیادەو کەم و کورتیەک لە پۆشینەکەیدا ببینی یەکسەر خەوش و ناشیرینی ئەو پۆشینەت بۆ دەردەکەوێ، نووسینیش شتێکە وا، ئەگەر بۆ نموونە لە هەر ڕستەیەکی نووسیندا زیادو کەمیەک بخەیتە سەر وشەکانی ئەوا خەوش و ناشیرینی بە زەقی لەناو نووسینەکەدا دەبینی).




زیاد لەوەیش دەتوانم هەر لەسەر ئەو بۆچوونەی پێشووم پێ داگرم و بڵێم: (بەداخەوە نووسینی ئەمڕۆی ناو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان وا بەسەر یەکا تێک ترشاون وەختە بڵێم سەد خۆزگەم بە نووسینی (٢٠-٣٠) ساڵ لەمەوبەرمان). کەسانێ شارەزا بۆیە بابەتێک

دادەهێنن تا خەڵکی سوود لەو بابەتە وەربگرن، کاری نووسینیش بۆ نووسەر وەختێ کەڵکی دەبێ کە ئەو نووسەرە ڕەچاوی ئەو زانستیانە بکات کە لە خزمەت زمانەکەیدا بێ).


لە ڕاستیدا تۆ کە دێیت سەرنج لە شێوەی نووسینی ئەمڕۆ دەدەیت و بەراوردی دەکەیت لەگەڵ نووسینی (٤٠-٥٠) ساڵی پێش ئەمڕۆ بەقەد ئاسمان و ڕێسمان جیاوازییان هەیە، ئەم جیاوازییە لە پێشکەوتنی زمانەکەوەیە، ئەم پێشکەوتنەیش لە ئەنجامی ڕەنجی خەڵکانی شارەزا و دڵسۆزەوە پەیدا بووە، گەورەترین گرفتی ڕێنووسی ئەمڕۆمان بەزۆری لە بەکارهێنانی بەهەڵەی ئەم پیتانەدا خۆی دەنوێنێ لە سیاقی وشەو ڕستەدا، پیتەکان بەزۆری ئەمانەن:

(و،ی، (ڕ)ی سووک، (ر)ی قەڵەو، (ل)ی سووک، (ڵ)ی قەڵەو).

دەبا بزانین هەر یەک لەم پیتانەی سەرەوە شوێن و کاتی بەکار هێنانیان چۆنەو دەبێ چۆن بن..؟!

جارێ پێش هەموو شتێ ئێمە بەزۆری لە نووسینی ئەمڕۆماندا گیرۆدەین بەدەست چۆنیەتی جیاکردنەوەی (و) بە هەموو جۆرەکانیەوە یاخود (ی) لە چەند نموونەیەکیدا.

ڕەنگە ئەگەر دوو (و)و دوو (ی) کە بە (واو) و (یای) تیژو درێژ ناو دەبرێن، ئەگەر بۆ ئەم دوو پیتە نیگارێک (شکڵێکمان) هەبوایە تا ڕادەیەک کەمێ لە گرفتەکانمان کەم دەبوونەوە. من پێشتریش و ئێستایش بەو چارەسەرییەی کۆڕی زانیاری کوردی بەغدا قایلم کە هاتوو بۆ ئەو دوو پیتە (و،ی) درێژ لە دامێنی سەرەوەی هەریەکیاندا جۆرە (ـ) فەتحەیەکی کورتی لەسەر داناون، بەمە ئەوسا لە (و،ی)و (ۆ،ێ) کراوە جیا دەبنەوە.


کوردوستان
*********
بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردوستان
(گوارێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی سیاسی کوردیە)
هەر پازدە ڕوژ جارێك بڵاو دەکرێتەوە
ژمارە ٢ ساڵی یەکەم ٣٠ سەرماوەز ١٣٢٤ ٢١ دسامبر ١٩٤٥

لەگەڵ ئەوەیشدا تا ئەو کاتەی (دوو واوی) و (دوو یایی) پەیڕەوی ئەوەی کۆڕ دەکرێ یا تا نیشانەو نیگاریان بۆ دادەنرێ باشتر وایە بەپێی شوێن و دەنگی وشەکە هەردووکی بنووسرێ (وو)و (یی) دەبا بزانین لە چ حاڵەتێکدا دەکرێ پیتی (واو) بەدووجار بنووسرێ و لەکوێدا دەبێ بە یەک جار بنووسرێ:

- ئەگەر لە وشەیەکدا دوای (واو)دکە پیتی (ک) هات ئەوا هەڵدەگرێ بە دوو (و) بنووسرێ و بگوترێ وەکو (کەرکووک، چرووک، بەربووک، دەنووک، بووک، پووک، سووک، تووک..هتد)

تەنها ئەوە هەیە ئەگەر جاری وابوو (و)دکە بەدوایدا (ک) هات بەڵام ئەگەر پێش (واودکە) پیتی (ا) ئەلف کەوتبێ ئەوە هەر بەیەک (واو) دەنووسرێ و دەخوێنرێتەوە وەکو:

(باوک، ناوک، لاوک، چاوگ..هتد) هەر ڕەنگە چەند وشەیەش هەبن، چونکە هەروەکو لە خاڵەکانی داهاتوودا ڕوونمان کردۆتەوە، ئەگەر هاتوو (و) پیتی ئەلفی پێش کەوت ئەوە ئەو (واو)ە بە یەک (واو) دەنووسرێ و بە پیتێکی بێ دەنگیش (صحیح) مامەڵەی لەگەڵا دەکرێ وەک: (باو، چاو، ڕاو، داو.. هتد)، ئەگەر دوای (و) پیتی (د) هات ئەوە دیسانەوە بە دوو (واو) دەنووسرێ

و دەگوترێ وەکو: (مەسعود، سروود، درود، مەحموود، سوود، بێ هوودە..هتد).

- هەر (واو)ێک پێش پیتی (ر) بکەوێ ئەوە دیسانەوە بە دوو (واو) دەنووسرێ و دەخوێنرێتەوە وەکو: (سنوور، باکوور، باشوور، دەستوور، کەلەپوور، سوور، ژوور، دوور، بلوور..هتد).

- ئەگەر (واو)ێک پیتی (س)ی لە دوو هات ئەوە دیسان بە دوو (واو) دەنووسرێ و گۆ دەکرێ وەکو: (نووسەر، ناموس، لووس، رووس، مووس.. هتد).

- ئەگەر هاتوو بەدوای (واو)دکەدا پیتی (ت) هات ئەوە دیسانەوە بەدوو (واو)ی دەنووسرێ و دەخوێنرێتەوە وەکو: (جووت، پووت، لووت، رووت، یاقووت، تابووت، قاپووت، جووتیار، شووتی..هتد).

- هەر (واو)ێک کۆتاییەکەی بە نوون بێت دیسانەوە بە دوو (واو) دەنوسرێ و گۆ دەکرێ وەکو:(بوون، چوون، دروون، گروون، رابوون، خوون، دابوون..هتد).

- هەر وشەیەک بە ئەسڵ لە دوو پیت پێک هاتبوو یەکێ لە پیتەکانی کۆتایی (واو) بێ ئەوە بە دوو (واو) دەنووسرێ و دەخوێنرێتەوە وەکو: (بوو، توو، چوو، روو، موو، زوو، خوو، لوو..هتد).


- هەر وشەیەک کۆتایی بە پیتی (چ) هاتبوو پێش (چ) کە (واو) بوو ئەوە ئەویش بە دوو (واو) دەنووسرێ و دەخوێنرێتەوە وەکو: (سووچ، پووچ، قووچ، نووچ، کەرپووچ، مووچە، کووچە..هتد)

لەلایەکی تریشەوە هەر بەهۆی چۆنیەتی و شوێنی بەکار هێنانی (واو) لە وشەدا دەتوانین بەشێک لەو (واو)انە جیابکەینەوە بەپێی ئەم دەستوورە کە بەیەک (واو) دەنووسرێن و گۆ دەکرێن وەکو:

- ئەگەر وشەیەک پێش واوەکەی بزوێنێکی کورت (ە) هات ئەوا ئەو (واو)ە بەیەک (واو) دەنووسرێ و گۆ دەکرێ و دەبێتە (واو)ێکی بێ دەنگ (صحیح) وەک: (کەو، شەو، رەو، کەوت، کەوان، کەوڵ، کەوش.. هتد).

- لە وشەیەکدا ئەگەر (واو)دکە پیتی ئەلف (أ)ی پێشکەوت ئەوە دیسانەوە ئەو (واو)ە بەیەک (واو) دەنووسرێ و گۆدەکرێ وەک پێشتر باسمان لێوەکرد بۆ نموونە: (چاو، باو، تاو، راو، قاو، لاو، داو، خاو..هتد).

- ئەگەر وشەیەک لە دوو پیت پێک هاتبوو کۆتایی بە (واو) هاتبوو وەکو ئەشێ ئەو پیتە دوو (واو) وەربگرێ ئەشێ یەک (واو)ی کراوەش (ۆ) واتە (واو)ی (چوکڵەدار) وەربگرێ لەم حاڵەتەدا دەبێ واوەکە (چوکڵەی) بۆ بکرێ تا جیابکرێتەوە


مختصر صرف ونحوی

کوردی

جزء

١

لەسر قراری وزارة معارف بو صنف چوارم و پنجم ابتدائی لە چاپ دراوە

طبع اول

لە کردە وەی

سعید صدقی

حقوق لەچاپ دانەوە بو مؤلف

لەسر نفقەی مؤلف کراوە

چاپ خانەی نجاح — بغداد

١٣٤٧هـ — ١٩٢٨م

کتێبخانەی م. ح

هەواڵنامەی کتێب

لە (واو)ی ئاسایی و دوو (واو)ی وەکو: (دۆ، بۆ، رۆ، لۆ، كۆ، جۆ، هۆ، گۆ، تۆ، خۆ..هتد).


- سەبارەت بە پیتی (ی) دیسانەوە كۆمەڵێ گرفتی بەدواوەیەو دەنگەكانی بە پێی شوێنی بەكار هێنانیان كورتی و درێژییان پێوە دیارە، راستی و رەوانی زمان و نوسین لەوەدا دەردەكەوێ كە ئەو زمانە بۆ هەر پیتێكی شێوە نیگارو وێنەی خۆی هەبێ، رێنووسی هیچ یەک لە زمانانی دنیادا باوەر ناكەم گرفتی خۆی نەبێ، بەڵام نەشارەزایی ئێمە بۆ ئەو زمانانە جاری وایە شەفاعەت بۆ ئەو زمانە دەكاو چاوپۆشیی لێ دەكا.

ئەگەر سەرنج بدەین لە زمانی عەرەبیدا هەر بۆ نموونە پیتی (ی) لە نوسینی ئەواندا لەگەڵ جیاوازی دەنگ و گۆ کردنیشیاندا کەچی هەر بەیەک شێوەو یەک نیگار دەنووسرێن.

سەرنج بدەن لە وشەی (الدین) لەگەڵ (الدَین) یایەکە لە (الدین)دا درێژەو کەچی لە (الدَین)دا وەستاوە یاخود تەنانەت لە وشەی (یقول) ئەگەر بەراورد بکەی لەگەڵ وشەی (قول)دا دیسان جیاوازی ئەو دەنگانەی (واو)، هەست پێ دەکەیت، کەچی ئەوە چەند ساڵانێکی دوورو درێژە لەگەڵ ئەو هەموو خزمەتەی زمانی عەرەبیدا نەهاتوون چارەسەرێک بۆ رێنووسەکەیان بکەن یا ئەوەندە خەمی پێوە بخۆن.

ئەگەر هەر وەک نموونەی باس باسی لێوە بکەین هەڵبەتە زۆربەتان لە زمانی (ئینگلیزی)دا لەمن شارەزاترن، کەچی دیسانەوە لە رێنووسی ئینگلیزیدا جاری وایە نەک پیتێک بگرە چەند پیتێک بە نووسین دەنووسرێ کەچی بەخوێندنەوە گۆناکرێ، هەر بۆ نموونە لە وشەی (Accident)دا پیتی (c) جارێک بە (ش) گۆدەکرێ جارێکی تر بە (ک)، یا لە وشەیەکی وەکو: (Examination) سەرنج بدەن هەموو پیتەکانی (tion) بە هەموویان لە بری پیتی (ش) گۆدەکرێ کە جاری وایە لە شوێنی تردا (sh) لە بری (ش)ین دەنووسرێ و گۆدەکرێ.

ویستم بەم نموونانە گرفتی پیتی (ی)یش لای خۆمان ورد بکەمەوە.. ئەگەر سەرنج بدەین لەم چەند وشەیەدا پیتی (ی) لە هەر یەکەیان بەجۆرێ کورتی و درێژییان تێدەکەوێ بۆ نموونە:


١
پەرگی (املای) کوردی
نوسراوی
معروف جیاوك
ناردراوی هولیر
چاپی یەکم
چاپ کردنی پووستی خاوندیتی
بغداد
لە چاپ خانەی نجاح لەچاپ دراوە
١٣٤٩ هـ ١٩٣٠ م

سیان (چڵکاو) یایەکەی کورتە

سیان (سێ کەسی) یایەکەی کورتە

سیر (ی) ناوەڕاست یایەکەی درێژەو دەشێ دوو یایی بێت

ماسی (ی) کۆتایی یایەکەی درێژەو دەشێ دوو یایی بێت

سوێند (وێ) دوو پیتە بۆ (ی) دانراوە

سێ (ێ) کراوەیە و چوکڵی خۆی هەیە

یاسا (ی)ی سەرەتایە و دەشێ بە (ی) بێ دەنگ (صحیح) حیسابی بۆ بکەین.

مەقسەدم ئەوەیە دەبوو جگە لە (ێ)ی کراوە بۆ ئەوانی تریش هەریەکە نیشانێک یا جۆرە نیگارێک هەبن لەیەکیان جیابکاتەوە.. وەک لە سەرەتادا بۆ (واو)ی درێژ وتم ئەو(ـ) فەتحەیەی کۆڕی زانیاری کوردی بەغدا کاتی خۆی پێشنیاری کردبوو، بە بڕوای من بۆ ئێرەش واتە بۆ (ی) درێژیش بەکار هێنانی ئەو (سەرە= ـ) فەتحەیە تا

رادەیەک بەشێک لە گرفتەکانمان کەم دەکاتەوەو لە دوو (یایی) رزگارمان دەکا.

- سەبارەت بە (ر)ی سووک و (ڕ)ی قەڵەو لەڕاستیدا ئەمانیش هەریەکە ئەگەر بێتو جێ و رێی بەکارهێنانی شیاویان نەزانین دیسانەوە تووشی گرفتێکی رێنووسیمان دەکات من بۆ خۆم هەوڵێکم هەیە لەم بوارەدا دەیخەمەروو بۆ مناقەشە و ڕاست کردنەوە، ئومێدەوارم لەم ڕووەوە شتێکم بەشتێک کردبێ.

*ئاشکرایە لای هەموان کە هەر (ڕ)یەک لەسەرەتای وشەوە بێت ئەوا ئەو رێیە (ڕ) بەقەڵەو دەنووسرێ و دەخوێنرێتەوە وەکو (ڕۆڵ، ڕەش، ڕووسیا، ڕاست، ڕەنج.. هتد).

من لەگەڵ ئەو ڕایەدا نیم کە دەڵێ مادامەکی هەموو (ڕ)یەکی سەرەتا بە (ڕ)ی قەڵەو دادەنرێ، ئیتر چوڵکەکەی ژێرەوەی نووسیندا چ پێویست دەکا.. نەخێر ئێمە زمان و نووسین تەنها بۆ شارەزایان دانارێژین بەڵکو بۆ تازە فێربووان و کەسانی لێکۆڵەرەوە لە زمان و تەنانەت خەڵکانی بیانی بۆیە دەبێ هەموو کونج و کەلەبەرەکانی نووسینمان لە جێی خۆیدا بێت.. وەڵامێکی ترم بۆ ئەو کەسانەی دەڵێن ئەو نیشانەی (ڕ)یە پێویست ناکا وک ئەوە وایە بڵێین ئێ کەوانە لە وشەی (ئاسایی)دا یا (مێژوویی)دا بەیەک (ی) بابنووسرێن چونکە (یا)کەی درێژە و خوێنەر دەبێ بەسەلیقە بیزانێ.

*هەر وشەیەک لە دوو پیت پێک هاتبێ و پیتی دوایی یان (ڕ) بێ ئەوا ئەو (ڕ)یە زۆرتر بەقەڵەو دەنووسرێ و گۆیش دەکرێ وەکو: (بڕ، پڕ، چڕ، دڕ، خڕ، شڕ، مڕ، وڕ..هتد).


ئەوەندە هەیە ئەگەر ئەم وشانەی سەرەوە هاتوو پیتێکی تر یا زیاتریان بەدوادا هات ئەوە یەکسەر (ڕ)یەکە لە حاڵەتی قەڵەو بوونەوە لە (ر) دەبێتەوە واتەی دەبێ بە (ر)یەکی سووک وەکو: (برد، پرچ، چرا، درەخت، خرس، شربت، مرۆ..هتد).

*هەر وشەیەک ئەگەر کۆتایی هاتبوو بە (ر) و پێش ئەو پیتی (ر)یە پیتی (ا) ئەلیف کەوتبوو ئەوە بێ سێ و دوو ئەو (ر)یە بە سووکی دەنووسرێ و گۆدەکرێ وەکو: (شار، هار، مار، دار، تار، بەهار، جۆبار، لالەزار، کار..هتد).

*هەر وشەیەک پێشگری (سەر)ی چووە سەر ئەوە ئەو (ر)یەی ناو ئەو وشانە و ئەو (ر)یەش بە سووکی دەنووسرێ و گۆدەکرێ وەکو: (سەرۆک، سەرما، سەروچاوە، سەروا، سەرباری، سەرلق، سەرکەوت، سەرگەڵ، سەرچەم..هتد).

*هەندێ وشەمان هەن ئەگەر پێش پیتی (ر)یەکەیان پیتێکی بزوێنی (ە) کورت هات ئەوا ئەشێ بە (ڕ) قەڵەو بنووسرێن و گۆبکرێن وەکو: (بەڕە، پەڕە، تەڕ، شەڕ، کەڕ، گەڕ، لەڕ، مەڕ.. هتد).

یا دەشێ بە (ر)ی سووک بنووسرێن و گۆبکرێن وەکو: (لەرینەوە، مەرەزە..هتد)، لەم حاڵەتەدا کار دەمێنێتەوە بۆ سەلیقەو شارەزایی خوێنەرو


سەشەممە ١٠ شباط ١٩٥٣

ژمارە:

هەولێر

خاوەنی : کۆمەڵەی مامۆستایانی لقی هەولێر

مدیری مسؤول : جمیل رشید

دەستەی نووسەران: حسین الرشوانی، عزالدین فیضی، ئامێر سعید

رۆژنامەیەکی زانستی وئەدەبی حەفتەیی یە

اعلانات گری‌ی بە ٢٥٠ فلسە

مدیر ادارة: جمال جمیل

# ٢٢ی نیسان ١٨٩٨ یەکەم راپەڕینی وشەی کوردییە

نووسەر خۆی.

*چۆنیەتی جیاکردنەوەی (ل)ی سووک و (ڵ)ی قەڵەو لە نووسین و خوێندنەوەدا.

- هیچ وشەیەکی کوردی بە (ڵ) قەڵەو دەست پێ ناکا بەڵکو بەگشتی بە (ل)ی سووک دەنووسرێ و دەخوێنرێتەوە وەکو: (لیرە، لیێو، لچ، لم، لەش، لەڕ، لان..هتد).

- هەر وشەیەک کۆتایی بە (ل)بێت و پێش لامەکە پیتی (ا) ئەلف هاتبوو ئەوە ئەو (لامە) بە (ڵ)ی قەڵەو دەنووسرێ و گۆڕدەکرێ وەکو: (باڵ، تاڵ، چاڵ، شاڵ، منداڵ، چاوکاڵ..هتد).

یا ئەگەر هاتوو (ل)ەکە پێش پیتی ئەلف (ا) کەوتبوو لە وشەیەکدا ئەوە دیسانەوە بە (ڵ)ی قەڵەو دەنووسرێ و دەخوێنرێتەوە وەکو: (بڵاو، پڵاو، شاڵاو، پیاڵاو، کڵاو، تیاڵا..هتد).

- جاری واشە سەرنج ئەدەی پیتی (ا) ئەلف پێش و دوای لامەکەیش کەوتووە کەچی لە وشەدا بە (ل) لامی سووک دەنووسرێن و دەخوێنرێنەوە، بۆ ئەمەیان دەبێ نووسەر ئەوە بزانێ کە ئەو جۆرە وشانە بە ئەسڵ لە زمانی کوردیدا رەچەڵەکیان نەبووە، بەڵکو وشەی داکەوتوون و بە دەخیلی کەوتونەتە ناو زمانەکەمانەوە وەکو: (مەنال، نیهال، بیلال، هیلال، دۆلار، بیلاد، کەمال، جەمال، جەلال، سوئال..هتد).

- بەزۆری ئەو وشانەی لە دوو پیت پێک دێن و دوا پیتیان لامە ئەوە ئەو (ل)مە بە سووک دەنووسرێ و دەخوێنرێتەوە وەکو: (پل، تل، زل، جل، چل، سل، شل، قل، کل، غل، گل (گلی چاو=ئیشی چاو)، مل..هتد).

بەڵام لەگەڵ ئەوەشا چەند وشەیەکمان هەیە لەم قاعیدەیە دەردەچن، دەبینین بە (ڵ) قەڵەو کۆتاییان دێ، بۆ ئەم حاڵەتەیان دەبێ نووسەر بە سەلیقە ئەم چەند وشەیە بناسێ وەکو: (بڵ، دڵ، چڵ، سڵ، گڵ).

- ئەگەر هاتوو (ی) درێژ پێش (ل)ام کەوت لە وشەدا ئەوە ئەو لامە بەسووکی دەنووسرێ و گۆڕدەکرێ وەکو: (سیل، دیل، ژیلە، میل، تیلەی چاو، زبل، فیل، پیل..هتد).

ئەوەی مایەی سەرنجە وشەمان هەیە کۆتاییان بە (ل)ام هاتووە و پێش لامەکەیش پیتی (واو)یان پێشکەوتووە، ئەوە هەم (ل)مەکە بە (ڵ) قەڵەو دەنووسرێ و دەخوێنرێتەوە هەم (واو)ەکەیش بە (ۆ)ی کراوە دەنووسرێ و دەخوێنرێتەوە وەکو: (بۆڵ، دۆڵ، زۆڵ، چۆڵ، خۆڵ، [illegible]ۆڵ، کۆڵ، گۆڵ، مۆڵ، هۆڵ..هتد).

- هەندێ جار ئەگەر بزوێنێکی کورت (ە) پێش پیتی (ل) کەوت ئەوا ئەشێ لامەکە بە قەڵەو (ڵ) بنووسرێ و گۆبکرێ وەکو: (کەڵ، تەڵە، کۆمەڵ، تێکەڵ، تەمەڵ..هتد).

- یا دەشێ بەهەمان پێوانە بە لامی سووک (ل) بنووسرێ و گۆبکرێ وەکو: (کەل (دانی کەل)، تەل، شەل، قەل، مەل، زەل..هتد).

*زۆر جار سەرنج دەدەم لە نووسیندا بەهەڵە سەرەتای رستە بە (و) یا (وە) دەستپێدەکەن، هیچ رستەیەکی کوردی بە (و) دەست پێ ناکا.. جگە لەوەش (وە) بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ نەزم و ئاهەنگی زمانی کوردیدا ناگونجێ، بەڵکو ئەمە بە ئەسڵ زمان کوردیەوە بۆ نموونە ئێمە لە کوردیدا دەڵێین: (ئازاد و ژیان) لە نەغمی خوێندنەوەکەدا دەبینین پارسەنگی (واو)ەکە دەکەوێتە سەر (ئازاد) کەچی ئەگەر ببینین بابەتێکی وا بەعەرەبی دابڕێژین دەبینین کاتێ دەڵێین (احمد و محمد صدیقان) ئاهەنگی (واو)ەکە دەچێتە سەر (محمد) نەک (احمد)، کەواتە ئەم (وە)یە کت ومت ئەو واوی عەتفەیە کە لە (احمد و محمد)دا هاتووە.

ئێمە بریا کێشەکانمان هەر لەمەندیا بوەستایەتەوە، نەخێر بەداخەوە جار جارە لەم

لاو لەولا کەسانێک دەبینین تازە کەوتوونەتە ناو دنیای ڕۆژنامەنووسییەوە، کەچی تەسریحی وا دەدەن کە لە قوتوی هیچ عەتارێکا نەبێ بەڵێ هی وا هەن ئەوەندە لە خۆیان ڕازین دەڵێن گوایە لەسایەی ئەوانا زمانی ڕۆژنامەنووسی هاتۆتە ئاراوە و ئەمان زمانی کوردییان لە قاوغی جارانی قورتار کردووەو بەرەو دنیای پێشکەوتنیان بردووە، جارێ زمان وەکو هەموو ڕواڵەتێکی زانستیان بۆ خۆی بەپێی سەردەم و پێداویستیەکانی ژیان، دەبێ ئەمیش پڕ بە پێستی خۆی هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێ.

کەواتە هەر گۆڕانکارییەک بەسەر زاراوەیەکی زماندا بێت نە فەزلی منەو نەهی ئەمەو نەهی ئەو بەڵکو فەزلی سەرەکی ئەو ڕواڵەتە دەگەڕێتەوە بۆ خەسڵەتی زمانەکە خۆی و بۆ کەسانی شارەزا لە بوارەکەدا، چونکە هەر ئەو شارەزایانە دەزانن بەپێی خەسڵەتی زمانەکە کەی و لە کوێدا ڕەفتاری زانستانە لەگەڵ زمانەکەدا بکەن، ئەوسا بەپێی سەردەمەکە وشەو زاراوەی پاک و پوختی بۆ دادەڕێژن، نەک کوێرانە هەرچی بەسەر دەمدا هات بشێ بۆ سەپاندن بەسەر خەڵکیدا.

من لێرەدا ڕووی دەمم لەوانە دەکەم کە جاری وایە نەشارەزاییانە هەندێ زاراوەو وشەی داتاشراو دەخەنە ناو نووسینەکانیانەوەو ئەمە ناو دەنێن دەستپێشخەری و داهێنان لە زمانی ڕۆژنامەنووسیدا.

زۆر حەز دەکەم ئەو برایانە نەک بەمن بەڵکو بەخوێنەرێکی ئاسایی بسەلمێنن کە چ بنکە و قاعیدەیەکی زمانەوانییان بەدەستەوەیە وا بەم چەشنە ئەم زاراوانە دەسەپێنن لە نووسینەکانیاندا کە لێرەدا من وەکو نموونەی (مشتێکی ناو خەرواردکە) بەشێکیان لێ دەخەمە ڕوو:

١ـ خیار = خەیار

زۆر جار هەندێ نووسیندا لە بری (خیار) کە، لە (اختیار)ی عەرەبییەوە سەری هەڵداوە لای ئێمە بە (خەیار) بڵاو دەبێتەوە، کە ئاشکرایە ئەم وشەیە بەم شێوە نووسینەی نەک خوێندەوارێکی شارەزا بەڵکو تەنانەت خوێندەوارێکی خوێنەوار ئاسا دەزانێ ئەم وشەیە لە ناو کوردا چ مەبەستێک دەگەیەنێ کە بە تەواوی دوورە لەو مەبەستەی برای ڕۆژنامەنووسی دەیەوێ بەسەقەتی لەناو نووسینی کوردیدا ساغی کاتەوە!

٢ـ سیاسەتوان=سیاسەتمەدار یا سیاسەتمەند

زۆر جاری تر دەبینم لەبری سیاسەتمەدار زۆر بە سەقەتی زاراوەی (سیاسەتوان) بەکار دەهێنرێ، ئەوانەی وشەی (سیاسەتوان)یان دارشتووە بەو خەیاڵەوە هێناویانە کە گوایە ئەشێ لەسەر ئەرزی (باخەوان، شاخەوان، دارەوان، پاسەوان..هتد) دەکرێ (سیاسەتوان)یش بوترێ.. ئیتر بێ ئەوەی ئاگایان لەوە بێ کە دارشتنی ئەم وشانە چۆن پێک هاتوون و چ گۆڕانێکی زمانەوانییان بەخۆیانەوە دیوە، هەر بۆ نموونە (باخەوان) ئەگەر شیی کەینەوە دەبینین پێک هاتووە لە (باخ+ە+وان)، واتە: لە ناوێک+ بزوێنێک+پاشگری (وان).. دارە وشەکانی تریش هەر بەو قیاسە دارێژراون.. کەواتە ئەو بزوێنە (ە) وەک (واشەرێک) وایە لە بەستنەوەی (برغوویەک)دا. دەپرسین ئایا لە (سیاسەتوان)دا ئەم حاڵەتە ڕەچاو کراوە.. بێگومان نا.. کەواتە هەر وشەیەک لەسەر بنکەو بناغەیەکی زمانەوانی دانەڕێژرابێ ئەوە بێگومان بەکارهێنانی دەچێتە خانەی هەڵەو شێواندنی زمانەکە نەک دەوڵەمەندکردنی..

هەر لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەشێ لەسەر ئاهەنگی وشەکانی (هونەرمەندن دەوڵەمەند، بیرمەند، هۆشمەند، کارمەند) وشەی (سیاسەتمەند) بەکار بهێنین.

٣ـ بەرانبەر=بەرامبەر

جاری وایە لە هەندێ نووسیندا لەبری (بەرامبەر) (بەرانبەر) دەنووسن، کە دێین وشەکە شیی دەکەینەوە دەبینین بەرامبەر بە ئەسڵ لە (بەر+ئەم+بەر) پێک هاتووە و ماناو مەبەستی تەواوی خۆیشی دەبەخشێ بەڵام نازانم لایەنگرانی (بەرامبەر) بە چ پێوانەیەک دەیانەوێ (بەرامبەر) بکەن بە قوربانی (بەرانبەر).

٤ـ ئاشتەوایی= ئاشتبوونەوە

هەر کەسێ بیەوێ وشەیەکی تازە بابەت بۆ زمانەکەی دابتاشێ دەبێ بەلایەنی کەمەوە لەسەر ئەو قاعیدەیە پێنج، شەش وشەی تری لەو چەشنە و بەهەمان ئاهەنگ و ئاواز بێنێتەوە تا بیانکا بە پاڵپشتی بۆچوونەکانی خۆی، ئەگینا کەسێ بێت بە تاقی تەنیا وشەیەک قووت کاتەوە بێ هاوەڵ و بیخاتە ناو زمانەکەوە ئەوە بێگومان ئەگەر دەم و دەستیش نەمرێ، ئەوا بێ سێ و دوو لەدوا رۆژدا دەپووکێتەوەو بەکارهێنانی کز دەبێ.

ئێستا لێرەدا هەقمانە بپرسین ئایا وشەی (ئاشتەوایی) لەسەر بناغەیەکی زمانەوانی دروست پێکهاتووە؟ بێگومان دەتوانین بڵێین نەخێر، چونکە وەک دەبینین ئەو وشانەی لە بنچینەدا لەسەر ئەم شێوەیە دارێژراون وەکو: (نانەوا= نانەوایی، دڵنەوا= دڵنەوایی، ناردەوا=ناردەوایی، پێشەوا=پێشەوایی، بێ پەروا= بێ پەروایی، هەوا = هەوایی..هتد) هیچیان لەرووی دارشتنەوە بناغەی (ئاشت یا ئاشتی) بەهیچ لکوجێ لێیانەوە نزیک نابێتەوە تا ئێمە بێین بە سەقەتی ئەم وشەی (ئاشتەوایی) بسەپێنین بەسەر زمانەکەدا، ئەگەر وابێ یەکێکی تریش بە ئارەزووی خۆی سبەی دێ لیستێ وشەی وا ریز دەکا و دەڵێ: (دەرزەوایی، خشتەوایی، بەردەوایی، شەردەوایی..هتد).

ئەمە ئیتر باسی ئەو وشە و زاراوانە ناکەم کە هەندێ لە نووسینی کوردیماندا خۆبانی پێوە دەنوێنن وەکو وشەکانی (دیکومێنت، ئەلتەرناتیف، میتود، پەردنسیب، کومیسیون، ئەپستومولوژی، فیدراسیون و پرۆسە و چی و چی تر!) کەسێ نەزانێ ئەمە بەداهێنان و خولقاندنی ئەوان دادەنێ و گوایە خەڵکانی تر لەم نیعمەتە بێ ئاگان!.

هەر ئەمە هانی دەدا جارێکی تر ئەو راستیانە بخەمەوە روو و بڵێم جاری وایە لە نووسینێکی رۆژنامەنووسیدا بابەتی وا دەبینم کە پەیڕەوی ئاسایی رێنووسیشی تێدا ناکرێ، دەبینی هەندێ کەس بە هەوای ئارەزوو وشە لەیەک دەدەن وشە لەیەک دەترازێنن، ئەگەر ئەو کەسە کەمێ شارەزایی لە ئوسوڵی رێنووسی هەبێ هەڵبەتە ناکەوێتە ئەو جۆرە هەڵانەوە، کە ئەتوانم بڵێم قوتابیەکی دەرچووی سەرەتایی رەنگە تێی نەکەوێ، ئەم حاڵەتی تێکەڵ و پێکەڵ کردنە لە نووسینی هەندێ کەساندا یەکێکە لەو پەتای چاولێکردن و لاساییەی کە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا تووشمان هاتووە، ئەم (بدعە)یە سەرەتا لە نووسینی ئەوروپادا سەری هەڵداوەو هەر لەوێش کوژاوەتەوە کەچی تازە بەتازە لای ئێمە بۆتە مایەی چاو لێکەری، وەکو ئاشکرایە لە رێنووسی (فارسی)یشدا ئەم تێکەڵ و پێکەڵە بەزەقی بەرچاو دەکەون، بۆیە د ‌ ‌ بڵێین ئەو نووسەرانەی لە ژێر کاریگەری نووسینی (فارسی)دا بووبن ئەم پەتای چاولێکەرییان بۆ ناونووسینی کوردی خواستوە، تەوەتا بۆنموونە یەکێکی وەکو رومانووسی ئیرلەندی (جۆیس) هەندێ جار لە نووسینەکانیا پەنای بردۆتە سەر و بەکاری هێناوە لە نووسینەکانیدا.

(عەبدولوەهاب ئەلوەکیل) لە وەرگێڕانی ژیاننامەی (جۆیس)دا نموونەی رستەیەکی لەو بابەتە لە زمانی (جۆیس) دێنێتەوە ئەوەتا (الوکیل) لە پەراوێزی ل(١٤)ی ئەو کتێبەدا دەڵێ: (ویستم ئەم دەربڕینە وەک نموونە بهێنمەوە تا شێوەی پێکەنیناوی ئەو نووسینانە دەرخەم کە (جۆیس) ئەم رستەیە بە ئینگلیزی پێ نووسیوەتەوە) (عەبدولوەهاب ئەلوەکیل) دەقی رستەکەی بەم شێوەیە کردووە بە عەرەبی: (استطیعو تحلیو نفسي علمنفسیا متی شئتو) (ل ١٤ (جۆیس) نووسینی (جۆن کروس) وەرگێڕانی عەبدولوەهاب ئەلوەکیل)

ئەم تێک هەڵشیلانە گاڵتە کردنە بە زمان نەک پێشخستنی زمانی بەدواوە بێ.

ئەشێ تۆ (راناو) بلکێنی بە (ناو)ەوە یا بە (فرمان)ەوە یا تەنانەت بە حەرفی جەرەوە بەڵام قەت ناشێ هەموو ئەم وشانە سەرەتاپایان بەسەریەکا هەڵبشێلی و لەناویەکا

بیانتوێنێیتەوە دیارە بەم کارە ئەرکی فێربوونی زمان نەک لە خوێندەواری ئاسایی بگرە تەنانەت لە کەسانی (بیان)یش ئالۆز دەکەی، ئەی رۆڵی جوانی و ئارایشتی زمان و نووسین لەکوێدا دەمینێ هەرچی وشەیەک هەیە سەرتاپای بەیەکەوە بلکێتی و لەناویەکیانا تێک هەڵشێلی!

ـ ئێستا هەرودکو چۆن لەڕووی نەبوونی نیگارو کلیشەیەک بۆ ئەو پیتانەی لە وشەدا دووبارە دەبنەوە وەکو: (کەللە، گوللە، میللەت، دیققەت) لەبەر رۆشنایی ئەم وشانە تاکو نیگارێک پەیدا دەبن بۆ (دوو واوی و دوو یایی) هەق وایە لە نووسیندا و بەپێی شوێنی خۆیان بەدووبارە بوونەوەیان بیانووسین و بەکاریان بهێنین. سەرەتای بابەتەکەمم بەوە کردەوە بۆیە کۆتاییەکەیشی هەر بەوە دادەخەم. ئومێدەوارم بەم باسەم تیشکێکم خستبێتە سەر لایەنێکی زمانەکەم و سوودێکی گەیاندبێ.

---

*نووسەرو رۆژنامەنووس

---

نبذة مختصرة

## فن الكتابة ومشاكل املائنا اليوم

**ئەحمەد سەلام**

تشكل هذه المحاولة متابعة لعدد من مواضيع سابقة أخرى حول مشاكلنا الاملائية والكتابية، نشرت قسما في العدد (١٢٠) من مجلة كاروان التي كانت اصلا جزء من موضوع في الذكرى المئوية للصحافة الكردية قدمته في ندوة كما نشرت بعض الملاحظات الأخرى في العدد ٢٦٩٠ من صحيفة برايەتی الغراء.. وبعد ذلك استجدت لدى ملاحظات أخرى وددت رجوع مع ما سبق لاجل ان تكون ذات فائدة.

كنت قد قلت: لو دققنا النظر في كتابات الصحف والمجلات لرأينا عددا كبيرا من الاخطاء والنواقص الاملائية كما شبهت الكتابة بالملابس، فكما ندقق النظر في الملابس التي يلبسها الانسان ونحدد نواقصها، كذلك ندققه في الكتابية لتحديد نواقصها وعيوبها.

واستطيع هنا ان اقول اننا حين ننظر إلى كتابات اليوم، نقول ان كتابات (٢٠-٣٠) سنة قبل الآن كانت افضل، واذا ما لاحظنا بعض الفوارق بين كتابات اليوم وكتابات (٤٠-٥٠) سنة قبل الان، فان الاختلاف يكمن في تطور اللغة الكردية، وجاء هذا التطور بمساعي وجهود المخلصين والخبراء والاختصاصيين.

ان اعظم مشاكل الاملاء هي في الاستعمال غير الصائب للحروف (و،ي) و (ر) الثقيلة و(ر) الخفيفة. وهنا يشير الكاتب إلى عدد من الامثلة للواو الطويلة والقصيرة والمفتوحة وغيرها ثم يقارن الكاتب مشاكلنا الاملائية مع المشاكل الاملائية لكل من اللغة العربية والانكليزية ويسوق بعض الامثلة للمقارنة.

وبعد مزيد من الاتيان بالامثلة والنماذج يشير الكاتب إلى كيفية تلفظ الحروف (ر) بشكليها الخفيفة والثقيلة وكذلك حرف (ل) الثقيلة والخفيفة في اواخر الكلمات وياتي بنماذج كثيرة ومن جهة أخرى يؤكد الكاتب وقوع بعض الكتاب في خطأ صارخ حول كتابة حرف العطف (و)، فيقولون (وه) في بداية الجملة، ويأخذ الكاتب على بعض الكتاب المحدثين من انهم يفلسفون اخطاءهم اللغوية والاملائية ويدعون بانهم مجددون واضافوا إلى ما سبق اشياء جديدة وانهم (آتون بما لم تستطعه الاوائل) على حد قول (المعري). ثم يأتي الكاتب ببعض الاستعمالات الخاطئة من قبل بعض الكتاب فيقارن بين كلمتي خيار (بمعنى اختيار) العربية وكلمة (خەیار) وياتي بعد ذلك بمفردة (سیاسیە توان) التي تعني (السياسي) ويقول بان صياغة الكلمة مبنية على خطأ. ويشير الكاتب بعد ذلك إلى اخطاء أخرى في اللغة ويحددها ويطلب ملاقاتها.


## هەگبەی زانیاری

# ( بانگی کوردستان )

# چ جۆرە دەنگوباسی بڵاوکردۆتەوە ؟

ئامادەکردنی نەتەوە پەروەر *

**رۆژنامەکانی ساڵانی بیست و سییەکان، بەتایبەتی سەردەمی شێخی نەمر: ( بانگی کوردستان، رۆژی کوردستان، بانگی هەق، ئومێدی ئیستقلال ) یان زاری کرمانجیی حوزنی موکریانی، بەگشتی، ئەو رۆژنامە کوردییانە، دەنگوباسانەکانیان، بە رێبازێکی نەتەوەیی بڵاودەکردەوە، بەڵکو وەکو ئامرازێکی خەبات، بۆ زیاتر هۆشیارکردنەوەی نەتەوەیی - کۆمەلایەتی بووە.**




ئەمرۆکە، مرۆ پاش ٧٨ ساڵ، کە ئەو جۆرە دەنگوباسانە لە رۆژنامەکانی بیست و سییەکان دەوردەکاتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە ئەو کەڵە رۆشنبیرانە، چۆن لە ناخەوە، لەگەل کێشەی کوردا ژیاون، بەڵکو لە پێناو کورددا سووتاون، بوونەتە مۆم بۆنەوەکانی دیکە..!!

لێرەدا، ئەمجارە لە ژمارە (یەک)ی گۆڤاری رۆژنامەڤانی، ژمارەیەک دەنگوباسی بانگی کوردستان، بۆ نموونە دەخەینە بەر چاوی خوێندەواران بە گشتی و رۆژنامەنووسان بەتایبەتی.

شایانی باسە، کاتی خۆی ژمارەیەک دەنگوباسی رۆژی کوردستان و زاری کرمانجی لە رۆژنامەی برایەتی لە دوا لاپەرەیدا، بڵاوم کردۆتەوە.

هیوادارم، بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە زانیارییانە لەمەر گۆڤارەکانی پێشوو، سەرەرای تام و چێژی کۆنی یەکەی، ببنە سەرچاوەیەکی سوودبەخش، بۆ رۆژنامەنووسان و ئەوانەی لەبارەی رەوتی رۆژنامەنووسیی کوردییەوە نووسین و لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدەن.

### خەبەر

لە سینەوە هەتا تەبریز لە مەنطیقەی غەربی ئێراندا ئاسودەکی نییە ئەم مەنطیقەیەش هەمووی هەر کوردە بزانین ئیسماعیل خان چۆن ئیصلاحی دەکا، لە حکومەتی ئێران هیچ ئەمەلێک نییە خودا بۆ کوردانی چاک بکا.

ژمارە(٣) ١٩٢٢/٨/٢١

بانگی کوردستان

## بەخێرهاتن

شاعیری شەهیری کورد موفتی زادە جەنابی مەحموود بێخود ئەفەندی کە مودەتێک بوو لە کەرکوک ئیقمەتی کردبوو، هەفتەی پێشوو تەشریفی هاتوتەوە بۆ سلێمانی بەخێرهاتنی ئەکەین.

ژمارە(٣) ١٩٢٢/٨/٢١

بانگی کوردستان

## ئیعلان

لەگەردکی دەرکەزێن، خانووی حاجی ئەحمەد جادر چەلەبی، کە ئێستا مەکتەبی (قوتابخانە) نموونەی عیرفانە، لەویدا بەعضی تەعمیرات و سپی کردن، شەش ژوور و هەیوانێک بۆ دروستکردنی کێ طالبە موراجەعەت بە مودیری مەکتەب سەعید زەکی ئەفەندی بکا.

مودیری مەکتەبی عیرفان

سەعید زەکی

ژمارە(٤) ١٩٢٢/٨/٢٨

بانگی کوردستان

## سمکۆ

وەکو خەبەرمان زانیوە لە ئەطرافی (شەرفەخنیە) (لەسەر رێ ی تەبریز لە ساحلی شیمالی گۆلی ورمێ) لەشکری سمکۆ لەگەڵ لەشکری عەجەم شەرێکی بەشدەدتییان بوود، کوردان غالب و عەجەم وەکو پێشو هەر مەغلوبن.

ژمارە(٤) ١٩٢٢/٨/٢٨

بانگی کوردستان

## تەبشیرات

٩ی موحەرەم ١٣٤١

بۆ موقەرەراتی کوردستان مودەتێکە جەنابی حاکمی سیاسی ی سلێمانی لەگەڵ مەندوبی سامی و ئەم زاتەش لەگەڵ لوندرە (لەندن) مەشغولی موخابەرەن جەنابی مەندوبی سامی ئێستا جەنابی مێجەر کۆلد سمیث مەئذون و موفەوضە فەرمووە:

کە بە عمومی ئەهلی لیوای سلێمانی خەبر بدات عەن قەریب مەیدانیان (ماوەیان) دەدرێت بۆ حەل کردنی مەسئەلەی تەشکیل کردنی حکومەتێک بۆ کوردستان یەعنی بەسەربەستی فیکری خۆیان دەرمیان بکەن بۆ حصولی ئەم نییەتە خەبرە جەنابی مەندوبی سامی لەگەڵ حکومەتی ئینگلترە خەریکی موخابەرەدیە تاکو تەرتیبێکی باش دابنرێت و لەم رۆژانەدا بە ئەهالی تەبلیغ و تەعمیم دەکرێت.

جەنابی شێخ مەحموود ئەفەندی لەگەڵ شێخ محەمەد غەریب ئەفەندی لە کوێتەوە بۆ بەغداد نەقل بوون، لە طەرەفی حکومەتی موفەخەمەی بەریتانیاوە موساعەدە کراوە.

ژمارە(٥) ١٩٢٢/٩/٤

بانگی کوردستان

## سمکۆ و عەجەم

بینا لە ئەخباری ئەستامووڵ غەزەتەی الرافدان نووسیوبە کە لەشکری سمکۆ داخلی تەبریز بوود، وەزارەتی طەهران لە خوفا طەلەبی معاونەت و ئیمدادی لە فرقەی یازدەهەمی بۆ لشەویک (رووسییە) کردووە.

(صەباهەلسە دەخیلت بم بڕۆ بۆ چاری لای سمکۆ)

(بلێ تاوی بدا ئەسپی هەتا تەبریزو قافلانی کۆ)

(هەموو کرمانجی کرمانشاد بە ئاواتن بەجان و دڵ)

(سنە حاضرە هەموو خەلقی دەڵێن بێ لەشکری سمکۆ)


ژمارە(٥) ١٩٢٢/٩/٤

بانگی کوردستان

هەواڵنامەی کتێب

## بەگزادانی جاف

بەگزادانی جاف کە بەوطــەن پــەروەردەی و سەعی و کۆشش بۆ تەرەقی مەعاریف و تەنویری ئەبنای وەطەن مەشهورن بۆ معاونەتی جەمعیەتی کوردستان کە خادمی مەعاریفە تەحریرەت و شەفاهەن، دەرعەهدە بوون (گفتیان داوە)کە بە هەموو نەوعی دریغی هیمەت بەفرموون. وەمەضەن (لەخۆیانەوە) بەبیستنی ئەمەی کە


ماکینهٔ چاپ

تەشبیث کراوە بەناوی جەمعیەتی کوردستانەوە ماکینەیەکی چاپ جەلب بکرێ، وەکو لەژێرەوە نوسراوە تەعەهودو ئیمضایان داوە کە معاونەت بفەرموون:

روپیە:

٤٥٠ جەنابی عەبدولکەریم بەگ رەئیسی جاف

٤٥٠ جەنابی ئەحمەد موختار بەگ قائیمقامی ئەلەبجە

١٠٠ جەنابی عزەت بەگ عوثمان پاشا

وەعەلاوەی (سەردرای) ئەمە دیسان تەعەهودیان کرد کە لە ئەلەبجە (هەڵەبجە) هەموو بەگزادانی خۆی میقداریکی کوللی ئیعانە (یارمەتی) بۆ ئەم ماکینەی چاپە گردبکەنەوە وەبینێرن.

لەم خصوصەوە بەناوی عومومی جەمعیەتی کوردستانەوە عەرضی تەشەکرو بەیانی محبەت لە ئومەراو بەگزادانی جاف ئەکەین وە ئومێدمان هەیە کە سائیری ئەشرافی کوردستان لە ئەم ئەمری خێرەدا ئیشتراک بفەرموون. ناوی حەمیەت مەندانی سلێمانیش کە تەعەهودیان بۆ ئەم ئیعانەیە (یارمەت) فەرمووە، لە ئەمەو پاش دەنووسرێ

ژمارە(٦) ١٩٢٢/٩/١٨

بانگی کوردستان

## ئیعلانی رەسمی

مەعولومتان بێ کوردستان رۆژی لێ بوودوە حکومەتی بریتانیا لە مالکی خۆیا ئیعلانی کردووە، بە قراری ئەوروپا ئیدارەی موستەقیلەی کوردستان تەودیع بەجەنابی شێخ مەحمودیان کردووەو بەتایبەت جەنابی شێخ قادر ئەفەندی تەعین کردووە و بۆ تەحکیم حدود، کە کفری و کەرکوک و هەولێر تەشبیث کراوە. بۆیە هەموو کوردی (کوردان) لازمە شادی و ئیعلانی ئازادی بکا.

عەبدولقادر

بانگی کوردستان ژمارە:

شەش ١٩٢٢/٩/١٨

## بەشارەت

بەشارەت بێ دەڵێن هجومی کردە سەر ئێران بلاوەی کرد عەجەم تێکچوون وەکو ریوی لەبەر شێران شەبیخونێکی مەردانە شکاک و هەرکییان کردی بڵندی کرد بحمدالله کلاو طەپلەی کوردان دەسا کوردان فیداتان بم هەموو هەڵسن بەیکجارە نەتیجەی ئەم شەرە خێرە کە ئیستیقلالە بۆ کوردان

بانگی کوردستان

ژمارە ٦ی ١٩٢٢/٩/١٨

## دیسان سەرداری ئەصرەت:

### سەرداری سەرکەتوو..!

بینا بە ئەخبارێکی تازە کە لەبانەوە وەرگیراوە، جەنابی ئیسماعیل خان (سمکۆ) لەپاش ئەمە

کە مەقەری (باردگا) خۆی یەعنی (چاری) تەرک و تەحصینی بەمەوقعی مەنیعی شاخانی سومای و لەشکرێکی عەجەم بێشمار چاری و ئەطرافییان هەموو ئیستیلاو یەغما کرد سمکۆ چەند رۆژێ ئەم ئەحوالەی سەیرو تەماشاو، بەم وەسیلەوە عەجەمەکانی ئیغفال و تەداروکاتی خۆیشی ئیکمال دەکرد، لەپاش ئەم ئیستحضارانە شەوێک بەسەر لەشکری عەجەمدا شبیخونێکی ماهیرانەی کردو بە روایەتێکی مەوثوق و قەریب، پێنج هەزار نەفەر تەلەفییات و بریندارى بە ئەسیر دووی عەجەمداو لەپاش ئەمیش بۆ ئەطرافی تەعمیمی نووسی کە حەسەبی الانسانیە (مرۆڤپەروەرانە) هەرکەس و هەر عەشیرەتێکی کورد بەقەدەر ئیمکانی خۆی بۆ کفن و دەفنی ئەو عەجەمانە معاوەنەتی نەقدی یەی طەلەبی کرد لەسەر ئەم غالیبیەتەش (سەرکەوتنەش) دیسان جەنابی (سمکۆ) عەودەتی بۆ چاری موناسیب نەدیوەو لەگەڵ تەرتیباتێکی مەخصوصەی خۆی مەشغولە.

بزانین ئەم جەولەی دووەمە بۆ کوێ یە وە ئەلحاصل جەنابی سمکۆ دیسان غالیبە ئێمە ذاتەن تا ئێستا بە مەغلوبییەتی ئەو چونکە بەراستی باوەڕمان نەکردبوو هەر غالیبیەتی ئەومان دەنووسی. وە ئینشاللە هیچ کوردێک لەسەر حەق مەغلوب نابێ وە لەخودا تەمەنا دەکەین کە ئەم ئیختیلاف و مونازەعاتە لە بەینی کوردان یەعنی قەومی پەهلەوی و عەجەمدایە بەزوویی مبەدلی خێر ببێ (ئاشتییانە چارەسەر بکرێ) تا لە هەر دوو طەرەف نەوعی بەنی بەشەر و موسلمانی ئیتر ضەرەردیدە نەبن چونکە کورد بۆ ئێمە چەند مەطلوبە دۆستی هەموو ئێران و عەجەمان، کە خانەدان و موحەترەم و مەنەوران بە قیمەتی زۆرەوە بۆ ئێمە ئەوەندە بەقیمەت و پێویستە

**بانگی کوردستان**

ژمارە ٦ ی ١٩٢٢/٩/١٨

## تەشریفی رۆئەسای جاف

بۆ بەعضی موذاکەرە رۆئەسای موحتەرەمەی جاف بە ئیستقبالێکی بەشەرەف و تەفخیم واردی (گەیشتن) سلێمانی بوون. خودای تەعالا لەناو هەموو عەشایردا زەواتی وا مەنەورو بە تەدبیر زیاد بکا.

**بانگی کوردستان**


ژمارە ٦ ی ١٩٢٢/٩/١٨

## چاوەرێ

روو بەقیبلە دەست بەسینە بۆ کوێتین چاوەرێ ی کوردو گوران هەر دەڵێن یاربی مەحموود بێتەوە.

**بانگی کوردستان**

ژمارە ٦ ی ١٩٢٢/٩/١٨





* رۆژنامەنووس

# بەرپرسیاریێتیی رۆژنامەنووسی و رای گشتی

نووسینی : یاسر هەواری
و: کامەران محەمەد عومەر*

### روونکردنەوەیەکی بچووک


ئەم بابەتە کە لە ساڵی ١٩٦٠ لەلایەن مامۆستا یاسر هەواریـەوە نووسـەراوە، پێشـەکی چـاپی عەرەبی کتێبێکە بەناوی (رۆژنامەکار) کـە لەلایـەن جـۆن هۆهێنبەرگــەوە نووســەراوە، ئەگــەرچی ماوەیـەکی زۆر بەسـەر نووسـینی ئـەم وتــارەدا تێپــەڕیوەو گۆڕانکــاری گــەلێك مــەزن و سەرسوڕهێنەر لە دنیای رۆژنامەگـەریدا هاتۆتـە ئـاراوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم وتـارە زیندوێتی و کاریگـەری خـۆی تـا ئـەمڕۆش هـەر لەدەست نـەداوە، بەتایبـەتی ئەگـەر بۆچـوون و رووداوەکــانی بــەباڵای ئــەزموونی ســاوای رۆژنامەگەری ئەمڕۆی کوردیماندا بگرین، بۆیەکە لەسەر داوای گۆڤـاری رۆژنامـەڤانی وەرمگێرایـە سەر زمانی کوردی.




دوای ئـەوەی کـە تـازە لوبنـان لـە میحنەتـە دژوارەکـەی سـاڵی ١٩٥٨ دەرچووبـوو و هـەنگاوی لەسـەرەخۆی هـەڵدێنا ، لـەڕۆژێکی سـاڵی ١٩٦٠دا لەیـەکێ لـە ناوچـەکانی بـەیروت ڤیسـتیڤاڵێکی ئـاینی گـەورە سـازکرا، بەرێکـەوت لـە میـانی ڤیسـتیڤاڵەکەدا شـەڕوپێکدادان لـە نێـوان ئاهـەنگگێڕان و پیـاوانی پۆلیـس روویـدا، ئەمـە پـەردەی سـەند بـۆ شـەڕە تەقـەو لـە ئاکـامدا نارنجۆکێک تەقێنرایەوەو هەندێک کەس بوون بە قوربانی، بەڵام لە پاشاندا بارودۆخەکە بەخێرایی هێورکرایەوەو ڤیستیڤاڵەکەش تا کۆتایی بەردەوام بوو، شاری بـەیروت ئـەم شـەوەی بـە پەشـۆکاوی بەسەربردو بەیانی لەگەڵ سەروتاری یـەکێک لـە رۆژنامـەکان چـاوی هـەڵێنا کـە پەنجـەی تاوانبـارکردنی درێژدەکـرد و ئـاگری رق و توڕەیـی جۆش دەدا، بۆیە چەکەکان لەپەناو پەسیوان هێنرانە دەرەوە، ئەگـەر دەسـەڵاتداران دەسـت و بردیـان نەکردایە لە جڵەوگرتنی هەڵوێستەکە ئەوا خەریک بوو بەیروت سەر لە نوێ بکەوێتەوە هەڵدێری میحنەتەکەی ساڵی ١٩٥٨.

ئەگـەر ئـەو رووداوە بتوانـێ حەقیقـەتێک بسەلمێنێ، ئەوا بریتییە لەوەی کە وشە کاریگەری لە گوللە زیاترەو شوێنەواری قوڵتر جێ دەهێڵێ. ئەگەر بۆمبایەک بتوانێ کۆمەڵە خەڵکێک چ کەم زۆر بن بکوژێت ئەوا وشە لە سایەی هەل و مەرج و فاکتەری دیاریکراودا دەتوانێ ئاسایشی وڵاتێک و ئارامی هاوڵاتیەکانی بەتەواوی بکوژێت.

ناپلیۆن لە میانی گوتەیەکیدا گوزارشتی لە هەمان شت کردووە دەڵێ: (من زیاتر لە جیرەی قەڵەم دەترسم وەک لەزرمەی تۆپ)، هەر سەبارەت بەو بڕوایە پتەوەی کە لەبەرامبەر کاریگەری وشە هەیبوو، لە ساڵی ١٧٩٦ کاتێک فەرماندەی گشتی ئەو سوپایە بوو کە لە ئیتالیا بوو، بەم شێوەیە بۆ پاریس دەنووسێت: (وا باشترە رۆژنامەنووسەکان بەرەنگاری شا سەردینیا نەبنەوەو شتی تروهات و دوور لە واقیع دەربارەی بڵاونەکەنەوە، چونکە هەندێک قەڵەم هەیە جەخت دەکاتە سەر پڕوپاگەندەی چەوت کە خراپ بەسەر ئێمەدا دەشکێتەوەو دوژمنی ئەوتۆمان بۆ دروست دەکات کە ئێمە نامانەوێت، بەدڵنیاییەوە بڵاوکردنەوەی وتارێک لە هەل و مەرجێکی ئاوادا لە (رۆژنامەی رەسمی) بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو پڕوپاگەندانە کارێکی بەکەڵک دەبێت.



لێرەدا بیرۆکەی دەرکردنی رۆژنامەیەکی رەسمی کە زمانحاڵی دەوڵەت بێت لەلایەن ناپلیۆنەوە سەری هەڵداو لە کاتی هەل و مەرجی گونجاویشدا دەست و بردی کرد لە جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیەو رۆژنامەی (ئامۆژگار)ی هەڵبژارد کە ببێت بە زمانحاڵی حوکمدارێتیەکەی.

ناپلیۆن بایەخێکی زۆری بەم رۆژنامەیە داو کاتێکی زۆر بۆ تەرخانکردو، بۆ خۆی سەروتارەکانی دەنووسی و هەڵەچنی بۆ دەکرد، بگرە تیایدا رۆڵی سەرنووسەرو بەڕێوەبەریشی دەبینی لەیەک کاتداو رەخنەی لەبابەتە ئامادەکراوەکان دەگرت، سەرباری هەموو ئەوانەش چاودێری خەرجی و دابەشکردن و فرۆشتنیشی دەکرد.

ناپلیۆن سەبارەت بەو بایەخە زۆرەی دەڵێت: (ویستم ـ ئامۆژگار ـ بکەم بەگیانی هێزی حوکمدارێتیەکەم، هەروەها ویستم ببێتە پێناوێک لە نێوان خۆم و رای گشتی جیهان لە فەرەنساو لە دەرەوەی).

لەراستیدا پۆناپارت بەو وتارو هەواڵانەی کە لە رۆژنامەی (ئامۆژگار)دا بڵاوی دەکردەوە توانی رای گشتی بەگوێرەی پلانەکانی سازو ئامادە بکات، هەتاکو مترنیخ دەربارەی ئەمە دەڵێت: (ناپلیۆن بەخۆ بەسوپایەکی ٣٠٠ هەزار سەربازییەوە قەرزداری رۆژنامەگەرین).

هەرچی ناپلیۆنە لە ئاکامی ئەو هەڵمەتە چڕوپڕانەو لە دوای تەیارکردنی رای گشتی ئەوروپا بە تورەیی لە دژی بەریتانیا ئەوەی راگەیاند: (ئێستا سوپایەکی ٨٠٠ هەزار کەسیم بەدەستەوەیە، هەر ئەوەش بوو کە هەردەم هەوڵم بۆ دەدا، ئێستا ئەوروپا بەدوای مندا دەکشێ بۆ ئەنجامدانی هەر شتێک کە من دەمەوێ).

## رای گشتی چییە؟

دائیرەی مەعاریفی بەریتانیا لە ناساندنی رای گشتی بەم شێوەیە دەست پێدەکات (رێکەوتنێکی کەم هەیە لە نێوان زانایانی بواری کۆمەڵایەتی

و دەروونی و سیاسیەت لەسەر واتای دروستی ڕای گشتی). لەبەر ئەوەی ئەم وشەیە بەشێوەیەکی ڕەنگاوڕەنگ بەکار هێنراوە، تاوێک دەبێتە هێما بۆ کەش و هەوایەک لەڕا، تاوێکی تر بڵاوبوونەوەی بیرێک لە کۆمەڵگادا دەردەبڕێ.

جێمس برایس لە کتێبەکەیدا بەنێوی (دیموکراسیەتە نوێکان) بەم شێوەیە ڕای گشتی دەناسێنێ (ئەو حوکمەیە کە کۆمەڵە خەڵکێک سەبارەت بە پرسێکی گرنگ پێی دەگەن، ئەوەش لە دوای گفتوگۆی تێرو ئاشکرا).

هەروەها پۆرت بەم شێوەیە دەیناسێنێ: (دەربڕینێکە دەربارەی پرسێک یان پێشنیارێکی بەرفراوان لەلایەن کۆمەڵە خەڵکێکەوە کە دەتوانن لاگر یاخود بەرهەڵستکاری بیرۆکەکە بن، بە مەرجێک ڕێژەیان لەڕووی ژمارەوە ئەوەندە بێت کەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری بنوێنن).

چارلز هۆرتۆن کولی ئاوا وەسفی ڕای گشتی کردوە: (ئەگەر بمانەوێت ڕای گشتی وەک خۆی وەربگرین، ئەوا پێویستە وەک کارلێکێکی ئۆرگانی لێی بڕوانین نەک بە تەنها وەک حاڵەتێکی ڕێکەوتن لەسەر هەندێک پرسی ئیمرۆ)، ئەم تیئۆرەش باشترە لەوەی وا لەڕای گشتی بڕوانین کە ڕێکەوتنە لەواری پراکتیک و بیرکردنەوەی ڕاست، چونکە مەبەستی بینینی هەقیقەتی شتە، هەقیقەتی ڕای هەڵایساوی خەڵک لە کاتی دروست بوون و لە وەرچەرخان و ئەو ئەگەرانەی کە لە پرۆسەی جوڵاندنی ڕایەکەدا دێتە پێشەوە).

بێگومان مۆنتسیکۆ سەبارەت بە تێککردنەوەی ڕاکان لە نێو جەماوەری گەل وای دەردەبڕێ کە ئەمە (گیانی گشتییە) لە کاتێکدا ڕۆسۆ ئەمە بەویستی گشتی لەقەڵەم دەدات.

هەرچەندە پێناسەکان سەبارەت بەڕای گشتی زۆرن، لێرەدا نیمچە ڕێککەوتنێک هەیە لەسەر ئەو ڕۆڵە ترسناکەی کە ڕای گشتی لە ژیانی هەر تاک و کۆمەڵگایەکدا دەیگێڕێ، کە ئەم ڕۆڵەش لە شارستانیەتە کۆنەکاندا نیمچە مەحاڵ بووە، هەتاکو ئەفلاتوون ڕای گەلی لە هەموو بایەخێک داماڵیوە، لەمەشدا فەیلەسوفەکانی ڕۆمان هاوڕان لە گەڵیدا کەڕبزێکی زۆر کەمیان بۆ ڕای جەماوەر هەبووە.

بەم شێوەیە ڕۆڵ و کاریگەری ڕای جەماوەر لە ژیانی گشتییدا بەدەرنەکەوت تا کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم، کە تیایدا هزرمەندە سیاسیەکان کەتنە پەیڕەوکردنی وەسیەتنامەکەی هزرمەندو پیاوی ئایینی ئینگلیزی (ئالگۆن ئالی شارلمان) کە دەڵێ: (دەنگی گەل دەنگی خودایە).

ئەگەر لە شارستانیەتە کۆنەکاندا ڕای گشتی نەیتوانیبێت هیچ ڕۆڵێک ببینێت، بەهۆی ئەوەوە بووە کە ژمارەی جەماوەر سنووردارو هۆکارەکانی گەیاندن و ڕاگۆڕینەوە نیمچە مەحاڵ بووە، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەت، کاریگەری ڕای




الحياة

اميركا تستبعد رفع الحظر قبل تسليم ليبيا المتهمين

اغتيال شقيق العطاس

رسالة الى رئيس الوزراء مرتبطة بالحدود مع عمان

گشتی گەلاڵە بوو و شوێنەواری بەرووونی بەدەرکەوت بەهۆی قەبوڵکردن و بەدواداچوونی ڕاپەڕینە فیکری و ئاینییەکان لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوەو بیروباوەڕە نوێکان لەڕێگای بڵاوبوونەوەی هۆکارەکانی گەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە، لەسەرەخۆ دەسەڵاتیان دەسەپاند.

لەگەڵ هاتنی سەدەی بیستەم ڕای گشتی تین و هێزو دەسەڵاتی خۆی سەپاندو سنووری ناوچەیی ڕووەو ئاستێکی نێودەوڵەتی بەرفراوان بەزاند. هێرشە سێ قۆڵیەکەی سەر نۆکەندی سوێس لە ساڵی ١٩٥٦، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەسەر هێزی ڕای گشتی جیهان و کاریگەرییە بەتاوەکەی، بەجۆرێک بەمەحکومکردنی هێرشەکەو فشار خستنە سەر حکومەتانی دەوڵەتە مەزنەکان توانرا ئەو دەستدرێژکارییە بوەستێنرێ بەر لەوەی جەنگی سێهەمی جیهانی لێ بکەوێتەوە.

لەسەر ئاستی ناوخۆ، مۆڵگە دارایی و ئابووری و سیاسییەکان لەڕێگەی سەرجەم هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ئاگادارییەکانەوە دەستیان بەهەوڵدان کرد بۆ بەدەستەوە گرتنی سەرەداوەکانی ڕای گشتی بۆ ڕەواج دان بە بیرو ئامانج و کەل و پەلەکانیان.

ئاگاداریەکانیش (ڕێکلام) لەسەردەمی نوێدا بووە زانستێکی سەربەخۆ بەشێوەیەک ئامۆژگارو دامەزراوی تایبەت بەخۆی هەیەو کێبەرکێش لەسەر کۆنترۆڵکردنی ڕای گشتی و چاودێریکردنی گەیشتە ئەوپەڕی، بۆ ئەم مەبەستە ڕژێمە تاکڕەویەکان دامو دەزگای ڕاگەیاندنی تایبەتیان دامەزراند، بۆ ئەوەی زاڵ بن بەسەر ڕای گشتیدا و دەوڵەتە دیموکراسیەکانیش کەوتنە ناو گێژاوی ڕێکلام و پڕوپاگەندەو بڵاوکردنەوە.

لە نێو سەرجەم کەناڵە کاریگەرەکانی سەر ڕای گشتی، سینەما، تەلەفزیۆن، ڕادیۆو..تاد ڕۆژنامەگەری وەک ئامرازی هەرە کاریگەرو بەهێزتر ماوەتەوە لە گەیشتن بە فراوانترین چین و توێژی ڕای گشتی لە چەسپاندنی بیرۆکەیەک لە مێشکدا، ئەوەش بەهەڵڕەخساندن لەبەردەم خوێنەرەکانی بۆ ئەوەی لەو کاتەی کە دەیانەوێ و لەو شوێنەی کە گونجاوە بۆی بگەڕێنەوە. کاریگەری ڕۆژنامەنووسی وەک ئەو دڵۆپە ئاوانە وایە کە بەدوای یەکەوە بەردەبنەوە سەر بەردێک و لە کۆتاییدا شوێنی کەوتنەکە هەڵدەکۆڵن.

سەرژمێرییەکی دەزگای گالوب لە ئەمەریکادا ئەوە دێنێتە وەبیر کە لە دوو کێبەرکێی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە ساڵانی ١٩٥٢ و ١٩٥٦، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی کاریگەری هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە دەنگیان دەدا بەدوو جاران لە بەرژەوەندی ڕۆژنامەنووسی دابوو، بەجۆرێک لەیەکەمجار ڕێژەکە (٧٩٪) بوو لە جاری دووەم ڕێژەکە (٦٩٪) بوو.

## ڕۆژنامەنووسی لەهەڵگری پەیامەوە بۆ هەڵگری هەواڵی ئاسایی

لە ساڵی ١٩٤٧ لێژنەیەکی ئەمەریکی تایبەت بەتاوتوێکردنی هەل و مەرجی ڕۆژنامەگەری لە ئەمەریکا، ڕاپۆرتێکی خستەڕوو تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە (کۆمەڵگا سیستەمێکی کارایە لە کۆمەڵە فکرێک، هەرچی دەوڵەتی ئازادیشە، لەسەر ڕووداوەکانی ڕۆژانە پێویستی بەڕاپۆتی ڕاستگۆیانە و ڕوون و زیرەکانە هەیە کە لە دوو توێیدا شیکردنەوەی ڕووداوەکان هەڵبگرێت و بتوانێ بیگەیەنێ بەهەر تاکێکی کۆمەڵگا، ئەوەش

ئەو شتەیە کە رۆژنامە دابینی دەکات).

لەسەردەمی یۆنانییە کۆنەکاندا دەگوترا نەتەوەیەک ناتوانێ ئەوەندە بەهێز بێت بۆ داکۆکیکردن لە ئازادی خۆی ئەگەر هات و بەرفراوان بوو، چونکە پێویستە خەڵک هەمووی لەگۆڕەپانی گشتی شار کۆببنەوەو گوێ لە قسەو گوتاری پێشەوایەکەیان بگرن. دەنا خەڵک ناتوانێت ئاگاداری رەوشی حکومەت بێت و چاودێری بکات.

لەم سەردەمەی ئێستاماندا خەڵکی نەتەوە گەورەکان لە گۆڕپانی گشتی کۆنابنەوە بەوێنەی کۆبوونەوەکانی ئەسیناو رۆمای کۆن، بەڵکو ملیۆنان کەس لە دانیشتوانی سەر گۆی زەوی هەموو بەیانی و ئێوارەیەک دەتوانن بەدەوری ستوونی رۆژنامەنووسییەوە کۆببنەوەو بەدوای پەرەسەندنی رووداوەکان دا بچن و لەگەڵیدا بژین. لێرەدا رۆژنامەنووسی وەک پێویستییەک بەدەردەکەوێت کە گرێدراوە بەژیانی هەموو کۆمەڵگاوە.

لە سەدەی پازدەی پێش زاینی لەرۆما کتێبی (نامەی هەواڵەکان) دەرکرا بۆ گەیاندنی هەواڵەکان بەو هاولاتیانەی کە لە دووری پایتەختەوە جێنشین بوو.

لەساڵی ٦٠ی بەر لەزاین، کاتێک یۆلیۆس قەیسەر بووە قونسوڵی رۆمانی، فەرمانی دا بە دەرکردنی (کاروباری رۆژانە)، کە ئەمەش یەکەم بڵاوکراوەی رەسمی بوو و لە گۆڕەپانی فۆرم هەڵدەواسرا هەواڵی رەسمی دەوڵەتی بۆ هاولاتیان بەخۆوە دەگرت، لەسەردەمە تاریکەکانیشدا لە سویسرا هەواڵ لەرێگەی بانگدەرانەوە و لە ئینگلتەرە لەرێگەی سروودبێژ و لەفەرەنسا بەهۆی حیکایەتخوانانەوە دەگوازرایەوە.

تۆوی رۆژنامەنووسی لەناو پێچ و پەنای گەشەسەندنی کۆمەڵگادا بەم شێوەیە پەرش و بڵاو بوو تا ئەو کاتەی لە ئەڵمانیا چاپخانە داهێنرا، کە لەگەڵیدا چەمکی رۆژنامەنووسی گەلاڵە بوو روخسارە ئایندەییەکانی روون بووەوە، یەکەم رۆژنامەش بەناوی (ئافیز ئاربلاسۆن ئۆدر زیتنگ) بوو کە جۆهان کارۆلیس لە ساڵی ١٦٠٩ لە شاری ئۆگسنبورگ دەریکردو دوای ئەو ماوە دوورودرێژە، ئەمڕۆ ژمارەی ئەو رۆژنامانەی کە دەردەچن خۆی لە (٧٥٢٠) رۆژنامە دەدات و رۆژانە ٢٥٥ ملیۆن دانەی لێ دابەش دەکرێت، ئەم زانیارەیەش بەگوێرەی راپۆرتێکی ساڵی ١٩٥٦ یۆنسکۆیە کە بەمەش رۆژنامە بەهێزترین کاریگەری هەیە لەسەر رای گشتی.

## کێیە ئەوەی دەست بەسەر ئەو هێزە کاریگەرە دادەگرێت؟

ئەگەر کاری رۆژنامەنووسی ئەو دەوڵەتانەی کە رژێمی تاکڕەوی تیادایە بخەینە لاوە کە ملکەچی رێنمایی رژێمی تاکڕەون، ئەوا رۆژنامەنووسی لەو دەوڵەتانەی کە دیموکراسیەتی تیادا بەرقەرارە لەرووی مەبدەئییەوە ئازادەو دەستور ئازادی رادەربرین و هەواڵ و بڵاوکردنەوەی بۆ زامن دەکات لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەی کە ئازادی هاولاتیەکانی تریش دەپارێزێ.

## بەلام ئایا بەڕاستی رۆژنامەگەری ئازادە..؟

لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم رۆڵی رۆژنامەنووسی گۆڕانکاریەکی ریشەیی بەخۆیەوە بینی، لە هەڵگری پەیامی ئاراستەکراوەو بوو بە


الحوار مع العماد ميشال عون لم ينقطع والانسحاب السوري من لبنان حتمي!
اتفاقية التنسيق الأردني - الفلسطيني
المحرر
الطائف الأميركية السرية التي حملها مبارك الى القذافي: تدبير تجميع الرحلة • السماح لخبراء التفتيش بالكشف على الأسلحة الكيماوية • اقفال معسكرات التدريب و...
مساومات اللحظات الأخيرة في فرض الحصار على ليبيا

ژمارە: سفر ۲ گوڵان ۲٦۹٤ ۲۲ نیسان ۱۹۹٤

هەڵگری هەواڵی ئاسایی و لەگەڵ ئەمەدا وێنەی رۆژنامەنووسی کۆن کەرۆڵی فەیلەسوف و پێشەنگی خوێنەرە دڵسۆزەکانی دەبینی گلار ئەمرۆ رۆژنامەنووس تەنیا هەواڵ دەگوێزێتەوەو بەگوێرەی توانا هەوڵ دەدات هەواڵەکانی بابەتی بێت، چونکە ئەو رێچکەیەی کە رۆژنامەنووسی نوێ پێیدا دەروات لە بینینی رۆڵی خۆی لە ئاراستەکردن، لە بنچینەدا پشت دەبەستێت بەهۆکاری ئابووری.

لەرابردوودا رۆژنامەگەری کارێکی تاکە کەسی بوو و کەسێک یاخود چەند کەسێک ئەنجامیان دەدا لە پێناوی ئەو پەیامەی کە بڕوایان پێی هەبوو و قوربانیان بۆی دەدا هەر ئەوەشە کە هۆراسیس گدیلی باسی دەکات و دەڵێ: (لەسەر رۆژنامەنووسەکە قەدیسێکی مژدە بەخش و هەواڵدەرێکی راستگۆ بێت)، ئێستا ئەمە گۆڕاوەو بوە بە دامەزراوێکی کاری بە کۆمەڵ و لە پێشەوە بووە بە پیشەسازی.

کەنەدی جۆنس کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی رۆژنامەی (دیلی میل) بوو کاتێک کاری رۆژنامەکەی گرتەدەست، ئەم هەقیقەتەی بەم شێوەیە بۆ (لۆرد مۆرلی) نووسی: (ئێوە پەیام و پیشەی رۆژنامەنووسیتان جێهێشت، ئێمەش گۆڕیمان و کردمان بە لقێکی بازرگانی).

گومانی تێدانییە کە هۆکاری کێبەرکێکردن و سەرهەڵدانی ئامرازی نوێی بڵاوکردنەوەو گەیاندن بەرای گشتی، وای لە رۆژنامە تاکە کەسیەکان کرد کە بەدوای پەناگەیەک دا بگەڕێن بۆ خۆ دەربازکردن لە کەوتن، بەجۆرێک ئەم رۆژنامانە لەبەردەم هەڵکشانی رۆڵی رادیۆو سینەماو تەلەفزیۆن یەک لە دوای یەک دەکەوتن و ناچار بوون بەدەوری یەکتردا گردبینەوەو بەخێرایی پەرە بە خۆیان بدەن رووەو دامەزراوێکی پیشەسازی.

ئەوەش لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا زۆر بەرووونی دەرکەوت کاتێک لە ساڵی ۱۹۰۹دا، (۲٦۰۰) رۆژنامەی رۆژانە هەبوون، کەچی لە ساڵی ۱۹۵۵دا تەنیا (۱۷۸۵) رۆژنامەیان مانەوە کە دەکاتە چارەکێکی هەموو رۆژنامەکان، ژمارەیەکی زۆریش لە نێو تاریکیدا بێ شوێنەوار مایەوە.

لەو کاتەی بواری کارکردنی رۆژنامە تاکە کەسیەکان بەرتەنگتر دەبوەوە، ژمارەی دامەزراوە یەکگرتووەکان لە ئەنجامی بەزنجیرە یەکگرتنی رۆژنامەکان زیاتر دەبوو لە هەریەک لە ئەمەریکاو بەریتانیاو فەرەنسا، هەتاکو لە لوبنانیش گەلێک رۆژنامە کەوتنە پەیوەندیکردنی جدی بۆ یەکگرتن لە پێناو بەرەو رووبوونەوەی کۆسپەکانی پاشەڕۆژ.

بەم شێوەیە رۆژنامەگەری مۆدێرن لەگەڵ هاتنی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بەدیمەنێکی نوێوە دەرکەوت کە زیاتر دامەزراوێکی بازرگانییە وەک لەوەی دامەزراوێکی گشتی بێت بۆ گەیاندن، لێرەدا پرسیارێک خۆی دەسەپێنێ، ئایا رۆژنامەگەری لەسەردەمی نوێدا دەتوانێ رۆڵی رێنماییکردن ببینێت بەوێنەی رابردوو..؟ چونکە

کاری هەر دامەزراوێک مەرجدارە بە سروشتەکەی، رۆژنامەگەری نوێش بەبالأبوونی لەسەر بنەما بازرگانییەکان، وای لێدەکات لەو سنوورەدا بجولێتەوە، بۆیە دەکەوێتە ژێر فشاری چەندین فاکتەر لەوانە:

## ریکلام (ئاگادارییەکان)

ک، و، سکربس، دامەزرێنەرو پەخشکەری رۆژنامەکانی سکربس ـ هوارد، لەبارەی پلانی رۆژنامەکانی دەنووسێ: (پێویستە ئەو رۆژنامەیەی کە دەردەچێ لەبەرژەوەندی زۆربەی جەماوەردا بێت، دەبێ دژایەتی بەرژەوەندی خۆپەرستانەی ئەو چینە بکات کە گەورەترین بەشی داهاتی رۆژنامەکە دابین دەکات، دەبێ هەندێک جار دژایەتی ئەو چینە بەشێوەیەکی ئەوتۆ بکرێت کە چینەکە ناچار نەکات دەست لەو بارمەتیانە بکێشێتەوە کە بەرۆژنامەکەی دەدات، بۆ ئەوەی رۆژنامەکە سەربەخۆییەکی تەواوی هەبێت، دەبێ نرخی ریکلامەکان تا نزمترین رادە بشکێنێ بۆ ئەوەی ئەو توێژەی کە ریکلام بلاودەکاتەوە توانای بەردەوام بوونی بلاوکردنەوەی ریکلامی هەبێت لە رۆژنامەدا).

ئەوە بۆچوونی سکربس بوو لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیست، کە لەو رۆژانەدا رۆژنامە هێشتا رۆلی پێشەنگی دەگێرا، هەر خۆی ئەمەی لە بابەتێکی تری پەیامەکەیدا دیاریکردووە کە دەلێ:

(لەسەر مژدەبەرانی ئینجیل و نووسەری رۆژنامە سەرکەوتووەکانە، مژدە بە فێربوونی رەوشتی چاک بدەن). لەگەل ئەوەش سکربس نەیتوانی شوێنەواری ریکلام فەرامۆش بکات لەسەر رۆژنامە، بۆیە داوا دەکات کە رۆژنامە توونە نەبێت لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو چینە، تاکو ناچار نەبن دەست لەبارمەتیدانیان هەلگرن.

ئەگەر ریکلام لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیست کاریگەرییەکی هەتاکو کەمیشی هەبوو بێت لەسەر رۆژنامە، ئەوا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست ریکلام بووە یەکەم هۆکاری ژیانی هەموو رۆژنامەکان.

ئەو داهاتەی کە لەریکلامەوە دێت، دوو لەسێی سەرجەم داهاتی رۆژنامە پێک دێنێ، کەچی سێیەکەکەی تر بریتییە لە قازانجی فرۆشتنی رۆژنامەکە، لە کاتێکدا هیچ رۆژنامەیەک تەنیا بەفرۆشتنی رۆژنامەکە جا بە هەر برێک بێت، ناتوانێت بەردەوام بێت. باشترین نمونەش لەسەر ئەوە رۆژنامەی (نیوز کرۆنیکل)ی بەناوبانگی ئینگلیزییە، کە لە دوای ئەوەی خاوەنەکانی زیانێکی گەورەیان لێکەوت لە سالی ١٩٦١ رۆژنامەکە خرایە بەر فرۆشتن، لەگەل ئەوەی رۆژانە ملیۆنێک و نیو دانەی لێ دابەش دەکرا، لەو رۆژانەدا لە ئاکامی فرۆشتنی ئەو رۆژنامەیەدا گێژاوێکی گەورە کەوتە نێو رای گشتی و لێژنەیەکی لێکۆلینەوە پێک هات بۆ تاوتوکردنی ئەو




له ئه‌مریکا ده‌رده‌چێ

کێشەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (دەیلی میل) ئەم رۆژنامەیەی کڕی و خستیەسەر زنجیرە یەکگرتنە رۆژنامەنووسیەکەی، کە دوای ئەمەش لەبەر هەمان هۆ جارێکی تر فرۆشرایەوەو ئێستا زۆر لە رۆژنامەکانی بەریتانیا دووچاری هەمان گرفت بوونەتەوە بەهۆی رێکلامەوە.

لێرەدا کاریگەری رێکلام بەسەر سیاسەتی رۆژنامەو ئاراستەکردنیەوە دەبینرێ و بگرە دەسەڵاتی بەسەریدا روون و ئاشکرایە. دکتۆر کای لە کتێبەکەیدا بەنێوی (رای گشتی و دیموکراسیەتی ئەمەریکا) ئەوە دێنێتە وەبیر کە خاوەنانی رێکلام ئەو هەل و هۆکارانەیان نییە بۆ ئەوەی بەبەردەوامی بایەخ بە سیاسەتی گشتی رۆژنامە بدەن، لەو کاتانەدا پایەخدانیان زیاتر دەبێت کاتێک کێشەیەکیان دەخرێتەروو، لێرەدا هەوڵ دەدەن ئاراستەی سەروتارەکان و هێڵی گشتی بلاوکردنەوەی هەواڵەکان دیار بکەن بەمەبەستی بالادەست بوون بەسەر رای گشتییدا.

جارێکیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا (٥٩) رۆژنامەی رۆژانە هەمان ئەو سەرووتارەیان هەبوو کە لەلایەن دامەزراوێکی کارەباییەوە دابەشکرابوو بەمەبەستی کارکردنە سەر رای گشتی. ئەم رووداوە جارێکی تر لەو کتابەی (ویلبر شرام) بەنێوی (بەرپرسیارێتی هۆکارەکانی گەیاندنی گشتی) باسکراوە.

نموونەی دۆزی فەلەستین لە رۆژنامە جیهانیەکاندا زیاتر لە هەستی ئێمەوە نزیکە چونکە لەگەڵ ئەوەی دۆزەکە دۆزێکی رەوایە، بەڵام رۆژنامە جیهانیەکان یاخود بڵێین زۆربەیان، لە ریزی زایۆنیەکانەوە دەوەستن، ئەمەش نە لەبەر کەم و کوری عەرەبە لە پروپاگەندەکردنی پێویست بۆ دۆزەکەیان و نە لەبەر بڕوابوونی ئەو رۆژنامانەیە بەرەوایی داواکاریەکانی زایۆنی، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەو رۆژنامانە کەوتوونەتە ژێر فشاری سەرمایەی زایۆنی لە رێکلام و کۆمەک.

لەبیرمە پایزی ساڵی ١٩٥٩ لە لەندەن بووم، ئەوکاتە دووگەی بەریتانیا سەرقاڵی رووداوی هەڵاتنی سەرمایەدارێکی یەهودی بوو بۆ ئیسرایل کە پارەو پوولی چەندین پشکداری ئینگلیزی هەڵلوشیبوو و رای گشتی تووڕەو توندبوو لەدژی ئیسرایل، بۆیە لەو رۆژانە سەردانی رۆژنامەی (ئیکۆنۆمیست)م کردو لەگەڵ (ئەندۆر بۆبد) سەرۆکی بەشی رۆژهەڵاتی ناوین دوام دەربارەی دۆزی فەلەستین، ئەویش تێگەیشتنی تەواوی خۆی لە دۆزەکە دەربڕی و هاوسۆزی خۆی نیشاندا لەبەرامبەر داواکاریەکانی عەرەب، کاتێک لێم پرسی بۆچی ئەو هەل و مەرجە ناقۆزیتەوەو شتێک بنووسی بەم بۆنەیەوە کە ئیسرایل نەک هەر بۆ سەر دەوڵەتانی عەرەب بەڵکو بۆ سەر هەموو دەوڵەتانی جیهانیش مەترسیە چونکە دەبێتە پەناگەیەک بۆ هەموو جولەکەیەکی موختەلیس یاخود تاوانبارو راکردو لە دادوەری، ئەویش بەهەموو راستگۆییەکەوە وەڵامی دایەوە:

- ئایا دەتەوێ بێکار ببینمەوە.... تەنیا رۆژنامەیەکیش نابینمەوە کە دەرگای کارکردن بەروومدا بکاتەوە.. جگە لەوەی ئەو وتارە شوێنێک نابینێتەوە بۆ بلاوکردنەوە جگە لە رۆژنامە عەرەبیەکان نەبێت.

## نموونەیەکی تر: چیرۆکی گازینۆیەک لە لوبنان

لە ساڵی ١٩٦١ هەردوو گۆڤاری (الأسبوع العربي) و (ماگازین) ئەو سەرپێچیانەیان خستەروو کە لە گازینۆکەدا ئەنجام دەدران و داوایان لە دەسەڵاتداران کرد چاودێری بخەنە سەر ئەو سەرپێچیانە و نەهێڵن ئەو لوبنانیانەی کە داهاتیان سنوورداره سەر بەو شوێنەدا بگرن. لە کاتێکدا یاساش لە پێناوی پاراستنی ماڵ و موڵکی چینی مام ناوەندی لوبنانی قەدەغەی کردووە ئەوانە بچنە نێو هۆڵی قومارکردن، بەڵام ئاکامەکەی چیبوو: لە (٩٠٪)ی رۆژنامەکان هەموو تۆمەتێکیان دایە پاڵ ئەو دوو رۆژنامەیەی کە ناومان هێنا بێ ئەوەی هیچ یەکێکیان بتوانن تۆمەتی سەرپێچیکردنەکە لە گازینۆیەکەدا

دابماڵن، هەرچی لە (١٠٪)ی رۆژنامەکانی تر بوون بێ دەنگ و بێ لایەن مانەوە لەم جەنگە.

ئەگەر ئەو هۆکارە گشتی و تایبەتیانەی کە لە دوای هەڵمەتی ئەو دوو گۆڤارەوەوە بوون لەبەرامبەر سەرپێچییەکانی گازینۆکە، بنبینە لاوە، ئەوا کارەکە لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندی توێژێکی گەورەی گەلە لەو هاوڵاتیانە پێک دێت کە بەداهاتێکی سنوردارەوە رووەو پاشەرۆژ هەنگاو دەنێن و لەسەر مێزی سەوزی قومار ماڵی خۆیان وێران دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامەکان داکۆکیان لەسەر پێچییەکانی گازینۆکە کرد و هەندێکی کەمیشیان بەبێ دەنگی سەیری رووداوەکەیان کرد.. هۆکەشی؟ رێکلامە.

## دابەشکردن

جۆرێکی تر لە فشار هەیە دەخرێتە سەر رۆژنامەنووسی ئەویش دابەش نەکردنیەتی، یاخود هەرەشەکردنە بەدابەش نەکردنی، ئەوەش چەکێکی بەهێزە بەدەستی پیاوانی ئاینی و کۆرو کۆمەڵە ئاینی و پیشەیی و کۆمەڵایەتیە جیاجیاکان.

هەروەها پیاوانی سیاسەتیش ئەم چەکە بەکار دەهێنن، لەرێگەی بەکارهێنانی دەسەڵات و پایەیان و کاردەکەنە سەر دابەشکردنی رۆژنامەو رێکلام لەیەک کاتدا.

ساڵی ١٩٦١ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رووداوێک هاتە پێشەوە، گۆڤاری (تایم) چیرۆکێکی لەسەر سیناتۆر جۆزێف ماکارتی بڵاوکردەوە، بەڵام ئەو زۆر بەدڵی نەبوو، بۆیە بۆ رێکلامدارە دیارەکانی نووسی و دەڵێ: (رێکلامدارەکان لە گۆڤاری تایم هەل بۆ هێنری لوبس (سەرنووسەری زنجیرەی تایم. لایف. فۆرچن) دەرەخسێنن تاکو هەواڵی گومانکارانەو پڕ لە درۆ بۆ ماڵی ملیۆنان ئەمەریکی بنێرێت، زۆربەی ئەو رێکلامدارانە ئەمەریکی راستەقینەن و دژ بە شیوعیەتن، بەڵام کاتێک کە دەزانم ئەوانە لە ئاست ئەو هەقیقەتەدا نین وەک هەیەو بێ ئارەزووی خۆیان پارمەتی گۆڤارەکە دەدەن لە ژاراوی کردنی زانیارییەکان، ئەوا بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە سەرنجیان بۆ ئەمە رابکێشم).

ئەمە رێگەیەکە لە رێگاکانی فشار و هۆکاری تریش کە هەندێ کۆمەڵەی ئاینی و نیشتمانی پەنای بۆ دەبەن بۆ ئەوەی رۆژنامە لەسەر ئەو هێڵە بڕوات کە لە بەرژەوەندیان دایە.

لەوانەش نغرۆکردنی بارەگای رۆژنامە بەنامەو بروسکەو تەلەفۆن کردن، یاخود هاندانی شوێنەکانی دابەشکردن بەدابەش نەکردنی رۆژنامەیەکی دیاریکراو، هەروەک ساڵی ١٩٤٨ ئەمە بەسەر رۆژنامەی (الامة)دا هات کاتێک زۆربەی پەرتوکخانەکانی نیویۆرک ئامادە نەبوون دابەشی بکەن لەبەر ئەوەی رەخنەی لە کاسۆلیکیەت گرتبوو.

هەروەها لەرێگاکانی تری فشار، دەکرێت ئاماژە بە بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە بکەین لە نێوەندە سیاسیەکان، یاخود رێکخستنی خۆپیشاندانی بە کۆمەڵ بەمەبەستی کارکردنە سەر رای گشتی و ئینجا رۆژنامەکانیش.

بەڵام سەرکەوتن و نوشستی ئەو هەڵمەتانەی فشار، دەوەستێتە سەر ئەزموونی رۆژنامەکە، لەلایەک و لەلایەکیتر ئەو کاریگەرییە مادییەی کە فشارەکە لە ئاکامدا دەیخاتە سەر رۆژنامەکە، ناشتوانرێت رێسایەکی گشتی دیاری بکرێت بۆ کاردانەوەی رۆژنامەگەری لەسەر ئەو فشارانە، چونکە کاردانەوەکە دەگۆڕێت بەگوێرەی توندی فشارەکەو بگرە لە ئاکامی هەر هەڵمەتێکی فشار بەدەگمەن وا رێک دەکەوێت میتۆدو پلانی سیاسی خۆی بگۆڕێت، بەڵام لەماوەدای دوور کاتێک رۆژنامەگەری دەگاتە ساتی چارەنووسساز، هەروەک دکتۆر کای دەڵێ: (رۆژنامەنووسی بەرەو ئەو ئاراستەیە رێ دەکات کە بەرژەوەندی لێیە... ئەویش بەرژەوەندی رێکلامدارەکانە).

رۆژنامەگەری نوێ توانیویەتی بەزیاترکردنی داهاتی لەرێگەی رێکلام و زیاتر دابەشکردنی رۆژنامەکە، سەربەخۆییەکی تەواو لە دەسەڵات و حکومەتەکان بەدەست بێنێت و ببێتە دەنگی

رای گشتی، بەڵام ئەو رایە گشتییەی کە نوێنەرایەتی چینە دەوڵەمەندەکان دەکات.

رۆبیکا ویست لەداکۆکیەکیدا لە ئازادی رۆژنامەنووسی دەڵێت: (رۆژنامەنووسی دەبێت ئازاد بێت بۆ پێشکەشکردنی هەقیقەتەکان، لەبەر ئەوەی ئەو هەقیقەتانە، کە هەموویان بەیەکەوە گرێدراون روخساری ئەم سەردەمەن)، ئەو هەقیقەتانەی کە منیش لەسەر رۆژنامەگەری بزاڤەکەیدا ئاماژەم پێکرد گشتییان بەیەکەوە گرێدراون، ئەوەش روخساری رۆژنامەگەری مۆدێرنە..

## بەڵام چارە چییە؟

رەنگە هەندێک بپرسن: ئایا ئازادی رۆژنامەگەری لەسەدەی بیستەم لەژێر زەبری داگیرکارانەی رێکلام تور هەڵدراوە..؟

تاوتوێکردن زۆرەو بەردەوامە لە پێناوکردنەوەی رێگایەکی نوێ بۆ رۆژنامەگەری تاکو لەوێوە نەریتە نەمرەکانی رابردوو بگەرێنەوە.

یەکەم مەشخەڵیش کە هەندێک لایەنی ئەو رێگە سەختە رووناک دەکاتەوە بەرپرسیارێتی رۆژنامەگەرییە.

## بەرپرسیارێتی رۆژنامەنووسی

د. وڵبۆر شرام بەرێوەبەری ئامۆژگای لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی راگەیاندن لە زانکۆی ئەلینوا لە نووسینێکی دا دەڵێ: (ئەگەر کۆمەڵگا، ئەو کەسانەی کە کارەکانی هەڵدەسورێنن لە بوارەکانی تەندروستی و مافپەروەری، مەرجدار بکات بە ئامادەکاری پیشەیی پێشوەخت و پابەندبوون بە رێساکانی پیشەیی، ئەوا لێبوردەیی کۆمەڵگا لەبەرامبەر کەسانێک، کە بە بڵاوکردنەوەی زانیاری، لە ئاکامدا بەرپرسیارن لەراو تێگەیشتنیان، ئەمە گەلحۆبەتیە کە لە گەورەترین ئەو گەلحۆبیانەی کە سەدەی بیستەمی پێ دەناسرێتەوەو تا ئەو پەر مەترسیدارە).

لەراستیدا پسپۆری لە بواری رۆژنامەگەری تا سەرەتای سەدەی بیستەم چەمکێکی نەناسراو بوو و دەرگای رۆژنامە بۆ هەریەکێک کراوەبوو، زۆرن ئەوانەی ناوبانگیان لە یەک کاتدا گرێدراو بووە بە رۆژنامەگەری و سیاسەت و بوارێکی هونەر، لەوانە: بنجامین فرەنکلین، مارک توین، ئەلکساندەر هاملتۆن و تیۆدۆر رۆزفلت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دانیال دیڤۆ، ولیام کلادیستون و ونستون چەرچل لە ئینگلتەرەو ژمارەیەکی زۆریش لە فەرەنسا هەر لە بریشیلۆو ناپلیۆن تا بە کلیمەنسۆ و موندس فرانس رادەگا، هەتاکو هیتلەرو مۆسۆلۆنیش بەرۆژنامەنووس ناویان هاتووە بەهۆی ئەو رۆژنامانەی کە دەریان کردووەو سەرپەرشتیان کردوە.

یەکەم هەستکردن بە بەرپرسیارێتی رۆژنامەنووسی لە چارەگی دووەمی سەدەی بیستەوە سەرهەڵدا، کاتێک کارگەرانی بواری رۆژنامەنووسی بەیەک گەیشتن بۆ رێکخستنی ریزەکانیان و دانانی بنەماکانی پسپۆرێتی ئەو بوارە لەسەر ئاستی جیهان و دوورخستنەوەی مشەخۆران لەنێوەندی رۆژنامەنووسیی. هەڵبەت خوێندنی رۆژنامەوانیش کە لەساڵی ١٨٦٩ لە زانکۆی واشنتۆن بەخوێندنی دوو کتاب و چەند وتارێک لەسەر رۆژنامەنووسی دەستی پێکرد لە ساڵی ١٩٥٠ بوو بە (٦٠٠) کۆلێژی تایبەت بەم بوارە کە بەسەر هەموو جیهاندا دابەشبوون.

کەواتە بەرپرسیارێتی رۆژنامەنووسی برێرەی پشتی رۆژنامەنووسییە و پێویستی بەزۆرترین لێتۆژینەوەو بایەخ هەیە، بۆیە لە پێناویدا کۆنگرەی یەک لەدوای یەک سازدەکرێت و چەندین لیژنەی بۆ پێک دەهێنرێت کە گرنگترینیان ئەو لیژنە تایبەتییەیە کە یونسکۆ لە ساڵی ١٩٤٧ رایسپاردووە تاوتوێی پێویستیە هونەری و تەکنیکیەکانی رۆژنامەنووسی بکات، ئەم لیژنەیە لە راپۆرتەکەیدا وارادەسپێرێ کە (چارەسەرێک کە بەر لەهەر شتێک پەنای بۆ ببرێت بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی رۆژنامەنووسی، ئامادەکردنی رۆژنامەنووسانە لەرووی پیشەییەوە، بەجۆرێک ئەو ئامادەکردنە لە سروشتیدا ئاشنابوون

بە بەرپرسیارێتی ڕۆژنامەنووسی و گیانی ئەو کارە بەخۆوە بگرێت، چونکە ڕۆژنامەنووسیی ناتوانێت بگاتە ئاستی پەیامە بەرزەکەیی و ڕاو هەواڵ بگوازێتەوە بەباشی، ئەگەر هاتوو ئەو کەسانەی کە کاری تێدا دەکەن سیفاتی کاراو پیشەیی و ڕەوشتی پێویستیان نەبێت).

لەڕاستیدا زۆر لەدەوڵەتانی ئێستا مەرجی توند دەخەنە سەر ئەو کەسە نوێیانەی کە لە دەرگای ڕۆژنامەنووسییەوە دەدەن، هەر بۆ نمونە لە لوبنان هیچ ڕۆژنامەنووسێک ناتوانێت بەرپرسیارێتی ڕۆژنامەنووسیی ڕۆژنامەیەکی سیاسی یان ئەدەبی لە ئەستۆ بگرێت ئەگەر سێ ساڵ لەو بوارەدا کاری نەکردبێت و لایەنی کەم بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی بەشی دووەمی نەبێت.

ئەم مەرجانەو چەندینی تر هەوڵێکن لە پێناو خولقاندنی هۆشیارییەک بۆ بەرپرسیارێتی ڕۆژنامەنووسیی، تاکو ڕۆژنامەنووس بەگیان و بەو کارەی کە دەیکا بگات بە ئاستی پەیامی ڕۆژنامەوانی نەمر.

## چارەسەر لە کوێیە؟ ئایا تەنیا گیانی بەرز بۆ ئەم پرسە پێویستە..؟

ڕەوشەکە وا پێویست دەکات کە ڕۆژنامەنووسی لەژێر فشاری ڕێکلامە مادیەکان ئازاد بکرێت، ئەوەش لەڕاپۆرتی لیژنەی شانشینی بەریتانیا بۆ تاوتۆکردنی ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی ئامادەی پێکراوەو دەڵێ: (ئێمە هەست بە نیگەرانییەکی زۆر دەکەین لەبەرامبەر پشت بەستنی زیاتری ڕۆژنامەوانی بەرێکلام وەک سەرچاوەیەک بۆ داهاتەکانی، هەر لەڕاپۆرتی یەکەمەوە لەسەر ڕەوشی ڕۆژنامەوانی لە ساڵی ١٩٤٩، بۆ ئێمە دەرکەوت کە ڕێژەی داهاتی ڕۆژنامەوانی بەهۆی ڕێکلامەوە بەشێوەیەکی سەر سوڕهێنەر زیادی کردووە، بەجۆرێک ڕێکلام سەرچاوەی سەرەکی میزانیەی هەر ڕۆژنامەیەک پێک دێنێ، ئێمە بڕوامان وایە وون بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەکان لە ساڵی ١٩٤٨، دەگەڕێتەوە بۆ زیاتربوونی بایەخی داهاتی ڕێکلام).

هەردەسهێنانی (نیوز کرۆنیکل) لە کاتێکدا دابەشکردنەکەی لە ملیۆنێک تێدەپەڕی وێنەیەکی بەژانی ئەم ڕەوشەیە.

ئێمە گومانمان لەوە هەیە کە نەمانی ئەو ژمارە زۆرە لە ڕۆژنامەو چاپکراوەکانی تر، لە ماوەی ئەم دە ساڵەدا خزمەت بە بەرژەوەندی گەل بکات، هەروەها لیژنەکە لەڕاپۆرتی یەکەمیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە هەر گەلەکۆیی و یەکگرتنێکی ڕۆژنامەکان پەسەند نابێت، ئەگەرچی لەو سێزدە ساڵەی دوایی کاری لەم جۆرە زۆر ئەنجامدراو لە ئایندەش هەر بەردەوام [illegible] ت تاکو ئەو کاتەی کە هەنگاوی یاسایی دەنرێت بۆ قەدەغەکردنی ئەم دیاردەیە، ئەمە جگە لە بابەتی سەروتارو ڕێگاکانی چارەسەرکردنی، ئێمە لێرەدا ئاماژە بەوە ناکەین کە فشاری ڕێکلامداران بەردەوامە لەسەر چاپەمەنی بەڵکو ئێمە وا سەیری ئەم کارە دەکەین کە ناوازەیە، هەروەها ئێمە خۆشحاڵین بەوەی کە هەر لە نێوەندە ڕێکلامدارەکانەوە دیدو بۆچوونی وا هەیە کە ئەم هەوڵانە بە نەشیاو دادەنێت، بەڵام لێرەدا هەندێک لە خاوەنانی ڕۆژنامەکان لاوازن لەبەردەم کاردانەوەی ڕێکلامدارەکان لەبەرامبەر سەروتار، بەجۆرێک کاری فشارکردنەکە دەبێتە ناڕاستەوخۆ لەلایەن ڕێکلامدارەکان.

هەروەها ئێمە بڕوای تەواومان بەوە هەیە کە ئەو فشارە هەندێک جار ڕاستەوخۆ ئەنجام دەدرێت و دەبێتە هۆی شێواندنی ڕاستیەکان. بۆیە ئەگەر بێتو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان نرخی فرۆشتنی هەر دانەیەک زیاد بکەن ئەوە ئاراستەیەکی ڕاست و دروستە بۆ ئەوەی کەمتر پشت بەداهاتی ڕێکلام ببەستن و بەمەش سەربەخۆیی بۆ نووسینی سەروتار دابین دەبێت.

هەرچی ئەنجومەنی ڕێکلامە بۆ لێکۆڵینەوە، کە ئەنجومەنێکی ناڕەسمیەو لە ساڵی ١٩٥٩ لە بەریتانیا دامەزراوە، بەخۆڕایی تاوتۆی بەرژەوەندی بەکاربەرو جەماوەر دەکات و لە ئاکامی بینینی

کاریگەری راستەوخۆی ئەو فشارەی کە ریکلام دەیکاتە سەر رۆژنامەنووسی وا پێشنیار دەکا (لەسەر دەوڵەتە بەدوای هەر رۆژنامەیەکەوە بێت ئەگەر سەلمێنرا کە سەروتارەکەی لە بەرژەوندی و خزمەتی ریکلامێکەوەیە، چونکە ئەوە مادەیەکی تاوان هەڵگرتنەو، دەبێ دادگا بەدوایدا بچێت).

لێرەدا چارەسەرێک هەیەو خۆی لە رۆژنامەگەری حزبیدا دەبینێتەوە

رۆژنامەگەری حزبی، ئەو رۆژنامەیەیە سەرچاوەی دارایی لە حزب یاخود لە ئەندامانی ئەو حزبەوەیە کە دەریدەکات، ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە ئەگەرچی رێڕەوێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەگرێتە بەر بەگوێرەی پلانەکانی حزب و سیاسەتەکەی، بەڵام ئازادە لە دەسەڵاتی ریکلام و فرۆشتن، هەروەها دەتوانێ خزمەتی توێژێکی زۆر گەورە بکات لەرای گشتی بەشێوەیەکی بابەتیانە.

جگە لەمە چارەسەرێکی تریش هەیە خۆی لە جۆراوجۆرکردنی رۆژنامەکاندا دەبینێتەوە بەوەی بوار لەبەردەم بەرەو رووبوونەوەی یەکتری رایەکاندا بگرێتەوە، چونکە بەو روبەڕووبوونەوەیە هەقیقەت بەدەردەکەوێ.

رۆژنامەنوسێکی بیانی تازە هاتبووە بەیروت بۆ ئەوەی پەیامنێری بۆ رۆژنامەکەی بکات، بۆی گێرامەوە کە سەر لە بەیانی هەموو رۆژێک دەکەوێتە نێو گێژاوێکی گەورەو ناتوانێ لە هەقیقەتی رەوشەکە بگات و هەواڵێکی بابەتی لە رۆژنامەیەکی ئێرە وەربگرێت، چونکە هەر رۆژنامەیەک هەواڵەکە بەو رەنگەی کە بۆی دەگونجێت بڵاودەکاتەوە، بۆیە لە پێناوی ئەوەی لەرەوشەکە بگات ناچارە چاو بە نزیکەی بیست رۆژنامەی سەر لەبەیانیاندا بخشێنێت کە لە بەیروت دەردەچێت.

لەراستیدا کێبەرکێی نێوان رۆژنامەکان و زۆری و زەبەندیان و بەیەکدا هەڵشاخانی رایە جیاجیاکان، لە کۆتاییدا خزمەتی جەماوەر دەکات و راستیان بۆ دەردەخا، ئەوەش راپۆرتی لیژنەی شانشینی بەریتانیا ئاماژەی پێدەکات لە کاتێکدا داوا دەکات کە هەندێک رێوڕەسم بگیرێتە بەر بۆ قەدەغەکردنی یەکگرتنی رۆژنامە بەریتانیەکان لە داهاتوودا.

بەڵام زۆری رۆژنامەو ئاراستە جیاجیاکان وا بەسەر خوێنەردا دەسەپێنێ کە هوشیار بێت و بتوانێت ئەو لێشاوەی هەواڵ و نووسینی رۆژنامەگەریانە لە بێژینگ بدات و هەقیقەتی لێ هەڵکرێنێ.

د. کای سەبارەت بەمە دەڵێ: (خوێنەری هوشیارو وریا، تاکە کەسە کە ئێستا دەتوانێت رووداوەکان لەناو کلێشەی واتادار دروست بکاتەوە).

## چیتر ماوە؟

ساڵی ١٨٩٢ نووسەرێک بەناوی ویل. ن. هارین، خەونی بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی نموونەییەوە دەبینێ کە لە ساڵی (١٠٠٠٠) دە هەزاردا دادەمەزرێت و تیایدا هۆبەکانی گەیاندن و وتاردان نامێنێ لەبەر ئەوەی خەڵک دەتوانن هەریەک بیرورای ئەوی تر بخوێنێتەوە.

لە ئێستاوە تاکو دامەزراندنی دەوڵەتی نموونەیی، رۆژنامەگەری لەسەر ئەو جەنگەی بەردەوام دەبێت کە لە پێناو ئازادبوونی لە هەر کۆت و پێوەندێک بەرپای کردوە.

* رۆژنامەنووس و وەرگێر

# پێناسەیەکی کورتی گۆڤاری پێشکەوتن

**قارەمان مەهدی***

**لە بەراهییدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوەبکەم کە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا پەر لە دەرچوونی ئەم (پێشکەوتن)ەی مەبەستی باسەکەمانە دوو بڵاڤۆک بەناوی (پێشکەوتن) دەرچوونە:**

**یەکەم:** (لە ساڵی ١٩١٩ لەلایەن شارەوانی سلێمانییەوە ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بەناوی پێشکەوتن (پێشکوتن) بڵاوکراوەتەوە تەمەنی سێ ساڵ بووەو لەم ماوەیەدا ١١٨ ژمارەی لێ دەرچووە)(١).. دووەم: (لە ساڵی ١٩٥٨ لەلایەن — محەمەد بریفکانی و یونس سەباخ)ەوە لە بەغدا بەزمانی کوردی و عەرەبی گۆڤارێک بەناوی (پێشکەوتن) بڵاوکراوەتەوە، دوو ساڵ بەردەوام بووەو پتر لە (١٠٠) ژمارەی لێ دەرچووە)(٢).

بەڵام ئەم (پێشکەوتن)ەی لێرەدا دەمانەوێ لەسەری بدوێین لە ساڵی ١٩٨٧ لەلایەن ڕێکخراوی (یەکێتی قوتابییان و لاوانی دیموکراتی کوردستان)ەوە یەکەم ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، کە لە کۆنفرانسی ئابی ١٩٨٦ (هاوبەش)ی(٣) ئەو دوو ڕێکخراوەدا بڕیاری دەرچواندنی بۆ درابوو وەک ئۆرگانی ناوەندی ڕێکخراوەکە.

پێشکەوتن، نەهۆ (گۆڤارێکی سیاسی ڕووناکبیری گشتییە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات) مانگانە بەناوەڕۆک و ڕوخسارێکی دەوڵەمەندو قەشەنگ و بەتەکنیکێکی دەلال و پێشکەوتووەوە بەدیدی لاوان و ڕۆشنبیران و خوێنەرانی شاد دەبێت. ئەم گۆڤارە خودان دوانزدە ساڵ خزمەتی بەردەوامە دەرهەق بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەمان و


نحو الاتحاد لاسقاط النظام وانهاء الحرب لنستطيع التعلم في ظل السلم والديمقراطية

پێشکەوتن التقدم

الجريدة المركزية لاتحاد الطلبة والشبيبة الديمقراطي الكردستاني العراق العدد ١٦ تشرين الاول ١٩٨٩

بيان المنظمات الطلابية والشبابية العراقية التضامن مع الشعب اللبناني

تضامن منظماتنا الطلابية والشبابية العراقية

دەرهەق بەتوێژی قوتبیان و لاوان و هەروەها بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردی، و بەگشتی سەبارەت بەم لایەنانەوە (پێشکەوتن) لە ماوەی ئەو دوانزدە ساڵەی تەمەنیدا بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕبوەو لە هەریەک لەو قۆناغانەدا بەپێی هەل و مەرجەکان توانیوبەتی رۆڵی خۆی بگێرێ و خزمەتێک پێشکەش بکات، بەمەبەستی پتر ناساندنی (پێشکەوتن) بە رۆشنبیران و لاوان و خوێنەران و هەروەها بۆ مێژوو، چەند پەیڤێک لەبارەیەوە دەخەینەڕوو.

پێشکەوتن، تا نهۆ (٨٥) ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوەو، دەتوانین ئەو ماوەیەی ئەو (٨٥) ژمارەیەی تێدا دەرچووە ک دوانزدە ساڵە بەسەر چوار قۆناغدا دابەش بکەین.


١-قۆناغی بەر لە راپەڕین.

٢-قۆناغی دوای راپەڕین ١٩٩١ تا کۆنگرەی (ئازادی)- ی.ق.ل.د.ک لە ساڵی ١٩٩٣.

٣-قۆناغی دوای کۆنگرەی (ئازادی) تا کۆنگرەی (پێشکەوتن)ی - ی.ل.د.ک. ساڵی ١٩٩٨.

٤-قۆناغی دوای کۆنگرەی پێشکەوتن ١٩٩٨، تائێستا.

کە لە هەریەک لەو قۆناغانەدا بەپێی هەل و مەرجی سیاسی کوردستان و ئاستی لەباری مەیدانەکانی رۆشنبیری و چاپەمەنی و هەروەها رەوشی خەباتی رێکخراوی (ی.ق.ل.د.ک) و پاشان (ی.ل.د.ک) بەتەنیا، پێشکەوتن خودان قەوارەو ناوەرۆک و سیمایەکی جواد بووەو کەم تا زۆر توانیوبەتی شوێن و رۆڵێکی جیاکار بۆ خۆی تۆمار بکات لە مێژووی سیاسی و رۆشنبیری و رۆژنامەگەریی و هەروەها لایەنەکانی کۆمەلایەتی و پیشەیی لە دواساڵەکانی خەبات و ژیانی گەلی کوردستان لە سەدەی بیستەمدا.




قۆناغی بەر لە راپەڕین ١٩٨٧-١٩٩١

یەکەم ژمارەی (پێشکەوتن) لە یەک لە رۆژەکانی مانگی یەکی ساڵی ١٩٨٧ دەرچووە لەسەردەمی خەباتی (شاخ)داو لە نێو دۆڵ و نیهاڵ و چیا گەردن کەشەکانی کوردستاندا پەیام و بانگی شۆڕشگێڕیی و بەرخودانی راهێلاوەو، وەک چەپکە گوڵی هەرگاش گەشاوەی لاوان و قوتابیان هزرو سەرسنگی شۆڕشگێرانی گەلەکەمانی رازاندۆتەوەو زەنگی وریابونەوەو جاری ولاتپەروەریی و خەباتگێریی لێداوەو لاوان و قوتابیانی لەپێناوی سەرفرازی و بەختەوەریی بۆ کوردو کوردستان بەرەو کۆڕی تێکۆشان، جۆش داوە.

پێشکەوتن، بەشێوەی (رۆژنامە) لەم قۆناغەدا بیست و دوو ژمارەی بەزمانی کوردی و عارەبی لێ بلاوکراوەتەوە، کە زۆربەی ژمارەکانی مانگانە. بلاوکراونەتەوەو چەند ژمارەیەکیشی بەدوو مانگ جارێک، هەروەها ئەو (٢٢) ژمارەیە لە رووی ژمارەی

هەواڵنامەی کتێب

لاپەڕەکانیان و قەبارەوە لە هەموو ژمارەیەکدا وەک یەک نەبوونە:

- لەڕووی قەبارەشەوە سەرەتا چەند ژمارەیەکی بەقەبارەی (١٧،٥×١٣،٥سم) بووەو، لە ژمارە (٥)ەوە قەبارەکەی گۆڕاوە بۆ (٢١×١٦سم).
- لەڕووی ژمارەی لاپەڕەکانییەوە ژمارە (١)ی بەشانزدە لاپەڕەو ژمارەکانی (٢و٣و٤و٦و٧و٨و١١و١٢و١٨و١٩)ی بەهەشت لاپەڕەو ژمارەکانی (٥و٩و١٠)ی بەچوار لاپەڕە و ژمارەکانی (١٣و١٦و١٧)ی بەشەش لاپەڕەو ژمارەکانی (١٥و٢٠)ی بە دە لاپەڕەو ژمارە (٢١و٢٢)شی بە شانزدە لاپەڕە دەرچوونە.
- ژمارەکانی (٥و٩و١٠و١٢و١٣و١٤و١٥و٢٠)ی بەزمانی عەرەبی دەرچوونە.

ژمارە (٤)ی ساڵنامەیەکی بەناوی (ساڵنامەی پێشکەوتن) بۆ ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵدا بڵاوکراوەتەوەو، ژمارە (١٨)شی تایبەت بووە بە یادی (٣٧) ساڵەی دامەزراندنی (ی.ق.ل.د.ک)و، دوا ژمارەی لەم قۆناغەدا لە مانگی یانزدەی ساڵی ١٩٩٠ دەرچووە.

ئەم (٢٢) ژمارەیەی پێشکەوتن کە لە ناو چیاو لە رۆژانی سەختی خەبات دەرچوونە لەڕووی ناوەڕۆک و روخسارەوە رەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەی بەر لە راپەڕین بوونە، تیایاندا بایەخ بە وتارو بابەتی هەمەجۆری شۆڕشگێڕانەو نەتەوەییانە دراوە و هەواڵە گرنگ و پەیوەندیدارە ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانییەکانیان تێدا بڵاوکراونەتەوەو گۆڕانکارییە ناوخۆیی و دەرەکیەکانیشیان تێدا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها تیایاندا بایەخ بە لایەنەکانی رۆشنبیریی گشتیی و هونەرو وەرزش دراوە، دەتوانین ئەوەش بڵێین کە، سەرەڕای هەل و مەرجی نالەباری ئەو بارودۆخە لەڕووی رۆشنبیریی و چاپەمەنی و کادیری پسپۆڕ لەو بوارەدا، کەچی هێشتا بەرادەیەکی شایانی باس مۆرکی رۆژنامەگەرێتیشیان پێوە دیارە بەتایبەتی لەڕووی نەخشەسازی و کاری هونەرییەوە.




شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە، (پێشکەوتن) لەم قۆناغەیدا ناو بەناو بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیریشی بەناوی (پاشکۆی پێشکەوتن) دەرچوواندووە کە بریتییە لە (٤) ژمارە:

- ژمارە (١)ی لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٨ بە (٢٤) لاپەڕە دەرچووە.
- ژمارەکانی (٢و٣)ی بەجیا لە هەردوو مانگی (نیسان — ئاب)ی ١٩٨٩ دەرچوونە.
- دوا ژمارەی ئەو پاشکۆ رۆشنبیرییەی پێشکەوتن بە (٥٢) لاپەڕە لە نیسانی ١٩٩٠ دەرچووە، بۆ نموونە ژمارە (٣)ی ئەو پاشکۆیە کە لەبەر دەستمانە ئەمانە سەردێڕی هەندێ لە بابەتەکانێتی:

ڤیستیڤاڵەکان سەکۆی بەرزن بۆ گەیاندنی دەنگە خنکێنراوەکان، پەیوەندی نێوان کادیرو رێباز، ژن هەڵگرتن بارەدووکەوتن، کچ یا کور، دوولانەکی لە هەڵوێستدا، خوێندنەوە، با کەمێک زانستییانە بین، رۆژنامەی لاوانی چیکسلۆڤاکی، لەگەڵ


چەند چیرۆک و پارچە شیعرو بابەت و هەواڵی جۆراوجۆر.

قۆناغی دوای راپەڕین تا کۆنگرەی ئازادی – ی.ل.د.ک – ١٩٩٣

پێشکەوتن، ئۆرگانی (ی.ق.ل.د.ک) لە دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە شێوەی (رۆژنامە)ی بەرێک و پێکی بەشێوەیەکی فراوانتر دربڕژەی پێدراوەو لە چاپخانەی رۆشنبیری هەولێر چاپکراوە، بێگومان بەپێی هەل و مەرجەکە رەنگدانەوەی ئەم واقیعەی دوای راپەڕینی لە خۆگرتووە، لەم قۆناغەیدا بە قەبارە و ناوەرۆک و روخسارێکی جیاوازو پێشکەوتووەوە (٢٦) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

– ژمارە (٢٣) کە یەکەم ژمارەی ئەم قۆناغەیەتی لە مانگی (١٠و١١)ی ١٩٩١ بە (١٢) لاپەڕە دەرچووە و نرخی (٥٠٠) فلس بووە، ئەم دروشمەی لەسەر نوسراوە کە دروشمی رێکخراوی (ی.ق.ل.د.ک) بووە (زانست و خەبات لە پێناوی ژیانێکی ئازادو دوا رۆژێکی بەختەوەردا)، بۆ نموونە لێرەدا ئاماژە بە سەردێری چەندی بابەتێکی ئەم ژمارەیە دەکەین کە یەکەم ژمارەی دوای راپەڕینە:

١- وتەی ژمارە: هەڵوێستمان دەربارەی یەکبوون.
٢-بەیاننامەیەک بەبۆنەی ساڵی نوێی خوێندنەوە ١٩٩١-١٩٩٢.
٣-کردنەوەی زانکۆیەک لە سلێمانی. ٤-کاریکاتێرێک. ٥-یاداشتی نازداری. ٦-چالاکیەکانی (ی.ق.ل.د.ک). ٧-دیدارە نامەمواردکان. ٨-ئامۆژگاری رابەرە نەمرەکانمان. ٩-وەرزش بەر لە راپەڕین. ١٠-چۆن لە سەربەخۆیی دەگەین. ١١-گۆشەی شەهیدان و ...هتد.



پێشکەوتن، لەم قۆناغەیدا کاتی دەرچوونی جێگیر نەبووە، هەروەها ژمارەی لاپەڕەکانیشی وەکویەک نەبوونە. چەند ژمارەیەکی مانگانە و هەندێکی دوو مانگ جارێک و هەندێ جاریش لە مانگێدا دوو ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

هەروەها ژمارەی لاپەڕەکانیشی لە (٤-١٢) لاپەڕە رۆیشتووە.

– ژمارەی (٢٥)ی لە مانگی چواری ١٩٩٢ بە (٨) لاپەڕە دەرچووەو تایبەت بووە بە هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ساڵی ١٩٩٢.

– ژمارەی (٢٦)ی لە مانگی پێنجی ١٩٩٢ بە چوار لاپەڕە دەرچووە و تایبەت بووە بە هەڵبژاردن و لەدوا لاپەڕەیدا لیستی ناوی نوێنەرانی (پ.د.ک)ی بۆ یەکەم پەرلەمانی کوردستان تێدا بڵاوکراوەتەوە.

- ژمارە (٤٠)ی لە مانگی چواری ١٩٩٣ بە (١٢) لاپەڕە دەرچووەو نرخی بووەتە یەک دینار.

– ژمارە (٤٥) لە ناوەڕاستی مانگی نۆی ساڵی ١٩٩٣ بە (٨) لاپەڕە دەرچووەو لەم ژمارەیەوە بۆ یەکەم جار بە ئاشکرا ناوی خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرو جێگری سەرنووسەر و بەڕێوەبەری هونەری لەسەر نوسراوە.

– ژمارەی (٤٧)ی لە مانگی دەی ١٩٩٣ و بە (٨) لاپەڕە دەرچووەو تایبەت بووە بە

کۆنگرەی (ئازادیی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان) و لە هۆڵی کۆنگرەدا بڵاوکراوەتەوە.

ـ ژمارە (٤٨)ی کە دوا ژمارەی ئەم قۆناغەیەتی لە مانگی (١١)ی ١٩٩٣ بە (٨) لاپەڕە دەرچووە و تایبەت بووە بە بەڵگەنامەو ڕاپۆرتی کۆنگرەی (ئازادی) کە دوا کۆنگرەی هاوبەشی هەردوو ڕێکخراوی (ی.ق.ل.د.ک) بووە. لێرەدا لە سایەی واقیعی کوردستان لە دوای ڕاپەڕین و لەبەر هەل و مەرجی نوێی تێکۆشان و هەروەها لەبەر خواست و ئامانجی تایبەتی و لێک جودایی کاری ڕێکخراوەیی (لاوان) و (قوتابیان) هەردوو ڕێکخراو کە لە ساڵی ١٩٨٦ یەکیانگرتبوو لێک جیابوونەتەوەو هەریەکە سەربەخۆ درێژەی بە خەبات و تێکۆشانی خۆی داوە، پاش جیابوونەوەشیان (پێشکەوتن) بەر (ی.ل.د.ک) کەوتوودو ئەمیش شێوەی گۆڕیوە لە (ڕۆژنامە)وە بۆ (گۆڤار)و درێژەی بەبڵاوکردنەوەی داوە، لێرەوەڕا پێشکەوتن هاتۆتە نێو قۆناغێکی نوێ و سەرەتاییەوەو، بووە بەزمانحاڵی ڕێکخراوی (لاوان و ی.ل.د.ک).


قۆناغی دوای کۆنگرەی ئازادی تا کۆنگرەی پێشکەوتن ١٩٩٨.

دەکرێ ئەم قۆناغە بە قۆناغێکی نوێ و سەرەتایی بۆ (پێشکەوتن) لە قەڵەم بدەین، چونکە لەلایەک لە (ڕۆژنامە)وە بووە بە (گۆڤار)و ئاشکراشە ئەرک و کاری (گۆڤار) جودایە لەگەڵ (ڕۆژنامە)دا، لەلایەکی تریشەوە ڕاستەوخۆ بووە بە زمانحاڵی ڕێکخراوی لاوان (ی.ل.د.ک) کە ئەمەش بەهۆی سروشتی کاری ڕێکخراوەیی لاوان و تایبەتمەندی ئەرک و مافی لاوان وەک توێژێکی نێو کۆمەڵ و خواست و کێشەو ئارەزووەکانیان، تایبەتمەندییەکی جیاواز بەوەها گۆڤارێک دەبەخشێ، دەکارێن بڵێین (پێشکەوتن)یش لەم قۆناغەیدا وەک سەرەتایەک لەڕووی ناوەڕۆک و ڕوخسارەوە هەڵگری ئەو تایبەتمەندییە بووە، بەمانای ئارادەیەک توانیویەتی گۆڤارێکی تایبەتمەند (متخصص)ی (لاوان) بێت.

لەم قۆناغەدا (پێشکەوتن) مانگانەو بەشێوەیەکی ڕێک و پێک (٢٠) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، سەرەتا لە ژمارەی (٤٩ـ٥٧) بە قەبارەی (٢٢×١٦سم) بووەو ژمارەی لاپەڕەکانیشی لە نێوان (٥٠ـ٥٦) لاپەڕەدا بوونە، لەهەریەک لەو ژمارانەیدا بابەتێکی بەرچاو بەرۆشنبیری گشتیی دراوە و دووتوێی لاپەڕەکانی بەجۆرەها بابەتی هەمەچەشنی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی و هونەری و وەرزشی و ڕەنگاورەنگ ڕازێنراوەتەوە، بۆ نموونە ژمارە (٥٧)ی کە لە تەمووزی ١٩٩٥دا دەرچووە ئاماژە بە سەردێڕی هەندێ لە بابەتەکانی دەکەین:

١ـکوردستان دوای شەڕی کەنداوی فارس. ٢ـدیسان هێرشی تورکیا. ٣ـفیستیڤاڵی خانی. ٤ـمێژووی سەرهەڵدانی فەلسەفە. ٥ـلاوان و چارەنووسێکی نادیار. ٦ـلاوان و وڵاتپارێزی. ٧ـچالاکییەکان و (وێستگا)و چەندین بابەتی هەمەجۆری تر.

لە ژمارەی (٥٩)دوە تا دوا



# پێشکەوتن التقدم

**PÊSKEWTIN**

ئۆرگانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان . عیراق

ژمارەی ئەم قۆناغەی کە ژمارە (٦٩)یە لەرووی قەبارەو ناوەڕۆک و روخسارەوە گۆڕانی بەسەردا هێنراوە.

لەرووی قەبارەوە گەورەتر بووە لە (٣٢×٢٢سم) و (٣١×٢٢سم) بووە، هەروەها ژمارەی لاپەڕەکانیشی لە نێوان (٦٠-٧٤) لاپەڕەدا دەرچوونە. لەم ژمارانەیدا هەست دەکرێ زیاتر بەرەو گۆڤارێکی تایبەتمەند (متخصص) هاتووە و پتر مۆرکی لاوانەی پێوە دیارە. وێڕای چالاکییەکانی (ی.ل.د.ک)و هەواڵ و زانیاری زانستی و هونەری و رۆشنبیری کوردستان و جیهان، ئەوا تیایدا بایەخ بە لایەنەکانی سیاسی، فیکری، فەلسەفی، وەرگێران، هونەری، وەرزش دراوەو لەم لایەنانەوە وتارو لێکۆڵینەوەی زۆر لە سەرجەم ئەو ژمارانەدا بلاوکراونەتەوە، بەتایبەتیش چەندین وتارو لێکۆڵینەوەی فیکری و فەلسەفی.

هەردوو ژمارەکانی (٦٧و٦٨)ی مانگەکانی (١و٢)ی ١٩٩٨ کە پێکەوە دەرچوونە بەبۆنەی یادی (٤٥) ساڵەی دامەزراندنی (ی.ل.د.ک)، بۆ نموونە لێرە ئاماژە بەهەندێ ناونیشانی ئەو بابەتانە دەکەین کە لەو دوو ژمارەیەدا بلاوکراونەتەوە:

١.لاوان و چەند سەرنجێک. ٢.ئەزموونی دیموکراسی لە فەرەنسا. ٣.چارەنووسی شارستانی. ٤.ئافرەت و دنیای سیاسەت. ٥.مێژوو وەک بونیادێکی وەهمی. ٦.دەسەلات چییە. ٧.ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەلایەتی. ٨.چەمکی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی لەناو لاواندا. ٩.لاوان و دیاردەی کۆچکردن. ١٠.نهێنییەکانی وەرزش و چەندین بابەتی هەمەجۆری هونەری و ئەدەبی و رەنگاورەنگی تر.

قۆناغی دوای کۆنگرەی پێشکەوتن ١٩٩٨، تا ئێستا

لەدوای ئەوەی زنجیرەی ژمارە دەرچووەکانی (پێشکەوتن) بوون بە (٦٩)، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٨ کۆنگرەی پێنجەمی بەناوی (کۆنگرەی پێشکەوتن) بەست، لەم کۆنگرەیەدا گۆڕانکاری بەسەر پەیڕەو و پرۆگرام و دروشمی (ی.ل.د.ک) هێنراوەو بەرنامەیەکی نوێ بەکاروچالاکی و تێکۆشانی رێکخراوەکە دانراوە، بێگومان (پێشکەوتن)یش بەر ئەو گۆڕانکارییانە کەوتووەو لەوێوەڕا هاتۆتە نێو قۆناغێکی ترەوەو رەوت و سیمایەکی تر لە خۆگرتووە.

لەرووی ناوەڕۆک و قەبارە و ژمارەی لاپەڕەکانی گۆڕانکاری بەسەردا هێنراوە، هەروەها هەست دەکرێ لەم قۆناغەدا بەزەقی ئەوەی پێوە دیارە کە هەوڵدراوە بەتەواوی بکرێتە گۆڤاری یەک بابەتی لاوان، لە ژمارەکانی ئەم قۆناغەدا کە تا ئێستا دەرچوونە واتا ژمارەکانی (٧٠-٨٥) دەبینین ژمارە دوای ژمارە لە دوو توێی لاپەڕەکانیدا جێی ئەو هەوڵەی پێوە دیارە کە ویستراوە بکرێتە گۆڤارێکی تایبەتی لاوانە، واتا گوزارشت لە هەوڵ و ئامانجەکانی

هەواڵنامەی کتێب

ڕێکخراوی (ی.ل.د.ک) و ئەرک و مافەکانی لاوان بکات و ئاوێنەی کێشەو گرفت و خواست و ئارەزووەکانی لاوانی کوردستان ببێت.

لەم قۆناغەی ئێستاشیدا، پێشکەوتن (١٥) ژمارەی لێ دەرچووە (٧٠-٨٥) کە لەڕووی ژمارەی لاپەڕەکانی و قەبارەیەوە جیاوازییەکی کەمیان لە نێواندایە، تەنها ژمارە (٧٠)ی بە (٦١) لاپەڕە دەرچووە لەم ژمارەیەوە تا ئێستا بە (٥٦) لاپەڕە دەردەچێ، لەڕووی قەبارەشەوە چەند ژمارەیەکی بە (٣٢×٢١سم) و هەندێکیشی بە (٣١×٢٢سم)بووە، هەروەها لە چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر چاپ دەکرێ و نرخیشی بووە بە (٥) دینار و بەشێوەیەکی ڕێک و بەربلاو مانگانە دەردەچێت.

(هەنووکە (پێشکەوتن) گۆڤارێکی تاقانەی لاوانە و تایبەت لەم قۆناغەی ژیانی نەتەوەکەماندا بۆشاییەکی گەورەی لەنێو بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا پڕکردۆتەوە.. گوزارشت لە ئەرک و مافەکانی لاوان دەکات.. تاکە هەوڵە کە لەم بوارەدا خزمەت بە لاوانی کوردستان دەگەیەنێ و.. توانیوبەتی جێگەی دیاری خۆی هەبێ)[٤].

**پەراوێز:**

١- مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، نوسینی عبدالجبار محمد جەباری - ١٩٧٠، لاپەڕە ٨٢.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (١٠٧).

٣- لەوکۆنفرانسەدا (هاوبەش) هەردوو ڕێکخراوی (لاوان) و (قوتابیان) کە لە ١٨ی شوباتی ١٩٥٣ دامەزراون و لێک جیابوون، بەڵام لەبەر هەل ومەرجی ئەو کاتی کوردستان و چەند پێویستیەکی سیاسی ڕێکخراوەیی هەردوو ڕێکخراو یەکیانگرت و بوون بە یەک لە ژێر ناوی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان، تا ساڵی ١٩٩٣.

٤- ڕستەکانی ناو ئەو کەوانەیە لە هەردوو سەرووتار(بەڕاهی)ی ژمارەکانی (٨٠و٨٢)ی گۆڤاری پێشکەوتن، وەرگیراون.

**سەرچاوەکان:**

١- ڕۆژنامەگەریی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، موسا ئەحمەد، حوزەیرانی ١٩٩٨.

٢- پێشکەوتن ڕۆژنامەی ڕۆژانی بەرخودان، ئەحمەد حەیران، برایەتی ژمارە (١٨٧٦) ١٩٩٤/٣/١٨.

٣- ئەرشیفی ناوەندی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان.

*ڕۆژنامەنووس

# تعريف مقتضب لـ(پێشکەوتن)

## قارەمان مەهدی

في البداية أرى من الضروري ان أشير إلى ان ثمة منشوران بهذا الاسم (پيشكەوتن) قبل هذه التي موضع بحثنا. الأولى في عام ١٩١٩ من قبل بلدية السليمانية والثانية من قبل السيد محمد البريفكاني عام ١٩٥٨.

ان (پيشكەوتن) التي نود التحدث عنها فصدر منها أول عدد في عام ١٩٨٧ واليوم أصبحت مجلة اتحاد شبيبة كردستان. وقد مرت (پيشكەوتن) خلال سنوات عمرها الثمانية عشرة سنة التي نشر منها (٨٥) عددا، بأربع مراحل:

١-مرحلة ما قبل الانتفاضة.

٢-مرحلة ما بعد الانتفاضة إلى مؤتمر (ئازادي).

٣-مرحلة ما بعد مؤتمر (ئازادي) إلى مؤتمر (پيشكەوتن).

٤-مرحلة ما بعد مؤتمر (پيشكەوتن) إلى الآن.


صدر أول عدد من (پيشكەوتن) على شكل (جريدة) عام ١٩٨٧. ووصلت أعدادها إلى (٢٢) عددا. وكانت تنشر أحيانا نشرة ثقافية باسم (ملحق پيشكەوتن) وفي مرحلة ما بعد الانتفاضة صدر منها (٢٦) عددا في شكل (جريدة) بصورة منتظمة وضمت العديد من المقالات المختلفة.

وفي مرحلة ما بعد مؤتمر ئازادي، تحولت الجريدة إلى مجلة متخصصة بالشباب وصدر من المجلة من مرحلتها الثالثة (٢٠) عشرون عددا. وفي المرحلة الرابعة، طرأ على المجلة تطور ملحوظ من حيث الشكل والمضمون والحجم.

واليوم أصبحت مجلة (پيشكەوتن) مجلة خاصة بالشباب في هذه المرحلة من حياة شعبنا وملأ فراغا كبيرا في الحركة الصحافية الكردية.

* * *

# بەرەو ڕۆژنامەگەرییەکی لیبراڵ





کامەران جەلال*


پێشکەوتنی لایەنە شارستانیی و مەعریفییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، لەسەردەمی ئەمرۆماندا، ئەو ڕاستییەی بۆ سەلماندووین کە ڕۆژنامەنووسیی، نەک هەر بۆتە هونەرێکی شارستانی بەڵکو خۆیشی بۆتە یەکێک لە هێزو پایە شارستانییەکان، چونکە وەختایەک کە کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێ و ڕۆژ بەڕۆژ نەش و نما دەکاو، لایەنەکانی ژیان پێشکەوتووتر و کێشەکانی ئاڵۆزتر و بەربڵاوتر دەبن، ئەو وەختە ڕۆژنامەگەریش، وەک بەهایەکی کولتووری و ستاتیکی، بەناچاری دەبێتە یەکێک لە پێداویستییە هەرە سەرەکییەکانی ژیانی ڕۆژنامەی تاکەکانی کۆمەڵ. ئەمڕۆکە، ڕۆژنامەگەریی، ئەو سنوورو جغزەی تێپەڕاندووە، کە تەنها وەک وەسیلەیەک بێ بۆ کات بەسەربردن و خوێندنەوەی سەرپێیی هەواڵە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژانە. بە پێچەوانەوە ئێستاکە ڕۆژنامەگەریی پەیامێکی گەورەی لە ئەستۆ دایەو، بۆتە یەکێک لەو زانستانەی کە بەشێوەیەکی هونەرییانەو لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، هەوڵ دەدا وەک ڕێگە چارەیەک سەر لە نوێ و بەکردەنی و واقیعییانە، بەڵام بەشێوەیەکی ئاسانتر، زانین و مەعریفە لەسەر لاپەڕەکانی خۆی دابڕێژێتەوەو بیانخاتە پێش چاوی خوێنەر.

# ٢٢ی نیسانی ١٩٩١ یەکەم ڕاپەڕینی وشەی کوردییە

پەرسەندن و بلاوبوونەوەی هونەری ڕۆژنامەنووسیش، لە فراوانترین ئاست و لەناو زۆربەی هەرە زۆری چین و توێژەکانی کۆمەڵ، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەرادەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و ئاستی شارستانیی خەڵکەوە هەیە. بلاوبوونەوەی خوێندەواری، بەتەواوەتی حوکم بەسەر رادەو چەندێتی خوێندنەوەی ڕۆژنامە دەدات، چونکە دەبێ ئەوە بزانین کە ڕۆژنامەنووسیی، بەپلەی یەکەم هونەرێکی (بصوي)یە. واتە هونەرێکە لە بنەڕەتدا بەهۆی کرداری (بینین)ەوە وشەو تایتڵ و ناونیشان و وێنەو کلێشەو ڕەنگەکای دەبینرێن و دەخوێندرێن. هەر لەبەر ئەوەش نەخوێندەوارەکان ناتوانن سوود لەو بوارە وەربگرن و بەشداری ڕاستەوخۆی ئەو هێزە شارستانییە بکەن. کاتێکیش یەکە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا لێک دەترازێن و پەیوەندییە دیالکتیکییەکانی بەرەو پچڕان و لێک دوورکەوتنەوەو تێک نەگەیشتن و بابڵێین (انفصام) دەچن، ئالێرەوە، ڕۆژنامەگەریی دەبێتە ئەو ئامرازەی کە ئەو سەرەداوی لەیەک گەیشتن و لەیەک حاڵیی بوونە لە نێوان ئەو یەکە کۆمەڵایەتییانە، دەهێڵێتەوەو دەیپارێزێ. بۆیە نابێ ئەو لایەنە فەرامۆش کەین چونکە پرۆسەی ئاخاوتن و لەیەک گەیشتنی یەکە کۆمەڵایەتییەکان، بەبێ بوونی سەرەتایەکی بنەڕەتی بۆ (ڕای گشتی) و باوەڕ هێنان و زەرووردەتی ئەو پرنسیپە دیموکراتییە نایەتە دی. ئەوەش ڕێ بۆ تاکەکانی کۆمەڵ خۆش دەکا، کە مافی ئەوەیان هەبێ بتوانن بە ئاسانی دەستیان بگاتە هەموو هەواڵ و زانیارییەک.. کەواتە گەشەسەندنی ڕۆژنامەگەریی، لە هەر کۆمەڵگایەکدا فاکتەرێکی گرنگە بۆ بەرەو پێشەوە چوونی خودی کۆمەڵگاو بلاوبوونەوەی پرنسیپەکانی دیموکراتیەت. هەر بۆیەش (جیمس برایس) دەڵێ: هەر ڕۆژنامەنووسییە وای کردووە کە دیموکراتیەت ببێتە ڕاستی و واقیعێک، بەڵام ڕۆژنامەنووسیی ناتوانێ ببێتە ئەو دەسەڵاتە گەورەیە، ئەگەر وەک هونەرو کارێکی ئیبداعی مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت و بە ئامرازی نوێوە ئیشی پێ نەکرێت و عەقڵی شارستانی بەڕێوەی نەبات و، لە هەمووشی گرنگتر لەڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ نەبێ. چونکە بە پاشکۆ بوونی کاری ڕۆژنامەگەریی، (وەک پیشەیەک) بەدامەزراوی حزبی یا حوکمەتی، دەبێتە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم دروست بوونی ڕۆژنامەگەرییەکی خاوەن ڕەئی و سەربەخۆو ئازاد!. دیارە سیمای کاری ڕۆژنامەگەری لە ئەمڕۆی باشووری کوردستاندا، سیمایەکی حزبییەو پتر گرێدراوی دامەزراوی حزبە. ئەوەش ئەو سەربەخۆییە ئابوورییەی بۆ کاری ڕۆژنامەگەریمان فەراهەم نەکردووە. هەر لەبەر ئەوەشە کە ئێمە

ڕۆژنامەگەریی سەربەخۆو ئازادمان بەمانای وشە نییە. کە دەڵێم نیمانە بەو مانایەی کە دامەزراوو کۆمپانیاو دەزگای وەهامان نییە کە خاوەن ئابوورییەکی تایبەت و سەرمایەو داراییەکی گەورەی خۆی بێ و، بتوانێ لەسەر بنەمای ڕێژەی قازانج و ژمارەی فرۆشتن و..هتد ڕۆژنامەو گۆڤارو بلاڤۆک دەربکات.. نەک لەسەر بنەمای لایەنگیری بۆ ئەم حزب و ئەو حزب، ڕۆژنامە دەربکات. لە وڵاتانی خاوەن سیستمی لیبراڵی، ڕۆژنامەنووسی وەک پیشەیەک سەیری دەکرێت، کە خاسیەتێکی ئابووری تایبەتی هەیە. واتە مەسەلەکە هەر بەتەنها دەرکردنی ڕۆژنامەیەک نییەو بەس. بەڵکو ئەم کارە وەک پرۆژەیەکی ئابووری گەورەو زەبەلاح تەماشای دەکرێت و چەمکی دامەزراو (المؤسسة) وەردەگرێ. چونکە لەگەڵ دەست پێ کردنی دەرکردنی ڕۆژنامەکە، یا گۆڤارەکە، خاوەن پرۆژەکە بەپێی پلانێکی زانستییانە، هەوڵ دەدا هەموو پێداویستییەکی مادی و تەکنیکی پێویست دەستەبەر دەکات. بۆ نموونە لەپاڵ فیکرەی دەرکردنی ڕۆژنامەکە، سەرەتا تەلارێکی شیاو و گونجاو بۆ بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکە دروست دەکات، پاشان چاپخانەیەکی مۆدێرن و کارگەیەکی گەورە بۆ بەرهەم هێنان و ئامادەکردن و هەڵگرتن و عەمبارکردنی (کاغەز) بەهەموو جۆرەکانییەوە، بۆ ڕۆژنامەکە دادەمەزرێنێ. پاشان دەزگایەک بۆ چاپ و بلاوکردنەوەو ئاگادارییەکان دادەمەزرێنێ. دوای ئەوەش تۆڕێکی بەرفراوان کادیری ڕۆژنامەنووسیی و تەکنیکی و کارگێری پسپۆڕ بەگەڕ دەیەخێ، و دەبیان نووسینگە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارانە تەرخان دەکرێ. کە ئەوانەش لەڕووی یاساییەوە، باوەڕ پێکراو و ئیجازە پێدراون و کەسایەتی یاساییان هەیەو بەشێوەیەکی ڕەسمی کار دەکەن. سەیریش نییە کە دەبینین یەکێکی وەک (لۆرد تۆمسۆن) کە بەشای ڕۆژنامەنووسانی بەریتانیا ناسرابوو، دەیگوت: (کاری ڕۆژنامەنووسیی بریتییە لە بەدەستهێنانی سەرمایە). جا ئەو ڕۆژنامەنووسییە، بە پرۆسەیەکی بەرهەم هێنانی گەورە دادەڕوات. یانی ڕۆژنامەنووسیی دەبێتە پرۆسەیەکی بەرهەم هێنان و سیمایەکی بازرگانی وەردەگرێ. لێرەدا ئەگەرچی، قازانج دەبێتە ئامانجی سەرەکی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا،



رۆژنامەگەریی، وەک پیشە، یا وەک هونەر و زانستێک، هەم لەرووی مادییەوە، هەم لەرووی تەکنیکیشەوە پێش دەکەوێ، هەرچەندە لە رۆژئاوا ئەو دامەزراوو کۆمپانیا رۆژنامەنووسییانە، بوونەتە کۆمپانیای (ئیحتیکاری) و زۆر جارایش گەشەسەندنی کاری رۆژنامەنووسیی لەسەر حسێبی مافەکانی رۆژنامەنووسان دەبێ، بەڵام هەندێ یاسا هەن کە ئەو مافانەی رۆژنامەنووس دەپارێزن. بەتایبەتیش بوونی سەندیکا رۆژنامەنووسییەکان، کە رۆڵێکی باڵایان لەو بواردەوە هەیە.

لای خۆشمان دەتوانرێ رۆڵی سەندیکای رۆژنامەنووسان پێش بخرێ و، وای لێ بکرێ کاریگەرتر لەو بواردا هەوڵی پاراستنی مافە پیشەیی و یاسایی و ئابوورییەکانی رۆژنامەنووسان بدا، بەو مەرجەی بتوانرێ زەمینەی کاری باشتر و ئازادتر کاریگەرتری بۆ برەخسێندرێ و رۆژنامەگەریی کوردیش لەو وابەستە بوونەی بەدامەزراوی حزبی، رزگاری بێ و رۆژنامەگەرییەکی لیبراڵ و سەربەخۆمان هەبێت.. لە کوردستاندا زۆربەی هەرە زۆری حزب و گرووپە سیاسییەکان، رۆژنامەی خۆیان هەیە، جا مانگانە بێ، یا هەفتانە.. کە ئەوەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەیەک، کە پێی دەڵێن: زۆری و بۆری. واتە هاوسەنگی (چەندایەتی ـ الكمية) و (چۆنایەتی ـ الكيفية) بەشێوەیەک تێک چووەو بەراستی ژیان و کاری رۆژنامەنووسیی ئێمەی خستۆتە جۆرە مەترسییەک، کە رەنگە لە ئاییندەدا، خراپ بەسەر رەوتی رۆژنامەگەریی کوردیدا بشکێتەوە. چونکە ئەو زۆری و بۆرییەش هەم رێگرێکە لەبەردەم دروست بوونی رۆژنامەگەرییەکی چۆنایەتی، هەم رێگربشە لەبەردەم دەرکەوتنی رۆژنامەگەرییەکی سەربەخۆ.. بۆیە پێویستە چوارچێوەیەکی یاسایی هەبێ کە فۆرمیولەیەکی هاوچەرخ بۆ کاری رۆژنامەگەریمان داڕێژی و بتوانێ رێ لەتەشەنەکردنی ئەو زۆری و بۆرییە بگرێ. بەمەرجێ ئەو چوارچێوە یاساییە، میکانیزمێکی کاریگەرو عەمەلی بۆ جێبەجێ کردنی دابنرێت، بەڵام بێ ئەوەی ئازادی رۆژنامەگەریی کەم بکرێتەوە، یا کاری لێ بکات. دەبێ هەوڵی ئەوەش بدەین زەمینەو هەلومەرجێکی باش بۆ رۆژنامەگەریی سەربەخۆو لیبراڵ خۆش بکەین، تا بتوانرێ بارودۆخێکی گونجاو بۆ گەشەکردنی ئەو جۆرە رۆژنامەگەرییە برەخسێ..

**[کوردستان] یەکەم مەشخەڵی شارستانیی کوردە**

**سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

١. دراسات في الفن الصحفي ـ د. ابراهيم امام.
٢. الصحافة والعصر ـ سعدالدين خضر.
٣. رۆژنامەگەریی کوردی، چەند سەرەقەڵەمێک لەبارەی تەکنیک و هونەرەکان ـ نەژاد عەزیز سورمێ ـ ١٩٩٩.

---

* رۆژنامەنووس

# خەرمانەی ژمارە

★ ١ـ٢ ★

## کتێبی ژمارە


## ڕۆژنامەگەریی کوردی

## چەند سەرەقەڵەمێك لەبارەی تەکنیك و هونەرەکانی

## نەژاد عەزیز سورمێ

ڕۆژنامەگەریی کوردی چەند سەرەقەڵەمێک لەبارەی تەکنیک و هونەردکانی نووسینی (نەژاد عەزیز سورمێ)یە، لە زنجیرە (٣)ی کتێبی برایەتییە، چاپی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩یە. (٢٤٣) لاپەڕەیەو لەبەرگێکی جوان دەرهێنانێکی هونەری ڕێک و چاپێکی قەشەنگ کەوتۆتە بەردەستی خوێنەران.

وێڕای پێشەکی کە تێیدا نووسراوە، (ئەو نووسراو و لێکۆڵینەوانەی لەم کتێبەدان، زادەی کات و ساتی خۆیانن، بەوەی هەندێ لەڕەوت و دیاردەی ڕۆژنامەگەری کوردی دەردەخەن، کە ڕەنگە تێیاندا بێ بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای چاپ کە هەمیشە پەرەسەندنی ڕۆژنامەگەریی پێوە بەند بووە چووبنە خانەی مێژووەوە..). ئەمەی نووسراوە ڕاستە، بەڵام بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی هێشتا زۆر




لەپێشدا ماوەو ئەزموونێکی درێژو کاروانێکی سەخت و دەرفەتی کورت و بەرەسەندن پێویستمان بۆ نەرەخساوە ئەگەر ساڵانی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ی لێوە دەرنێین.

بۆ ئەوەی خوێندەواران زیاتر ئاگاداری دنیای چاپەمەنیەکانی ڕاکەیاندن، بەتایبەتی ڕۆژنامەنووسی بن، داوامان لەبرای بەڕێزمان کاك غازی حەسەن کرد، کە ئەم دوو بابەتە ئامادە بکات:

١ـ لەبارەی کتێبەکەی کاك نەژاد عەزیز سورمێ: ڕۆژنامەگەری کوردی و چەند..

٢ـ بەکورتی، وەك پێناسەیەکی بەپەلە، لەبارەی ئەو کتێبانەی کە لەم یەك دوو ساڵەی دوایی لەبارەی ڕاکیاندنەوە دەرچوون باسیان بکات. هیوادارین لەم دەرگایەوە، گۆڤارەکەمان، زیاتر سەرچاوەی زانیاری سوود بەخش بێ..)

"ڕۆژنامەڤانی"

هەواڵنامەی کتێب

ئەم کتێبە کە یەکێکە لەسەرچاوەو نووسینە وردو بەسوودەکانی رۆژنامەگەریی کوردی، لێکۆڵینەوەو پێشنیاری جێی بایەخی بۆ رۆژنامەگەریی کوردی، چ لە کاتی بڵاوبوونەوەیان، چ بۆ ئێستاش تێدایە، بێگومانیشە کە بۆ زۆر شت دەبێت وەگەڕێینەوە سەر لاپەڕەکانی رابردوو، بەتایبەتی ئەوانەی دەچنە مێژووەوە. ئەم کتێبە لە (١٣) بەش پێکهاتووەو هەربەشەشی بەجیاو لەسەردەمێک لە گۆڤارو رۆژنامەکان و شاخ بڵاوبوونەتەوە.

بەشی یەکەمی بەنێوی (وێنەو کاریکاتێرو تایپۆگرافیاو بڵاوکردنەوەیان لە رۆژنامەگەریی کوردیدا)یە.. لێکۆڵنەوەیەکی درێژەو باسی لە سێ قۆناغی کاروهونەرەکانی رۆژنامەگەریی دەکات لە (وێنە) دەست پێدەکات، وێڕای چاوپێدا گڕانەوەیەکی مێژوویی (وێنە)و سەرهەڵدانی (کامیرا) و بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەکاندا، تا دەگاتە سالانی شەڕی دووەمی جیهانی و بەرفرەبوونی و کاریگەری وێنە لە رۆژنامەکانی ئەو کاتدا کە (بێگومان ئەمەیش لە چاوتروکانێدا نەبووە، بەڵکو دوای ماندووبوون و بەدواداچوونێکی زۆر بووە کە تەکنەلۆژیای چاپ هێنایە بەرهەم و ئێستایش هەر بەردەوامە..).

ئینجا دێتە سەر باسی مێژووی بڵاوبوونەوەی وێنە لە رۆژنامەگەریی کوردی و چۆنیەتی پەرەسەندنی و سود لێوەرگیرانی، سەرەتاکەشی لە گۆڤاری (روژ کرد - رۆژی کورد) دەست پێدەکات و تا دەگاتە (روناهی) وێنە لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان نابینرێت. کە (هیچ گۆڤارو رۆژنامەیەک لەوکاتدا ئەوەندەی گۆڤاری (روناهی -١٩٤٢) بایەخی بە بڵاوکردنەوەی وێنە نەداوە) کە کاک نەژاد بەیەکەم گۆڤاری وێنەداری رۆژنامەگەریی کوردی دادەنێت.

هەرچەندە رۆژنامەگەری کوردی لەمڕودوە پێشکەوتبێت، بەڵام دیسان نەگەیشتۆتە ئاستی پێویست، مەگەر لە چارەگە سەدەی ئەم دواییە نەبێت، کە هەندێک هەنگاو چۆتەپێش. لەم باسەدا مەسەلەی (سەرچاوەو جۆرەکانی وێنەی رۆژنامەنووسیی) و (بڵاوکردنەوەی وێنە لە رۆژنامەگەریی کوری) و (گواستنەوەو لەچاپدان و گەورەو بچووک کردنەوەی وێنە) و (چاپکردنی) و (نوێشکێک لەبارەی چاپکردنی وێنەی رەنگاو رەنگ) و (کامیرای رۆژنامەنووسی یا قەڵەمی وێنەگر) و (بنەماو سیفەتەکانی وێنەی رۆژنامەنووسیی لە بڵاوکردنەوەدا) و (لاسایی کردنەوە)و (داهێنان) و (فەلسەفەی بڵاوکردنەوەی وێنە) کراوە.. تا دەگاتە بەشی دووەمی ئەم باسە کە (کاریکاتێرە) و ئاماژەیێکی خێرای بۆ مێژووی سەرهەڵدانی کاریکاتێرو ئامانج و ئەرکەکانی لەنێو رۆژنامە کردووەو دەڵێت: (لەبەر ئەوەیشە لە هەموو هونەران زیاتر مەیدانەی لەگەڵ کاری سیاسیدا هەیە، بەوەی بیرو بۆچوون و هەڵوێست لە وێنەدا دەتوێنێتەوە). ئینجا باسی کاریکاتێر لە بواری رۆژنامەگەریی کوردی دەکات و دیسان ئاماژە بەوە دەکات کە (رۆژنامەگەریی کوردی ئەو بایەخەی بەم هونەرە نەداوەو لەچاو رۆژنامەگەریی دەرودراوسێ بڵاوکردنەوەی کاریکاتێری تێدا دوێنییە، یەکەم کاریکاتێر لە گۆڤاری (روناهی - Ronahi) شام ١٩٤٢ بڵاوکراوەتەوە).

وێڕای ناوهێنانی هەندێ لە هونەرمەندانی کاریکاتێری کوردو (رۆژنامەگەریی کوردی تاکو ئێستا نەیتوانیبوە شەخسیەتێکی کاریکارتێری ناسراو دروست بکات). ئینجا باس لە (کاریکاتێر بۆ راگەیاندن و هۆشیارکردنەوە یا رابواردن و پێکەنین؟!) و (باخچەی بەردراو) و (گیروگرفتەکانی کاریکاتێر) دەکات لە بەشی سێیەمیشدا دێتە سەر باسی (تایپۆگرافیا). باس لە مەبەست و کاردکانی دەکات و بەوردی لەمەڕ (کەرەستەکانی تایپۆگرافیا و دەوریان لە دەرهێنانی رۆژنامەدا) و (وێنەو قەلەمکێشی) و (مانشێت و تایتلەکان)و (کەرەستەکانی لێک جوداکردنەوە)و (بۆشایی) و (کاریکاتێر) و (رەنگ)و (تایپۆگرافیا و رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان) کراوە.

## گۆشەو ستوون

بەشی دووەمی کتێبەکە باسی گۆشەو ستوون لە ڕۆژنامەنووسیی کوردییە، لەتەک کورتە پەیڤێکی باسی ستوون و گۆشە، سەرهەڵدانی لە ڕۆژنامەی کوردی لە مێژنییە، هەرچەندە (زۆر لەو وتارو بیرە ڕاگوزارییانەی بەناوی گۆشە و لەشێوەی ستوونی ڕۆژنامەگەریی دا بلاوکراونەتەوە، مەرجی ستوون یا گۆشەی ڕۆژنامەنووسییان تێدا نەبووە)، چونکە پەیڕەوی (بەردەوامی و تەقسی تایبەتی) نەکراوەو هەناسەو شێوازی گۆشە نووسی کەم تێدا بەکار هاتووەو هەناسە کورت بوون. ئینجا باسی گۆشەو ستوون (دەنگی نووسەر یا دەنگی ڕۆژنامە)و (جۆرەکان و شێوازو هونەری گۆشە)و (گۆشەو گۆشەنووسی لە ڕۆژنامەگەریی کوردی) کراوە، وەکو باس دەکات ئەگەر ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بووە هۆی پێگەیشتنی کۆمەڵێک کادری ڕۆژنامەنووسی، ڕاپەرینیش قۆناغێکی نوێی هێنا کە هەردوو ڕووی ئاستی کلتووری و کۆمەلایەتی و سیاسی بەدەرخست..).

## پاشکۆ

لەبەشی سێیەمی ئەم کتێبەدا بەجۆرێکی تایبەتی و بۆ یەکەمجار لەم شێوەیە باس لە هونەری دەرکردنی (پاشکۆ) لە ڕۆژنامەگەریی کوردی کراوە. ئەم دیاردەیەش (لەناوەڕاستی حەفتاکانەوە هەستی پێ دەکرێ، کە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) پاشکۆی لەشێوەی کتێب و نامیلکە بۆ شیعر و چیرۆکی کوردی بلاوکردەوە..) ئەم دیاردەیە لە قۆناغی فرەبوونی زانیاری و پێداویستی کۆکردنەوەی زانیاری و پسپۆری پتر پەرەدەستێنێت، وەکو ئەوەی ئەمڕۆ لەناو ڕۆژنامەگەری کوردی دەیبینین.

## ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە

ئەم باسەش بەوە دەست پێدەکات، چونکە لەو بڕوایەدایە (زۆر لەو ڕۆژنامەنووسانەی ئەمڕۆ کوری ئەو ڕۆژانەن کە لە قوتابخانەدا چالاکی ڕۆژنامەنووسییان نواندووە لەو کاتەیدا بۆ یەکەمجار ئەم هەستەیان بزواوە). دوایی بە لێکۆڵینەوە باس لە (ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە)و (هەل و مەرج بەهەردی ڕۆژنامەنووسیی)و (ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا)و (شیکردنەوەو ناوەڕۆک و چاوگێڕانێک بەلایەنی هونەری) و چەند سەرەنجێک لەمبارەوە دەکات. کە لە (دیاهیدا ئەم کارە بە دوا ڕۆژی شێوازی پەروەردەو فێرکردن لە قوتابخانەکان و ئاسۆی دوارۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی خۆی دەبەستێتەوە).

لەشێوەی پاشبەندیش هەیکەلی بەڕێوەبردنی بلاوکراوەو گۆڤاری قوتابخانەی دەور کردۆتەوەو لە بەشی دووەمی پاشبەندەکەیشدا بیبلۆگرافیای ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارو بلاوکراوانەی کردووە، کە لە چوارچێوەی ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە دەرچوون لە یادگاری لاوان ١٩٣٣ـ بەغدا دەست پێدەکات و لە سیڤەر ١٩٩٨ ـ هەولێر) کۆتایی دێت، و ناوی (١٠٠) بلاوکراوەی تۆمار کردووە.

## ساڵرۆژی (٩٥) ڕۆژنامەگەریی کوردی

بەشی پێنجەمی ئەم کتێبە بە چەند وردەتێبینییەک لەسەر یادی (٩٥) ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی بەتایبەت لە قۆناغی دوای ڕاپەڕین و زۆری و بۆری ڕۆژنامەکان دەست پێ دەکات ئەگەرچی دژی زۆری نییە، بەلام لەسەر (ڕۆژنامەگەریی (وتار) یان (هەواڵ) لە (٩) خاڵدا سەرنجەکانی دەرخستوون و داخی ئەوەش دەخوات کە دوای ڕاپەڕین هەندێ لە ڕۆژنامەو بلاوکراوەکان نەیانتوانیوە لە زۆر لایەن لە قاوخی ڕۆژنامەگەریی پێش ڕاپەڕین دەرباز ببن). دیارە لەگەڵ ئەو سەرنجانە، دیاردەی فرە ڕۆژنامەگەری و ڕوخسارو نێوەڕۆکی ڕۆژنامەگەریی کوردی و هەلومەرجی تازەی دوای ڕاپەڕین و پێداویستی کۆمەڵگای دیموکراتی و مەدەنی ئازاد گەلە باسێکن لەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردی باسی زۆریان دەوێت و کاک نەژاد لەسەر گەلێکیان پەنجەی خستۆتە نێو برینەکانەوە.

## ڕۆژنامەگەریی (یەك بابەت)

بەشی شەشەمی کتێبەکەی نەژاد عەزیز سورمێ بەم پەیڤانە چنراوە (سەرەڕای هەموو ئەو کۆسپ و

تەگەرانەی لە ریگەی پێشکەوتنی رۆژنامەگەری کوردی دا بووە کە بەردەوام، بەدرێژایی ئەم سەد ساڵە بارودۆخی سیاسی خودی کوردی وەک نەتەوەو ئەو گەمارۆیەی دەوردی زمان و کلتوری داوەو لە قۆناغەکانی رەوتی رۆژنامەگەرییدا رەنگی داوەتەوە.. سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی (یەک بابەت) نیشانەیەکە لە نیشانەکانی پەرەسەندنی رۆژنامەگەریی کوردی). کە ئەمەش لەگەڵ دروستبوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەست پێدەکات، چونکە تا ئەو کاتە بایەخێکی جێی باسی ئەوتۆ نابینرێت، ئەگەرچی (یادگاری لاوان) لە بەغدا هەبووە. لەم باسەدا مەبەست لە بڵاوکراوەی منداڵان و ئافرەتان و جوتیاران و قوتابیان و کرێکاران و..هتد. لەتەک ئەم پێشکەوتنەشدا دەڵێت: (بەدرێژایی تەمەنی رۆژنامەگەریی کوردی بەشێوەیەکی گشتی رۆژنامەگەریی وتارنووسی روت بووە..). کە ئەمەش جێگەی باس و لێکۆڵینەوەی بابەتییە. بۆ ئەوەی دەربخرێت کە رۆژنامە چەند توانیویەتی وەکو رۆژنامە دەرچێت و کارەکانی راپەڕێنێت.

## پرۆژەی دەرکردنی رۆژنامەیەکی رۆژانە

ئەمە باسێکی دوورودرێژە لەمەڕ چۆنیەتی دەرکردنی رۆژنامەیەکی رۆژانەی کوردی، وێڕای سەرباسێکی مێژوویی و قۆناغەکانی تێپەڕینی رۆژنامە، دێتە سەرباسی مەبەست و ئامانجەکان لە رۆژنامەی رۆژانەو چۆنیەتی دەرکردنی و هەیکەلی رێکخستن بۆ بەڕێوەبردن و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکەو بەشە سەرەکیەکانی رۆژنامە کە بریتین لە (جێگری سەرنووسەرو سکرتێری نووسین و بەڕێوەبەری چاپخانەو بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوەو بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی). بەشەکانی رۆژنامە لە (هەواڵ و لێکۆڵینەوەو ریپۆرتاژ و رۆشنبیری و هونەری و وەرگێڕان و ئەرشیف و زمان و هەڵەچن و وێنەو راپەڕاندن و نەخشە) کراوە، ئینجا دێتە سەر رۆژنامەیەکی رۆژانەی کوردی و دابەشکردنی لاپەڕەکانی.

ئەم باسە بەشێوەیەکی ئەکادیمی نووسراوە، دامودەزگاو پێکهاتەو بەش و چۆنیەتی کارەکانی رۆژنامەیەکی رۆژانە دەخاتە روو، پێش (١٤) ساڵ بەر لە ئێستا بڵاوکراوەتەوە، کە کورد ئێستا خۆی دوو رۆژنامەی رۆژانەی هەیەو بەردەوام دەردەچن. نووسەر لە پێشەکیەکی ئێجگار کورت دەڵێت: (ئەگەرچی دوای راپەڕین لە پاڵی هەفتەنامەو مانگنامەو هی تر دوو رۆژنامەی رۆژانە بەبەردەوامی دەردەچن، بەڵام دیسان چونکە هەردوو رۆژنامەکە دەچنە قاوخی (رۆژنامەگەریی حزبی) هەر دیسان ئەو مەبەستە ناهێننە دی کە لەم پرۆژەیەدا هاتووە..).

ئەمەش واتای ئەوە دەدات کە هێشتا پرۆژەی دەرکردنی رۆژنامەیەکی رۆژانە بەتەواوی جێبەجێ نەبووەو لە هەندێک لایەنەوە دەبێت پێداچوونەوە بکرێت.

## رۆژنامەگەریی دیوار

گوتارێکە، باس لە رۆژنامەگەریی دیوار دەکات کە زۆربەی جار بەدەستنووس و هەندێ جار بە چاپ لە رووبەرێکی دیاری کراودا بەسەر دیواردوە هەڵدەواسرێت. ناوەڕۆکی ئەو رۆژنامەیە زیاتر لە لایەن قوتابی و ئەندام و کرێکارانی ئەو یانەو کارگانە دەنووسرێن، لەژێر سەرپەرشتی لیژنەیەک. (ئەو جۆرە رۆژنامەگەرییەش تارادەیەک زۆربەی هونەرەکانی رۆژنامەنووسیی بەخۆوە دەگرێ).

## سەرنامەیەک لە پەرەسەندنی تەکنیکی

بەشی نۆیەمی کتێبەکەیە، لێکۆڵینەوەیەکی وردە لەمەڕ تەکنیکی رۆژنامەگەریی کوردی، چونکە (راستەوخۆو ناراستەوخۆ رۆژنامەگەریی کوردی لە سود وەرگرتن لە هونەرو تەکنیکی نووسین و لە چاپدان و بڵاوکردنەوە بەدوور نەبووە). لە دوو تەوەر باسەکە لێکۆڵینەوەی لەمەڕ کراوە. یەکەم پەرەسەندنی تەکنیکی نووسین لە رۆژنامەگەریی کوردی، دووەم چاپ و پەرەسەندنی تەکنیکی. کە لە دیماهیدا سیماو ئادگاری پەرەسەندنی تەکنیکی، لە شەش خاڵ کورت کراونەتەوە ئەوانیش بریتین لە (پەیدابوونی کۆمپیوتەر و کلێشەو وێنەو دەرهێنان و چاپکردن و رەنگرێژی و گەیاندن). نووسەر دەڵێت: (ئەمڕۆ رۆژنامەگەریی کوردی توانیویەتی تارادەیەک سوود لە هەموو ئەو داهێنراوە تەکنیکیانە وەربگرێت کە کاروباری گەیاندن و چاپ و پەیوەندییان ئاسان کردووە).

## هەڵەی چاپ

بەشێکی تری کتێبەکە پێکدەهێنێت، نووسەر بەهۆی بەدوداچوون و سەلیقەوە ئاماژەی بەهەڵەی چاپ لە رۆژنامەگەری دونیاو رۆژنامەگەریی کوردی کردووە، ئەو هەڵانەی کە ناتوانرێت خۆیان لێ دەرباز بکرێت و لە هەمان کاتیشدا رووی رۆژنامەیان لاوازو سیس کردووە. ئینجا باس لە هۆیەکانی هەڵەی چاپ و جۆرەکانی هەڵەی چاپ لە رۆژنامەگەریی کوردی دەکات. لەم میانەشدا ئاماژە بە هەڵەکانی ناو کتێبی خوێندن و کتێب و چاپکردن دەکات.

ئەم باسە نەک هەر تەنیا باسێکی گرینگی نێو رۆژنامەگەرییە، بەتایبەتی ئەمڕۆ کە بەهۆی زۆریەوە، هەڵەی زەق و زۆریش بەردید دەکەوێت، ئەمەی نووسراوە باسێکی خۆش و بەچێژیشەوە، لەهەمان کاتیشدا خودی هەڵە جێی مەترسییە، چونکە دوور نییە هەڵەیەکی چاپ ببێتە هۆی ئاژاوەیەکی گەورەش.

## لە پێناو رابەرێك بۆ رۆژنامەگەریی

گوتارێکە لە یادی سەد ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی نووسراوە، پێشنیار دەکات وەزیری رۆشنبیری لیژنەیەک لە پسپۆڕان پێکبێنێت بۆ ئەم مەبەستە، چونکە ئەوانەی بەرایی هەموو بە کۆششی شەخسی کراون.

## رۆژنامەگەریی کوردی و رۆژنامەنووسی کورد

ئەم بەشە بریتیە لەو نامیلکەی کە یەکەمجار ساڵی ١٩٨٤ بەناوی (پاکزاد محەمەد کەریم) لە شاخ بڵاوکراوەتەوەو چاپی دووەمی ساڵی ١٩٩١ بوە. ئەم باسە چوارەم باسی درێژی نێو کتێبەکەیە، وێڕای پێشەکی چاپی دووەم، کۆمەڵێک باس لەمەڕ رۆژنامەو ئایا ئێمە رۆژنامەمان هەیە؟ و هەواڵ و دەنگوباس لە رۆژنامەگەریی کوردی و لێکۆڵینەوەو ریپۆرتاژ و ئەدەب رۆشنبیری و هونەر و لایەنی هونەری لە رۆژنامەگەریی کوردی و رۆنامەگەریی بیستراوو بینراوو رۆژنامەنووسی کورد لە خۆگرتووە، سەرباری پاشبەند کە بریتیە لە بەیاننامەی دامەزراندی یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە شاخ و ئامانجەکانی ئەم یەکێتیە.

## جوغرافیای بڵاوکردنەوە

دوابەش و گوتاری نێو ئەم کتێبەیە، کە بایەخێکی زۆری بۆ فێربوون و پەرەپێدانی هونەرەکانی رۆژنامەگەری کوردی هەیە. لە پرسیارێکدا نووسەر دەڵێت: (داخۆ جوغرافیای بڵاوکردنەوەی رۆژنامەگەریی کوردی ئەو جوغرافیا فراوانە بووە توانیبێتی بەقەد ئەو ماندوو بوون و شەونخوونی و خەرجییە بێت کە بەدرێژایی مێژوویی ئەو سەد ساڵە لێی سەرف کراوە؟). لە وەڵامدا دەڵێت: (وادێتە بەرچاو لە هەموو حاڵەتێکدا وەڵام بە ''نەخێر''ە).

دەبێت لەڕاخستن و خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا چەند رستەیەکی کورت لە دیماهیدا بخەینە بەرچاو. کتێبەکەی کاک نەژاد عەزیز سورمێ، شارەزایانەو بەوردی نووسراوە، لایەنی مێژوویی و پێشنیارو دەست خستنە سەر کەموکوریەکانی بەڕاشکاوی تێدایە. زانستیانە راوبۆچوونەکان دەربڕاون.

پرسیاری زۆرو وەڵامی دەستبەجێی تێدایە سەرەقەڵەمێکی فراوانەو بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی هەمەجۆری رۆژنامەگەریی کوردی، کتێبەکە زۆر لایەنی رۆژنامەگەری گرتۆتە خۆ، بەشێکی زۆری بابەت و بۆچوون و نووسینەکان لەمەیدانی رۆژانەی کار روبەڕووی رۆژنامەو رۆژنامەنووسان و کارمەندانی ئەم بوارە دەبنەوە. پرسیاری زۆر رون، بەڵام بەدواداچوونی زۆری پێویستە، بەرمانێکی پاراو و پەتی نووسراوەو بابەتەکان لە کاتی پێویست بە وێنەو هێلکاری دەوڵەمەند کراون. شێوەی دەرهێنان و چاپی کتێبەکە ئاستی تێگەیشتنی نووسەر بۆ هونەری رۆژنامەگەریی دەردەخات، کە بەشێوەیەکی هونەری بەرزو جوان چاپکراوە.

کتێبەکە دەرگایەکی گەورەو ئاسۆیەکی فراوان لەبەردەم لێکۆڵینەوە لەمەڕ هونەرو تەکنیکی رۆژنامەگەریی کوردی دەکاتەوە.. مایەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی هەمەجۆرەو دەبێت دەستخۆشی لە برای نووسەر (نەژاد عەزیز سورمێ) بکەین.. بەهیوای بەرهەمی تازە.

*   *   *

هەواڵنامەی کتێب

# خەرمانە ٢ ـ ٢

➢ (رزگاری) ثم (خەبات) لسان حال الحزب الديمقراطي الكوردستاني، رزگار نوری شاوەیس، من منشورات مؤسسة(برایەتی و خەبات) الصحافیة، ١٩٩٨ کوردستان، (١٣٦) صفحة.

➢ ئەدەبی کوردی و پێنج ژمارەی هەفتەنامەی (کوردستان)ی ساڵی ١٩١٩، د. عەبدوڵڵا حەداد، لە بڵاوکراوەکانی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد، ١٩٩٨ هەولێر، (١٤٠) لاپەڕەیە.


➢ دەسەڵاتی چوارەم، محەمەد فەریق حەسەن، چاپی یەکەم، ١٩٩٨ هەولێر، (٤٦) لاپەڕەیە.

➢ ئەلفاو بێتای ڕۆژنامەگەری، رەئوف حەسەن، ١٩٩٩، (٧٤) لاپەڕەیە.

➢ چەند بەریەرەک ژدیرۆکا ڕۆژنامەڤانیا کوردی، موسەددق توڤی، ١٩٩٩ دهۆک، (١٠٠) لاپەڕەیە.

➢ جريدة الحقيقة – راستی، د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، الطبعة الأولى، ١٩٩٨ دهۆک، (٢٣٢) صفحة.

➢ ڕۆژنامەگەری کوردی بەزمانی فەرەنسی، د. فەرهاد پیرباڵ، سەنتەری برایەتی (١)، ١٩٩٨ هەولێر، (٨) لاپەڕەیە.




➢ بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەگەری کوردی، ١٩٧٥ ـ ١٩٩٣، ئیسماعیل تەنیا، غازی حەسەن پیشەکی، چاپی یەکەم ١٩٩٨ هەولێر، (١٠٠) لاپەڕەیە.


➢ کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی، وریا جاف، دەزگای ڕۆشنبیری گوڵان، ١٩٩٨ هەولێر، (١٠٤) لاپەڕەیە.

➢ سەرەتایەک بۆ تەکنیک و هونەری فۆتۆگراف، فارس سەعدی، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ١٩٩٨ هەولێر، (١٦٥) لاپەڕەیە.

➢ اراء و ملاحظات حول الصحافة والسياسة، فيصل ديهاتي، اربيل ١٩٩٩، (١٠٢) صفحة.

➢ بزاڤی ڕۆژنامەگەری حکومەتەکانی کوردستان، لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون، محەمەد خدر مەولود، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٩٩٩ هەولێر، (١٢٠) لاپەڕەیە.

➢ شاکر فەتاحی شەهید، فەلەکەدین کاکەیی ـ مەحمود زامدار، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم ١٩٩٨ هەولێر، (٢٣٢) لاپەڕەیە.




➢ پێشکەوتن، یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی، عەلی ناجی کاکە حەمەد ئەمین ـ سیروان بەکر سامی، د. مارف خەزنەدا پێشەکی، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ١٩٩٨ هەولێر، (٥٥١) لاپەڕەیە.




➢ (کوردستان)ی دایک، مەحمود زامدار، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ١٩٩٨ هەولێر، (١٢٥) لاپەڕەیە.

➢ گەشتێک لە نێو جیهانی بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی دا، مەحمود زامدار،




وەزارەتی رۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستان، ١٩٩٨ هەولێر، (١٧٥) لاپەڕەیە.

➢ هەفتەنامە (گۆڤار)، تارق جامباز، وەزارەتی رۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستان، ١٩٩٨ هەولێر، (٤٤) لاپەڕەیە.

➢ رۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەكانی ئەدەبی كوردیدا، هیمدادی حوسێنی، وەزارەتی رۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستان، ١٩٩٨ هەولێر، (٢٧٢) لاپەڕەیە.

➢ چەند بابەتێكی رۆژنامەنووسیی، حەمە ساڵح فەرهادی، وەزارەتی رۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستان، ١٩٩٨ هەولێر، (١٥١) لاپەڕەیە.

➢ گۆڤاری كوردستان ١٩١٩ ـــ ١٩٢٠ ئەستەمبوڵ، كۆكردنەوەو لەسەر نووسین، د. فەرهاد پیرباڵ، هەولێر ١٩٩٨، (١١٨) لاپەڕەیە.

➢ ئەستێرە، ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، وەزارەتی رۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستان، ١٩٩٨ هەولێر، (١١٨) لاپەڕەیە.

➢ رۆژنامەنووسی و بواری رۆژنامەگەریی، رەسول بەختیار، وەزارەتی رۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستان، (٦٤) لاپەڕەیە.

➢ رۆژناما كوردستان و شورەش رەوشەنبیری، شەوكەت تاهیر سندی، وەزارەتی رۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستان، ١٩٩٨ هەولێر، (٧٣) لاپەڕەیە.

➢ رۆژنامەنووسی كوردی لە كوردستانی دوای راپەڕین، عەبدوڵلا زەنگەنە، وەزارەتی رۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستان، (٣٦٥) لاپەڕەیە.


➢ حرب الكلمة، نزار جرجيس علي، وەزارەتی رۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستان، ١٩٩٨ هەولێر، ( ) لاپەڕەیە.

➢ سەركوتی رۆژنامەی كوردی لە سێبەری یاسادا، غازی حەسەن، وەزارەتی رۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستان، ١٩٩٨ هەولێر، (١٢٧) لاپەڕەیە.

➢ كاریكاتێر، گرفتار كاكەیی، وەزارەتی رۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستان، ١٩٩٨ هەولێر، (٣٠) لاپەڕەیە.

➢ بیبلۆگرافیای هەفتەنامەی پەیمان، وەزارەتی رۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستان، ١٩٩٨ هەولێر، ( ) لاپەڕەیە.

➢ رۆژنامەگەری لەسەردتای سەرهەڵدانەوە تا چەرخی نوێكاری، براییم مەلا، وەزارەتی رۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستان، ١٩٩٨ هەولێر، ( ) لاپەڕەیە.




هەواڵنامەی كتێب

➢ کوردستان، قادر وریا ئامادەکردن و پێشەکی نووسینی، وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ١٩٩٨ هەولێر، (١٤٠) لاپەڕەیە.

➢ زمانی کاریکاتێر، ئاکۆ غەریب لە فارسی کردوویەتی بە کوردی، ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاک، ١٩٩٩ سلێمانی، (٢٨٧) لاپەڕەیە.

➢ کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی، د. کەمال فوئاد کۆکردنەوەو پێشەکی، شێرزاد عەبدولکەریم وەرگێڕانی بەشە تورکیەکەی، مستەفا زدنگەنە و عوسمان محەمەد هەورامی پێداچوونەوە، د. فەرهاد پیربال و مەلا بەختیار پێشەکی، سلێمانی (٢١٨) لاپەڕەیە.

➢ حول الاعلام والاعلام الاسلامي، حامد محەمەد عەلی، من منشورات مكتب الاعلام للاتحاد الاسلامي في كوردستان، ١٩٩٨ اربیل (٤٢) صفحة.

➢ ژورنالیزم چییە؟، پرشنگ فەلەکەدین کاکەیی، ١٩٩٦ دهۆک، (٣٢) لاپەڕەیە.

➢ برایەتی ئەدەب و هونەر بیبلۆگرافیای (١٠٠) ژمارەی یەکەم، جەلیل کاکەوەیس، هەولێر، (١٠٠) لاپەڕەیە.

➢ رۆژنامەگەریی یەکێتی قوتابییانی کوردستان، موسا ئەحمەد، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابییانی کوردستان، ١٩٩٨ هەولێر، (٥٤) لاپەڕەیە.




➢ سالڕۆژی ئاژانسی دەنگو باسی کوردستان، حەمە احمد جاف، نزار جەرجیس حەسەن، هەولێر،




(١٦) لاپەڕەیە.

➢ جولکەو دزەکردنی بۆ ناو دەزگاکانی راگەیاندنی جیهانی، ئەحمەد ئیبراهیم وەرتێ وەرگێڕ، (١٢٨) لاپەڕەیە.

➢ چاپکردن و نەخشەسازی، عەبدولقادر




عەلی مەردان و ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، کتێبی برایەتی ژ (٤) چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ١٩٩٩، (١٤٣) لاپەڕەیە.

➢ کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی، ١٨٩٨-١٩٠٢ کۆکردنەوەو پێشەکی د. کەمال فوئاد، وەرگێڕانی بەشە تورکییەکەی شێرزاد عەبدولکەریم، پێداچوونەوە مستەفا زدنگەنە- عوسمان محەمەد هەورامی، سوپاس و پێزانین د.کەمال فوئاد، پێشەکی د. فەرهاد پیربال و مەلا


بەختیار، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ/ سلێمانی، ساڵی ۲۰۰۰، (۲۰۰) لاپەڕەیە.


- گۆڤاری گزنگ، لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیا، نەوزاد عەلی ئەحمەد، کتێبەکە لەم بەشانەوە پێکهاتووە:
- ـ پێشەکی
- ـ بەشی یەکەم: کەرکوک باری مێژوویی ـ یاسایی ڕۆشنبیری.
- ـ بەشی دووەم: گۆڤاری گزنگ لە نێوان سێ قۆناغدا
- قۆناغی یەکەم: قۆناغی ئاشکرای گۆڤارەکە.
- قۆناغی دووەم: قۆناغی نهێنی گۆڤارەکە.
- قۆناغی سێیەم: گزنگـی دوای ڕاپەڕین.
- بەشی سێیەم: بیبلیۆگرافیای گۆڤارەکە.
- پاشکۆ:
- ئەلف: پاشکۆیەکی تایبەت بە شانۆ.
- بێ: پاشکۆیەکی گزنگـی بچووکان.
- پاشبەند: پڕۆژەی ناوخۆی یەکێتی نووسەرانی کوردستان.
- سلێمانی: دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم ۱۹۹۹.

- ڕۆژنامەگەری ـ د. کازمی موعتەمەد نەژاد ـ وەرگێڕانی: مەجید ساڵح عەزیز ـ بابەت: ژمارەیەک باس و نووسین لەبارەی ڕۆژنامەنووسییەوەیە ـ سلێمانی ـ ساڵی چاپ ۲۰۰۰.




- ڕۆژنامەگەری کوردی و ڕۆژنامەنووسی کورد، نەژاد عەزیز سورمێ، چاپی یەکەم ۱۹۸٤، بڵاوکراوەکانی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی شاخ، چاپی دووەم ۱۹۹۱، هەولێر، (٥٥) لاپەڕەیە.




- مێژووی ڕۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان ۱۹٤٦ ـ ۱۹۹۹، وریا جاف، زاهیر ڕۆژبەیانی، پێشەکی و پێداچوونەوە، چاپی یەکەم ۱۹۹٦، (۱۱۳) لاپەڕەیە.
- برایەتی یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەیە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، نەژاد عەزیز سورمێ، فەرهاد عەونی پێشەکی چاپی دووەم، چاپی یەکەم ۱۹۹۱ کوردستان، چاپی دووەم ۱۹۹۷ کوردستان، (۸۷) لاپەڕەیە:
- ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان (ئاداک ـ ADAK)، نەژاد عەزیز سورمێ، ۱۹۹۷ کوردستان، (۱٤٥) لاپەڕەیە.

هەواڵنامەی کتێب

# هەندێ لە دیکۆمێنتەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان:

## ڕاگەیاندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەربارەی ئەو دەست درێژییەی کرایە سەر بەڕێز مومتاز حەیدەری

لە چوار چێوەی ئەو شەپۆلە نوێیە خراپەکاری و تیرۆرستیەی کە لەم دواییانە لە کوردستاندا ئەنجام دەدرێت سەعات (٧) ی ئێوارەی ڕۆژی ٣/١٤ ئۆتۆمۆبیلی شەخسی ڕۆژنامەنووسی بەڕێز مومتاز حەیدەری سکرتێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەبەردەم ماڵەکەیاندا تەقێنرایەوەو زیانێکی زۆر بە ماڵی بەڕێزیان و دەرودراوسێکانی کەوت، خۆشبەختانە بەڕێزیان و خاوخێزانی بە سەلامەتی دەرچوون.

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەتوندی ئەم کارە تیرۆرستیەو تەواوی هەوڵە چێکدەرو تیرۆرستیەکانی دیکە مەحکوم و ریسوا دەکات کە ناحەزان و دوژمنانی ئەزموونە دیموکراتیەکەمان دژ بە گەلی کوردستان و نیشتمان پەروەران و ڕۆشنبیرانی خاوەن هەڵوێستی گەلەکەمان ئەنجامی دەدەن.

دڵنیاشە ئەو هەوڵە ترسنۆک و نەزۆکانەی تیرۆرستان باوەڕی جەماوەری گەلی کوردستان بە ئەزموون و شەرعیەتی هەرێمی کوردستان مکوڕتر دەکات و قەڵەمی ئازاو ئازاد ناترسێنێ.

ریسوایی و شەرمەزاری بۆ تیرۆرستان سەرفرازی بۆ دڵسۆزان و پارێزەرانی ئەزموونی گەلی کوردستان.

١٩٩٩/٣/١٥

## بانگەوازێک
## لە گۆڤاری ڕۆژنامەڤانییەوە

بەمەبەستی زیاتر ئاشنابوونی گەلەکەمان بە مێژووی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی و جیهانی، هەروەها کاریگەری ئەم بزاڤە بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵ، ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بڕیاری دا گۆڤارێک بەناوی (ڕۆژنامەڤانی) دەربکات.
جا داوا لە سەرجەم ڕۆژنامەوان و پسپۆڕ و شارەزا و ڕۆشنبیرانی ئەم بوارە پیرۆزە دەکەین، کە هاوکاریمان بە بابەتی بەسوود و دەوڵەمەند لەسەر بنەمای ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:-
١- مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی (١٨٩٨-١٩٩٨) و کاریگەرییەکەی لە مەیدانی ژیانی کۆمەڵی کوردەواریدا.
٢- لەبارەی مێژووی ڕۆژنامەنووسیی جیهانییەوە.
٣- لێتوێژینەوە و هەڵسەنگاندنی ئەم گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییانەی کە لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا دەرچوون.
٤- هەڵسەنگاندن و نرخاندنی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە خەباتی شۆڕشگێڕیی شاخدا.
٥- ڕۆڵی بزووتنەوەی ڕۆژنامەنووسی بەگشتی لە پێشخستنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی.
٦- هەر بابەتێکی وەرگێڕدراو لەبارەی ڕاگەیاندنەوە- بەهەموو کەناڵەکانییەوە- تکایە دەقە ئەسلییەکەی لەگەڵ دابێت.
٧- کورتەیەک لە ژیانی نووسەی بابەتەکە و وێنەیەکی تازەش.

ناوەڕاستی نیسان/ ١٩٩٩

## بەیاننامە:

### سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
### کاری تیرۆرو تۆقاندن ریسوا دەکات..!

ماوەیەکە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی شالاوی بێهودەو ترسنۆکی ناحەزو دوژمنانی گەلەکەمان دەبێتەوەو لێرەولەوێ کاری تیرۆرو تۆقاندن دژ بە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان ئەنجام دەدەن و بۆ شێواندنی باری هێمنی لە کوردستان دا، بەدانانەوەی بڕی (T.N.T)ی لە شوێنە گشتی و تایبەتییەکان دا، باری ئاسایی دەشلەژێنن.

دیارە ئەم کارو کردەوە تیرۆرستانە، جگە لەوەی خزمەتێکی بە کرێگیراوانەی دوژمنانی گەل و ئەزموونەکەمانە، دژ بە ڕەوتی ژیانی شارستانی و فرە لایەنی و دیموکراتییانەی هەرێمی کوردستانیشەو دژی بە ئازادی کارو چالاکییەکانی مرۆڤە، ئێمەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش بە مافی ڕەوای خۆمانی دەزانین چ بۆ بەرگری کردن لە ڕەوشی کوردستان و ئەزموونەکەی چ بۆ بەرگری کردن بێت لە ژیانی شارستانی و کۆمەڵگای مەدەنی بە توندی هەموو جۆرە شێوازێکی تیرۆرو تۆقاندن ڕەت بکەینەوەو بانگهێشتی دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن بە گشتی و ڕۆژنامەو تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانی کوردستان دەکەین، کە ڕووی دزێوو ناشارستانی و نامرۆڤانەی تیرۆرو تۆقاندن زۆرتر ریسوا بکەن، بە هەموو جۆرێ بەتوندی دژایەتی بکەن و کار بۆ دروست کردنی ڕای گشتی بکەن لە دژی تیرۆرو تۆقاندن کە لە بنەڕەتدا دژی بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستانە.

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
٢٠٠٠/٢/٦
هەولێر/ کوردستان

## بەیاننامەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە یادی (101) ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی

وا ساڵێکی دیکە پاش سەدەیەک بە سەر تەمەنی پڕشکۆی کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی تێدەپەڕێ و دەچینە نێو ساڵێکی دیکەو ڕۆژنامەنووسانی کوردستان مۆمێکی دی کنخمی دوای (100) ساڵەی ڕۆژنامەنووسی دادەگیرسێنن ئەمساڵ کە یادی (101) ساڵەی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی دەکەینەوە کە میقداد بەدرخانی ڕابەرو پێشەنگ لە قاهیرە دەریهێناو (کوردستان)ی دایک سەری هەڵدا.. لە (22)ی نیسانی هەموو ساڵێکدا ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئاهەنگ دەگێڕن و جەژنی ڕۆژنامەگەری کوردیمان پیرۆز دەکەن.. لەبەر کاریگەریەتی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ڕەوتی خەباتی نەتەوایەتی و ڕۆشنبیریدا ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دوای چەندین کۆبوونەوەو دانیشتن گەیشتنە ئەو ڕایەی کە دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پێداویستیەکی مێژوویی و شارستانیە ئەوەبوو.ساڵی پار لە یادی سەدەیی ڕۆژنامەگەری کوردی، پەرلەمانی کوردستان یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی کردە دیاری 100 ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و پێشکەشی ڕۆژنامەنووسانی کرد هەر لە ماوەی ئەو ساڵەدا ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ژێر دروشمی (لە پێناو چەسپاندنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و دابین کردنی مافی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان)دا،کۆنگرەی دامەزراندنیان بەست و لە ڕۆژانی 27–29/12/1998 دا کۆنگرەکە بە سەرکەوتوویی کارەکانی ڕاپەڕاند هەڵبەتە دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان چۆن دەستکەوتێکی پیشەیی–ڕۆشنبیری یە،کە لە کەش و هەوای ئازاد و دیموکراتیانە لە دایک بووە،ئاوایش دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ تەواوی ڕۆژنامەڤانانی کوردستان کە لە پێناو بەرگری کردن لە مافەکانیان و دابین کردنی و چەسپاندنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و گەشەپێدانی پەیامی ڕۆژنامەنووسی هاتۆتەدی دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە قۆناغێکی ئەمڕۆی دوای ڕاپەڕینی (1991) دوە کە سەردەمی سەرهەڵدانی دەیەها ڕۆژنامەو گۆڤارو کەناڵی ڕاگەیاندنە پێداویستیەکی شارستانی و سەردەمە تا تەواوی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە دەوری کۆببێتەوەو لە پێناو بەرگری کردن لە مافەکانیان داکۆکی بکات لەبەر دەم دەسەڵاتەکانی دیکەدا. بە مانای وشە خاوەنی دەسەڵاتی چوارەم بێت و بۆ خۆشگوزەرانی و بەختەوەری ڕۆژنامەنووسان تێبکۆشێ.

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەمیشە لەگەڵ ئاشتی و تەبایی دایە و پێی وایە چارەسەرکردنی کێشەکان بە دایەلۆگ و ئاشتیانە باشترین شێوازی سەردەم و شارستانیانەیە .بۆیە لەگەڵ ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەی واشنتۆنەوە کە جێبەجێ کردنی خاڵەکانی ئەو ڕێککەوتنەش بە سەرکەوتنی ئاشتی و ئیرادەی میللەتەکەمان دەزانێت.

سەندیکا لە پێناو چەسپاندنی ئەزموونی دیموکراتیانەی گەلەکەمان تێدەکۆشێ و بەو هیوایەی کە سەرجەم مافەکانی ڕۆژنامەڤانان بێنێتە دی.

سڵاو لە گیانی پاکی میقداد میدحەت بەدرخانی ڕابەرو شەهیدانی ڕۆژنامەڤانی و ڕۆژنامەنووسانی کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی

ئەنجوومەنی
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
هەولێر 21/4/1999

---

بۆ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەڕێز
بۆ گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی

دوای سڵاو و ڕێزی بێ پایانمان

لە کاتێکدا دڵمان وە خۆشحاڵی و ئازادی و ئێمە پیرۆزبایی
بەڕێزتانی ئاراستە دەکەین بەبۆنەی دەرچوونی
گۆڤاری "ڕۆژنامەڤانی"، لە ڕاستیدا دەرچوونی
گۆڤاری "ڕۆژنامەڤانی" وەک کەلێنێکی مەزن
لە بواری ئەکادیمییە وە لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی
کوردییماندا پڕ دەکاتەوە، چونکە تاکو ئێستا گۆڤارێکی تایبەت
بە ئەنستی ڕۆژنامەگەریی دەرنەچووە، ئەم پێنگاڤە
... بە ... خاڵێکی نوێیە لە کاروانی ڕۆژنامەگەریی
کوردیدا، هیوادارین گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی —
سەرکەوتوو بێت لە پێناو بەرەو پێشبردنی کلتوری
شارستانییەتی گەلی کورد.

لەگەڵ پیرۆزبایی دووبارەمان

هەر شاد و سەرکەوتوو بیت

حەمید سوورچی
بە یاریدەی ڕۆژنامەی
"ڕاپەڕین"
لە هەولێر
١٩٩٩/٩/١٣

---

**بەڕێز:**

**سڵاوێکی گەرم..**

بۆ ئەوەی گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی ئەرکی ڕۆشنبیری– شارستانی لە مەیدانی مێژوو و ژیانی ڕاگەیاندن بەگشتیو ڕۆژنامەنوسی بەتایبەتی ڕاپەڕێنێ، تکایە– بەڕێزتان بەبابەتێکی شیاو– لێکۆڵینەوە– هاوکاریمان بکەن.

پێشەکی مایەی سوپاسو پێزانین

**بابەتەکان:**

١– لەبارەی مێژووی ڕۆژنامەنوسی کوردییەوە.
٢– لەسەر خودی ڕۆژنامەو گۆڤارە ناودارەکان.
٣– لەبارەی ڕۆژنامەنووسی هەرێمایەتیو جیهانی.
٤– ئەمڕۆی ژیانی ڕۆژنامەنووسی کوردو جیهانی.
٥– هەر بابەتێک پەیوەندی بەڕەوتی دوێنێو ئەمڕۆی ڕاگەیاندن هەبێ.
٦– ئەدەبیاتو ڕۆژنامەنووسی شاخ واتا خەباتی چەکداری.

هەواڵنامەی کتێب

دۆسیەی ژمارە

# سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان چۆن درووست بوو..؟

ئامادەکردنی م . ح

سەنتەرەکانی جووڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستان هەر لەسەرەتای درووست بوونیانەوە، چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەیدا، بە پێی بارودۆخی سیاسی و نەتەوەیی و ئاستی گشتیی رۆشنبیرو شارستانیی کوردستان، هەوڵیداوە، ئامرازی خەباتی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسی و نەتەوەیی لە پێناو پێشخستنی کۆمەڵی کوردەواری بەگشتی و خودی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد خۆشی بەتایبەتی بەرەو پێش بچێ..هتد بۆ نموونە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەوە، بەدەیان رێکخراوو کۆمەڵەی سیاسی و رۆشنبیری و دەرکردنی گۆڤارو رۆژنامەو چاپەمەنی دیکە، بەهەر شێوەیەك بووە، لە هەر قۆناغێکی تێکۆشان، کە هاتۆتە ئاراوە، دروست بووەو دەوری تایبەتییان هەبووە.

زێدە تایبەتی تریش لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیست، لەوەش زیاتر پاش ئەوەی جووڵانەوەی سیاسیی کوردستان بە گشتی و، کوردستانی خواروو بەتایبەتی



پەرەی سەند، ئەویش لە ئەنجامی بەرەو پێش چوونی ژیانی حزبایەتی (ئاشکراو نهێنی) مەسەلەی بوونی رێکخراوی

پیشەیی و رۆشنبیری و کۆمەلایەتی، زیاتر خۆیان سەلماند، بۆ نموونە لەوانە دروست بوونی ڕێکخراوی قوتابیان و لاوانی کوردستان کە لە ١٨ی شووباتی ١٩٥٣ (ی.ق.ك) دامەزرا، ئیتر لەوە بەدواوە، بەتایبەتی پاش ١٤ی تەمووز، ئەو مەسەلەیە باشتر گەلاڵە بوو، بگرە بە پێداویستیەکی زێدەتری کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و سیاسی خۆی دووپات کردەوە، بەواتایەکی دیکە بارودۆخە نوێیەکە ئەوەی زیاتر خواست.



دیارە لەسەر ئاستی وڵاتی عێراق، مەسەلەی بوونی سەندیکای رۆژنامەنووسان، پاش ١٤ی تەمووز هاتە کایەوەو لیژنەیەکی ئامادەکاری (ئیئتیلاف) دروست کرا، کوردیش لە ڕێگای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، کە: مامۆستا هەمزە عەبدوڵلا و ساڵح حەیدەری ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری سەندیکاکە بوون بەشداری کرد. ئەوەبوو پاش ماوەیەك بەناوی سەندیکا(نقابە)ی رۆژنامەنووسانی عێراق بەسەرۆکایەتی شاعیری گەورەی عەرەب محەمەد مەهدی ئەلجەواهیری پێکهات، بەلام لەسەر ئاستی کوردستان، لەبەر چەندین هۆو فاکتەری سیاسی و نەتەوەیی، کە ئێرە جێی باس کردنییان نییە، هاوکات لەگەڵ کەمی ژمارەی گۆڤارو رۆژنامەو کەناڵەکانی دیکەی ڕاگەیاندن یان ناوە ناوە دادەخران و رۆژنامەنووسەکان دەربەدەر دەبوون. ئەم کەمییەش هۆکارێکی ڕەوشەکەبوو مەسەلەی دروستکردنی سەندیکایەکی تایبەت بە کوردستان زۆر دواکەوت، تەنانەت پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ش نەتوانرا، بەهەر جۆرێك بێ سەندیکایەك دروست بکرێت. لە هەشتاکان پاش ئەوەی ژمارەی رۆژنامەنووسان لە شاری هەولێر گەیشتە رادەی ٣٠ رۆژنامەنووس (لقی بەناوی ئۆتۆمی)یان دروست کرد.

هاوکات هەر لەسەرەتای هەشتاکاندا، لیژنەیەکی ئامادەکاری لە شاخ لە پێناوی دروست بوونی سەندیکایەکی (یەکێتیی) رۆژنامەنووسانی کوردستان پێك هات، بەلام لەبەر هەندێ هۆی سیاسی و سەرنەکەوتنی گفتوگۆی نێوان میری لایەنێکی سیاسی (خاوەن پرۆژەکە) سەندیکا دروست نەبوو.

پاش ڕاپەرینە مەزنەکەی ئاداری ١٩٩١، ڕەوشێکی ئازادی ئێجگار بەرفراوان هاتە کایەوە، بەدەیان رۆژنامەو گۆڤارو کەناڵی ڕاگەیاندن دەست بەکاربوون، ژمارەی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە ژماردن دەرچوون، ئەوەی شایانی باسە، لەم بارودۆخ



و ڕەوشە زێدە لەبارەدا، سەندیکایەک بۆ ڕۆژنامەنووسان زوو دروست نەبوو..!!، هەر چەندە دوو هەوڵی چاک هاتە ئاراوە، یەکەمیان وابزانم ١٩٩٣ بوو، کە بەدەست پێشخەری حزبی سۆشیالیستی کوردستان لیژنەیەکی ئامادەکار دروست بوو، بەڵام زۆربەی ئەندامانی سەر بەلایەنێک بوون، دیارە لەسەردەمی (٥٠-٥٠) بوو، بۆیە هەوڵەکە سەرنەگرت..!!

جاری دووەمیش لە گوندی کەلەکین بەدەست پێشخەری حزبی پارێزگارانی کوردستان بوو، ئەوەبوو، بە ئامادەبوونی زۆربەی زۆری نوێنەری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردستان لیژنەیەکی ئامادەکاری دروست کرا، بەڵام بەداخەوە، بەرپرسی یەکەمی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) ڕازی نەبوو، ئەم جارەش هەوڵەکە سەری نەگرت، بگرە زیندەبەچاڵ کرا..!!

زێدە بەکورتی، پاش ئەوەی مەسەلەکە چەند جارێک لە نێوان ڕۆژنامەنووس و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن باس کرا، زۆربەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان گەیشتنە ئەو بڕوایە، کە دەبێ هەوڵێکی باش بدرێ، تا ئەم دەزگایە، یان بڵێین ئەم ڕێکخراوە شارستانییە دروست بکرێ، ئەوەبوو ڕۆژنامەی دەنگی میللەت، لە پێناو گەلاڵەبوونی مەسەلەکە، بانگەوازێکی بڵاوکردەوە، دیارە پاش بانگەوازەکە ٣٦ ڕۆژنامەنووس لەبارەگای ڕۆژنامەی ناوبراو کۆبوونەوە.

بۆ زیاتر ڕۆشنکردنەوە، سەبارەت بە دروست بوونی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە یەکەم کۆنگرەی لە ڕۆژانی ٢٧-٢٨-١٩٩٨/١٢/٢٩ گرێدا، ئەوە لەگەڵ ژمارەیەک دیکۆمێنت و دەقی ڕاپۆرتی کۆنگرەکە لەلایەن سەرۆکی ئامادەکار مامۆستا فەرهاد عەونی پێشکەش کرا، هەروەها ژمارەیەک دیکۆمێنتیش کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە سەندیکاوە هەیە، هەموویان بڵاودەکەینەوە.



## بانگەوازێك بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

ڕۆژی هەینی ڕێککەوتی ١٩٩٧/١/١٧ کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ دامەزراندنی سەندیکایەک بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سازکرا کە ٣٦ ڕۆژنامەنووس بەشدارییان تێدا کرد. پاش وتووێژو لێکۆڵینەوەو ڕاگۆڕینەوە، لیژنەیەکی ئامادەکردنی کاتی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی پێی سپێردرابوون پێکهات، لەیەکەم کۆبوونەوەیدا ڕۆژی ١٩٩٧/١/١٩، لیژنەکە بەپەسەندی زانی کە کۆبوونەوەیەکی فراوانتر ساز بکرێت بۆ ئەوەی نوێنەری هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان کە تا ئێستە لە کوردستان دەردەچن و مۆڵەتی ڕەسمییان هەیە بەشداری لەو کۆبوونەوەیەدا بکەن و لەناو خۆیاندا لیژنەیەکی ئامادەکاری فراوان هەڵبژێرن کە ئەرکی گەلاڵەکردنی بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئامادەکردنی کۆنگرەی دامەزراندنی پێ بسپێردرێت. بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کارەش بانگی کارمەندانی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی کە لە خوارەوە ناویان هاتووە، دەکەین کە بە سەرنووسەر یا باوەڕپێکراوێکی ڕەسمی بەشداری لەو کۆبوونەوەیەدا بکەن.

بۆ ئەوەی کە ئەم هەنگاوە بەڕێکوپێکی مەیسەر بێت، بە پێویست زانرا کە ڕۆژی ١٤/شوبات/ ١٩٩٧ لە هۆڵی تەندروستی بەرامبەر سینەمای سەلاحەدین لە هەولێردا سەعات ٩،٣٠ی سەر لە بەیانی ئامادەبن.

### ناوی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان:

الاتحاد، ئاڵای ئازادی، برایەتی، بەهرا، بیت النهرین، پاڵە، پەیمان، پێشکەوتن، پەیامی مامۆستا، جەماوەر، دەنگی میللەت، دوارۆژ، دەنگی ئافرەت، دەنگێک، هەرێمی کوردستان، وڵات، وطن الشمس، یەکگرتوو، یاسا پارێزی، یەکسانی، کاروان العربی، کاروان، کوردستانی نوێ، کەلەپوری کورد، گوڵان، گولان العربی، گازی، لالش، مەتین، ماف، میدیا، نیشتمان، نجم بیت النهرین، ڤەژین، رامان، ڕێگای کوردستان، تورکمان ایلی، هەنگ، خەبات.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

ڕاگەیاندنی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ڕوناکبیران، ڕۆشنبیرانی خۆشەویست..

بارودۆخی پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستان، ئاسۆیەکی تازەو پڕشنگداری بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان هێنایە دی. کە لەسەردتادا بەهەڵبژاردنێکی سەرتاسەری دەستی پێکرد و پەرلەمانی کوردستانی لێ هاتە کایەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، پاشان دەیان ڕێکخراو و سەندیکای جەماوەری و پیشەیی بۆ نوێنەرایەتی چین و توێژە جیاجیاکان پێک هێنران، کە هەر یەک لەم ڕێکخراوانە خەریکی ئەنجامدانی کارو چالاکییەکانی خۆیانن.

ڕۆژنامەنووسانیش وەکو توێژێکی زیندوو و کاریگەری فراوانی ناو کۆمەڵ وەک توێژەکانی دیکە پێویستییان بە خۆکۆکردنەوە بوو لە چوارچێوەی سەندیکایەکی سەرتاسەری سەربەخۆ، بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژنامەنووسان چەندین هەوڵ و دەستپێشخەرییان نواند و پاش چەندین دانیشتنی فراوان لە لایەن ڕۆژنامەنووسان لە هەولێری پایتەخت و، بۆ کۆکردنەوەی هەموو ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە سەندیکایەکی سەرتاسەری دا هەر لە سەرەتا تا وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی بۆ هەمان مەبەستی پێشوو کە ئاماژەی پێ کراوە چەندین پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە ڕۆژنامەنووسانی سلێمانی و دهۆکەوە کرا.

لە ئاکامدا لیژنەی ئامادەکردن بۆ پرۆژەی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان هەڵبژێردرا پاشان بە هاوکاری لیژنەیەکی راوێژکار پرۆژەیەکی تێرو تەسەڵ ئامادەکرا، گەلاڵە بوو و لە ڕۆژی ١٩٩٧/٧/١ پێشکەش بە وەزارەتی ڕۆشنبیری

کرا بۆ ئەوەی لە ڕێگای وەزارەتەوە بەرز بکرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە بەمەبەستی پەسەندکردنی پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستانی بکەن.

ئەوە بوو پاش چەندین دانیشتن و تاوتوێ کردنی لەلایەن پەرلەمانەوە پرۆژەکە لە رۆژی ڕۆژنامەنوسی کوردی دا لە ١٩٩٨/٤/٢٢ بە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ بڕیاری لەسەر درا کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە دەسکەوتێکی مێژوویی دادەنرێ بەتایبەتیش کە هاوکات بوو لەگەڵ رۆژی لەدایک بوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی (کوردستان) کە سەد ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لەلایەن میقداد بەدرخانەوە چاپ کراو بڵاوکرایەوە.

ڕۆژنامەنووسانی کوردستان..

دوای دەرچوونی یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لیژنەی ئامادەکارو لیژنەی راوێژکار لەبەر رۆشنایی یاسای سەندیکاو دوای چەندین کۆبوونەوە بڕیاریان دا بە فراوانکردنی لیژنەکەو پێکهێنانی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکا لە (١٩) ڕۆژنامەنووس بۆ

**ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر**

| ژمارە | ناوی تەواو | شوێن و ساڵی لەدایک بوون | پیشە |
|---|---|---|---|
| ١- | کمال حسین احمد غەمبار | هەولێر ـ کۆیە/١٩٣٧ | ڕۆژنامەنووس |
| ٢- | ئیبراهیم سالح اسماعیل | هەولێر/١٩٦٨ | ڕۆژنامەنووس |
| ٣- | تحسین محمد خلیل (ابو دلشاد) | دیانا/١٩٤٢ | ڕۆژنامەنووس |
| ٤- | فرهاد عوسمان عەونی | کۆیە/ ١٩٤٦ | ڕۆژنامەنووس |
| ٥- | فەیسەڵ نورەدین عەبدولرەزاق(دەباغ) | هەولێر/١٩٥٣ | ڕۆژنامەنووس |
| ٦- | عەبدولکەریم فندی یحیی | دهۆک/١٩٤٤ | ڕۆژنامەنووس |
| ٧- | فکرت عزت شەفیق | کۆیە/١٩٥٣ | ڕۆژنامەنووس |
| ٨- | طارق محمد سعید جامباز | هەولێر/١٩٤٨ | ڕۆژنامەنووس |
| ٩- | هیمداد محمد صابر | هەولێر/١٩٦٧ | ڕۆژنامەنووس |
| ١٠- | حامد محمد علی حاجی | خانەقین/١٩٦٤ | ڕۆژنامەنووس |
| ١١- | زادوق ئادەم باوید | دیانا/١٩٥٣ | ڕۆژنامەنووس |
| ١٢- | ئازا حەسیب علی قەرەداغی | سلێمانی/ ١٩٦٠ | ڕۆژنامەنووس |
| ١٣- | مومتاز حەیدەر عاصم حەیدەری | هەولێر/١٩٤٢ | ڕۆژنامەنووس |
| ١٤- | دیار محمد سعید دوسکی | دهۆک/١٩٤٧ | ڕۆژنامەنووس |
| ١٥- | ئازاد عبدوالواحد حەمە صدیق | هەولێر/١٩٥٨ | ڕۆژنامەنووس |
| ١٦- | یونان مرقس حنا | زاخو/١٩٥٥ | ڕۆژنامەنووس |
| ١٧- | محەمەد خدر مولود | هەولێر/١٩٥٩ | ڕۆژنامەنووس |
| ١٨- | صدیق حامد خالد | دهۆک/١٩٥٠ | ڕۆژنامەنووس |
| ١٩- | رومیل شمشون شموئیل | دهۆک/١٩٥٨ | ڕۆژنامەنووس |

داواکردنی مۆڵەتی یاسایی لە وەزارەتی ناوەخۆ.

لە رۆژی ١٩٩٨/٧/٧ وەزارەتی ناوەخۆ بە نووسراوی ژمارە (٤٥٥٨) مۆڵەتی یاسایی کارکردنی بەدەستەی دامەزرێنەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دا.

**ڕۆژنامەنووسانی کوردستان..**

ئەوە بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی گەلەکەماندا کە سەندیکایەکی تایبەت بە ڕۆژنامەنووسان دادەمەزرێت و بە شێوەیەکی یاسایی دێتە دی، تا داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنووسان و دەسکەوتەکانی میللەتەکەمان بکات، بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە هەموو ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەین کە بەشداری و هاوکاری دەستەی دامەزرێنەر بکەن، تاوەکو بتوانرێ بە زووترین کات کۆنگرەی یەکەم ببەسترێ و هەوڵەکانی سەرکەوتووانە بە ئاکام بگات.

**دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای**
**ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەولێر ١٩٩٨/٧/٧**

**١. کەمال غەمبار، ٢. ئیبراهیم سالح ئیسماعیل، ٣. تەحسین محەمەد خەلیل (ئەبو دلشاد)، ٤. فەرهاد عوسمان عەونی، ٥. فەیسەڵ دەباغ، ٦. عەبدولکەریم فندی، ٧. فکرەت عزەت شەفیق، ٨. تاریق محەمەد سەعید جامباز، ٩. هیمداد محەمەد سابیر، ١٠. حامد محەمەد عەلی حاجی، ١١. زادوق ئادەم باوید، ١٢. ئازا حەسیب قەرەداغی، ١٣. مومتاز حەیدەر عاسم حەیدەری، ١٤. ئازا عەبدولواحید حەمە سدیق، ١٥. دیار محەمەد سەعید دۆسکی، ١٦. یونان مەرقس حەنا، ١٧. محەمەد خدر مەولود، ١٨. سدیق حامد خالید، ١٩. ڕۆمێل شەمشون شموئیل.**

**بۆ/ دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە کوردستان**

**ب/ پرۆژەی یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**

سڵاوێکی گەرم

لەگەڵ ئەم نووسراوەماندا وا دەقی پرۆژەی یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانتان بۆ دەنێرین، تکایە تاکو ڕۆژی ١٩٩٧/٦/٣٠ تێبینی و پێشنیارەکانتان دەربارەی پرۆژەی ناوبراومان بە نووسین بۆ بنێرن پێش ئەوەی لە ڕێگای وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بەرزبکرێتەوە. لەگەڵ ڕێزماندا..

ل/ لیژنەی ئامادەکار

**تێبینی:**

١- تکایە بە هیچ شێوەیەک پرۆژەکە بڵاونەکرێتەوە.

٢- تێبینییەکانتان بەهۆی ڕۆژنامەی برایەتییەوە/لیژنەی ئامادەکارەوە بنێرن.

دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

**بۆ/ بەڕێز وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان**

**لە ڕێگای بەڕێز پارێزگای هەولێرەوە**

**م/ مۆڵەت**

ئێمەی ڕۆژنامەنووسان کە لە خوارەوە ئیمزامان کردووە وەک دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، داوا لە بەڕێزتان دەکەین، کە مۆڵەتی یاساییمان پێ بدەن بۆ دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بەپێی یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە. لەگەڵ ڕێزماندا..

دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان - هەولێر.

وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان پارێزگای هەولێر بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوخۆ هۆبە: کۆمەڵەکان

**بۆ/ وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی دیوانی گشتی/ کۆمەڵەکان**

**ب/ دامەزراندن**

وا دەقی داواکاریی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسی کوردستانتان بۆ هاوپێچ دەکەین کە داوا دەکەن سەندیکایەک دابمەزرێنن بەناوی (سەندیکای ڕۆژنامەنووسی کوردستان) لەسەر یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسی ژمارە ٤ لە ساڵی ١٩٩٨ لەگەل پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆ فەرمانتان لەسەر چییە ئاگادارمان بکەنەوە لەگەڵ ڕێزمان..

فرنسو هەریری

پارێزگاری هەولێر

**فەرمانی وزاری**

لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٨ی (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بە پێی هەردوو مادەی (٨،٧) لە یاسای کۆمەڵەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٨ی ساڵی ١٩٩٣، بە پێی بوونی مەرجە یاساییەکان لە داواکاری دەستەی دامەزرێنەی سەندیکای ناوبراو.

بڕیارمان دا بە پێدانی (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) مۆڵەتی دامەزراندنی لە بەرواری دەرچوونی ئەم فەرمانە

فازل میرانی

وەزیری ناوخۆ

**لیژنەکانی ئامادەکردنی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**

أ- سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەر

**فەرهاد عەونی**

ب - لیژنەی ئامادەکردن بۆ کۆنگرە

١. عەبدولکەریم فندی
٢. زادوق ئادەم
٣. ئیبراهیم حاجی سالح
ج . لیژنەی پەیڕەوی ناوەخۆ
١. کەمال غەمبار
٢. فیکرەت عزەت
٣. تارق جامباز
د. لیژنەی وەرگرتنی ئەندامان
١. مومتاز حەیدەری
٢. تەحسین محەمەد خەلیل
٣. فەیسەل دەباغ
٤. دیار محەمەد سەعید دۆسکی
٥. سەدیق حامد
هـ . لیژنەی راگەیاندن و پەیوەندییەکان
١. ئازا حەسیب قەرەداغی
٢. محەمەد خدر مەولود
٣. هیمداد محەمەد سابیر
و. لیژنەی دارایی
١. حامد محەمەد عەلی
٢. ئازاد عەبدولواحید
٣. یونان مرقس هۆزایا
٤. رۆمێل شەمشون شمۆئێل

## پرۆگرامی کۆنگرەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان رۆژی یەك شەممە رێکەوتی ١٩٩٨/١٢/٢٧

أ. کردنەوەی کۆنگرە لە هۆڵی میدیا سەعات (١٠)ی سەر لەبەیانی.
١. خوێندنی چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز لەلایەن مامۆستا
٢. وەستان دەقیقەیەک بەماتەمی لەسەر گیانی پاکی شەهیدانی رۆژنامەنووسانی کوردستان و براڤی رزگاریخوازی گەلەکەمان.
٣. وتاری بەخێرهێنانی ئامەدەبووان لەلایەن کاک فەرهاد عەونی‌یەوە پێشکەش دەکرێ.
٤. پێشکەشکردنی وتاری سەر پەرشتکاری کۆنگرە لەلایەن بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم کاک نێچیرڤان بارزانی.
٥. وتاری بەرێز وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان.
کۆتایی دانیشتنی یەکەم
ب . دانیشتنی دووەم . هۆڵی میدیا سەعات (١)ی پاش نیوەڕۆ.
١. راگەیاندنی دەستپێکردنی دانیشتنەکانی کۆنگرە.
٢. دانیشتنەکە بەسەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندام دەست پێ دەکات.
٣. داوا لە دەستەی دامەزرێنەر دەکرێ کە بێنە سەر شانۆ بۆ جاردانی هەڵوەشاندنەوەی دەستەکە.
٤. هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی کۆنگرە لە (٥) کەس.
٥. پێشکەشکردنی راپۆرتێک دەربارەی کاروبارەکانی دەستەی دامەزرێنەر لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ.
٦. داواکردنی دروستکردنی لیژنەکانی کۆنگرە بەم شێوەی خوارەوە:
أ. لیژنەی یاساو پێڕەوی ناوخۆ.
ب . لیژنەی سکالاّ و رەخنەگرتن.
ج . لیژنەی دارشتنی بریارو راسپاردەکان و راگەیاندنی کۆتایی.
رۆژی دووشەممە رێکەوتی ١٩٩٨/١٢/٢٨
سەعات (١٠)ی بەیانی
لیژنەکان خەریکی کاروباری خۆیان دەبن
أ. لیژنەی یاساو پێڕەوی ناوخۆ . مەڵبەندی رۆشنبیری . ژمارە (١)
ب . لیژنەی سکالاّو رەخنە . مەڵبەندی رۆشنبیری . ژمارە (٢)
ج . لیژنەی دارشتنی بریارو راسپاردەکان . هۆڵی میدیا.



رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ١٩٩٨/١٢/٢٩

- دانیشتنی سێیەم - هۆڵی میدیا - سەعات (٩)ی سەر لە بەیانی.
- خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەکان
- دانیشتنی چوارەم - هۆڵی میدیا - سەعات (٢)ی پاش نیوەڕۆ.
- دەستکردن بەدەرگاکردنەوەی خۆپالاوتن بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەن و لیژنەکانی سەندیکا.
- پرۆسەی دەنگدان.
- دەنگ لێک جیاکردنەوەو جاڕدانی ئەنجامەکان.

# راپۆرتی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ کۆنگرەی دامەزراندنی سەندیکا

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە
بەڕێزان ئەندامانی کارای یەکەمی کۆنگرەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
سڵاوێکی گەرم

پاش بانگەوازەکەی رۆژی هەینی رێکەوتی ١٩٩٧/١/١٧ی رۆژنامەی دەنگی میللەت کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ دامەزراندنی سەندیکایەک بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان سازکرا کە ٣٦ رۆژنامەنووس بەشدارییان تێدا کردو پاش وتووێژ و لێکۆڵینەوەو راگۆڕینەوە لیژنەیەکی ئامادەکردنی کاتی راپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی پێی سپێردرابوون پێکهات لەو رۆژنامەنووسانە: **ممتاز حەیدەری**، کەمال غەمبار، تاریق جامباز، حامد محەمەد عەلی، ئیبراهیم حاجی سالح، فەیسەڵ دەباغ، فەرهاد عەونی-وە، لەیەکەم کۆبوونەوەیدا لە رۆژی ١٩٩٧/١/١٩ لیژنەکە بە پەسندی زانی کۆبوونەوەیەکی فراوانتر ساز بکرێت بۆ ئەوەی هەموو ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە لە کوردستان دەردەچن و مۆڵەتی رەسمییان هەیە بەشداری لەو کۆبوونەوەیەدا بکەن بۆ ئەوەی لیژنەیەکی ئامادەکاریی فراوانتر هەڵبژێرن کە ئەرکی گەڵاڵە کردنی بەرنامەو پڕۆژە و پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکا و ئامادەکردنی کۆنگرەی دامەزراندنی پێ بسپێردرێت و بۆ راپەڕاندنی ئەم کارە بانگی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە لە دەرچوون بەردەوام بوون کرا.

رۆژی ١٩٩٧/٢/١٤ لەبارەگای دەزگای رۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات کۆبوونەوەکە ئەنجام درا بە ئامادەبوونی زۆربەی هەرە زۆری نوێنەری ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە لە کوردستان دەردەچوون، بەڵام ئەوەی جێی داخە رۆژنامەنووسانی دەزگاکانی راگەیاندنی سلێمانی ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوون.

لیژنەی ئامادەکار یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی لە ١٩٩٧/٢/٢٥ بەست کە پێک هاتبوو لەو رۆژنامەنووسانی خوارەوە:

١. عەبدولکەریم فندی.

٢. حامد محەمەد عەلی.

٣. ئازاد عەبدولواحید.

٤. فەرهاد عەونی.

٥. فەیسەڵ دەباغ.

٦. ئیبراهیم حاجی سالح.

٧. زادوق ئادەم.

٨. یونان هوزایا.

٩. کامەران جەلال.

بۆ ئەنجامدانی ئەو بڕیارو پێشنیارانەی کە لە کۆبوونەوە فراوانەکەی ١٤ی شوبات باس کرابوو لیژنەی ئامادەکاریش بەتێکڕای دەنگ بڕیاریان لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکی راوێژکاری دا لەم رۆژنامەنووسانەی خوارەوە:

١. ممتاز حەیدەری.

٢. فیکرەت عزەت.

٣. تاریق جامباز.

٤. کەمال غەمبار.

بەمەبەستی گەلاڵەکردنی پرۆژەیەک بۆ دامەزراندنی سەندیکا.

لیژنەی راوێژکار لە ماوەیەکی کورتدا توانییان کارەکەی خۆیان ئەنجام بدەن و پاشان لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش تاوتوکراو دوای ئەوەی لەلایەن بەڕێز دادوەرو ئەندامی دادگای تەمیزی کوردستان نازم حەویزی لێکۆڵدرایەوەو پاشان لەلایەن هەردوو لیژنەوە بە تەواوی بەشێوەی کۆتایی رۆژی ١٩٩٧/٥/٢٦ پەسند کرا.

پاش پەسندکردنی پرۆژەکە بەشێوەی کۆتایی لیژنەی ئامادەکار دەقی پرۆژەکەی بە نووسراوێکی رەسمی ئاراستەی رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستان کرد بۆ ئەوەی بە پێشنیارو تێبینی خۆیان دەوڵەمەندی بکەن و داوایان لێ کرابوو تاکو رۆژی ١٩٩٧/٦/٢٠ وەڵامەکانیان بنێرن بۆ لیژنەی ئامادەکار و لە نێوان ١٩٩٧/٦/٢٠ و ١٩٩٧/٦/٣٠ دوو کۆبوونەوەی هاوبەشی دیکەی لیژنەی ئامادەکار و لیژنەی ئیستیشاری ئەنجام دران بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو پێشنیارو تێبینیانەی کە لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە هاتبوون کە هەندێکیان سوود بەخش بوون و لەبەر رۆشناییان نەختێک ئالوگۆڕ لەپرۆژکە کراو پاشان بەشێوەی کۆتایی پرۆژەکە لەلایەن لیژنەی ئامادەکارەوە رۆژی ١٩٩٧/٧/١ پێشکەش بە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا، بۆ ئەوەی ئەویش لە رێگای خۆیەوە بیدات [illegible]ەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پاش تاوتوکر[illegible]ی وەکو پرۆژەیەک پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستانی بکات.

[illegible]ەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران رۆژی ١٩٩٨/٣/١٥ بەنووسراوی ژمارە ٢٠٥١ پرۆژەکەی پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرد و لە رۆژانی ٢٥و١٩٩٨/٣/٢٧ دوو کۆبوونەوەی هاوبەش لەلایەن لیژنەی ئامادەکار و لیژنەی یاسای پەرلەمانی کوردستان ئەنجام درا، بۆ لێکۆڵینەوەو دیراسەت کردنی پرۆژەکە وەکو ئاسان کارییەک پێش ئەوەی لە پەرلەمان موناقەشە بکرێت، کۆبوونەوە هاوبەشەکان تارادەیەکی زۆر سوودبەخش بوون و لەسەر زۆربەی خاڵەکان گەیشتنە ئاکامێکی باش و دەوڵەمەندکردنی پرۆژەی یاساکە. پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی



ژمارە ٩ی خولی یەکەمی لە ساڵی حەوتەم دا بۆ مەبەستی موناقەشە کردنی پرۆژەکە، ڕێکەوتی ١٩/٤/١٩٩٨ی تەرخان کرد و یەکە یەکەی فەسڵ و ماددەکان لەلایەن لیژنەی یاسایی پەرلەمان خوێندرانەوە، پاشان بەدرێژی لەلایەن پەرلەمانتارانەوە موناقەشەی لەسەر کراو لە دانیشتنی ژمارە ١٠ی خولی یەکەمی ساڵی حەوتەمدا لە ڕێکەوتی ٢٠/٤/١٩٩٨ ئەو بابەتانەی کە لە دانیشتنی یەکەم تەواو نەبوو بوون، کەوتنەبەر باس و موناقەشە تا بە تەواوی پرۆژەکە بەشێوەی کۆتایی گەلاڵە کرا، کە ئەویش لە ٧ فەسڵ و ٧٢ ماددە پێکهاتووەو بە بڕیاری ژمارە ١١ی لە ڕۆژی ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردی وەکو ڕێزلێنانێک لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ گیانی پاکی میقداد بەدرخانی پێشەوا، کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەی کورددا ڕۆژنامەی کوردی لە ٢٢/ ٤/١٨٩٨ لە شاری قاهیرە چاپ و بڵاوکردەوە.

یاسای ژمارە ٤ی لەساڵی ١٩٩٨دا لەژێر ناونیشانی (یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) پێشکەش بەسەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کرد و مایەی خۆشحاڵی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە کە پەرلەمانی هەڵبژێردراوی گەلی کوردستان لە پەراوێزی یاساکەدا (هۆکاری پێویست)ی ئەم یاسایەی بەم شێوەی خوارەوە لێک دراوەتەوە:

(ڕۆژنامەنووس بەزمان حاڵی هەر گەلێک لە گەلان حساب دەکرێ و دیاردەیەکی ژیاریبە و ڕۆڵێکی بنیاتنەرانەی هەیە لە کۆمەڵگاکانی مرۆڤدا و پارێزگاریەتی، و بۆ ئەوەی لە تواناداا بێ ڕۆڵی خۆی بەشێوەیەکی باشتر ببینێ بۆ پتەوکردنی خەباتی گەلی کوردستان لە پێناوی هێنانەدی



ئامانجە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکانی و بەرگری کردن لە ئازادییە بنەڕەتییەکان و بنەمای مافی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی ئەم ئەرکە بە پەیامێکی مێژوویی دادەنرێ و ناتواندرێ بەبێ هێنانەکایەی کادیری ڕۆژنامەنووسی لێهاتوو ئەنجام بدرێ، لەو کاتەی کە لەسەر لێواری یادی سەد ساڵەی لەدایک بوونی ڕۆژنامەنووسی کوردی دەوەستین کە دەکاتە ڕێکەوتی ٢٢ی نیسانی ١٩٩٨ ئەم یاسایە دەرهێندرا).

دوابەدوای دەرچوونی یاساکە لیژنەی ئامادەکار لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٢/٥/١٩٩٨ کۆبوونەوەیەکی گرێداو تێیدا بڕیاردرا دەستەیەکی دامەزرێنەر دابمەزرێت بەمەرجێک لە ١٥ کەس بەپێی یاسا کەمتر نەبێت و مۆڵەت وەرگرتن لە وەزارەتی ناوخۆ بەمەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ بەستنی کۆنگرە و دانانی پەیڕەوی ناوخۆو پەیوەندی کردن بە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندی بە هەموو لایەکەوەکرا کە تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتنی گەورەی تێدابوو، بەڵام ئەوەی جێگای داخە چەندین جار پەیوەندی بە برایانی ڕۆژنامەنووس لە سلێمانییەوە کرا لە ڕێگای ناردنی وەفدی جیاجیا بۆ سێ جار، بەڵام هەڵوێستی برایانی ڕۆژنامەنووسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (سلبی) بوو و سەرەڕای هەوڵ و کۆششێکی زۆر نەتواندرا قەناعەتیان پێ بهێندرێ کە ئومێدەواریین لە ئایندەدا ئەو برایانەش

بێتە ناو ئەو سەندیکایەی کە یاساکەی لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە.

**خوشك و برایانی رۆژنامەنووس**

بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی رەسمی بەپێی یاسا پێویست بوو دووکار ئەنجام بدرێت، یەکەمیان ئامادەکردنی پەیڕەوی ناوخۆ و دووەمیشیان دەست نیشان کردنی دەستەی دامەزرێنەر، بۆ ئەم مەبەستەش پارێزەری رۆژنامەنووس فیکرەت عزەت دەست نیشان کرا بۆ گەلاڵەکردنی پرۆژەی پێڕەوی ناوەخۆ لەبەر رۆشنایی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان پاشانیش پێداچوونەوەو داڕشتنەوەی لەلایەن رۆژنامەنووسان (مومتاز حەیدەری و تاریق جامبازو کەمال غەمبارو فیکرەت عیزەت.دوە ئەنجام درا، پاش تەواوبوونی پرۆژەی پێڕەوی ناوەخۆ لەگەڵ ناونیشانی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە بەرواری ١٩٩٨/٦/٢٩ پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا کە پێک هاتبووە لەو رۆژنامەنووسانەی خوارەوە:

**١. کەمال غەمبار.**
**٢. ئیبراهیم سالح ئیسماعیل.**
**٣. تەحسین محەمەد خەلیل.**
**٤. فەرهاد عەونی.**
**٥. فەیسەڵ دەباغ.**
**٦. عەبدولکەریم فندی.**
**٧. فیکرەت عیزەت.**
**٨. تاریق جامباز.**
**٩. کامەران جەلال.**
**١٠. حامد محەمەد عەلی.**
**١١. زادوق ئادەم.**
**١٢. ئازا حەسیب قەرەداغی.**
**١٣. مومتاز حەیدەری.**
**١٤. دیار محەمەد سەعید دوسکی.**
**١٥. ئازاد عەبدولواحید.**
**١٦. یونان مرقس حنا.**
**١٧. محەمەد خدر مەولود.**
**١٨. سدیق حامد خالید**
**١٩. رومێل شەمشون شموئیل.**

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی سێیەم بە نووسراوی ژمارە ٤٥٥٨ لە رۆژی ١٩٩٨/٧/٧ مۆڵەتی رەسمی بەدەستەی دامەزرێنەردا.

پاش وەرگرتنی مۆڵەتی رەسمی دەستەی دامەزرێنەر لە ماوەی ئەم (٥) مانگەدا سەرقاڵی گرێدانی دەیان کۆبوونەوەی خۆی بوود بەمەبەستی ئامادەبوون بەرەو کۆنگرەی یەکەم کە تێیدا هەموو ئەرکەکان بە گیانێکی برایانەی هاوچەرخ لەلایەن دەستەی دامەزرێنەرەوە بە ئەنجام گەیشتن و لەوانەیە هەندێ کەموکوریشی تێدا بووبێت، بەڵام چونکە ئەرکەکان کاری ئاسان نەبوون و بۆ یەکەم جارە رۆژنامەنووسان سەرقاڵی پێکهێنانی سەندیکایەک بن کە شایەنی سەراپای رۆژنامەنووسانی کوردستان بێت، بۆیە شتێکی ئاساییە کە کەمو کوری تێدا هەبێت، بەڵام بە هەموو شێوەیەک رەچاوی بارودۆخی رۆژنامەنووسی و راگەیاندنی کوردستان کراوەو هیواداریـن ئەم دیارییە لە دەستەی دامەزرێنەر وەربگرن کە بە پاڵپشتی بەڕێزان حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و برا و دۆستی رۆژنامەنووسان نێچیرڤان بارزانی هاتە کایەوەو ئومێدەواریـن کۆنگرەی دامەزراندنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە کۆنگرەی یەکەمیەوە ببێتە سەرەتای قۆناغێکی دیکە لە ژیانی سیاسی و رۆشنبیری گەلی کوردستان و هێنانەدی ئاوات و داخوازییەکانی ئەو توێژەی کە سەرقاڵی کاری پیشەی سەرئێشە(مهنة المتاعب)ن، لە کوردستانێکی ئازادا کە هەموومانی لەژێر دروشمی (لەپێناو چەسپاندنی ئازادیی



رۆژنامەنووسی و دابین کردنی مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان). کۆکردۆتەوە.

لەگەڵ هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەمان.

دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

دوای کۆتایی هاتنی ڕێوڕەسمی کردنەوەی یەکەمین کۆنگرەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، دانیشتنی دووەم دەستی پێکردو سەرەتا دەستەی سەرۆکایەتی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆنگرە بەم شێوەیە پێکهات:

**١. بەڕێز کەریم مستەفا شارەزا.**

**٢. بەڕێز عەزیز رەشید هەریری.**

**٣. بەڕێز سەردار حەمید میران.**

**٤. بەڕێز مەولوود قادر بێخاڵی.**

**٥. بەڕێز ئیبراهیم ساڵح.**

**٦. بەڕێز عەبدوللا ساڵح.**

دوای راگەیاندنی ناوەکان، تێکرای ئەندامانی کۆنگرە دەنگیان بۆ پێکهاتەی دەستەی سەرۆکایەتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆنگرەدا، ئینجا بەڕێز فەرهاد عەونی سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی راپۆرتی کاروبارەکانی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی لەسەرەتای دەست بەکاربوونیەوە تا رۆژی ١٩٩٨/١٢/٢٧، رۆژی بەستنی کۆنگرە خوێندەوە.

دواتر بەڕێز مامۆستا کەریم شارەزا داوای دروستکردنی لیژنەکانی کۆنگرەی کرد؛ کە بەم شێوەی خوارەوە بوو:

أ: لیژنەی یاساو پەیڕەوی ناوخۆ؛ کە لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێکهات:

**١. بەڕێز مەعسوم ئەنوەر مائی.**

**٢. بەڕێز بەکر حەمە سدیق عارف.**

**٣. بەڕێز کەمال حوسێن غەمبار.**

**٤. بەڕێز ئەکەد موراد.**

**٥. بەڕێز فیکرەت عیزەت.**

**٦. بەڕێز تاریق محەمەد سەعید جامباز.**

**٧. بەڕێز حامید محەمەد.**

**٨. بەڕێز نەوزەت دهۆکی.**

ب: لیژنەی سکاڵاو رەخنەگرتن؛ ئەم لیژنەیەش بەم جۆرەی خوارەوە پێکهات:

**١. بەڕێز مومتاز حەیدەر عاسم حەیدەری.**

**٢. بەڕێز جەمیل محەمەد قادر.**

**٣. بەڕێز تەحسین محەمەد خلیل. ئەبو** دلشاد.

**٤. بەڕێز فەیسەل نوردەین دەباغ.**

**٥. بەڕێز دیار محەمەد سەعید دۆسکی.**

**٦. بەڕێز رەمەزان عیسا.**

**٧. بەڕێز خالید مەحموود.**

**٨. بەڕێز عەبدوللا نەجمەدین.**

**٩. بەڕێز ئەیوب کوردی.**

جـ: لیژنەی دارشتنی بڕیارو راسپاردەکان و راگەیاندنی کۆتایی هاتنی کۆنگرە:

هەواڵنامەی کتێب

ئەم لیژنەیەش لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێکهات:

١. بەڕێز محەمەد خدر مەولوود.

٢. بەڕێز عەبدولغەنی عەلی یەحیا.

٣. بەڕێز ئیبراهیم سالح.

٤. بەڕێز زادوق ئادەم.

٥. بەڕێز ئەمجەد محەمەد.

٦. بەڕێز نەجات رەفیق حیلمی.

٧. بەڕێز غازی حەسەن.

٨. بەڕێز عومران محەمەد عەلی.

٩. بەڕێز فەهیم عەبدوڵلا.

١٠. بەڕێز مستەفا پەژار.

١١. بەڕێز نیان محەمەد.

١٢. بەڕێز سەیران سەلاح.

پاشان لیژنەکان خرانە دەنگدانەوە، ئەوەبوو هەر سێ لیژنەکە بەتێکڕای دەنگی ئەندامانی کۆنگرە متمانەیان پێدرا.

لە کۆتاییدا ئەوە راگەیەندرا کە لیژنەی یاساو پەیڕەوی ناوخۆ کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی ١٩٩٨/١٢/٢٨ لەبارەگای رۆژنامەی برایەتی و خەباتدا کۆدەبێتەوە بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان.

هەردوو لیژنەکەی دیکەیش هەردیسان سەعات (١٠)ی سەر لەبەیانی ١٩٩٨/١٢/٢٨ لە بنکەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی وەزارەتی رۆشنبیری کۆدەبنەوە بۆ تاوتوێکردنی بیرو بۆچوونەکانیان.

ئینجا رۆژی ١٩٩٨/١٢/٢٩ جارێکی دیکە لە هۆڵی میدیا دوا دانیشتنەکانی کۆنگرە دەست پێدەکات‌و هەر ئەو رۆژەیش پرۆسەی هەڵبژاردن بەڕێوە دەچێت.

## راسپاردەکان

أ. راسپاردە پیشەییەکان: پێشنیازو داوا دەکەین کە:

١. ئەنجومەنی خوێندنی باڵا بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی کردنەوەی بەشێکی تایبەت بەراگەیاندن لە کۆلێژی ئادابی زانکۆ یا لە پەیمانگا بکاتەوە.

٢. پێشنیاز دەکەین کە وەزارەت مووچەیەکی مانگانە بۆ کەس و کاری رۆژنامەنووسانی شەهیدو کۆچ کردوو دابین بکات (تا یاسای خانەنشینی رۆژنامەنووسان دەردەچێت).

٣. بڕیار ـ سەندیکا پێک هێنانی تۆمارێک بۆ ژیاننامەی رۆژنامەنووسانی رابەرو پێشەنگی کوردستان.

جەخت کردنەوە لەسەر دروشمی ناوەندی سەندیکا (.....).


٤. داوا دەکەین بایەخ بە ئازادی رۆژنامەنووسی بدرێت و پشتگیریش لە دەرچوونی رۆژنامەی ئەهلی دەکەین.



٥. هەوڵدەدەین سەندیکا پەیوەندی لەگەڵ رۆژنامەنووسانی سەرانسەری کوردستانی مەزن دا ببەستێت.

٦. داواکارین رۆژنامەنووسان داکۆکی لە مافەکانی خۆیان بکەن و سەندیکاش پشتگیری لە ئازادی و مافەکانیان بکات.

٧. داواکارین رۆژنامەنووسان (حصانة)یان لە کارو پیشەدا




پارێزراوبێت.

٨- داواکارین سەندیکای رۆژنامەنووسان خولی تایبەت بە رۆژنامەنووسان بکاتەوەو هەوڵیش بدات بۆ ناردنی کارمەندانی راگەیاندن بۆ دەرەوەی ولات بەمەبەستی خوێندن و بەشداری کردن لە خولەکان و سود بینین لە ئەزموونی راگەیاندنی ولاتانی پێشکەوتوو.

٩- داواکارین دەرکردنی بێ هۆو لە خۆڕایی لەناو دام و دەزگاکانی راگەیاندن دا نەمێنێت.

١٠- پێویستە بایەخ بە ژیان و بژێوی رۆژنامەنووسانی دام و دەزگا رەسمییەکان بدرێت.

١١- رۆژنامەنووس ئازاد بێت لە وەرگرتنی هەواڵ و نەدرکاندنی سەرچاوەکانی هەواڵ.

١٢- رۆژنامەنووس دەبێت نهێنی پیشەکەی بپارێزێت.

١٢- یارمەتی دانی ئەندامانی سەندیکا لە هەر پێویستییەک کە دێتە رێیان.

١٤- ئاسان کردنی کاروباری پیشەیی رۆژنامەنووسان لە دام و دەزگاکاندا.

١٥- داواکارین سەندیکا لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی رێک بکەوێت بە کردنەوەی (عیادەیەک) واتە (کلینیک)ی تایبەت بە رۆژنامەنووسان.

١٦- داواکارین سەندیکا پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ رۆشنبیرو رۆژنامەنووسانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا ببەستێت و هەوڵ بدات بۆ ئەوەی سەندیکا ببێتە ناوەندێکی کۆکردنەوەی رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان.

١٧- پێشنیار دەکەین کە سەندیکای رۆژنامەنووسان بڵاوکراوەیەکی تایبەتی بەخۆی هەبێت.

١٨- سەندیکا پشتگیری لە مافەکانی رۆژنامەنووسانی کوردستان بکات.

١٩- داواکارین سەندیکای رۆژنامەنووسان پەیوەندی لەگەڵ سەندیکای رۆژنامەنووسانی جیهاندا ببەستێت.

٢٠- داواکارین سەندیکا پەیوەندی لەگەڵ سەندیکای رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستانی عێراقدا ببەستێت.

ب - راسپاردە سیاسییەکان:

١- پشتگیری لە بەرجەستەکردنی سیستەمی فیدراڵی لە کوردستاندا دەکەین.

٢- داواکارین سەندیکا بەشداری لە بنیاتنانی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بکات.

٣- سەندیکا لە پێناوی چەسپاندنی سیستەمی دەوڵەت و بەهێزکردنی پرنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان تێ بکۆشێت.

٤- پشتگیری لە خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستان دەکەین لە پێناو هێنانەدی مافە نەتەوایەتییەکانی و بڵاوکردنەوەی بنەمای لێبوردەیی و نەرمی نواندن لە کۆمەڵگاداو پتەوکردنی پەیوەندی برایەتی نەتەوایەتی و ئایینی و یەکسانی لە کوردستاندا.

٥- سەندیکا بانگەوازێک بڵاوبکاتەوە تێیدا داوا بکات تەواوی گیراوانی هەڵوێست و قەڵەمی ئازاد ئازاد بکرێن، هەروەها تیرۆرو تۆقاندنی رۆژنامەنووسان لە هەر ولاتێکدا بێت مەحکوم بکرێت.

٦- داواکارین شالاوی نارەوای تعریب و

راگواستن رابگیرێت.

٧. داواکارین ناوچەی دژەفڕین فراوان بکرێت بەمەرجێ تەواوی ناوچەکانی کوردستانی عێراق بگرێتەوە.

٨. پشتگیری لە خەباتی نەتەوەیی کورد دەکەین لەسەرانسەری کوردستاندا.

٩. داواکارین چەکی کۆکوژی لەسەرتاسەری جیهاندا نەمێنێت.

١٠. داواکارین تەواوی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی تایبەت بە عێراق جێبەجێ بکرێن.

١١. داوا دەکەین گەمارۆ لەسەر گەلانی عێراق هەڵبگیرێت.

١٢. رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ.

## راگەیەنداوی کۆتایی کۆنگرەی دامەزراندنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

لەژێر دروشمی (لەپێناوی چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و دابین کردنی مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان)داو لەژێر چاودێری رێزدار نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رۆژانی ١٩٩٨/١٢/٢٩.٢٧ و لەیادی (١٠٠) ساڵەی رۆژنامەنووسی کوردیدا، رۆژنامەنووسانی کوردستان کۆنگرەی دامەزراندنیان لە هۆڵی میدیای هەولێری پایتەختدا بەست.

سەرەتا چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز خوێندرا، پاشان دەقیقەیەک وەستان بە گیانی پاکی شەهیدانی رۆژنامەنووسی و شەهیدانی کوردستان و سەروەربان بارزانی نەمر.

ئینجا لە ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەدا رێزدار نێچیرڤان بارزانی وتارێکی پێشکەش کردو دواتر بەرێز فەلەکەدین کاکەیی وتاری وەزارەتی رۆشنبیری خوێندەوە.

لەسەرەتاشەوە وتەی بەخێرهاتنی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکا لەلایەن بەرێز فەرهاد عەونی خوێندرایەوە، ئینجا چەندین بروسکەی پیرۆزبایی لەلایەن حزب و لایەنە سیاسی و نیشتمانییەکان بۆ کۆنگرە بەرزکرایەوە.

لەدانیشتنی دووەمی کۆنگرەدا بەتەمەنترین ئەندامی کارا راسپێردرا بەشێوەیەکی کاتی سەرۆکایەتی دانیشتنەکان بکات و پاشان دەستەی دامەزرێنەر هەڵوەشاندنەوەی خۆیان لەبەردەم کۆنگرەدا راگەیاند.

دەستەی سەرۆکایەتی کاتی سێ لیژنەی پێکهێنا کە بریتی بوون لە لیژنەکانی (یاساو پەیڕەوی ناوخۆ)، (رەخنەو سکالا)، (راسپاردەو بڕیارو راگەیاندنی کۆتایی کۆنگرە).

لەرۆژی ١٢/٢٨ لە چەندین دانیشتندا لیژنەکان ئیش و کارەکانی خۆیان ئەنجام داو راپۆرتی خۆیان لە رۆژی سێیەمدا پێشکەش بە کۆنگرە کردو دوای گفتوگۆکردن لەبارەیانەوە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کران، لە دانیشتنی دووەمی رۆژی سێیەمدا بەسەرپەرشتی دادوەر (عەلی عولا ئەحمەد) سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنو نوێنەری وەزارەتی دادو عەمیدی حقوقی (دلێر ئاکو) نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ، پرۆسەی هەڵبژاردن لە کەش و هەوایەکی دیموکراسی و سەربەستانەدا دەستی پێکردو دەرگای پاڵاوتن بۆ (نەقیب) و (ئەنجومەنی سەندیکا)و یەدەگ و هەردوو لیژنەی (چاودێری) و (ئینزبات) کرایەوە دوای ئەوەی چەند رۆژنامەنووسێک بۆ ئەو پۆستانە خۆیان پاڵاوت، لەبەر ئەوەی جگە لەو ژمارەیە، رۆژنامەنووسی دیکە خۆیان نەپاڵاوت، دادوەر بەکۆنگرەی راگەیاند کە پاڵێوراوان هێندەی ژمارەی پێویستن و بەتەزکیە دەرچوون و ناوەکانیان راگەیەندرا کە ئەوانیش ئەم رۆژنامەنووسانە بوون:

فەرهاد عەونی/نەقیب، ممتاز حەیدەری/ ئەندامی ئەنجومەن، فەهیم عەبدوڵڵا/ ئەندامی ئەنجومەن، ئازا حەسیب قەرەداغی/ ئەندامی ئەنجومەن، تەحسین محەمەد خەلیل (ئەبو دڵشاد)/ ئەندامی ئەنجومەن، حامد محەمەد

علی/ ئەندامی ئەنجومەن، ئازاد عەبدلواحید/ئەندامی ئەنجومەن، محەمەد خدر مەولود/ئەندامی ئەنجومەن، یۆنان هۆزایا/ئەندامی ئەنجومەن، غازی حەسەن/یەدەگ، ئەکەد موراد/ یەدەگ، هدی ئەحمەد سەبری/ یەدەگ. بۆ لیژنەکانیش بەم شێوەیە بوو:

**لیژنەی چاودێری:**

سۆلاف ئەحمەد، رزگار نوری شاویس، سالم سلێمان حاج.

**لیژنەی ئینزیبات:**

کەمال غەمبار، زادوق ئادەم، بەهزاد چەلەبی

لە کۆتاییدا لە نێو ئاپۆرەی چەپلە رێزان و پیرۆزباییدا یەکەمین کۆنگرەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەسەرکەوتوویی کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

شایانی باسە، ئێوارەی هەمان رۆژ ئەنجومەنی سەندیکا یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی بەست، بەمەبەستی دابەشکردنی کاروبارەکان لە نێوان ئەنداماندا بەگیانێکی برایانە بریاردرا کە:

ئازا حەسیب قەرەداغی/ جێگری نەقیب، ممتاز حەیدەری/ سکرتێر، تەحسین محەمەد خەلیل (ئەبو دلشاد)/ دارایی، محەمەد خدر مەولود/راگەیاندن، حامد محەمەد عەلی/ پەیوەندییەکان، ئازاد عەبدولواحید/ رۆشنبیری، یۆنان هۆزایا/ کاروباری رۆژنامەنووسان/ فەهیم عەبدوڵلا/ ئەندامی پەیوەندی لەگەڵ رۆژنامەنووسانی پارێزگای دهۆک

١٩٩٨/١٢/٢٩ـ هەولێر ـ کوردستان

**محضر انتخابات نقيب وأعضاء صحفيي كوردستان العراق**

كتاب محكمة استئناف اربيل ٣١٥٨ في ١٩٩٨/١٢/٢٦ بهذا اليوم حققت قاعة الانتخابات ومعي ممثل وزارة الداخلية العميد الحقوقي دلير احمد ئاكو للاشراف على الانتخابات وفرز الأصوات وانتخاب مجلس النقابة البالغ عددهم (١١) احد عشر عضوا ونقيب الصحفيين و لجنة المراقبة البالغ عددهم ثلاثة أعضاء ولجنة الانضباط البالغ عددهم ثلاثة وفي الموعد المحدد فتح باب الترشيح تقدم كل من فرهاد عوني لمنصب نقيب الصحفيين وكل من ئازاد عبدالواحد، فهيم عبدالله، محمد خضر مولود، ممتاز حيدري، ازا حسيب، تحسين محمد، حامد محمد علي، يونان هوزايا، غازي حسن، اكد مراد، هدى احمد صبري وكذلك تقدم كل من سولاف احمد، سالم سليمان الحاج، رزگار نوري شاويس لمنصب لجنة المراقبة وتقدم كل من كمال غمبار، زادوق ادم، بهزاد جلبي لمنصب لجنة الانضباط وبالنظر لعدم وجود منافسين لترشيح انفسهم ازاء المناصب المذكورة اعلاه عليه يعتبر المذكورين اعلاه فائزين دون منافسة وبالتزكية عليه ختم المحضر.

الدكتور رزگار محمد/ عضو المؤتمر، عزيز هريري/ عضو المؤتمر، العميد الحقوقي دلير احمد ئاكو/ ممثل وزارة الداخلية، علي عولا احمد رئيس هيئة الانتخابات ممثل وزارة العدل.

**پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوخۆ**

ئاماژە بە نووسراوی ژمارە ٦١٨٢ی بەرواری ١٩٩٨/١٢/٢٤ تان بڕیارمان دا بە دانانی دادوەری بەڕێز علی عولا احمد بۆ سەرپەرشتی کردن لە هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی سەندیکای رۆژنامەنووسی کوردستان رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ١٩٩٨/١٢/٢٩ لە کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ لە هۆڵی میدیا بۆ ئاگاداریتان...
لەگەڵ رێزماندا.

سەرۆک سلاح احمد اليعقوبی

**بۆ/ وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی دیوانی گشتی کۆمەڵەکان**

**ب/ هەڵبژاردن**

هاوپێچ دانەیەک لە دەقی هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە لـــــە ڕۆژی ١٩٩٨/١٢/١٩ ئــــــەنجام درا بەسەرپەرشتی بەڕێز دادوەر (علی عولا احمد) بۆ ئاگاداری لەگەڵ ڕێزمان.

# یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## بەناوی گەلەوە

## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان

## ژمارەی بڕیار: ١١

## مێژووی بڕیار: ١٩٩٨/٤/٢٢

## بڕیــــــار

**پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی ماددە (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوەو لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ڕۆژی ١٩٩٨/٤/٢٠ یاساکاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا.**

**یاسای ژمارە (٤) ساڵی ١٩٩٨**

**یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق**

**فەسلی یەکەم**

**(دامەزراندن و ئامانجەکان)**

**ماددەی یەکەم:**

ئەم وشانەی خوارەوە لەم یاسایەدا ئەم مانایانە دەبەخشن کە لە بەرامبەریانەوە داندراون:

أ. سەندیکا: سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق.

ب. ئەنجومــــــەن: ئەنجومـــــــەنی ســـــەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردسنانی عێراق.

جـ. نـــەقیب: نـــەقیبی ڕۆژنامەنووســانی کوردســـتانی عێراق.

د. ڕۆژنامەنووس: هەر ئەندامێک لە سەندیکا بێ و وەفاداری بێ بەرامبەر بە پابەندییەکانی.

هـ. ڕۆژنامە: هەر چاپ کراوێک کە بەشێوەی دەوری یان نادەوری لە هەرێمی کوردستان دەردەچێ و بەردەمی مۆڵەت دراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

و. تۆمار: ئەو تۆمارەی کە پێش وەخت ئامادە دەکرێ بـۆ تۆمـارکردنی نـاوی ڕۆژنامـەنووس و تێکـڕای ئـــەو زانیارییانەی کە پەیوەندی بە پیشەکەیانەوە هەیە.

**ماددەی دووەم:**

بەپێی ئەم یاسایە سەندیکایەک بۆ ڕۆژنامەنووسان بەناوی (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق دادەمەزرێت و، بارەگاکەی هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێ و و دەتوانێ لقی تر لە ناوەندەکانی (مراکز)ی پارێزگاکانی تری هەرێم بکاتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

سەندیکا کەسایەتییەکی مەعنەوی دەبێ.

**ماددەی چوارەم:**

ســـەندیکا هـــەوڵ دەدات بـــۆ وەدەســـت هێنـــانی ئـــەم ئامانجانەی خوارەوە:

١. بەرجەستە کردنی فیدرالیزم بۆ کوردستانی عێراق.

٢. بەشداری کردنی لە بنیادنانی دەوڵەتی دامەزراوەکان (دولة المؤسسات) و بەهێزکردنی (پرنسیب)ی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.

٣. بـــەرگری کردنـــی ســـەروەریی یاســـاو سەربەســـتی دادگەری.

٤. بەرگری کردن لە ئازادییە دیموکراتییە بنەڕەتییەکان و ئاشتی و بنەماکانی مافی مرۆڤ.

٥. پاراســـتن و پـــەرەپێدانی ڕۆشـــنبیری نەتەوایـــەتی و نیشتمانیی.

پشتگیری کردنی خەباتی گەلی کوردستان لە پێنـاو وەدەست هێنانی مافەکانی نەتەوایەتی و بڵاوکردنـەوەی بنـەمای لێبووردەیی و نـەرمی نوانـدن لـە کۆمـەڵگادا و پتـەوکردنی برایـەتی نەتەوایـەتی و ئایینی و یەکسانی لـە

هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

٧ـ رێزگرتن لە سەربەستی رۆژنامەنووسیی و بەرگری کردن لە مافەکانی رۆژنامەنووسان و زامنکردنی پارێزگاری کردنی پێویست بۆ ئەنجام دانی کارەکانیان.

٨ـ ئاسان کاری ئەرکی رۆژنامەنووسان بۆ وەدەست هێنانی هەواڵ و زانیارییەکان.

٩ـ وەرگرتنی سەندیکا لە یەکیەتییە رۆژنامەنووسییە جیهانییەکان و پێکەوەنانی پری پەیوەندی لەگەڵیاندا.

١٠ـ پێگەیاندنی رۆژنامەنووسان بەهەموو رێگا گونجاوەکان.

١١ـ پشتگیری و پاڵپشتی ئەندامانی سەندیکا لە کاتی پێویستیدا.

## فەسڵی دووەم

## ( پێك هاتەو ئەندامیەتی )

### ماددەی پێنجەم:

سەندیکا لەسەر داواکارییێک پێکدێ کە پێشکەش بەلایەنی تایبەتمەند دەکرێ لەلایەن ئەوانەوە کە ئەم پیشەیە ئەنجام دەدەن کە نابێ لە پانزدە رۆژنامەنووس کەمتر بن.

### ماددەی شەشەم:

کارمەندانی سەندیکا بەپێی تۆماری گشتی بۆ سێ جۆر پۆلین دەکرێن:

یەکەم: رۆژنامەنووسی (متدرج): ئەو کەسەیە کاری رۆژنامەنووسی بەهەر سێ کەناڵەکانییەوە دەکاتە پیشەی سەرەکی خۆی، نازناو، یان سیفەتی رۆژنامەنووسی خاوەن ئەزموونی پێ نادرێ تا دوو ساڵی بەردەوام بەسەر مومارەسەکردنیدا تێنەپەرێ بە پشتگیری کردنی ئەو لایەنەی کە لەلای کار دەکا دوای تۆمارکردنی ناوی خۆی لە تۆماری گشتیدا، هیچ جۆرە ئیمتیازێکی رۆژنامەنووسی ئەزموونداری پێنابرێ تا ناوی دەگوێزرێتەوە بۆ خشتەی ئەم جۆرە (صنف)ـە، دوای ئەوە ماوەی پلە بەپلە (تدرج) دەخرێتە سەر خزمەتگوزارییەکانی، ماوەی پلە بەپلە (التدرج) دەربارەی ئەوەی خاوەن بروانامەی بەکەلۆریۆسە لە رۆژنامەنووسی و راگەیاندندا یان هاوتای ئەو بروانامەیە، یەک ساڵە.

دووەم: رۆژنامەنووسی بە ئەزموون: (ئەندامی کارا)

ئەو کەسەیە کە لە رۆژنامەنووسیدا بەهەرسێ کەناڵەکەیەوە بەکردەوە کاری کردووە یان کاردەکا و کردویەتییە پیشەی سەرەکی بۆ خۆی و ئەو ماوەیە بەسەر کارەکەیدا رەت بووە کە لەبڕگەی رابردوودا دەرخراوە.

سێیەم: رۆژنامەنووسی بەشدار:

ئەو کەسەیە کە کاری رۆژنامەنووسی ئەنجام داوە بەبێ ئەوەی بیکاتە پیشەی سەرەکی بۆ خۆی ئەمەش بە بەرزکردنەوەی عەقدی پێویست دەسەلمێنێ لەو لایەنانەوە کە مەبەستن (من الجهات المعنية) وە مافی ئەوەی هەیە کە ناوی خۆی راگوێزێتەوە بۆ خشتەی رۆژنامەنووسە بە ئەزموونەکان دوای تێپەربوونی ماوەیەک کە (٥) پێنج ساڵی بەردەوام کەمتر نەبێ و رۆژنامەنووسی بکاتە پیشەی خۆی.

### ماددەی حەوتەم:

سەندیکا لەمانە پێک دێ:

١ـ دەستەی گشتی.

٢ـ ئەنجومەنی سەندیکا.

٣ـ لیژنەی بەرزەفت کردن (الانضباط).

٤ـ لیژنەی چاودێری کردن.

٥ـ لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکانی کوردستانی عێراقدا.

### ماددەی هەشتەم:

ئەمانەی خوارەوە ئەو مەرجانەن بۆ ئەو کەسەی کە دەبێتە ئەندام لە سەندیکادا:

١ـ دانیشتووی (مقیم)ی کوردستانی عێراق بێ.

٢ـ بیست ساڵی تەمەنی تەواو کردبێ.

٣ـ بەکووکە (جنحە) و تاوانی وا حوکم نەدرابێ کە شەرەفی لەکەدار بێ.

٤ـ ئەهلیەتی پیشەیی هەبێ.

### ماددەی نۆیەم:

بوونە ئەندامی سەندیکا بەم جۆرە دەبێ:

١ـ داواکارییەکی بەنووسین بۆ دەستەی ئامادەکار لەگەڵ تەزکییەیەک لەلایەن دوو لە رۆژنامەنووسانی بە ئەزموون، پێویستە لەسەر دەستە یان ئەنجومەن لە ماوەی سی رۆژدا لە مێژووی تۆمارکردنییەوە بنبڕ بکرێ ئەگەر داواکارییەکەی بنبڕ نەکرا لەگەڵ ئەوەی ماوەی ناوبراویش لە برگە (١) کۆتایی پێهات سەربەخۆ بە قەبوڵکراو حسێب دەکرێ.

٢ـ لە حاڵەتی رەفزکردنی داواکارییەکە لەسەر ئەو لایەنەی کە مەبەستە (الجهة المعنيــــة) هۆیەکانی ئەو رەفز کردنە دەربخا وە پێشکەش کاری داواکارییەکە بۆی هەیە کەتانە لە بڕیاری رەفزەکە بدا لە دادگای پێداچوونەوە (تمییز)ی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماوەی پانزدە

رۆژدا لە مێژووی ئاگادارکردنەوە بە بڕیارەکە بڕیاری تەویش بن برە (باتا).

## فەسڵی سێیەم

## ( دەستەی گشتی )

### ماددەی دەیەم :

١- دەستەی گشتی بالاترین دەسەلاتە لە سەندیکادا هەموو رۆژنامەنووسە بە ئەزموونەکان دەگرێتە خۆی ئەوانەی وەفایان بە هەموو پابەندییەکانی خۆیانەوە کردووە.

٢- لەسەرەتادا دەستەی گشتی هەردوو ساڵ لەسەر داواکاری دەستەی ئامادەکار، یان ئەنجومەن کۆدەبێتەوە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەندیکا و هەردوو لیژنەی بەرزەفتکردن (الانضباط) و چاودێری کردن بەدەنگدانی نهێنی، (نیصاب)یش بە ئامادەبوونی دوو سێ یەک لە ئەندامانی دەستەی گشتی تەواو دەبێ وە لە حاڵەتی تەواونەبوونی (نیصاب) دوادەخرێ بۆ هەمان رۆژ لە حەوتووی داهاتودا (نیصاب) بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان دەبێ.

## ئەرکەکانی دەستەی گشتی

### ماددە یازدەیەم :

ساڵانە دەستەی گشتی کۆدەبێتەوە بە ئامادەبوونی (دوو سێ یەکی) ئەندامانی، بڕیارەکانی لەو مەسەلانەی خوارەوەدا بەزۆرینە دەدا.

١- گفتوگۆکردن لەسەر پێڕەوی ناوخۆو راستاندنی (تصديق).

٢- گفتوگۆکردنی راپۆرتی ساڵانەو کاروباری سەندیکا و حسابکارییەکانی و پێشکەش کردنی رێنمایی لە بارەیەوە.

٣- راستاندنی بودجە.

### ماددەی دوازدەیەم :

مەرجە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا بە نەقیب و بریکارو سکرتێر و ئەندامانی هەردوو لیژنەی بەرزەفتکردن و چاودێری کردنەوە، سێ ساڵ تێپەڕی کردبێ بەسەر گەیشتنیان بەپلەی بەئەزموونی (درجة التمرس).

### ماددەی سیازدەیەم :

١- ئەنجومەن بە نەقیب و بریکارو سکرتێرەوە لە نۆ ئەندام پێک دێت.

٢- ئەنجومەنی سەندیکا تایبەتمەندە بە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی و هەر چ ئەرکێکی تری پێ بسپێردرێ.

### ماددەی چواردەیەم :

لیژنەی چاودێری کردن لە سەرۆک و دوو ئەندام پێک دێ کاریان لێوردبوونەوەیە لە راستی ئەندامێتی (صحة العضوية) و رادەی پیادەکردنی یاسا.

### ماددەی پازدەیەم :

لیژنەی بەرزەفتی کردن (الانضباط) لە سەرۆک و دوو ئەندام پێک دێ کاریان تۆژینەوەو دەست بەکاربوونە لەو شکایەتانەی کە لە ئەنجومەنەوە بۆیان دەچێ بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

### ماددەی شازدەیەم :

لقەکانی سەندیکا :

١- لەناوەندی هەر پارێزگایەکدا لیژنەیەکی لق لە پێنج ئەندام پێک دێ، ئەندامانی لق لە رۆژنامەنووسە ئەزموونداراکان هەڵیان دەبژێرن کە پیشەی رۆژنامەنووسیی لە پارێزگادا ئەنجام دەدەن.

٢- کۆبوونەوەی لیژنەی لقەکان و هەڵبژاردنەکانیان، هەمان شێوەی تایبەت بە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی دەبێ.

### ماددەی حەڤدەیەم :

ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن مەرجە پێویستییەکانی هەڵبژاردنی لەدەست داو لە سێ دانیشتنی یەک لەدوای یەکدا (غائب) بوو بەدەست لەکارکێشراوە (مستقيل) دادەندرێ و ئەندامی یەدەگ (احتياط) کە زۆرینەی دەنگی بەدەست هێناوە جێگای دەگرێتەوە.

### ماددەی هەژدەیەم :

نەقیب سەرۆکایەتی و نوێنەرایەتی ئەنجومەنی سەندیکا دەکا لە لای سەرچاوە تایبەتمەندەکان و ئیمزاکردن لەسەر ئەمرو بڕیارو رێنمایی و نووسراوەکاریەکاندا دەکاو مافی ئەوەی هەیە کە هەندێ دەسەلات بەغەیری خۆی لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا بسپێرێ.

## فەسڵی چوارەم

## ( ماف و پابەندییەکان )

## یەکەم : مافەکان

### ماددەی نۆزدەیەم :

١. ڕۆژنامەنووس مامەڵەی کارمەندی لەگەڵدا دەکرێ لەلایەنی مۆڵەت پێدانی ئاسایی و نەخۆشییەوە.

٢. لە کاتی دامەزرانی لە هەر فەرمانێک، ماوەی کارکردنی لە ڕۆژنامەنووسیدا بۆ سەر مووچە (علاوە)و بەرزکردنەوەو خانەنشینی دەخرێتە سەر ئیشەکەی.

٣. لەکاتی کارکردندا ئەگەر تووشی پێشهاتێک (اصابة)یەک بوو لەسەر ئەو لایەنەیە کە کاری بۆ دەکا هاریکاری پێویستی بکا ئەمەش پەیوەندی بە مافی خانەشینییەوە نییە.

٤. دەکرێ ڕۆژنامەنووسی خانەنشین بەپێی حوکمەکانی یاسای خانەشینی ڕۆژنامەنووسان لەدام و دەزگاکاندا کار بکا.

٥. پێویستە خەبەری سەندیکا بدرێ لەکاتی شکایەت کردن کە لە دژی ڕۆژنامەنووس پێشکەش دەکرێ، وە لە کاتی تاوانی بیندراودا نەبێ نابێ ڕۆژنامەنووس پرسیارو وەڵام و تۆژینەوەی لەگەڵ بکرێ بە تاوانێک کە دراوەتە پاڵی و پەیوەندیدارە بە ئەنجامدانی کارەکەیەوە دوای خەبەردانی سەندیکا نەبێ.

٦. ئەوەی دەست درێژی بکاتە سەر ڕۆژنامەنووس لە کاتی ئەنجامدان یان بەهۆی کارەکەیەوە ئەو سزایە دەدرێ کە بۆ ئەو کەسە دانراوە کە دەست درێژی دەکاتە سەر کارمەندی گشتی لە کاتی ئەنجامدانی فەرمان یان بەهۆی فەرمانەوە.

٧. ئەو ڕۆژنامەنووسەی بەهۆی یان لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەیەوە دەمرێ، نازناوی ئەندامی (شەرەف)ی لە سەندیکادا پێ دەدرێ بە بریارێک لە ئەنجومەنەوە بەگوێرەی پێرەوی ناوخۆ.

### ماددەی بیستەم :

## دووەم : پابەندییەکان

نابێ ڕۆژنامەنووس ئەم کارانە بکا:

١. ئەوەی دەسەلاتەکانی تۆژینەوە، یان دادگاکان گرتوویانەتە ئەستۆ کە کار دەکاتە سەر ڕێڕەوی تۆژینەوە یان دادگایی کردن.

٢. ئەنجامدانی ئەو پیشەیە بەبێ تازەکردنەوەی بەشداربوون لە سەندیکادا بەپێی ئەم یاسایە.

٣. بەکار هێنانی هەر هۆیەک یان ڕێگەیەک بەمەبەستی قازانجی نارەوا.

٤. وەرگرتنی پیتاک بەرەزامەندی ئەنجومەن نەبێ.

٥. ناوبانگ زراندنی پیشەکەو ئاشکراکردنی نهێنییەکانی یان هەڕەشەکردن لە هاونیشتمانییان بەهەر ڕێگاو شێوەیەک بێ لە شێوازەکانی ڕۆژنامەنووسیی.

٦. شلۆق کردنی موقانە بە ڕژێمی فیدرالی لە کوردستانی عێراقداو شێواندنی ئاسایشی هاووڵاتییان بەڕێگای ڕاستەوخۆ بێ یان ناڕاستەوخۆ، وە هەروەها ورووژاندنی غەریزەکانی جەماوەر بەهەر ڕێگایەک بێ.

٧. قۆستنەوەی وشەی نووسراو یان نێردراو قۆستنەوەیەکی (تایبەتی) بۆ سوودی تایبەتی و زیان بەخش بێ بەخەڵکی تر، یان هەڵگرتنی سیفەتێک (انتحال صفة) یان فیکرەیەک و زەرەر گەیاندن بە ڕەوشت و نیزامی گشتی.

٨. بەهەڵە بردنی جەماوەر بە زانیاری نادروست و لێکدانەوەی ڕووداوەکان، لێکدانەوەیەکی دوور لە دەستپاکی یان بڵاوکردنەوەی بێ دڵنیا بوون لێیان.

٩. وەرگرتن و هەڵێنجان (اقتباس) لە بەرهەمی کەسانی تر بەبێ ئاماژەکردن بۆ خاوەنەکەی یان سەرچاوەکەی.

١٠. قۆستنەوەی ڕۆژنامەنووسیی بۆ ئانە لێدان و سووکایەتی کردن بە پیرۆزی و ڕێوڕەسم و ئاییینی و نیشتمانییەکان.

## فەسڵی پێنجەم

## (ئیجراکارییەکانی بەڕێوەبردن)

### ماددەی بیست و یەکەم :

یەکەم: هەر ڕۆژنامەنووسێک وازی لە ئەرکێک لە ئەرکەکانی پیشەکەی هێنا، یان کارێکی وای کرد کە لە نرخی ئەو پیشەیەی دابەزاند، یان بەکارێک هەڵسا کەرامەتی ئەنگاوت یان بەڵگەنامەیەک (مستند)ێکی نادروستی پێشکەشی بە سەندیکا کرد یان سەرپێچی یەکێک لە حوکمەکانی ئەم یاسایەی کرد سزای (تأدیب)ی دەدرێ لەلایەن لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط)ی بەپێی ئەو بنەمایانەی کە دەقی گرتووە لەیاسای بەرزەفتی کردنی کارمەندانی دەوڵەتی کارپێکراو ئەم سزایانەی خوارەوە دەدرێن:

١. وریا کردنەوە (التنبیە): بەنووسراوێک دەبێ و ئاراستەی ڕۆژنامەنووس دەکرێ و سەرنجی ڕادەکێشرێ بۆ ئەوەی کە لێی ڕووداوەو داوای لێ دەکرێ کە لە داهاتوودا ڕوونەداتەوە.

٢. ئینزار (الانذار): لە کاتی دووبارە کردنەوەی سەرپێچی دیاری کراو لە برگە (١) لەلایەن

ڕۆژنامەنووسەوە ئینزاری پێدەدرێ کە جارێکی تر دووبارەی نەکاتەوە.

٣. بەرهەڵستی کردنی لە ئەنجامدانی پیشەکەی ماوەیەک کە لەیەک ساڵ تێنەپەڕێ.

٤. دەرکردنی کاتی: ناوی لە تۆماری گشتی دەسڕێتەوە، نابێ دووبارە ناوی تۆمار بکرێتەوە دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ نەبێ.

دووەم: سزاکانی سەرەوە جێبەجێ ناکرێن دەرهەق بە ڕۆژنامەنووس دوای ڕاستاندنی (مصادقة)ی ئەنجومەنی سەندیکا نەبێ.

سێیەم: بۆ ڕۆژنامەنووسی سزادراو هەیە کە تانە لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەندیکای تایبەت بە بەرهەڵستی (المنع) یان دەرکردن بدا لەلای دادگای پێداچوونەوە لە ماوەی پانزدە ڕۆژ لە مێژووی ئاگادار کردنییەوە بە بڕیارەکە، سزاکە جێبەجێ ناکرێ تا پلەی بنبڕی (درجە البتات) وەرنەگرێ.

چوارەم: ناوی ئەندام لە سەندیکادا دەسڕێتەوە ئەگەر حوکمی دوماهی بەسزای (بەندکردنی ئازادی) لە کووکە (جنحە) یان تاوانێکی نا سیاسی لەسەر دەچوو.

پێنجەم: لە کاتی حوکم بەسەردادانیدا لە کووکە (جنحە)، یان تاوانێکی شەرەف بەردان ناوی لە تۆماری گشتی لادەبردرێ و نابێ جارێکی تر تۆمار بکرێتەوە.

## فەسڵی شەشەم

## ( دارایی سەندیکا )

### ماددەی بیست و دووەم:

یەکەم: دارایی سەندیکا لەمانەی خوارەوە پێک دێ:

١. ڕەسمی ئەندامییەتی.

٢. پارەی بەشداربوونی ساڵانە.

٣. پێ بەخشینەکانی حکومەتی هەرێم.

٤. دەسکەوتی ئاهەنگەکان و پیتاکی گشتی کە سەندیکا پێی هەڵدەستێ بەگوێرەی یاسای پێڕەوکراو.

٥. قازانجی ئەو پرۆژانەی سەندیکا پێیان هەڵدەستێ.

٦. قازانجی چاپەمەنییەکانی سەندیکا.

٧. بەخشش و لەقەبەرکردنەکانی کە لەلایەن ئەندامان و غەیری ئەوان پێشکەش دەکرێن بەمەرجێک کار لەڕێڕەوی سەندیکا نەکاو ئاگاداری لایەنە تایبەتمەندەکان بەو کارە بکرێ.

دووەم: ئوسولی ژمێریاری گشتی بەسەر دارایی سەندیکادا پیادە دەکرێ.

سێیەم: ڕەسمی ئەندامییەتی پارەی بەشداری بوون بەگوێرەی پێڕەوی ناوخۆ دیاری دەکرێ.

## فەسڵی حەوتەم

## ( حوکمەکانی دوماهی )

## ناونیشانەکانی ڕۆژنامەنووس

### ماددەی بیست و سێیەم:

مەبەست لە ڕۆژنامەنووس ئەوەیە کە یەکێک لەم ناونیشانانەی خوارەوە پێوە بێ:

١. خاوەن ئیمتیاز.

٢. سەرنووسەر.

٣. جێگری سەرنووسەر.

٤. بەڕێوەبەری نووسین.

٥. سکرتێری نووسین.

٦. نووسەر.

٧. وەرگێڕی ڕۆژنامەنوو ی.

٨. پەیامنێر.

٩. وێنەگر.

١٠. وێنەکێش.

١١. ڕەنگرێژ (المصمم).

١٢. هەڵەچن.

### ماددەی بیست و چوارەم:

سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بۆی هەیە پێڕەوی ناوخۆ دەربهێنێ بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

### ماددەی بیست و پێنجەم:

کار بەهیچ دەقێک ناکرێ کە هاودژ بێ لەگەڵ ئەم یاسایەدا.

### ماددەی بیست و شەشەم:

لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

### ماددەی بیست و حەوتەم:

ئەم یاسایە لە مێژووی دەرهێنانییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بلاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

( هۆكاری پێویست )

رۆژنامەنووسی بەزمان حاڵی هەر گەلێک لە گەلان حساب دەكرێ و دیاردیەکی ژیارییەو رۆڵێکی بنیاتنەرانەی هەیە لە کۆمەڵگاکانی مرۆڤدا و پارێزگاری کەرییەتی (و صمام الامان له).

وە بۆ ئەوەی لە توانادا بێ رۆڵی خۆی بەشێوەیەکی باشتر ببینێ بۆ پتەوکردنی خەباتی گەلی کوردستان لە پێناو هێنانەدی ئامانجە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکانی و بەرگری کردن لە ئازادییە بنەرەتییەکان و بنەمای مافی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی ئەم ئەرکە بە پەیامێکی مێژوویی دادەنرێ ناتواندرێ ئەنجام بدرێ بەهێنانە کایەی کادیری رۆژنامەنووسیی لێهاتوو نەبێ.

لەو کاتەی کە لەسەر لێواری یادی سەد ساڵەی لەدایک بوونی رۆژنامەنووسیی کوردی دەوەستین کە دەکاتە رێکەوتی (٢٢)ی نیسانی ١٩٩٨ ئەم یاسایە دەرهێندرا.

---

# النظام الداخلي لنقابة صحفيي كوردستان العراق

**استنادا إلى المادة ٢٤ من قانون نقابة صحفيي كوردستان رقم (٤) لسنة ١٩٩٨ الصادر من المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر مجلس النقابة إصدار النظام الداخلي الآتي:**

### المادة الأولى: التعريفات

١- يقصد بالتعابير التالية لأغراض هذا النظام المعاني المبينة إزاءها:

أ- الوزارة: وزارة الثقافة.

ب - الوزير: وزير الثقافة.

ج - الهيئة العامة: جميع الأعضاء المنتمين رسميا للنقابة.

د- القانون: قانون نقابة صحفيي كوردستان رقم (٤) لسنة ١٩٩٨ الصادر من المجلس الوطني لكوردستان العراق.

٢- اسم النقابة: نقابة صحفيي كوردستان العراق.

٣- مركز النقابة: اربيل عاصمة إقليم كوردستان العراق.

### المادة الثانية: الأهداف

١- تنظيم العمل الصحفي ومراقبة حسن تطبيق الأحكام القانونية للقانون رقم (٤) لسنة ١٩٩٨ الخاص بنقابة صحفيي كوردستان العراق.

٢- الارتقاء بمهنة الصحافة ورفع المستوى العلمي والمهني لأعضاء النقابة.

٣- أيجاد فرص العمل للصحفيين العاطلين.

٤- تنظيم علاقات الأعضاء مع أجهزة الإقليم والمؤسسات الأخرى والأفراد والدفاع عن حقوقهم وتمكينهم من أداء واجباتهم والتعاون مع النقابات والجمعيات المهنية الأخرى في إقليم كوردستان وبخاصة التي تتفق أهدافها مع أهداف النقابة للمساهمة في إنماء وتقدم المجتمع وتطويره.

٥- تقوية الروابط مع النقابات والاتحادات الصحفية في العالم والمساهمة في نشاطات اتحاد الصحفيين العالمي وكذلك التعاون وتبادل المعلومات والخبرات مع المنظمات والهيئات والمؤسسات والاتحادات الصحفية العالمية التي تتفق أهدافها مع أهداف النقابة والمشاركة في مؤتمراتها وفعالياتها الصحفية والثقافية والسياسية.

### المادة الثالثة: شروط العضوية

يقدم طالب الانتماء طلبا تحريريا إلى مجلس النقابة مرفقا بالوثائق الآتية:

أ- صورة مستنسخة من هوية الأحوال المدنية.

ب - استمارة خاصة معدة لهذا الغرض من قبل مجلس النقابة تتضمن جدول خدماته في الصحافة ونوع عمله والمعلومات عن محل إقامته ومواليده مصدقة من قبل الجهة التي يعمل فيها وموقعة من قبله ومن قبل رئيس التحرير أو صاحب الامتياز.

ج - التزكية من قبل عضوين متمرسين.

### المادة الرابعة:

لمجلس النقابة البت في الطلب المقدم إليه من خلال مدة شهر واحد من تاريخ تقديمه وفي حالة عدم البت فيه خلال المدة المذكورة يعتبر الطلب مقبولا بحكم القانون، ويعترض على القرارات المرفوضة والخاصة بالانتماء امام محكمة تمييز إقليم كوردستان خلال مدة شهرة من تاريخ تبليغه بهذا الرفض وفق ما جاء في أحكام المادة التاسعة من قانون رقم

هەواڵنامەی کتێب

(٤) لسنة ١٩٩٨ الصادر من المجلس الوطني لكوردستان العراق ويعتبر قرار المحكمة قطعيا.

**المادة الخامسة:**

١- على من تبلغ بقبول طلبه ان يسدد بدل الانتماء والاشتراك لشعبة حسابات النقابة وذلك خلال مدة شهر واحد من تاريخ تبليغه بالقرار وإلا يعتبر قبوله ملغيا وعليه تقديم طلب آخر جديد.

٢- يكون بدل الانتماء والاشتراكات الشهري للأعضاء كما يأتي:

أ- رسم الانتماء ويكون:

١- مائة وخمسين دينارا للأعضاء المتمرسين.

٢- مائة دينار للأعضاء المتدرجين وعند انتقاله إلى جدول الأعضاء المتمرسين، عليه دفع خمسين دينارا أخرى.

٣- خمسين دينارا للأعضاء المشاركين.

ب - رسم الاشتراك الشهري، ويكون كما يأتي:

١- عشرة دنانير للأعضاء المتمرسين.

٢- خمسة دنانير للأعضاء المتدرجين.

**المادة السادسة: الهيئة العامة (المؤتمر)**

تجتمع الهيئة العامة بدعوة من مجلس النقابة مرة واحدة على الأقل كل سنتين، ويجب ان يعلن عن الدعوة وتاريخ ومكان الاجتماع من خلال قنوات الإعلام قبل مدة لا تقل عن (١٥) يوما من الموعد المقرر للاجتماع.

٢- يعتبر النصاب مكتملا بحضور ثلثي أعضاء النقابة وعند عدم اكتماله يؤجل الاجتماع إلى الأسبوع الذي يليه، ويعتبر النصاب في هذه الحالة مكتملا مهما كان عدد الحاضرين.

٣- يجوز دعوة الهيئة العامة لاجتماع غير اعتيادي بناء على طلب ثلثي أعضاء النقابة لسبب مبرر.

٤- يجوز لثلث أعضاء النقابة ان يتقدموا بطلب تحريري إلى المجلس لدعوة الهيئة العامة لاجتماع غير اعتيادي، ويجب ان يتضمن توضيحا للأسباب الموجبة لذلك، وعلى المجلس ان يوجه الدعوة خلال مدة خمسة عشر يوما من تاريخ تسجيل الطلب وعلى ان يعقد الاجتماع خلال (٣٠) يوما.

**المادة السابعة: صلاحيات الهيئة العامة**

علاوة على الصلاحيات المنصوص عليها في المادة (١١) من قانون رقم (٤) لسنة ١٩٩٨، تمارس الهيئة العامة الصلاحيات الآتية:

١- انتخاب النقيب وأعضاء مجلس النقابة ولجنتي الانضباط والمراقبة وأعضاء صندوق تقاعد الصحفيين تحت أشراف قاض منتدب من إحدى محاكم منطقة مقر النقابة.

٢- النظر في اقتراحات المجلس حول تعديل قانون النقابة ونظامها الداخلي قبل تقديمها إلى الجهات المختصة.

٣- سحب الثقة من النقيب أو أعضاء المجلس.

٤- حل النقابة بقرار يمثل ثلثي أعضائها على ان تؤول ممتلكاتها واموالها المنقولة وغير المنقولة إلى هيئة صندوق تقاعد الصحفيين.

**المادة الثامنة: مجلس النقابة**

يعقد المجلس اجتماعا شهريا في مركز النقابة لممارسة صلاحياته، وللمجلس حق تغيير مكان الاجتماع إلى أي مكان آخر غير مقر المركز، ويجوز عقد اجتماعات استثنائية بناء على طلب النقيب أو أكثرية أعضاء المجلس.

**المادة التاسعة: واجبات وصلاحيات المجلس**

١- العمل على تحقيق أهداف النقابة وفق المادة (٤) من قانون رقم (٤) لسنة ١٩٩٨.

٢- يضع المجلس اللوائح التي تبين نظام العمل فيه وتقديم المقترحات بشأن تعديل قانون النقابة ونظامها الداخلي إلى الهيئة العامة.

٣- تنفيذ مقررات الهيئة العامة وتوصياتها.

٤- تعيين مستخدمي النقابة وتحديد أجورهم.

٥- النظر في طلبات قبول الانتماء واقرار قبول الأعضاء المتدرجين والمتمرسين والمشاركين ونقلهم من جدول إلى آخر.

٦- اختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية وغيرها في حالة عدم تمثيلها من قبل النقيب أو نائبه.

٧- إحالة الشكاوي والقضايا التي ترد إليها إلى اللجان الخاصة.

٨- تأسيس فروع النقابة في المحافظات.

٩- تشكيل اللجان الفرعية لتحقيق أغراض النقابة.

١٠- البت في استقالة النقيب أو نائبه أو أي عضو من أعضاء المجلس أو لجان النقابة.

١١- المصادقة على الموازنة الشهرية بعد تنظيمها.

١٢- تعيين ممثلي النقابة في المحافظات والاقضية التي

ليس لها فروع.

١٣- تنظيم الأوراق الانتخابية والوثائق الأخرى والإشراف على عملية الانتخاب وفق أحكام وبنود قانون رقم (٤) لسنة ١٩٩٨.

١٤- إصدار التعليمات اللازمة الموافقة للقانون رقم (٤) لسنة ١٩٩٨ والنظام الداخلي لغرض تسهيل تطبيقها.

١٥- إقرار تملك الأموال والعقارات وقبول الهبات والمنح حسب أحكام القانون.

١٦- حق الإقراض والاقتراض وتقديم المساعدات المالية ضمن أغراض النقابة.

١٧- تنظيم المستمسكات والوثائق وتصديقهما لاثبات ممارسة الصحفي العمل الصحفي.

١٨- حل الخلافات التي تنشأ بين الصحفيين والمؤسسات بسبب مهنة الصحافة بما فيها الشكاوى المتعلقة بالأجور والإجازات والعطل الرسمية وساعات العمل الاعتيادية والإضافية والتعويض عنها والضمان الاجتماعي وأحوال العمل حسب أحكام القوانين المرعية والتعاون مع جميع الصحف في سبيل تطبيق الأنظمة المعلقة بالصحافة والعاملين بالصحف تطبيقا صحيحا.

١٩- ضمان الحد الأدنى لاجور الصحفيين والعاملين بالمؤسسات الصحفية.

٢٠- حماية العمل الصحفي وكفالة حقوق الصحفيين وضمان أدائهم لواجباتهم على الوجه المبين في القانون.

**المادة العاشرة: النقيب**

علاوة على ما جاء في المادة (١٨) من قانون رقم (٤) لسنة ١٩٩٨، يمارس النقيب الصلاحيات الآتية:

١- ترأس اجتماعات النقابة.

٢- العمل على تطبيق القانون والنظام الداخلي للنقابة وقرارات مجلسها.

٣- طرح القضايا التي تتطلب إجراء التصويت عليها واعلان نتائجها.

٤- تعيين العاملين في النقابة ضمن الملاك المصدق من قبل المجلس وتطبيق ما يتعلق بأمر خدمتهم أو انضباطهم.

٥- تخويل بعض صلاحياته إلى نائبه أو أحد أعضاء المجلس أو رئيس مجلس الفرع في المحافظة.

**المادة الحادية عشرة: صلاحيات نائب النقيب**

١- ممارسة الصلاحيات المخولة له من قبل النقيب.

٢- متابعة أعمال اللجان وتقديم التقارير بشأنها.

٣- الإشراف على تحرير محاضر جلسات وطبعها وتوزيعها على الأعضاء.

**المادة الثانية عشرة:**

تعقد جلسات المجلس بحضور النقيب أو نائبه.

**المادة الثالثة عشرة: واجبات عضو المجلس**

١- يلتزم عضو المجلس بحضور اجتماعات المجلس ولجانه التي هو عضو فيها ولا يجوز له التغيب الا بعذر مشروع.

٢- لا يعتبر تغيب العضو عن جلسات المجلس بسبب أداء المهام الرسمية تغيبا.

**المادة الرابعة عشرة: الحصانة**

المناقشات داخل المجلس مصونة ومكفولة.

**المادة الخامسة عشرة: انتهاء العضوية في المجلس**

تنتهي العضوية في المجلس في إحدى الحالات الآتية.

١- انتهاء مدة المجلس وحله.

٢- استقالة العضو تحريريا وقبولها من قبل المجلس.

٣- انتفاء أحد شروط العضوية.

٤- الوفاة.

**المادة السادسة عشرة: امتيازات أعضاء النقابة**

١- السعي من اجل الحصول على قطع أراضي سكنية لأعضاء النقابة وفق التعليمات والضوابط المرعية في ذلك.

٢- إبداء المساعدة الممكنة لعائلة العضو المتوفي.

**المادة السابعة عشرة: انتهاء العضوية في النقابة**

تنتهي العضوية في النقابة في إحدى الحالات التالية.

١- الوفاة.

٢- الفصل.

٣- الاستقالة بعد قبولها أو بعد مرور ٣٠ يوما على تاريخ تقديمها دون البت فيها.

٤- انتفاء شرط من شروط العضوية.

٥- عدم ايفاء العضو بالتزاماته المالية رغم إنذاره تحريريا.

٦- مخالفة العضو لقانون النقابة أو نظامها الداخلي.

٧- من يقدم معلومات غير صحيحة يرقن قيده.

**المادة الثامنة عشرة: تقديم الشكاوى**

هەولێرنامەی کتێب

١ـ تحال جميع الشكاوي إلى مجلس النقابة ويقوم المجلس بنفسه أو بوساطة مجلس الفرع المشكو بإجراء التحقيق اللازم وفق القضية أو تقرير إحالتها إلى لجنة الانضباط المختصة خلال مدة لا تزيد على عشرين يوما من تاريخ تبليغ المجلس بها.

٢ـ يعين رئيس لجنة الانضباط تاريخ انعقاد الجلسة ويبلغ العضو بذلك ويقوم سكرتير اللجنة بالتبليغات اللازمة وتكون جلساتها سرية.

٣ـ تسري أحكام المواد المقررة في قانون انضباط موظفي الدولة أو قانون أصول المحاكمات الجزائية في القضايا المعروضة على لجنة الانضباط.

٤ـ تبلغ الأوراق والأحكام وفقا للطرق القانونية المتبعة في تبليغ الأوراق القضائية.

٥ـ تدون لجنة الانضباط الوقائع في محضر خاص لكل قضية وتنظم سجلا خاصا بالأحكام الانضباطية الصادرة بعد اكتسابها الدرجة القطعية وعلى كل محكمة جزائية ان تصدر حكما متضمنا معاقبة العضو وتبلغ النقابة بنسخة من قرار الحكم.

٦ـ تتصل لجنة الانضباط بالدوائر الرسمية وشبه الرسمية والأهلية والقطاع الاشتراكي والمختلط والمراجع الأخرى فيما يخص الاستفسار عن القضايا المعروضة عليها.

٧ـ تحيل لجنة الانضباط القضايا التي تشكل جرائم إلى المحكمة المختصة ولا يمنع صدور حكم بالبراءة من ان تصدر اللجنة القرارات الانضباطية ضد العضو وفق القانون.

**المادة التاسعة عشرة:**

لمجلس النقابة حق الطعن في قرار لجنة الانضباط خلال (٣٠) يوما اعتبارا من تاريخ رفعه للمجلس.

**المادة العشرون:**

إذا حكم على عضو النقابة بعقوبة المنع من مزاولة المهنة مدة لا تقل عن شهر واحد فلا يجوز انتخابه نقيبا أو عضوا لمجلس النقابة أو لجانه ومجالس الفروع الأخرى ما لم تمض على ذلك دورتان انتخابيتان.

**المادة الحادية والعشرون: لجنة المراقبة**

تختص لجنة المراقبة بتسجيل المخالفات التي تعرض عليها وتنظيم محاضر أصولية في شانها ورفعها إلى المجلس.

**المادة الثانية والعشرون: تشكيل الفروع ومهامها**

يؤسس للنقابة فرع في كل محافظة ويجري العمل فيه كما يأتي:

أـ تعقد الفروع كونفرانساتها المحلية كل سنتين وفق التعليمات المرعية.

ب ـ تعقد هيئة الفرع اجتماعا استثنائيا كلما قرر مجلس النقابة ذلك أو بناء على طلب تحريري من ثلث أعضاء الفرع على ان يحدد سبب هذا الاجتماع وفي غضون (٣٠) يوما من تاريخ قرار مجلس النقابة أو من تاريخ تبلغ مجلس الفرع بطلب الأعضاء.

جـ ـ توجه هيئة الفرع الدعوة للاجتماع قبل (١٥) يوما على الأقل من موعده.

**المادة الثالثة والعشرون:**

تتكون هيئة الفرع من خمسة أعضاء ومن بينهم الرئيس وعضوين احتياط، يشترط فيهم ان لا تقل خدماتهم عن ثلاث سنوات.

**المادة الرابعة والعشرون: مهام وصلاحيات الفرع**

استنادا إلى ما جاء في الفقرة (٣) من المادة (١٦) من قانون رقم (٤) لسنة ١٩٩٨ تمارس لجنة الفرع الاختصاصات الآتية:

١ـ الإشراف على نشاطات النقابة في المحافظة وتنفيذ خطتها المركزية.

٢ـ مراقبة تنفيذ مقررات مجلس النقابة.

٣ـ التحقيق في القضايا التي تحال إليها من مجلس النقابة.

٤ـ العمل على رفع مستوى المهمة واقتراح الخطط التي تحقق أهداف النقابة.

٥ـ اعداد موازنة الفرع السنوية وإدارة شؤونه المالية.

٦ـ المصادقة على عقود العمل الصحفي.

٧ـ تعيين مستخدمي الفرع وتحديد أجوره بعد استحصال موافقة المجلس.

٨ـ اختيار من يمثل الفرع في اللجان الرسمية وغيرها في المحافظة.

٩ـ تقديم التوصيات والمقترحات الخاصة بأمور الفرع إلى المجلس لاتخاذ القرارات بشأنها.

١٠ـ صرف النفقات الضرورية لشؤون الفرع ضمن الميزانية المصدقة من قبل المجلس.

١١- تشكيل لجان فرعية لتحقيق أغراض النقابة.

١٢- ما يخوله النقيب أو مجلس النقابة من اختصاصات أخرى.

١٣- الإشراف على نشاطات النقابة في المحافظة وتنفيذ خطتها المركزية.

**المادة الخامسة والعشرون: السجلات**

يمسك مجلس النقابة وفروعها السجلات التالية:

١- سجل الصحفيين: ويتضمن أسماء الأعضاء وعناوينهم وتواريخ انتمائهم وأرقام تسجيلهم وأرقام أضابيرهم وسجل ولادتهم والتحصيل العلمي وملاحظات أخرى.

٢- سجل القرارات: ويكرس لتدوين قرارات مجلس النقابة.

٣- سجل الحسابات: ويمسك من قبل المحاسب ويصدق من كاتب العدل.

٤- سجل الأثاث: يدون فيه أثاث النقابة.

**المادة السادسة والعشرون: الإشراف على الانتخابات**

تشرف على الانتخابات لجنة مؤلفة من ثلاثة أعضاء من الهيئة العامة يسميها مجلس النقابة أو مجلس الفرع من الأعضاء غير المرشحين لأي منصب من مناصب الفرع وتوافق عليهم الهيئة العامة، وتتم عملية الانتخاب بإشراف قاض منتدب من المحكمة المختصة.

**المادة السابعة والعشرون:**

إذا لم يتمكن عضو الهيئة العامة لأسباب قاهرة من حضور جلسة الانتخابات وتوفرت فيه شروط الترشيح ورغب في ترشيح نفسه لأي منصب من المناصب الواردة ذكرها في هذا النظام ان يحيط النقيب أو رئيس الفرع علما بكتاب خطي موقع يذكر فيه رغبته في ترشيح نفسه ويذكر الأسباب التي تمنعه من الحضور وعلى رئيس الجلسة ان يعلن ترشيحه مع بقية المرشحين.

**المادة الثامنة والعشرون: الترشيح والانتخاب**

أولا: يعلن رئيس الجلسة أسماء المرشحين عند بدء الانتخابات

ثانيا: تجري الانتخابات بالاقتراع السري حسب الجداول المهيأة من قبل النقابة أو المجلس حسب الإجراءات الآتية:

أ) تعلن أسماء المرشحين على الحضور بشكل واضح.

ب) يفتح الصندوق امام الحاضرين للتأكد من خلوه من الأوراق.

**المادة التاسعة والعشرون: ترشيح وانتخاب النقيب وأعضاء المجلس**

أ- يتم الترشيح حسب الآتي:

١- إعلان ذلك امام الهيئة العامة.

٢- يتم انتخاب النقيب أولا من قبل الهيئة العامة مدة كل سنتين فإذا حاز أحد المرشحين على الأكثرية أعلن عن فوزه وعند تساوي الأصوات تعاد الانتخابات ثانية.

ب - يتم الترشيح لمنصب عضو مجلس النقابة بالترشيح العلني ويتم الانتخاب ويعتبر الفائزون الثمانية الأوائل أعضاء أصليين والثلاثة الذين يلونهم حسب تسلسل الأصوات أعضاء احتياط لمجلس النقابة.

**المادة الثلاثون: شرعية الانتخابات**

أ- ينظر القاضي المختص المشرف على عملية الانتخابات في الاعتراضات الواردة على الانتخابات.

ب - إذا أقرت المحكمة المختصة صحة الطعن بالانتخابات كلها أو بأكثرية أعضاء المجلس، توصي المجلس السابق للدورة الانتخابية بمهمة تسيير شؤون النقابة والدعوة إلى انتخابات جديدة خلال ثلاثين يوما من تاريخ التبليغ بقرار الطعن وحتى ظهور نتائج الانتخابات الجديدة بشكل جزئي يتولى الأعضاء الباقون مهمة إجراء الانتخابات التكميلية.

جـ - يعتبر الطعن في انتخابات النقيب طعنا جزئيا.

**المادة الحادية والثلاثون:**

إذا تأخر انعقاد اجتماع الهيئة العامة لظروف قاهرة وبالتالي تأخر إجراء الانتخابات، تستمر المجالس واللجان في ممارسة مهامها لحين إجراء الانتخابات الجديدة.

**المادة الثانية والثلاثون:**

على العضو تسديد ما يترتب بذمته من الاشتراكات قبل انعقاد المؤتمر

**المادة الثالثة والثلاثون:**

عضوية مجلس النقابة ولجانها محددة بثلاث دورات انتخابية متتالية.

**المادة الرابعة والثلاثون:**

أ- تبدأ السنة المالية للنقابة في اليوم الأول من شهر كانون الثاني من كل سنة.

ب - تودع النقود والسندات المالية في مصرف حكومي باسم النقابة وتوقع أوامر الإيداع والصرف من قبل النقيب

والمسؤول المالي.

**المادة الخامسة والثلاثون: مهام الشؤون المالية**

وتكون مهامها في المقر العام للنقابة وكما والأفراد:

١ـ تنظيم أضابير وسجلات حسب الأصول المرعية في الدوائر الحكومية الحسابية المعمول بها عند قطع الوصولات وعند التسليم.

٢ـ مسك سجل الموجودات الثابتة وإجراء الجرد السنوي وحفظ الأسهم والسندات الملكية.

٣ـ مسك سجل الأثاث من قبل أمين المخزن.

٤ـ إجراء التسليم والتسلم عند انتهاء الحسابات وفق التعليمات المالية ورفع نسخة من المحضر مع تقرير الوضع المالي إلى مجلس النقابة من قبل مسؤول الشؤون المالية.

**المادة السادسة والثلاثون: الصرف**

١ـ على مجلس النقابة إصدار التعليمات المالية والحسابية اللازمة لاوجه الصرف وفق القوانين والتعليمات المرعية.

٢ـ حسابات المجلس خاضعة للتدقيق القانوني من قبل هيئة حسابية ومدقق قانوني.

**المادة السابعة والثلاثون:**

تمارس الهيئة التأسيسية المؤقتة للنقابة أو المجازة حاليا من قبل وزارة الداخلية بموجب هذا النظام أعمالها لحين انعقاد المؤتمر وانتخاب الأول لنقابة صحفيي كوردستان العراق وللهيئة انتخاب رئيس من بين أعضائها وتشكيل لجان لسير العمل والتحضير لانعقاد المؤتمر الأول.

**المادة الثامنة والثلاثون:**

تسري أحكام هذا النظام على كافة أعضاء نقابة صحفيي كوردستان.

*　*　*

**ژمارەی مۆڵەتی گۆڤارەکە (٧٧)ە**

**ڕێکەوتی ٧ی /٤ی /١٩٩٩-ە**

**نرخی (١٠) دینارە**

# یەکەم ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

**ئەندامی ئەنجوومەن**

| | |
|---|---|
| فەرهاد عەونی | نەقیب |
| ئازا حەسیب قەرەداغی | ج. نەقیب |
| مومتاز حەیدەری | سکرتێر |
| تەحسین محەمەد خەلیل (ئەبو دڵشاد) | ئەندام |
| محەمەد خدر مەولود | ئەندام |
| یۆنان هۆزایا | ئەندام |
| حامد محەمەد عەلی | ئەندام |
| ئازاد عەبدولواحید | ئەندام |
| فەهیم عەبدوڵڵا | ئەندام |

**لێژنەی چاودێری**

| | |
|---|---|
| سۆلاف ئەحمەد | سەرۆك |
| سالم سلێمان حاجی | ئەندام |
| رزگار نوری شاوەیس | ئەندام |

**لێژنەی ئینزیبات**

| | |
|---|---|
| کەمال غەمبار | سەرۆك |
| زادوق ئادەم | ئەندام |
| بەهزاد چەلەبی | ئەندام |

**یەدەگ**

غازی حەسەن

هودا ئەحمەد سەبری

ئەکەد موراد

# الصحافي

## مجلة فصلية
## مختصة بالصحافة
## تصدرها نقابة صحفيي
## كوردستان

هەولێرنامەی کتێب


فرهاد عوني
صاحب الأمتياز

ممتاز الحيدري
رئيس التحرير



العدد الأول ٢٢ نيسان ٢٠٠٠ السنة الأولى

اربيل ( هەولێر ) كوردستان

# ئاسۆ ڕووناکە..!

* ئەوە جارێکی دیکەش گەردوون وەرچەرخا، ساڵ سوورایەوە، یاسای ژیان دەوڵەمەندتر دەبێ.. ٢٢ی نیسان پاشی سەدو دوو ساڵ لەگەڵ سەرەتای سەدەی ٢١یەکدا دەست لە ملان دەکەن، بەگیان و ئاواتێکی کوردانەو هاوچەرخانە دێتەوە، بەخێر بێتەوە..! دیارە، ئەوە دوو ساڵە لە باوەشی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستاندا، بەسەرپەرشتی ئازادی و دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینی نەتەوەیی بیرەوەری یەکە بەیەوە دەچێ.. هەڵبەت ڕاپەرینیش لە ئەنجامی خەباتی درێژخایەن و هەزاران قوربانی تەقییەوە.. لەوەش زیاتر ئەم ساڵ جەژنەکە ڕۆشنترە، چەپکە گوڵی پیرۆزبایی ڕۆژنامەنووسان، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانییە، دیارە ئەمەش دەسکەوتێکی گەورەی شارستانی - ڕۆشنبیریی کوردە.. هەرچەند حەزمان دەکرد، ئەم چەپکە گوڵە بەدەستی زۆربەی نووسەرە دیارەکانی کوردستانەوە زێدە گەورەو ڕەنگین تر بووایە، بەڵام بەداخەوە نەکرا.. (!) (؟). بەهەر حاڵ، ئەوە یەکەم بەردی بناخەی (هەرچەند کە جارێ بچووکە) پڕۆژەی شارستانی - ڕۆشنبیری هاوچەرخ بەدەرکردنی گۆڤارێکی تایبەتمەند لە مەیدانی کلتووری سەرجەم بوارەکانی ڕاگەیاندندا، بەتایبەتی ڕۆژنامەنووس داندرا.. خوازیارین بە هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانەی هەموو لایەک تا ساڵی (٢٢ی نیسانی ٢٠٠١) دادێ گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی ببێتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی زانستی لەسەر ئاستی هەموو کوردستاندا.

* دیارە، ئەم ساڵ، کە یادی ٢٢ی نیسان دەکرێتەوە، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری، لەو ئەرکە پیرۆزەدا هاوبەشە، کەواتە دەکرێ، بگرە پێویستیشە باسی پاشخانی درووست بوونی سەندیکا وەک دەسکەوتێکی شارستانی - ڕۆشنبیری، بگرە نەتەوەییش بکرێ، کە لیژنەی ئامادەکار زیاتر لە ساڵێک دڵسۆزانە ماندوو بوو تا کۆنگرە گرێدرا.. جا بۆ گرێدانی کۆنگرە، چەندین وێستگەی گرنگ هەیە، دەبێ بەسوپاس و پێزانینەوە، ئەگەر زێدە بە پەلەش بێ، باسییان بکەین:

* لەمەڕ دەرکردنی یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کە پەرلەمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی **بەڕێز جەوهەر نامیق سالم** و تێکڕای **ئەندامانی پەرلەمان** دەورێکی بەرچاویان گێڕا..

* بۆ گرێدانی کۆنگرە و سەرپەرشتی و دابین کردنی سەرجەم پێداویستەکانی کردنەوەی بارەگای سەندیکاش ئەوە دەبێ بە سوپاسەوە، باسی **بەڕێز نێچیرڤان بارزانی** کە پشتگیریەکی کەم وێنەی کردین، بکەین..

* پاش کردنەوەی بارەگاش کابینەی سێیەمی حکومەتی کوردستان بەسەرۆکایەتی **بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس** دەسکەوتێکی گەورەمان بە وەرگرتنی (٢٥٠) پارچە زەوی وەدەست هێنا..

* ئێستاش لەسەردەمی کابینەی چوارەمی حکومەتی کوردستان بەسەرۆکایەتی **بەڕێز نێچیرڤان بارزانی**، سەندیکا خوازیارە زیاتر پشتیگری بکرێ و بوودجەو بەشی دووەمی زەوییەکان جێبەجێ بکرێن..

* ئێرە جێی خۆیەتی بە سوپاسەوە ناوی بەڕێزان: **شەوکەت شێخ یەزدین، فرەنسۆ هەریری، عەبدولعەزیز تەیب** بێنین.. خوازیارین نموونەیان زۆر بێ.

* سوپاسی زۆربەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەین، کە بە گەرمی سەندیکاکەیان لە باوەش گرت، ئەوەتا سەندیکاش پڕۆژەی سەندوقی خانەنشین لە پێناوی دوارۆژی ئەوان ئامادە دەکات.

* بەڵێ مادامەکی ژیان تێکۆشانە، یاسای گۆڕانی کۆمەڵ لە ئەنجامی بیرو هۆش و چالاکی مرۆڤایەتی بەرەو پێشەوە دەچێ، بۆیەکە ئاسۆ هەردەم ڕووناکە..

* لە کۆتاییدا، هەموو ئەوانەی: دوێنێ، ئەمڕۆ، بەیانی دەستی یارمەتییان درێژ کردووەو دەیکەن بەگەرمی سوپاسییان دەکەین.

جەژنی دوێنێ، ئەمڕۆ، سبەینێ بەخۆشی و سەرفرازی پیرۆز بێ.



سەرنووسەر

# THE JOURNALIST

*A periodical magazine specialized in press.*
*Issued by Kurdistan Journalists Union.*

Owner & Founder
**FARHAD AWNI**

Editor-in-Chief
**MUMTAZ HAIDARI**

کردستان
١٣١٥



The First Issue, April 22, 2000, No.:1 Year:1

Hawler - Kurdistan